# نۆژەنکردنەوەی وەڵامەکان



تەژین

چاپی یەکەم، ئابی ٢٠١٤

# نۆژەنکردنەوەی وەڵامەکان



هەژێن

چاپی یەکەم، ئایاری ٢٠١٤

خوێنەرانی هێژا، ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە، نۆژەنکردنەوەی وەڵامی پرسیارەگەلێکی جۆراوجۆر و ناهاوکاتی کۆمەڵێك هاوڕێ و خوێنەری وێبلاگەکەمە. کە لەبەر نەبوونی کاتی پێویست و گونجاو لە کاتی خۆیاندا بە کەمی و کورتی وەڵامم بە هەندێکیان داونەتەوە، لەبەرئەوە بەباشمزانی لەم هەلەدا کاتێك بۆ تیروتەسەل وەڵامدانەوەیان تەرخانبکەم. هەڵبەتە ئاراستەکردنی ئەم پرسیارانە، لە شێوەی پەیوەندی دوولایەنە و تەنانەت هەندێکیان لە شێوەی سەرنجی نەناسراو لە سەر بابەتەکانی نێو وێبلاگەکەم نووسرابوون. وەك گوتم هەرچەندە ڕاستەخۆ بە تەلەفۆن، چات و کورتە پەیام وەڵامم بە هەندێك لە پرسیارەکان داوەتەوە، بەڵام هەندێك لە هاوڕێیان و هاوەڵان لەسەر زیاتر ڕوونکردنەوە پێدادەگرن و دەخوازن وەڵامی پوخت و دیاریکراویان بدەمەوە، منیش بۆ پاشەکەوتی کات و خۆلادان لە دووبارە و چەندبارەبوونەوەی وەڵام و سەرنجەکان، بەباشمزانی لەم شێوە نووسینەدا وەڵامبدەمەوە. هیوادارم هەر ئازیزێك کە سەرنج و ڕەخنەی هەیە، بیکاتە نووسینێك، تاوەکو کەڵکی هەمەلایەنەی بۆ من و هاوکات بۆ خوێنەرانیش هەبێت. چونکە گفتوگۆی دوولایەنە و داخراو، هیچ کاراییەکی ئاوای لەسەر ڕەوتی ڕۆشنبیریمان نانێت.

سەرەتا و بەر لە هەر شتێك بەپێویستیدەزانم، بۆ خوێنەرانی ڕۆشنبکەمەوە، کە ئەو وەڵامانەی لێرەدا دەیانخوێننەوە، تەنیا بیروبۆچوونی منن بۆ دەوروبەرم و خوێندنەوەی ئەنارکیزم لە تێڕوانینی منەوە دەخەنەڕوو، نوێنەرایەتی بۆچوونی گروپێکی دیاریکراو ناکەن و ناشتوانم بڵێم ئەمە بیری ئەنارکیستییە، بەڵکو تەنیا تێگەیشتنی منە لە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی [ئەنارکی]، کە بەبۆچوونی من ئەو خەونانە تەنیا لە هزری ئەنارکیدا توانراوە زیندوویەتی و مرۆییبوونیان پارێزراو و کارا بمێنێتەوە. هەروەها هیچ شتێك بڕاوە و بێچەندوچوون نییە و ڕاستیش شتێکی ڕێژەییە و ئەوەی ئەمڕۆ بڕوام پێیەتی و پێداگری لەسەر دەکەم، دەکرێت سبەینێ دژایەتی سەرسەختی بکەم و بەنادروستی بزانم، بەڵام لەم ساتەدا تەنیا هزرێك کە توانیبێتی دەربڕی ئازادی و سەربەخۆیی تاك و کراوەیی و ناچینایەتی کۆمەڵگە و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بە فراوانی خەونە مێژووییەکانی مرۆڤ بێت، لای من ئەنارکیزمە بە هەموو سەردەم و تێڕوانینەکانییەوە. ئەمە بۆچوونی ئەم ساتە دیاریکراوەی منە، ئەم بۆچوونەشم بەرهەمی خوێندنەوەی پەرتووك و پابەندیی بۆ فێرگەیەکی هزری نییە، بەڵکو بەرهەمی خەباتی کردەییمە لە ماوەی سی (٣٠) ساڵی ڕابوردوودا؛ هیچ شتێك لە سەدا سەد

دروست نییە و هیچ شتێکیش لە سەرووی ڕەخنەوە نییە و ژیان بەبێ ڕەخنە بۆن و بەرامەی گۆمێکی لیخنی لێدێت، لەبەرئەوە کاری ڕەخنە، شڵەقاندنی ئەو گۆمە مەنگ و لیخنانەیە.

تێبینی ئەم وەڵامانە بۆ چەند ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێنەوە، بەتایبەت سەردەمی بلاگەکانی "کوردیلانێت" و "دواتر کوردبلۆگەر"، کە بەداخەوە بە فەوتانی ئەرشیفی بابەتەکانم لەو دوو بلاگەرەدا، زۆرێك لەو بابەتانەی کە سەرنجەکانیان لەسەر نووسرابوون، فەوتان. هەروەها سێ ساڵ دەبێت، کە ئەم وەڵامانەم ئامادەی بڵاوکردنەوە کردوون، بەڵام بەداخەوە لەبەر ڕووداو و ڕاپەڕینەکانی ساڵانی ڕابوردوو و پەیدابوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، سەرقاڵییەکان زۆرتر بوون و بواری ئاوڕلێدانەوە و پێداچوونەوەیان نەمابوو، تا ئەم ڕۆژانە بڕیاری کەمکردنەوەی بەشداری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دوورکەوتنەوەیەکی کاتیم دا، بۆ ئەوەی کۆمەڵێك کاری تەواونەکراو، تەواوبکەم و قورساییان لەسەر هۆش و بیرکردنەوەم لابەرم.

دوا وشە، داواکارییە لە خوێنەری بەسەرنج و ڕەخنەگرانی دڵسۆز، کە لە هەر کوێیەکدا هەست بە خۆبەخوداکردن و وڕێنەی ئایدیۆلۆجی یا هەر ناجۆری و پارادۆکس و نالۆجییەك لە بۆچوون و بیرۆکەکانمدا بەدیدەکەن، وەك دەستگیرۆییەك بۆ من و دڵسۆزییەك بۆ ڕەوتی ڕۆشنبیریی و پاراستنی زمان و ئاوەڕدانەوەیەك لە پەرتووکخانەی کوردی، کاردانەوە نیشانبدەن و بواری تێپەڕبوونیان نەدەن.

هەروەها لە هاوبیرانی ئەنارکیستم تکاکارم، بوارنەدەن تێنەگەیشتن و ناڕۆشنییەکانم جێگەوتەبین و هاوڕێیانە و وەك دڵسۆزییەك بۆ پاراستنی هزری ئازادیخوازی و ڕێگرییەك لەوەی من یا هەر کەسێکی دیکە هەوڵی بەئایدیۆلۆجیکردنی بدات، ڕەخنە و سەرنجەکانیان لە هەر کوێیەك و لە هەر گۆشەیەکی میدیادا بۆیان دەلوێت، بخەنەڕوو.

هیوادارم بەم چەند لاپەڕەیە بتوانم دەرگەی لێدوان و مشتومڕ بەڕووی هزری ئازادیخوازی لە زمانی کوردیدا بخەمە سەرپشت و هاوڕێیان لێدوانەکان تێروتەسەل بکەن و ڕەخنەگرانی هێژاش گۆشەی نادیار یا گۆشەی تاریکی تێڕوانین و بیرکردنەوەی ئێمە ڕۆسنبکەنەوە. ( هەژێن )

ئەگەر پێمانوابێت، وەڵامەکانمان تەواو و دوا دەرکی مرۆڤایەتین، ئەوا خەریکین لە خۆمان بتێک سازدەکەین. هەروەها ئەگەر پێمانوابێت، ئەو سیستەمی ڕێکخستنەی کۆمەڵگە، کە ئێمە خەباتی بۆ دەکەین، دوایین چاوەڕوانی و گەشەیەکە، کە مرۆڤایەتی پێیدەگات، ئەوا دیسانەوە خەریکین پووچگەراییەکی دی لە تەپوتۆزی پۆوچگەراییەکانی دیکە، چێدەکەینەوە. سۆشیالیزم بەهەشتێک نییە لە ئاسمانەکانەوە دایبگرین و لە پەڕاوی ئەفسانەکاندا بیدۆزینەوە و مۆدێرنیزەی بکەین، سۆشیالیزم خەونی مرۆڤی زیندووە و بە پراکتیکی شۆڕشگێڕانە کەتواریی دەبێتەوە و سەرکەوتنیشی لە کولتووربووندا دەبێت، بەپێچەوانەشەوە بەبێ ئەوە، لە خەیاڵی گۆشەگیرانە و فەنتازی ئایدیالیستانە بەولاوەتر نابێت.

## ئایا ئەنارکیزم و ئەنارشیزم، دوو شتی جیاوازن، جیاوازییان چییە ؟

نەخێر، هەر یەك شتن، لە هەندێك لە زمانە ئۆروپییەکاندا بە ئەنارکیزم، ئەنارکیسمۆ و لە هەندێکی دیکەدا بە ئانارشیزم ... تد، دەخوێندرێتەوە، ڕیشەی واژەکە بۆ زمانی یۆنانی دەگەڕێتەوە و بە واتای ناسەروەری؛ (فەرمانڕەوایی، سەروەری ، archy) +(دژ، ڕەتگەرەوە، an) و هزری ئەنارکی هەر لە بەرەبەیانی ململانێی نێوان چەوسێنەر و چەوساوەدا دژی هەموو دەسەڵاتێکی سەرووخەڵکی یا سەروەری چێنایەتی بووە و هەیە و خوازیاری کۆمەڵگەی هەرەوەزیی ئازاد و فیدراتیڤە (پێکهاتوو و یەکگرتوو لەسەر بنەمای فیدراسیۆن و کۆنفیدراسیۆنی ئەنارکی).

## داهێنەری بیری ئەنارشیزمی کێیە ؟

سەرەتا پێویستە بڵێم، دەربڕینی "بیری ئەنارشیزمی" هەڵەیە و بیری ئەنارکیستی یا ئەنارشیستی دروستە. بەداخەوە لە زمانی کوردیدا ئەم هەڵانە زۆر ڕوودەدەن. کاتێك کە لە چەمکێکی

هزری یا فیلۆسۆفی یا زانستی دەدوێین، ئەوا پێویستی پاشگری (ئیزم یا ئیسم) دێتە پێشەوە، بەڵام کاتێك کە لە بارەی ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی یا ڕامیاریی هەڵگری هرزێکی ڕامیاریی یا فیلۆسۆفی دەدوێین، ئەوا پاشگرەکە دەگۆڕێت و دەبێت (ئیست)، کە نیشانەی پەیڕەوی گروپێك یا کەسێك یا بزاڤێکە لەو هزرە.

ئەنارکیزم وەك دیارە بۆ ناوی کەس ناگەڕێتەوە و کەس خاوەن و داهێنەری نییە و لە مێژوودا کەسێك بەناوی (ئەنارکی/ ئەنارکیزم) بوونی نییە، بیرێکی ئازادیخوازانەی خۆڕسکە و هەر لە دێرزەمانەوە هەبووە و لەبەرئەوەی ئەم هزرە ڕەتگەرەوەی ئۆتوریتە [دەسەڵات و سەروەریی]ە، هیچ کات هەڵگرانی بواری ئەوەیان نەداوە پەیامبەرانێك قوتببنەوە و بیکەنە داهێنراوی خۆیان. بەڵام ئەمە ڕەتگەرەوەی ئەوە نییە، کە ئەم هزرە لە ڕەوتی پەرەسەندنیدا دەیان و سەدان ئەندێشمەندی دیار و نادیاری پەروەراندووە و توانیویانە بە ڕەخنە و شیکارییەکانیان پەرچەمی ئازادیخوازی ئەم ڕەوتە شەکاوە ڕابگرن. لە یەک واژەدا ئەنارکیزم ئایدیۆلۆجیا نییە، بەڵکو میتۆدلۆجییە، واتە شێوازی بیرکردنەوەیە، نەک قالبی بیرکردنەوە. بۆ ناسین و زانیاری زیاتر لەمەڕ بیریارانی ئەنارکیست، سەرچاوەی ئینتەرنێتی زۆرن، لەوانە ئەرشیفی نووسەرانی ئەنارکیست www.theanarchistlibrary.org/authors شێوازی خەباتی ئەنارکیستی www.shawnewald.info/aia پرسیارە بەردەوامکراوەکان لەمەڕ ئەنارکیزم www.anarchism.pageabode.com/afaq/index.html

## **کامە ڕەوت لە ئەنارکیزم دروستە و کامە لادەرە ؟**

لەبەرئەوەی کە ئەنارکیزم شێوازی هزرە/ شێوازی هزرینە نەك ئایدیۆلۆجیا، ئەوا فرە ڕەهەند و فرە باڵە و هیچ پەیامبەرێکی نییە، تاوەکو هەڵگرانی بگەڕێنەوە سەر قسە و کردارەکانی ئەو و کەتواری سەردەمەکان بەو پێوەرە بپێون. هەروەها لەبەرئەوەی ئەم هزرە وەك فیلۆسۆفی ژیان گەشەیکردووە، بۆیە لەتەك پەرەسەندن و گەشەی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە وەك پێویستییەك لك و پۆپی لێبووەتەوە. لە هزری ئەنارکیدا لادەر و بنەوان نییە، تەنیا ئەوە نەبێت، کە ئەم هزرە چەند سەرخەت و بنەمایەکی لێکهەڵپێکراوی هەیە و ئەوانەش پێوانەی پابەندین بەم هزرەوەن؛ لەوانە ڕەتکردنەوەی سەروەریی چینایەتی [بەهەموو شێوەکانییەوە]، ڕەتکردنەوەی دارایی تایبەت و دەوڵەتی، ڕەتکردنەوەی کاری کرێکگرتە و ڕەتکردنەوەی هەڵاواردن و ڕەتکردنەوەی ستەم بە هەموو شێوەکانیانییەوە.

## ئەنارشیستەکان بۆچ تەنیا دژی دەوڵەتن، ئایا بە لابردنی دەوڵەت کۆتایی بە کۆمەڵگەی چینایەتی دێت ؟

بەپێچەوانەوە ئەنارکیستەکان تەنیا دژی دەوڵەت نین، بەڵکو دژی هەموو سەروەرییەکی مرۆڤن بەسەر مرۆڤەوە، ئیدی ئەو سەروەرییە ئابووریی و ڕامیاریی بێت یا کۆمەڵایەتی و کولتووریی و دەزگەیی یا خێزانی بێت. ئەنارکیستەکان ئەوەیان لەلا ڕۆشنە کە نایەکسانی ئابووریی، نایەکسانی دەسەڵاتیی و کۆمەڵایەتیی بەدوایدا دێت، هەر لێرەشەوە بەو سەرەنجامە گەیشتوون، کە دەوڵەت و پارت و دەزگە ڕامیاریی و ئابووریی و تەنانەت کۆمەڵایەتییە قوچکەیی (هیرارشی / هەرەمی)یەکان، ئامرازی پاراستنی ئەو نایەکسانی و سەروەرییەن و کۆیلەتی مرۆڤ ڕادەگرن، بۆیە هیچ پاساوێك بۆ پاراستن و گۆڕینی شێوەی دەسەڵات و دەزگە دەسەڵاتییە سەرووخەڵکییەکان نابینن و بوونی ئەو دەزگە و ئامرازانە نیشاندەری بوونی سەروەری هەندێك بەسەر هەندێکی دیکەن و گۆڕینی ناو و شێوەی دەوڵەت و دەزگەکانی وەك لە بلۆکی بۆلشەڤیکی و مائۆئیستیدا بینیمان، هیچی لە کرۆکە چینایەتییەکەی نەگۆڕی، بەڵکو لەوە واوەتر درەندەیی و بیروکراسیی گەیاندە لوتکە و ڕووی دەوڵەتە بۆرجوازییەکانی دیکەیان سپیکردەوە. بە بۆچوونی من، ئەگەر کەمێك لەو پاگەندە کرچ و کاڵانەی، کە بۆ ئەنارکییەکان لەلایەن چەپەکان و دەسەڵاتخوازە بەناو سۆشیالیستەکانەوە دەکرێن، وردبینەوە، ئەوا بۆماندەردەکەوێت، کە ئەنارکییەکان بۆ هەر ڕەتکردنەوەیەك لە ژیانی ڕۆژانەدا ئەڵتەرناتیڤی کەتواری و ئاوەزگیر پێشنیاردەکەن و بەپێچەوانەی دەسەڵاتخوازانەوە، بەڵێنی سەرخەرمان (خواردنی کولیچە لە ئاسمان) نادەن.

بەکورتی ڕەتکردنەوەی دەوڵەت، لەوێوەیە، کە وەك ئامرازی ڕاگرتن و پاراستنی پێداویستی سەروەریی چینایەتی هاتووەتە بوون و درێژەی پێدراوە، کاتێك کە ئێمە قسە لە کۆمەڵگەی ناچینایەتی بکەین، کەواتە قسەکردن لە پێداویستی دەوڵەت دەبێتە پارادۆکس بۆ پاگەندەکانمان. چونکە ناتوانین ئامرازێك یا پێکهاتەیەك کە بۆ پاراستنی کۆمەڵگەی چینایەتی [خاوەندارێتی تایبەت و کاری کرێگرتە و سەرکوت و هەڵاواردن] هاتبێتە بوون و سەریهەڵدابێت، ئێمە بێین و پاگەندەی ئەوە بکەین، کە بە پاراستن و بەدەستەگرتنی ئەو ئامراز و پێکهاتەیە، پارێزگاری لە کۆمەڵگەی ناچینایەتی دەکەن و پەرەپێدەدەین. وەك بیریارانی ئەنارکی دەڵێن "وەك چۆن هەموو ئەندامێکی جەستەی مرۆڤ بۆ کار و چالاکی یا

وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکی دیاریکراو هاتووەتە بوون، هەر ئاواش هەموو دەزگەیەکی کۆمەڵایەتی، ئابووریی و ڕامیاریی بۆ وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکی دیاریکراو سەریهەڵداوە؛ هەروا کە ناتوانین بە چاو ببیستین و بە گوێ بۆن بکەین و بە دەست ببینین و بە سەر بەڕێگەدا بڕۆین، هەر ئاواش دەوڵەت، کە ئۆرگانی ڕاگرتنی کۆمەڵگەی چینایەتییە، ناتوانین بۆ ڕاگرتن و پەرەپێدانی کۆمەڵگەی ناچینایەتی بەکاربەرین.". بەم جۆرە ڕەتکردنەوەی دەوڵەت لە گۆشەنیگای ڕەتکردنەوەی سەروەری چینایەتییەوە، نەك ڕەتکردنەوەی کۆمەڵگەی چینایەتی لە ڕەتکردنەوەی دەوڵەتەوە. ئەوە تەنیا پاگەندەی باڵە دەسەڵاتخوازەکانی نێو بزاڤی سۆشیالیستییە، کە بۆ بەرگرتن بە بڵاوبوونەوەی هزری ئەنارکی، پێیهەڵدەستن، چونکە ئایدیا ئەنارکییەکان، خەونی دەسەڵاتخوازیی و بەهەشتە دەوڵەتییەکەی ئەوان پوچەڵدەکەنەوە. ئەوانە دەخوازن بەختی دەسەڵاتدارییان لە دروستکردنی پارت و ڕێکخراوە قوچکەییەکان (هیرارشییەکان) و دەوڵەتی بەناو کرێکاری و سۆشیالیستیدا بەدەستبهێننەوە و جێگەی دەسەڵاتدارانی ئێستا بگرنەوە. لەو بارەوە مێژوو گەواهی لەسەر ڕۆڵی پارت و سەرکردەکانی و دەوڵەتەکانی بلۆکی ڕوسی و چینی و کوبایی داوە، مشتومڕکردن لەو بارەوە، تەنیا خۆخەریکردن و کات بەفیڕۆدان و سەرقاڵکردنی بزووتنەوەی سۆشیالیستییە بە خەونی زیندووبوونەوەی مردووان.

## ئانارکیستەکان، دژایەتی حزبیەت دەکەن، ئایا ئەلتەرناتیڤیان بۆی هەیە ؟

بەڵێ، زۆر بە دیاریکراوی و ڕاشکاوانە و زۆر بە ئاشکرا دژایەتی پارتایەتی و خۆبەڕابەرکردن و خەڵك بە گێلزانین و نەخشەکێشان بۆ داهاتوو دەکەن. چونکە لای ئەنارکییەکان هەموو مرۆڤێك توانای بیرکردنەوە و بڕیاردان و جبەجێکردنی هەیە و ئەگەر تا ئێستا بەم شێوەیە نەبووبێت، ئەوا لەبەر بێتوانایی مرۆڤەکان نەبووە، بەڵکو لەبەر چەپاندن و لاوازکردنی متمانەی تاکەکان بەخۆیان و لەنێوبردنی تواناکانیان بووە، بەهۆی قەبەکردنەوەی ڕۆڵی دەوڵەت و چەند تاکەکەس و دەستەبژێرێکەوە بووە.

پارت دەزگەیەکی قوچکەیی چینایەتییە، کە لەسەر بنەمای فەرماندان و سەروەری کەمایەتییەکی نووسینگەی ڕامیاریی و کۆمیتەی نێوەندی و فەرمانبەری و ملکەچی زۆرینەی ئەندامانی خوارەوە دامەزراوە، دەقاودەق وێنەگرتنەوەی کۆمەڵگەی چینایەتییە لەسەر

بنەمای ئایدیۆلۆجیا. تاکی ئازادیخواز کە سیستەمی چینایەتی ڕەتدەکاتەوە، بەتەنیا لەبەر نەبوونی و بێکاری و بەڵاکانی دیکەی سەرمایەداری نییە، بەڵکو لەپێش هەموویانەوە لەبەر بوونی سەروەری هەندێك بەسەر هەندێکی دیکەدایە و لە ملکەچی بۆ کەسانی دیکە یاخیدەبێت، بۆیە کەسی ئازادیخواز توانای ملدان بە پارتایەتی نییە و هەردەم وەك گیانێکی یاخی لە ژیانی ڕۆژانەیدا خەریکی شکاندن و دەرچوونە لە قاوخە سەروەرییەکان، لەوانە خێزانی هیرارشییانە ( چ بابسالار و چ داکسالار)، پارت و دەوڵەت، چونکە ئەم سێ پێکهاتەیە لەسەر بنەمای پەیوەندی سەروەری خودا و کۆیلەتی مرۆڤ دامەزراون و ئامانج لە دروستکردنیان تەنیا ڕاگرتنی زۆرینەیە لەژێر چەکمەی کەمایەتی دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوادا.

ئەگەر لەمەش بگوزەرێین، ئەوا تەنیا خوێندنەوەی مێژووی قۆناخی سەرمایەداری بەسە، بۆ ئەوەی لە ڕۆڵی ڕاستەقینەی پارت و دەستکەوتەکانی پارت و داهاتوویەك، کە پارت بەدواوەیەتی تێبگەین. ئەگەر سەرنجبدەین، ئەوا بەڕوونی دەبینین، هەموو هەوڵی پارتەکان لە ڕامیاریکردنی گشت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا کورتدەبێتەوە، کە بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە سروشتییەکانی مرۆڤ و دارشتنەوەیان لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆجی و ڕامیاری، کە دەکاتە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە لەسەر یاسا ڕامیارییەکان (یاسا ناسروشتییەکان). چونکە لە یاسا سروشتییەکاندا مرۆڤ و دەوروبەری لە تەباییدا دەبن و بوارێك بۆ بەرتەری نابێت، بەڵام بەپێچەوانەوە لە یاسا ڕامیارییەکان (دەستکردەکان)دا هەموو تواناکان بۆ گەوجاندنی تاکە داماڵڕاوەکان لە بەڕێوەبەرایەتی و دەسەڵات و سپاردنی کاروبارەکان و سەروەری بە دەستەبژێر(نخبە)ێك دەخرێنەگەڕ. ئا لێرەدا پێویستی پێکهاتەی قوچکەییانەی (هیرارشیانەی) پارت وەك دەزگەیەکی چینایەتی دەردەکەوێت. ئەوەش لەسەر بنەمای تێڕوانینی ئایدیالیستی (پێشمەرجبوونی خوا، ژیری، تیئۆری)، کە کردە دەکاتە پابەندی بوونی تیئۆری و ئەمەش هاوکێشەیەکی ئاوەژووە، چونکە پێشکەوتنی مرۆڤ و دەستکەوتەکانی ئەوە دەسەلمێنن، کە ژیری و تیۆری بەرهەمی ئەزموونگەری مرۆڤن و بەبێ کردە، مرۆڤ قەد نەیدەتوانی بە ئاستی ژیری و ڕۆشنبیریی و پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی ئێستای بگات!

هەڵبەتە لە خۆڕا نییە، کە پارت لەسەر بنەمایەکی ئاوا پێکهاتووە و خۆی ڕێکخستووە، چونکە وەك کوپییەکی کۆمەڵگەی چینایەتی ئامانجی هێشتنەوە و دەستاودەستپێکردنی

سەروەرییە. لەبەرئەوە پارت هیچ کات ناتوانێت پشت بە بنەمای لەپێشبوونی کردە ببەستێت، چونکە دەبێتە ڕەتگەرەوەی خۆی، بەواتایەکی دیکە ئەگەر پارت باوەڕی بەوە هەبێت، کە تیئۆری بەرهەم و بەرەنجامی کردەیە و بە کەڵەکەبوونی ئەزموونگیری کردەکانی خودی مرۆڤ بەو ئاستە لە هوشیاری دەگات، کەواتە بوونی خۆی ڕەتدەکاتەوە، چونکە خاڵی دروستبوونی (دەستپێکردنی) لە چاو خاڵی کۆتایی دەبێتە نزمترین ئاست لە ژیری. لەبەرئەوە، بەپێی لۆجیکی گەشە و ئەزموونگیری، ئەوا ئەو سەرەنجامە دروستە، چونکە لەو خاڵەدا کە پارت بەتەمەنتر و کۆنترە، هوشیاریی تاك وەك بەرەنجامی ئەزموونگیری لە ئاستێکی باڵاتردایە، هەر بۆیە تاوەکو پارت بەتەمەنتر بێت، جیابوونەوە، سەرهەڵدانی ناکۆکی و سەرکوت تێدا زیاتر دەبێت، ئەمەش بەشێکە لە سروشتی پارت و سروشتیترین کاردانەوەی سەرانی پارتە بەڕووی لادەران و سەرپێچیگەراندا، لەبەرئەوەی کە لادەران و سەرپێچیگەران بەپێی ڕەوتی گەشە و ئەزموونگیری و باڵاکردنی ژیری و هوشیاربوونەوە، دەبنە ڕەتگەرەوەی خاڵی سەرەتا و پارت و سەرانیشی وەك هەر پێکهاتەیەکی قوچکەیی (هیرارشی) پێکهاتوو لەسەر بنەمای پەیوەندی خودا و کۆیلە، ناچار بۆ مانەوە و پاراستنی سەروەرییان، دەکەونە سەرکوت و تۆمەتبارکردنی لادەران. ئەمە لەنێو خێزانی دەسەڵاتگەرایانە و دەوڵەتیشدا هەر ئاوایە و بەهەمان لۆجیك بەڕێوەدەچن. ئا لێرەوە ئەنارکیستەکان دژایەتی پارت دەکەن و بە پێکهاتەیەکی کۆنەپارێز و دژە-شۆڕشی دەزانن و واوەتر لەوە، من بە پەرەستگەی دەزانم، کە تێیدا ئەندامانی وەك مەزهەبییەکان، پەیڕەوی لە ژیری و فەرمانداری دەستەبژێرێکی ڕامیار دەکەن.

## ئەنارشیستەکان دژایەتی ڕابەری مارکسیستەکان دەکەن، ئایا بەخۆیان ئەم کارە ناکەن ؟

نەخێر و هیچ کات. چونکە واتای ڕابەری ئەگەر سادە بکەینەوە، ئەوا دەکاتە شوانەیی. شوانەیی یا ڕابەری تەنیا لە بیر و ئایدیایەکدا جێگەی دەبێتەوە، کە تاکەکان بەسەر (زانا و نەزان)، (ڕۆشنبیر و نارۆشنبیر)، (بەتوانا و بێتوانا)، (ژیر و ناژیر)دا دستەبەندیدەکات و هەموو ئەو دەستەبەندییانەش تەنیا بۆ پاراستن و مسۆگەرکردنی سەروەری هێندێکە بەسەر هێندێکی دیکەدا، ئیدی لە ژێر ناوی پەیامبەردا بێت یا لەژێر ناوی ڕابەر و فیلۆسۆف و ڕامیارەکارەکاندا بێت. ئەو بەرتەریدانە ڕامیاریی و کۆمەڵایەتییانە، لە منداڵدانی هەمان سیستەمی چینایەتیدا لەدایکبوون و سەریشیان لە پاراستنی هەمان سیستەمەوە دەردەچێت.

ئەگەر خۆمان نەخەڵەتێنین و وردتر سەرنجبدەین، ئەو ڕابەرایەتییەی کە مارکسیستەکان پاگەندەیدەکەن، ڕیشەی بۆ ئەو بۆچوونانە دەگەڕێتەوە، کە پێیاوانوایە هوشیاری چینایەتی لە دەرەوەی مەیدانەکانی کار و خەباتی چینایەتیدا سەرهەڵدەدا و بەرهەمی ژیری دەستەبژێرێکە و دەبێت لەتەك خەباتی خۆبەخۆیی ئابووریی چەوساواندا موتوربەبکرێت و بۆ ئەو مەبەستەش ڕابەریکردنی مارکسیستەکان دەکەنە پێشمەرجی سەرکەوتنی شۆڕش. ئایا ئەم تیرِوانینە هیچ جیاوازی لەتەك ئەو تێڕوانینەی ئایدیالیستەکان هەیە، کە پێیانوایە ئاوەز و هوشیاری لە خواوەن و بۆ ئەوەی کۆیلەکانی خوا لێیان بەهرەمەندبن، پێویستە پێخەمبەران و پیاوانی پەرەستگەکان ببنە ڕابەریان و ئامۆژگارییان بکەن و لە خراپە و نەزانی بیانگێڕنەوە؟!

بەڵام ئەگەر سەرنجی وردی ئەزموونەکانی ژیان بدەین، دەبینین هیچ کەس هێندەی پۆشاکدوورێك، لە دوورین و هیچ کەس هێندەی میکانیکێك لە چاکردنەوەی ئامێرەکان و هیچ کەس هێندەی جوتیارێك لە چاندن و وەرز و ئافاتەکانی کشتوکاڵ نازانێت؛ تەنانەت تیئۆریسیۆنەکانی ئەو بوارەش، ئەو شارەزاییەیان نییە. هەروەك چۆن هیچ کەسمان هێندەی بۆرجوازێك لە چۆنیەتی چەوسانەوە و فریودانی بەرهەمهێنەران نازانین. هەر بەو پێیەش ئاوەز و لۆجێك پەسەندیناکات، کە هوشیاری چینایەتی کرێکاران و جوتیاران و ... تد لە دەرەوەی خودی خۆیان و لە نێوەندیی ئەکادێمی و ڕامیارییەوە سەرهەڵبدات.

هەر لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوەیە، کە ئەنارکییەکان خۆیان بە دەستە و گروپی پاگەندە و پراکتیزەگەری وانە ئەزموونییەکان ناودەبەن و لە جیاتی دروستکردنی ڕێکخراوەی قوچکەیی (هیرارشی) و ڕامیاریی و سکتاریزمی دەستەبژێرانە (نخبوي) و فەرماندان بە ئەندامان و کرێکاران و زەحمەتکیشان بۆ خەبات و شۆڕش، بەخۆیان هەڵدەستن بە ئەزموونکردن و بەکولتوورکردنی کێڵگەی هەرەزەویی و ژیانی کۆمونەیی و هاریکاری کۆمەڵایەتی و ئاڵوویری بەرامبەرانەی زانیاریی و پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە بەبێ بەکاربردنی دراو و یاسا سەروەرییەکانی خاوەندارێتی تایبەتی و کاریکرێگرتە و سەروەریی لایەنێك.

**ئەوەندەی من بیستبێتم ئەنارشیزم، هەوڵێکە بۆ تێکدان و پرشوبڵاوی بزووتنەوەی کارگەری، چۆن تۆ پاگەندەی ئەوە دەکەی، کە ئەنارشیزم پێچەوانەی ئەوەیە؟**

بەر لەوەی بێمە سەر وەڵامدانەوە بە پرسیارەکە، ئایا هیچ بەڵگەیەکی مێژووی یا ئێستایی لەبەردەستاندا هەیە، کە ئەو پاگەندەیە بسەلمێنێت؟ ئایا ئەگەر ئاوەز و بیرکردنەوەی خۆ بەکارببرێت و خۆ لە دووبارەکردنەوەی دەقە ئامادەکراوەکان لابدرێت، هەر بەو سەرنجامە دەگەین، کە تۆ پاگەندە دەکەیت؟

لە هەموو سەردەمەکانی مێژوودا دەسەڵاتداران و دەسەڵاتخوازان، کۆمەڵگە و چەوساوانیان بەوە ڕاگرتوون و ترساندوون، کە ئەگەر لە سایەی دەسەڵات و پێشڕەوی دەسەڵاتخوازان دەربچن، ئەوا وەك مەڕی بێشوان گورگ دەیانخوات. ئەنارکییەکان، کرێکارانیان و هاوچینە ژێردەستەکانیان بۆ سەربەخۆیی و خەباتی ڕاستەوخۆ و خۆبیرکردنەوە و خۆکارابوون و خۆبڕیاردان و خۆڕابەری هاندەدەن و لە بەرامبەردا دەسەڵاتخوازان بۆ ئەوەی کرێکاران لە خۆشباوەڕیی بە دیکتاتۆرییەتی پێشڕەوان و یەکسانی ژێر سایەی دەوڵەتی بەناو کرێکاری ڕاگرن، بە سوودوەرگرتن لە شێوازی پاگەندەی سەروەران کەوتوونەتە شێواندنی ڕاستییەکان. بەداخەوە لە سەردەمی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی یەکەم و دواتریش تا ڕوخانی ئیمپراتۆری بۆلشەڤیکەکان و ئێستاش، لەبەرئەوەی کە مرۆڤەکان هەزاران ساڵە بە نادەربەستی و ملدان بەنوێنەرایەتی و شوانەیی ڕامیارکاران ڕاهاتوون و دەستەمۆبوون، ئەو پاگەندانە کارایيان لەسەر بیرکردنەوە و بڕیاری چەوساوان بەگشتی و کرێکاران بەتایبەتی داناوە. باشترین نموونەش ئاراستەکردنی ئەم پرسیارەیە لەلایەن مرۆڤگەلێکی چەوساوە، کە بەداخەوە لەم سەرەتاییەی سەدەی بیست و یەکەدا هێشتا باوەڕیان بەو پاگەندە بێبنەمایانە هەیە.

ئەوەی کە دەسەڵاتخوازان لەنێو بزاڤی سۆشیالیستییدا بۆ ئەوەی بتوانن تاکە ناڕازی و یەکسانیخوازەکان بە پێداویستی ئۆتۆریتەی خۆیان و پێویستی شوانەیی ڕامیاریی و ڕێکخراوە نێوەندگەراکان خۆشباوەڕبکەن و لەو ڕێیەوە پاوانکردنیی (دۆمینەتکردنی) بزاڤەکە لەژێر کاریی خۆیاندا مسۆگەربکەن، دەست بە ڕەخنەی بێبنەما یا چەواشەکارانە دەبەن و ڕەخنەی ئەنارکییەکان لە نێوەندگەرایی بەڕێوەبەرایەتی و ڕێکخراوەکان دەگۆڕن بە پاگەندەی دژایەتی ئەنارکییەکان بۆ ڕێکخستن و سەربەخۆیی کرێکاران.

بۆ ئەوەی پرسەکە ڕۆشنبێتەوە، لێرەدا ناچار بە لەسەروەستانی زیاتر دەبم. وەك ئاشکرایە ڕامکارە دەسەڵاتخوازەکانی نێو بزاڤی سۆشیالیستی، خوازیاری نێوەندگەرایی ڕێکخراوەی

جەماوەریی و ڕامیاریی و بەڕێوەبەرایەتیی سەروخوارن و وەك پێداویستی وەڵامدانەوە بە خواستەکەیان لە هەنگاوی دواتردا پێویستیان بە پێکهاتەی قوچکەیی ( هیرارشیی) ڕێکخراوەکان و ڕێکخستنی کۆمەڵگە هەیە، تاوەکو ڕێوشوێنی پاوانگەرانە بۆخۆیان مسۆگەربکەن و ئەمەش دەکاتەوە هەمان شێوازی ڕێکخستن و پێکهاتەی سیستەمی چینایەتی و هەمان میکانیزمی کاردکردیان دەبێت و هیچ پێکهاتەیەکی قووچکەییش بەبێ بوونی سەروەری تاکێك یا هەندێك بەسەر هەندێکی دیکەدا و بەبێ نێوەندگەرایی بوونی نابێت و لەبەردەم هێزی بەرەنگاری ڕەوتی دژەتەوژمدا خۆی پێڕاناگرێت.

لێرەدا من زۆر بە هوشیاریی و مەبەستەوە خۆم لە بەکاربردنی دەستەواژەی "سۆشیالیستە دەسەڵاتخوازەکان" لادەدەم و بە نەگونجاو و ناتەواوی دەبینم، چونکە ناکرێت یەکسانیخواز بیت و هاوکاتیش دەسەڵاتخواز بیت، ئەو دوو چەمك و ئامانجە، ڕەتکەرەوە و پێچەوانەی [پارادۆکسی] یەکدین. ئەگەر سەرنجی مێژووی دوو سەد ساڵەی ڕابوردووی بزاڤی سۆشیالیستی بدەین، بە بەڵگەی سەلمێندراوەوە دەبینین، کە نێوەندگەرایی (سێنترالیزم)، پێکهاتەی قوچکەیی (هیرارشی)، پاوانکردن (دۆمینەتکردن) ، بیروکراسی، سەر و خوار، فەرماندەر و فەرمانبەر بەرهەمدەهێنێتەوە، کە دواجار ئەگەر ئەو ڕێکخستن و هێزانە بەخت یاریانبێت، ئەوا وەك پاشاکانی شەترەنج بە لێدانی بەرامبەرەکەیان، بەبێ هیچ ئاڵوگۆڕێك لە سیستەمی کایە و ڕۆڵەکاندا، جێگەی بەرامبەرەکیان دەگرنەوە؛ بەواتایەکی دیکە، هیچ لە سیستەمە چینایەتییەکە و سەروەری هەندێك لەسەر هەندێکی دیکە ناگۆڕێت، بەڵکو زیاتر لەوەش بەناوی خودی چەوساوانەوە ڕەوایەتی زیاتری پێدەبەخشێت و بەناوی چەوساوانەوە، خودی چەوساوان سەرکوتدەکاتەوە.

لە بەرامبەر ئەمەدا ئەنارکییەکان، بۆ ئەوەی بەر بە زاڵبوون و پاوانکردن لە ڕێکخستن و بیروکراسی لە بەڕێوەبردن و ڕێوشوێنی فەرماندەر و فەرمانبەر لە کۆمەڵگەدا بگرن، لە ئەزموونگیریی خەباتی ڕۆژانەوە و وەك بەرەنجامی پراکتیکی چەند سەدەوە، هەوڵی بە کولتووریکردن و جێخستنی کۆمەڵێك میکانیزم و شێوەی ڕێکخستن و شێوازی بەڕێوەبردن دەدەن، تاوەکو شکستەکان دووبارە نەبنەوە و سەرەنجامی مانگرتن و ڕاپەڕین شۆڕشەکان گەڕانەوە نەبن بۆ ڕەوایەتیدان بە سیستەم و سەروەری چینایەتی و نائومێدبوون نەبن لە ڕوودانی گۆڕان، دژایەتی سەرسەختی ئەنارکییەکان بۆ شێوەی ڕێکخستن قوچکەیی و شێوازی

تێکۆشانی فەرمانبەرانە و میکانیزمی دەستەبژێرانەی بەڕێوەبەردن و پاشڕەوی ئەندام و تاکی خۆشباوەڕ و ڕەدووکەوتووی ئایدیلۆجییەکانی سەروەریی چیانیەتی، خۆیان لەم دەستەواژانەدا کورتدەکەنەوە؛ خۆڕێکخستن لە جیاتی ملدان بە ڕێکخستنی دروستکراو و سەپێنراو، خەباتی خۆخۆیی و چالاکی ڕاستەخۆ لە جیاتی گوێڕایەڵی بۆ نێوەند و سەرانی ناوبژیگەری ڕێکخراوە نێوەندگەراکان و قوچکەییەکان، خۆبەڕێوەبەرایەتی لە جیاتی ملدان بە نوێنەرایەتی کەسانی ناخۆیی، سەربەخۆیی لە جیاتی پاشکۆیی بۆ پارت و دەسەڵات. ئایا لەسەر ئەم بنەمایانە، کام بەرە [سۆشیالیستە ئازادیخوازەکان یا دەسەڵاتخوازە بەناو سۆشیالیستەکان] لەنێو کرێکاران و زەحمەتکێشاندا خەریکی دروستکردنی پەرشوبڵاوی و دەستەگەریی (سکتاریزم) و ملکەچی و نادەربەستبوون و بڕوابەخۆنەبوونن ؟

لەم بارەوە، هەوڵدەدەم لە داهاتوودا لەبارەی جیاوازییەکان و ڕێکخستن و ئەڵتەرناتیڤەوە زنجیرە وتارێك بنووسم ...

## ئێوە باوەڕتان بەکاری هاوبەش لەگەڵ گروپە چەپەکانی دیکەدا هەیە، ئەگەر وەڵام ئەرێیە، ئایا لە بەشداری و سەرکردایەتی هاوپەیمانییەکاندا مەرجێکی دیاریکراوتان هەیە؟

لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنارکیيەکان نە باوەڕیان بەوە هەیە، کە ڕابەرایەتی بکرێن و نە بەوەش کە ڕابەرایەتی کەس بکەن، بەڵکو پێیانوایە هەموو کەس دەتوانێت ڕابەرایەتی خۆی بکات و ڕزگاری هەموو کەسێکش، لە گرەوی تێکۆشانی خودی ئەو کەسەدایە. هەر لێرەوە هەموو ڕێکەوتن و پێکهاتنێکی دەرەوەی کۆڕ و کۆمەڵە کرێکاریی و خۆجێییەکان ڕەتدەکەنەوە، ئەمە بۆ خەباتی توێژەکانی دیکەی وەك خوێندکاران و خانەنشینان و پەککەوتان و بێکاران و جوتیاران و ... تد هەر ئاوا دەبینن. بۆیە هەموو کارێکی هاوبەش لەسەر ئاستی دەستەگەریی و دەستەبژێریی ڕەتدەکەنەوە و تەنیا ددان بە یەکێتی چینایەتی چەوساوان لە ڕێکخراوە جەماوەریی و خۆجێییەکاندا دەنێن و هەموو ڕێکخستن و پێکهاتە و دەزگە و کارگێڕییەکی قوچکەیی (هیرارشی) و دەستەگەریی و دەستەبژێریی، ڕەتدەکەنەوە.

بە بۆچوونی من، ئەرکی ئەنارکیيەکان ئەوە نییە بچن لەتەك چەند چەنەبازێکی ڕامیارکار یا

دەستەبژێرێکی خۆڕێکخستوو لە سەرووی خەڵکەوە، کاری هاوبەش بکەن، بەپێچەوانەوە ئەرکیان قاودانی ئەو دەستەبژێرە دەسەڵاتخوازانەیە لەنێو چەوساواندا و هاندانی خودی چەوساوانە بۆ پێکهێنانی ڕێکخستنی سەربەخۆی چینایەتیی و توێژیی لە شوێنی کار و خوێندن و گەڕەکەکان و کێڵگەکاندا.

لەبەرئەوە، وەڵام نەرێنییە و لە جیاتی بەفێڕۆدانی وزەی شۆڕشگێڕانە لە مشتومڕی دەستەگەری و ململانێ و کێبڕکێ لەتەك کەسانێك، کە هەر لە سەرەتاوە ئامانجیان جێگرتنەوەی سەروەرانی ئێستایە و هەنگاو بە هەنگاو نەخشە بۆ دەستەمۆکردنی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان دادەڕێژن و هەوڵی پاشکۆکردنیان دەدەن. چونکە ئەگەر قسە لەسەر یەکێتی چینایەتی چین و توێژە پرۆڵیتێرەکان (چەوساوانی بێدەسەڵات)ە، ئەوا دەستەگەریی و ڕێکخراوەی ڕامیاریی و سەرکردە و ڕابەر، [وەك مێژوو نیشانماندەدات و سەرەنجامی ئەزموونەکان دەیسەلمێنێت] تێکدەر و وێرانگەری ڕیزی خەباتکارانەی پرۆڵیتاریان و هەوڵێکن بۆ بەرپێگرتن و گێڕانەوەی ئەو تاکە پرۆڵیتێرە شۆڕشگێڕانەی، کە لە سیستەمە چینایەتییەکە یاخیدەبن و سنوورەکانی سەروەری دەبەزێنن، بۆ نێو جاڵجاڵۆکەی سیستەمی چینایەتی و خەساندنیان.

## هەڵوێستی ئێوە بەرامبەر ئایین چییە؟

ئایین یا ڕێڕەو (مەزهەب) تا ئەو کاتەی کە پرسێکی کەسیی و پەیوەندییەکی کەسیی تاکە لەتەك ئەو شتەی کە دەیپەرستێت، ئیدی ئەو شتە مرۆڤیك بێت، یا مانگا و هێزێکی خەیاڵی سەروومرۆیی لە بۆشایی ئاسماندا، کەس بۆی نییە خۆی تێهەڵقورتێنێت و ئازادی پەیڕەوکردنی بەرتەسکبکاتەوە، بەڵام کاتێك ئەم پەیوەندی و ئارەزوومەندییە تاکەکەسییە دەگۆڕدرێت بۆ ئایدیۆلۆجیایەکی سەروەریی و پاراستنی سیستەمە چینایەتییەکە و لەقاڵبدانی ئازادی و سەربەخۆیی کەسانی دیکە، ناتوانرێت و ناکرێت وەك پرسێکی کەسیی چاوی لێبکرێت، بەڵکو وەك هەر ئایدیۆلۆجیایەکی دەسەڵاتخوازانە دژایەتیکردنی ئەرکی هەر کەسێکە، کە دڵی بۆ ئازادی و یەکسانی و دادپەوەریی لێدەدات، بەڵام لێرەدا دەبێت شێوازی ئەو دژایەتییە ڕۆشنبکرێتەوە، دژایەتی ئایین وەك ئایدیۆلۆجیای دەسەڵات و سەروەری، نەك دژایەتی تاکی خۆشباوەڕ بە ئایین. ئێمە دەتوانین دژایەتی ڕێڕەو [مەزهەب] بکەین، بەڵام مافمان نییە ئازادی

پەیڕەوکردنی ئایین لە هیچ کەس بستێنینەوە. هەروەها دژایەتی مەزهەب وەك ئامرازی چەپاندنی مرۆڤەکان، بە بڕیاردەرکردن و سووکایەتی بە سومبولەکان و ڕوخاندنی پەرستگەکان ناکرێت، بەڵکو بە گێڕانەوەی ویست و خەیاڵی ئازادی بۆ مرۆڤ، ئایین دەپووکێتەوە و لەم ڕێگەیەوە متمانەی تاکی دەستەمۆ لەدەستدەدات، ئەویش بە هوشیاربوونەوەی تاك نەك بەناچارکردنی تاك بە وازهێنان یا سووکایەتی پێکردنی باوەڕەکەی.

کاتێك لە ڕەوتی خەبات و یەکگرتنی کۆمەڵایەتییدا، تاکی چەوساوە توانای خۆی و پەرجووی هێزی یەکگرتووی چین و توێژەکەی دەرککرد، ئیدی پێویستیی ورەیی بۆ هێزێك لە سەرووی خۆیەوە نییە و ناشبێت. ئەو کات خۆبەخۆ و هەنگاو بە هەنگاو بە ڕادەی هەڵکشانی هوشیاریی چینایەتی لە وابەستەیی هێزی دەرەکی و خەیاڵکردی سەرووی خۆی ڕزگاریدەبێت، هوشیاری چینایەتیش، پرۆسێسێکی سروشتی خەباتی ڕۆژانەیە، کە تاك لە متمانە بەخۆ و بە هێزی یەکگرتنی چینەکەی دڵنیا و بڕواداردەکات و لێرەوە دێتەکایەوە، نەك بە سەپاندنی لەلایەن دەستەبژێرێکەوە.

## مەگەر ڕێکخراوە جەماوەرییە ئەنارشۆ سەندیکالیستەکان جۆرێکی دیکە لە ڕێکخراوی پاشکۆ نین ؟

نەخێر. چونکە پێش هەموو شتێك گروپ و ڕێکخراوە ئەنارکیستەکان بەخۆیان ڕێکخراوی ڕامیاریی قوچکەیی (هیرارشی) و ڕوو لە دەسەڵات نین و گروپە ئەنارکییەکان تەنیا ئۆرگانی ڕاگەیاندن و پاگەندەکردنن و هیچ ڕۆڵێکی ڕابەریی و ڕامیاریان نییە. ئامانج لە پێکهێنانی ڕێکخراوگەلێکی جەماوەری کە ئەنارکییەکان هەوڵیان بۆ دەدەن، ئەوەیە کە لە ڕووی چینایەتییەوە سەربەخۆ بن و ڕۆڵی میانجیگەری نێوان ئەندامانیان و دەسەڵات یا ئەندامانیان و خاوەنکار و کۆمپانییەکان نەگێڕن، دووەم ڕێکخستنی ئاسۆیی ناقوچکەیی (ناهیرارشی)یان هەبێت، واتە لەسەر بنەمای فەرماندەر و فەرمانبەر پێکنەهاتبن، سێیەم کاروباری ڕێکخراوەیی و بڕیاردان و جێبەجێکردن لەسەر بنەمای دیمۆکراتی ڕاستەوخۆ بێت، چوارەم، شێوازی خەباتییان ڕاستەوخۆ دوور لە بڕیاری بیروکراسییانەی سەرکردایەتی و ڕەزامەندیی دەسەڵات بێت، بێجگە لەمانە، یەکێکی دیکە لە جیاوازییەکان ئەوەیە، کە گروپ و ڕێکخراوە

ئەنارکییەکان، تەنیا ئۆرگانی بڕیاردان و داواکردن نین، بەڵکو هاوکات فێرگەیەکن بۆ خەباتی چینایەتی و گێرانەوەی متمانەبەخۆبوونی تاك و خۆربیرکردنەوە و خۆڕێکخستن و خۆجێبەجێکردن بۆ تاك (ئەندامان/بەشداربووان). هەموو ئەمانەش هەوڵێکن بۆ بەرگرتن لە سەرهەڵدانی بیروکراسی ڕێکخراوەیی، بەرگرتن لە دروستبوونی توێژاڵیکی ئۆرۆستوکرات لە سەرووی ڕێکخراو و بزووتنەوەکەوە، بەرگرتن لە زاڵبوون و خۆسەپاندنی کەسانی توانادار و بەرگرتن لە سازشکردن لەتەك دەسەڵات و کۆمپانییەکان، لە سەرووی هەموو ئەمانەوە لەنێوبردنی زەمینەکانی پاشکۆیی و دەستەمۆبوون بۆ پارتەکان و دەسەڵات.

پاشان، بێجگە لەوانەی سەرەوە، ئەنارکۆسەندیکالیزم شێوازی ڕێکخستنە نەك خودی ڕێکخستن، دەرکی ئەنارکیستەکانە بۆ ڕێکخستنی جەماوەریی بە پشتبەستن بە ئەزموونەکانی خەبات. سەندیکالیزم پێش سەرهەڵدانی تیئۆری و تێڕوانینی ئەنارکۆسەندیکالیستی بوونی هەبووە، ئەوەی ئەنارکیستەکان پێی هەستاون، ئاراستەکردنی خەباتی سەندیالیستی بووە بەرەو هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی چینایەتی، بەرەو کۆمەڵگەی ناچینایەتی. لەسەر ئەو بنەمایانە ئەنارکیستەکان ناکەونە لاساییکردنەوەی دەسەڵات و پارت و گروپە رامیارییەکان، کە چین و توێژە پرۆلیتێرییەکان وەك پاشکۆی خۆیان و لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئایدیۆلۆجیادا ڕێکدەخەن و مۆری دارایی [موڵکیەتی] خۆیانیان لێدەدەن، نەخێر تەواو بە پێچەوانەوە ئەنارکییەکان هەوڵی قوتکردنەوەی ڕێکخراو بەناوی خۆیانەوە نادەن، بەڵکو هەوڵی جێخستنی شێوازەکانی خەبات و ڕێکخستن و بیرکردنەوەی دژەسەروەرریی لە بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکاندا دەدەن. لەبەرئەوە هەر کات ئەنارکییەکان لە شوێنێك و سەردەمێکدا بەهۆی کەم ئەزموونییەوە یا لەژێر کارایی دەسەلاتخوازە بەناو سۆشیالیستەکان کەوتنە وەها هەڵەیەکەوە، ئەوا بێگومان بێجگە لە تەواوکاریی نەخشە و ڕامیارییەکانی دەسەڵات و سیستەمە چینایەتییەکە [دژە-شۆڕش]، هیچ کارێکی دیکە ئەنجامنادەن و دژایەتییکردنیان ئەرکی خەباتکارانەی هەر شۆڕشگێڕێکە.

## ئەگەر ئەنارشیزم دژی نێوەندبوونی دەسەڵات و ڕێکخستن و بەڕێوەبردنە، ئەی وڵات چۆن ڕێکدەخەن؟

ئەنارکیستەکان نەك هەر بەتەنیا دژی نێوەندێتی دەسەڵاتن، بەڵکو دژی خودی دەسەڵاتیشن.

چونکە چەمکی دەسەڵات بەبێ بوونی دوو جەمسەری دژبەیەکی کۆمەڵگە و سەروەر، واتە دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات، بێواتاترین دەستەواژە لە دەربڕینی هزریدا پێکدەهێنێت.

کاتێك کە واژەی دەسەڵات دێتەپێشەوە، دەستبەجێ واژەی بێدەسەڵات بە هۆشی کەسی ئازادیخوازادا گوزەردەکات و سەرنجیڕادەکێشێت و دایدەچڵەکێنێت. چونکە ئەوەی تا ئێستاکە هەبووە و لە ئارادابووە، دەسەڵاتی کەمینە بووە بەسەر زۆرینەدا، ئیدی ئەو کەمینەیە چەند کۆیلەدار و ئیمپراتۆر و ئاخایەك بووبن یا چەند ڕامیار و سەرمایەدارێك بووبن، هیچی لەوە نەگۆڕیوە، کە دەسەڵاتداریان لە ئەنجامی نایەکسانی دەسەڵاتدا، کە بەرهەمی نایەکسانی ئابوورییە، سەریهەڵداوە. لەبەریەوە، ناکرێت و نادروستیشە کە واژەی دەسەڵات لە جیاتی خۆبەڕێوەبەرایەتی و خۆڕێکخستنی ئازادیخوازانەی کۆمەڵگە، کە لەسەر بنەمای یەکسانی ئابووریی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دێتەبوون، بەکاربەرین.

ئەگەر ئێمە خوازیاری کۆمەڵگەی ئازادبین، کەواتە ناچار بە خەبات دژی هەموو ئەو پێکهاتانە دەبین، کە کۆمەڵگە لە کۆیلەتیدا ڕادەگرن؛ واتە دژی ئەو پێکهاتانەی کە سەروەریی کەمینە بەسەر زۆینەوە دەپارێزن و خودی ئەو سەروەرییە لەسەر بنەمای نایەکسانی تاکەکان لە پێگەی ئابووریی و کۆمەڵایەتییاندا دێتەئاراوە و ئامانج لە قوتکردنەوەی دەسەڵات [فەرمانداریی / دەوڵەت] بەسەر کۆمەڵگەوە، پارێزگارییکردنە لەو نایەکسانییانەی کە نایەکسانی دەسەڵات لەنێوان گشت تاکەکانی کۆمەڵگەدا دروستدەکەن. وەها پێکهاتەیەك، لەخۆیدا بازنەیەکی داخراو، کە تێیدا ڕۆڵ و مافی تاك لە دەوری چەقی نایەکسانیدا دەسووڕێتەوە، پێکدەهێنێت. بەواتایەکی دیکە نایەکسانی ئابووریی، نایەکسانی کۆمەڵایەتی دروستدەکات و نایەکسانی کۆمەڵایەتیی، نایەکسانی دەسەڵات دروستدەکات، بە هەمان شێوە لەو سەرەوە، دەسەڵات ئامرازێکە بۆ پاراستنی نایەکسانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی، کە نە نایەکسانی دەسەڵات بەبێ نایەکسانی ئابووریی بوونی دەبێت و نە نایەکسانی ئابووریی بەبێ نایەکسانی دەسەڵات دەتوانێت درێژە بە مانەوەی خۆی بدات و کۆمەڵایەتیی ببێتەوە و بمێنێتەوە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو هۆیانەی سەرەوە، تەنیا ئەڵتەرناتیڤێك، کە دەتوانێت کۆتایی بە نایەکسانییە ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و دەسەڵاتییەکان [دەسەڵاتی دایك و باوك بەسەر

منداڵاندا، دەسەڵاتی مامۆستا بەسەر خوێندکاراندا، دەسەڵاتی بەڕێوەبەر بەسەر فەرمانبەراندا، دەسەڵاتی خاوەنکار بەسەر کرێکاراندا، دەسەڵاتی زەمیندار بەسەر جوتیاراندا و دەسەڵاتی پیاو بەسەر ژن و دەسەڵاتی ژن بەسەر پیاودا، دەسەڵاتی پەنادەر بەسەر پەنابەردا] بهێنێت، یەکەم لەنێوبردنی خودی دەسەڵاتە وەك پێکهاتەیەکی ڕێکخراوی سەرووخەڵکی، کارێکی ئاواش بەبێ لێدانی بنەماکانی واتە دارایی تایبەتیی و دەوڵەتیی و کاریکرێگرتە و مێنتالێتی و ڕێسای کولتووریی و پێگەی کۆمەڵایەتی باڵا و پایین، ئەستەمە. بەم جۆرە دەبینین، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سەرووخەڵکی کەمینەیەك لەسەر زۆرینە لەنێوبەرین، پێویستە خۆبەڕێوەبەرایەتی گشتی یا هەمووانی پێشنیاربکەین، بۆ ئەوەی وەها خۆبەڕێوەبەرایەتییەکی گشتیی مسۆگەربکەین، پێویستە میکانیزمەکانی جێگیرکردن و پاڕاستنی وەها خۆبەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی دەستەبەربکەین، وەها دەستەبەرکردنێکیش بەبێ لێدان و ڕەتکردنەوەی میکانیزم و ئامرازەکانی دەسەڵاتی سەرووخەڵکی واتە دێمۆکراتیی نوێنەرایەتی [فەرمانڕەوایی پارلەمانی]، ناتوانێت ببێتە بەشێك لە کەتوار و بنەمای خۆبەڕێوەرایەتی گشتی؛ کە دواجار ئەوەی کە لە کۆنەوە تائێستا ناسراوبێت و دەرکەوتبێت و پێشتریش ئامراز و میکانیزمی بەڕێوەبەرایەتی نادەوڵەتیی بووبێت، تەنیا دێمۆکراسی ڕاستەوخۆ [دێمۆکراسیی گەلیی یا هەمووانەییە]. وەها دێمۆکراسییەك وەك میکانیزمی ڕێکخستنی سەرخانی کۆمەڵ، بەبێ بوونی ژێرخانی تەبا و گونجاو لەتەك بەڕێوەبەرایەتی گشتی و کۆمەڵگەی ئازاد، ئەستەمە خۆی بگرێت. لەبەرئەوە بۆ خۆگرتن و جێکەوتەبوونی ڕێکخەری سەرخانێك، پێویستمان بە بنەمای ژێرخانیی هەیە، کە لە ڕەتکردنەوەی پایە ئابوورییەکانی ژێرخانی دەسەڵاتی سەرووخەڵکیدا دەتوانێت سەرهەڵبدات، بەواتایەکی دیکە بەبێ ڕەتکردنەوەی دارایی تایبەتی و دەوڵەتیی و کاریکرێگرتە، هیچ کات ناتوانین بە بنەماکانی کۆمەڵگەی ئازاد و سەرخانەکەی [دێمۆکراسی ڕاستەوخۆ] بگەین، ئەو بنەمایانەش بەرهەمهێنان و دارایی کۆمەڵایەتیی [گشتی نەك دەوڵەتی]، کاری ئازاد و خۆبەخشانە، هەرەوەزیی و کۆمەڵە کشتکاریی و پیشەسازییەکانی گوند و شارن.

بەو جۆرە کاتێك، کە ئێمە لە دەروونی خودی کۆمەڵگە و سیستەمی چینایەتیدا پایەکانی کۆمەڵگەی داهاتوو [ناچینایەتی] لە ژیان و خەباتی ڕۆژانەدا بکەینە بەشێك لە کولتووری چەوساوانی ئازادیخواز، واتە لە جیاتی ملدان بە کاری زۆرەملێ و کرێگرتەی سەرمایەداران و دەوڵەت، هەرەوەزییە هاوبەشەکانی خۆمان پێبهێنین، لە جیاتی پاشڕەویی پارتەکان و ڕیفۆرمی

دەسەڵات، ڕێکخراوە و ڕێکخستنە ئاسۆیی و زنجیرییە جەماوەرییەکانی چین و توێژە پرۆڵێتێرەکانمان پێکبهێنین، کاتێك لە جیاتی ژیانی تاکگەرایی لیبراڵی و هەرەوەزیی خێڵگەرایی، کۆمونە گشتییە ئازادەکان لەسەر بنەمای ئازادی تاك و هەرەوەزیی کۆمەڵ پێکبهێنین، کاتێك لە جیاتی دەنگدان بە ڕامیاران و هەڵبژاردنی چەوسێنەرانمان، خۆبەڕێوەبەرایەتی بۆ هەروەزییەکان و کۆمونە ئازادەکان و گەڕەك و گوند و شارۆچکەشارەکان پێکنهێنتن، ئیدی ئەو کات هەم ڕوخاندنی دەسەڵاتی چێنایەتی ئاسان و شیاوی وێناکردن و دەرککردنە و هەم ئەگەرەکانی گەڕانەوەی سیستەمی چینایەتی وەلادەنرێن و هەم پێکهێنانی کۆمەڵگەی ئازاد ئاسانترین و بێمەترسیترین کارێك دەبێت، کە مرۆڤی ئازادیخواز بەبێ دوودڵی دەتوانێت دەستی بۆ بەرێت، چونکە ئیدی سیستەمی چینایەتی و دەسەڵاتی سەرووخەڵکی و سەرمایەداری، بەشێك نابن لە مێنتالیتی و شێوەژیان و کولتووری خەڵك، بەڵکو بوونێکی ناکۆك و لاوەکیان لە کۆمەڵگەدا دەبێت، وەك بوونی سیستەم و کارکردی فیئۆدالی لە بەرەبەیانی سیستەمی بۆرجوازییدا.

لە وەها کۆمەڵگەیەکدا هیچ پێداویستی بە نێوندی ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و بڕیاردان نابێت، چونکە تاکی ئازاد و هەرەوەزیکار، بۆ هەستان بە ئەرکی سەرشانی بەرامبەر هاونیشتگەکانی هیچ پێویستی بە فەرمانی کەسانی سەرووی خۆی و دەسەڵاتی نێوند نییە و خۆبەخۆ و خۆبەخشانە کار و فەرمانی کۆمەڵایەتیی وەك ڕێسایەکی کولتووریی بنەمای ڕۆشنبیریی پێکدەهێنێت. لێرەوە ئیدی پێویستی نێوەندگەرایی ڕێکخستن و بەرهەمهێنان و دابەشکردن و بەڕێوەبردن نامێنێت و تاکەکان لە کۆمیونیتییەکاندا هاریکار و پشتیوانی یەکدی دەبن و کۆمیونیتییەکان هاریکار و پشتیوانی یەکدی و کیشوەرەکانش تا دەکاتە ئاستی کۆمەڵگەی جیهانی ئازاد.

## من وا لە ئەنارشیزم دەگەم، کە دژی کۆمەڵگەی هاوچەرخ بێ و خوازیاری گەڕانەوەی ژیان و کۆمەڵگە بێت بۆ سەردەمی ئەشکەوتنشینان، ئایا بەخۆشتان پێتان وانییە؟

ئەگەر مەبەست لە کۆمەڵگەی هاوچەرخ، تەکنۆلۆجیای بۆمب و ڕۆکێتی ژیری چۆنیەتی مرۆڤکوژی و فڕۆکەی جەنگی و تانك و پیشەسازی ناپێویست و تێکدانی ژینگە و نامۆکردنی

مرۆڤ بەخۆیی و سروشت بێت، بەدڵنیاییەوە پێویستە ئەنارکیزم دژایەتی سەرسەختی ئەوانە بێت و هەوڵ بۆ لەنێوبردنیان بدات. بەڵام ئەگەر مەبەست لە هاوچەرخییکردنی کۆمەڵگە و ئاسانکاریی و ئاسوودەیی مرۆڤ بێت لە سایەی دەسکەوتە زانستی و تەکنۆلۆجییەکاندا، ئەوا پێویستە ئەنارکیزم پشتیوانی پەرەپێدانیان بکات. لە باری یەکەمدا [لایەنگریی ڕۆبۆتکردنی مرۆڤ و وێرانکردنی ژینگە] مرۆڤ لە سەرووی سروشت و هەموو بوونەوەرەکانەوە دادەنرێت و ڕێگە بەخۆی دەدات، بۆ کایە گەمژەییەکانی (جەنگ و سوودپەرستی و زۆرداری)، ژینگە تێکبدات و ئاژەڵەکانی دیکە لەنێوبەرێت و لەوەش واوەتر هاوجۆرەکانی خۆی کۆیلەبکات. هەموو ئەمانە ڕۆژ بە ڕۆژ لەتەك گەشە و پەرەسەندنی تەکنۆلۆجییە ناپێویست و مەترسیدارەکان، بەرەو لوتکە دەکشێن و مرۆڤ بەخۆی نامۆتر و ژینگە وێرانتر و هاوسەنگی بوون و ژیان لەنێودەبەن. زۆرێك لە بەناو دژەکان لە کۆمەڵگەی چینایەتییدا لەسەر ئەو بنەما ئایینییە کۆکن، کە هەموو شتەکان بە خاتری مرۆڤ ئافەرێنراون و مرۆڤیش لەسەر ئەو بنەمایە ڕێگە بەخۆی دەدات، ببێتە وێرانگەری سروشت و دواجار لەنێوبردنی خۆیشی وەك بەشێك لە سروشت. ئاییندارێك لەسەر بنەمای دانراوی خوادایانەی شتەکان، ڕەوایەتی بەکوشتنی ئاژەڵەکان و شەڕەکان دەدات، سەرمایەدارێك لەپێناو سوود و سەرووەریی، جەنگ بەرپادەکات و ژینگە وێران دەکات و ئاژەڵەکان قڕدەکات، چەپەکانیش لەسەر هەمان بنەمای باڵابوونی مرۆڤ لە ئایینەکاندا و خۆپەرستی مرۆڤ، پاگەندەی یەخسیرکردنی سروشت و گیانەوەرەکانی دیکە بۆ باڵابوونی دەکەن . بە بۆچوونی من، بەنرخترین سەرمایە خودی مرۆڤ نییە، بەڵکو ژینگەیەکە کە مرۆڤ دەتوانێت ئازادانە و ئاسوودە تیایدا بژیت، چونکە بەبێ سروشت وەك گشتێك، هەرگیز مرۆڤ توانانی بوون و مانەوەی نییە و نابێت، بە واتایەکی دیکە پاراستنی یاسا سروشتییەکان مەرجی مانەوەیە نەك سەرووەریی مرۆڤ بەسەر ئەوانی دیکە و دەوروبەرەکەیدا.

بەڵام ئەنارکییەکان و لایەنی کەم لە تێڕاوانینی مندا، مرۆڤ بەشێکە لە سروشت نەك سەرووەری سروشت، تەنیا سەرووەر لە سروشتدا، یاساکانی خودی سروشتن، مرۆڤ تەنیا یەکێکە لە زیندەوەرەکان و پێویستە پێبەپێی هوشیاربوونەوەی، پشت لە پاشماوە دڕندانە ئاژەڵییەکەی بکات و ببێتە پارێزەری سروشت؛ بە ژینگە و ئاژەڵان و خودی خۆیشییەوە، بەواتایەکی دیکە ئەگەر بوونەوەرەکانی دیکە بەشێکی بێ(زیان) و تەواوکەری سووڕی ژیانەوە و بەردەوامی سروشتبن، ئەوا دەبێت و پێویستیشە مرۆڤ بەپێی دەرك و توانای هوشیاریی،

پێشەنگی سروشتپاریزیی بێت، ڕێك پێچەوانەی ئەوەی کە لەم ڕۆژەدا هەیە و دەیکات. ئەوی ئاگای لە تێکچوونی باری کەش و هەوا و ژینگە و لەنێوچوونی ئاژەڵان هەبێت، ئەوە دەزانێت، هوشیارییەك کە ئەم ڕۆژە مرۆڤ شانازی پێوەدەکات، هاوچەرخکردن (مۆدێرنیزەکردن) و کولتووریکردنی پاشماوەی دڕندایەتییە ئاژەڵییەکەیەتی، نەك هوشیاری ئاشتکردنەوەی هەموو پێکهێنەرەکانی سروشت و دوورکەوتنەوە لەو پێشینە دڕدانەیە.

لەبەرئەوە ئەگەر مرۆڤ ناچاربێت مل بە دڕندەیی بەلوتکەگەیشتووی ئەم ڕۆژەی بدات و لەنێوان دڕندەیی ئاژەڵییانەی سەرەتایی و دڕندەیی هوشیارانەی هەنووکەییدا، ڕێگەی سێیەمی مەیسەر نەبێت و بوونی نەبێت، ئەوا باشترە بگەڕێتەوە سەر دڕندەییە سەرەتاییە ئاژەڵییەکەی، چونکە هەرچۆنێك بێت، لە دڕندەیی تەکلۆلۆجیکراوی هەنووکەیی باشتر و کەم ڕەهەندترە !

لە وەڵام بە بەشی دووەمی پرسیارەکەتاندا، دەبێت بڵێم نا، ئەنارکیستەکان خوازیاری بەکاربردنی تەکنۆلۆجیا و زانست و تواناییە پەرەسەندووەکانی مرۆڤن لەپێناو بەرپاکردنی کۆمەڵگەی پێشکەوتووی ئازاد و یەکسان و دادپەوەر، کە تێیدا بەهرەمەندی مرۆڤ لە دەستکەوتە پێویست و ئاوەزپەسەندەکان و ئازادی و دادپەوەرووەری، بەوپەڕی ئازادی و یەکسانی و سروشدۆستیی بگات.

## لە نووسینە ئەنارشیتییەکاندا دژایەتی ئایدیۆلۆجیا و پاشگرە "ئیسم"ییەکان بە ئاشکرا دیارە، ئایا جیاوازی لەنێوان ئیسمی مارکسیزم و ئەنارشیسم چییە؟

پێش ئەوەی جیاوازی ئەو دوو ئاراستەیە دەستنیشانبکەم، کە هۆکاری ناکۆکی نێوان ئەو دوو ئاراستەیەش بۆ هەمان ئەو جیاوازییانە دەگەڕێتەوە. پێویستە ئەوە ڕۆسنبکەمەوە، کە ئایدیلۆجیا، مەزهەب (ڕێڕەو)، ئایینامەیەکی دانراوە، تاوەکو ژیان و ڕەوتی گەشەی کۆمەڵگە ئاراستەبکات و داهاتووی کۆمەڵگە دیاریبکات. ئەمە هەمان ئەرکە کە دانراوەکانی یەهوڤا و ئینجیل و قورئانەکەی موحەمەد لە ئەستۆیانگرتووە، واتە ئاراستەکردنی کۆمەڵگە لە چوارچێوەی تێڕوانین و دەرکەوتی هۆشیی کەسانێکەوە، کە بڕیارە پەیامەکەیان ببێتە

ڕێکخەری کۆمەڵگە. وەك دەزانین لە ئایدیۆلۆجیا ڕامیارییەکان و ڕێڕەوە ئایینییەکاندا هەموو شتێك یەکلاییکراوەتەوە و هیچ بوارێك بۆ بیرلێکردنەوە و ڕەخنە نەمێڵراوەتەوە و ئەوەی لە دەرەوەی ئەوانەوە هەنگاو بنێت یا گومانبکات، دەبێتە لادەر و داردەستی دوژمن و دژی بەرژەوەندی گشتی.

هەڵبەتە دانانی ئایدیۆلۆجیا بە چێکەری کۆمەڵگە یا ڕێڕەوی گەیشتن بە کۆمەلگەی داهاتوو، سەرچاوەی بۆ ئەو بۆچوونە دەگەڕێتەوە، کە هەموو کەس توانانی بیرکردنەوەی نییە و تەنیا کەسانێك لەوە بەهرەمەندن و ئەرکی ئەو بەهرەمەندانەش بیرکردنەوەیە بۆ ئەوانی دیکە و ئاراستەکردنیان و ڕێکخستنی کۆمەڵگەیە بۆیان، کە بنچینەکەی هەمان ئایدیای پێش مادەبوونی هۆشە. ئەگەر خۆمان گێلنەکەین، هەموومان بەرهەمی ئەو ئاراستەکردن و لە چوارچێوەدانەمان دیتوە، کە سیستەمە چینایەتییەکان؛ سەرمایەداری جۆری بازارئازاد و پارلەمان، سەرمایەداری جۆری دەوڵەتی (لەوانەش سۆشیالیزمی دەوڵەتی)، سیستەمی ئایینی جۆری ئیسلامی، کۆمەڵگەی پێدەچەپێن و دەبنە هۆی لەکارخستنی هۆشی تاك و ڕەوتی گەشەی ئازادانەی کۆمەڵگە و گەیشتن بە کۆمەڵگەی ئازاد و یەکسان و دادپەروەر.

مارکسیزم، ئایدیۆلۆجیایە و لەسەر بنەمای تێڕوانین و لێکدانەوەکانی مارکس و ئینگلس ڕۆنراوە و پاشڕەوانیان کۆمونیزم وەك ئایدیۆلۆجیایەك بۆ داهێنان و پێگەییشتنی مارکس و هاوەڵەکانی دەگێڕنەوە و کۆمەڵگەی کۆمونیستی بە جۆرێك لە بیردۆزە و یاسامەندی ڕامیاریی دەناسێنن. هەرچەندە ژیانی مرۆڤ لە بەرەبەیانەوە بەجۆرێك کۆمەڵایەتی (سۆشیالیستیی) بووە و تا ئێستاش پاشماوەکانی ئەو کۆمەڵایەتییبوونە (سۆشیالیستیبوونە) و پێکەوەژیانە (کۆمونگەراییە) لە کۆمەڵگە سەرەتاییە دوور لە دەوڵەت و یاسای ڕامیاریی و ناچینایەتییەکاندا دەبینین و کۆمونیزم بەر لە مارکس و بیریارانی، خەونی کۆنی مرۆڤی ژێردەست بووە بۆ گەڕانەوە بۆ بنەما کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی سەرەتایی یا بۆ ژیانێکی باشتر و ئاوەزپەسەندتر و گەشەکردووتر. بەڵام بەداخەوە پاشڕەوانی کارل مارکس و پاشینانی، تا ڕادەی مەزهەبێك، هزر و ئایدیای کۆمونیزمیان تووشی دۆگماتیزم و سەرووڕەخنەیی کردووە و بۆ هەموو وەڵامێك لە هەر سەردەمێکدا یا بۆ لێکدانەوە و تێگەییشتن لەهەر کەتوارێك، دەگەڕێنەوە سەر گوتەکانی مارکس وەك پەرتووکە پیرۆزەکانی دیکە و هەموو سەردەمەکان و هەموو ڕووداوەکان و هەموو بارەکان و هەموو کەتوارەکان بە پێوەری دەرکی مارکس دەپێون و ئەگەر وەڵامێکی

ئامادەیان لە گوتەکانی ئەودا دەستنەکەوێت و دۆشدابمێنن، ئەوا دەستبەجێ سەرنج و ڕەخنە و ئایدیا و بۆچوونەکان بە لادەر و دژە کۆمونیزم و نازانستی و ناکەتواریی تۆمەتباردەکەن و بۆ پاساوی هەموو ئەوانەش ئایدیۆلۆجیای مارکسیستیی بە زانست ناودەبەن، نائاگا لەوەی کە خودی زانست وەك دەرکی مرۆڤ و دۆزینەوە کردەییەکان و زانستەکان بەگشتی، وەك هەر هزرێك بەردەوام لە گۆڕان و نۆژەنبوونەوەدان و بە وەلانانی هەندێك بیردۆزی هەڵە و جێگرتنەوەیان بە کۆمەلێك بیردۆزی ئاوەزپەسەندتر، دەبنە گیانی تیرامان و زانستی سەردەم. بە واتایەکی دیکە لە ڕووی زانستییەوە، دەکرێت ئەوەی دوێنێ بیردۆزێکی زانستی بووبێت، لەم ڕۆژەدا نادروست بێت و ئەوەی لەم ڕۆژە زانستییە، سبەینێ پووچگەراییبێت.

لەبەرئەوە، بەکاربردنی چەمکی زانست و زانستی بۆ ئایدیۆلۆجیای کۆمونیستی، پارادۆکسی خۆی بەرهەمدەهێنێت؛ کاتێك مارکسیزم زانست زانسبێت، ئەوا دەبێت بەوەش ڕازی بن، کە دەبێت تیئۆرییەکی ناجێگیر و نەتەواوبێت و وەڵامی هەموو پرسیار و گومان و نەزانراوەکانی نەداوەتەوە. بەڵام ئەمە پێچەوانەی پاگەندەی مارکسیستەکانە، کە لەو باوەڕەدان مارکسیزم وەلامی بە هەموو شتێك داوەتەوە و کۆمەڵگەی داهاتوو [ناچینایەتی] هەمان کۆمەڵگە دەبێت، کە مارکس و ئەنگلس کڵێشەیان کێشاوە و هەروەها وەها بۆچوونێك سەرد و هەشتا پلە پێچەوانەی بۆچوونە زانستییەکانە و هاوڕا و هاودیدی بۆچوونە مەزهەبییەکانە، هەروەک چۆن پەیڕەوانی قورئان لەو بڕوایەدان قورئان وەڵامی بە هەموو شتێکی داهاتوو داوەتەوە و هەر بیرکردنەوە و بۆچوونێك لە دەرەوەی بازنەی ئەو، لادانە.

هەروەها ئەگەر سۆشیالیزم و کۆمونیزم بە بیردۆزە یا دۆزراوەی مێشك و هۆشمەندی چەند کەسێك بێت، ئەوا کۆمەڵایەتییەبوونی وەک بزووتنەوەیەکی مێژوویی دەخەنە ژێر پرسیار و ڕەتدەکەنەوە. ئەمەش دیسانەوە هەر ئایینگەراییە، واتە ئاراستەکردنی کۆمەڵگە بەرەو ئایدیالبوون لە سایەی سێکوچکەی خوا – کلیسا – پاشا. واتە خوا [مارکس] دیاریدەکات کە چۆن بە کۆمەلگەی داهاتوو دەگەین، کلیسا [پارت] دەبێتە پێشەنگی ئەو ڕەوتە و پاشا [دەوڵەت] کۆمەڵگەمان بۆ ڕێدەکات و ئاگاداریمان دەبێت، ئەمەش دەکاتە بوونی هۆشمەندی لەپێش ماددەوە. هەر ئەم بنەما ئایدیۆلۆجییەکە کە تیئۆریسیۆنانی مارکسیزمی ناچار بە هانابردن بۆ دیکتاتۆری و دەوڵەت بەناوی پرۆلیتارباوە، کردووە. لە بەرامبەردا ئەو سۆشیالیستانەی کە دیکتاتۆری و دەوڵەت وەك پێشمەرجی گەییشتن بە سۆشیالیزم،

ڕەتدەکەنەوە، بڕوایان بە شۆڕشی کۆمەڵایەتیی بە واتای گۆڕانی تاك و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگە هەیە، کە هەنگاو بە هەنگاوی کۆمەڵایەتییبوونەوەی ئامراز و پرۆسێس و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و گۆڕانی دارایی [الملكية] تایبەت بە کۆمەڵایەتیی و نەمانی پێداویستیی کاریکرێگرتە و سەروەریی و جێگرتنەوەیان بە کاری هەرەوەزیی و هاوپشتی کۆمەڵایەتی و خۆبەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگەکان بە بەشداریی ڕاستەوخۆی هەمووان، ئەو گۆڕانانە مەیسەردەبن.

بەبۆچوونی من مارکسیزم وەک هەر ئایدیۆلۆجیایەکی دیکە، لەسەر چەند پایەیەکی یەقینگەرایی وەستاوە و لە زیانی پاشڕەوانییەتی کە بە زانست ناوی بەرن، لەبەرئەوەی کە زانستی چەقبەستوو، بوونی نییە و تەنیا ئایین و مەزهەبەکان ئەو تایبەتمەندییەیان هەیە، هیوادارم دۆستە مارکسیستەکانم ئەم بۆچوونەم بە هێرش و دوژمنایەتی کەسیی لێوەرنەگرن. ئەگەر ئەمەیان پێقوتناردێت و دەخوازن ڕەتیبکەنەوە، با لە خۆیان و مێژوویەکی مەزهەبییەوە، کە بۆ بزووتنەوەی کۆمونەخوازی و خودی هزری مارکس و هاوەڵانی دروستیانکردووە، دەستپێبکەن و مارکسیزم لە چەقبەستنی ئایدیۆلۆجییەوە بگێڕنەوە نێو کایە هزرییەکان و لە ئاسمانی پیرۆزییەوە دایگرنەوە نێو قورولیتەی ژیانی چەوساوان و بە ڕەخنەی شۆڕشگێڕانەیان گیانی بەبەردابکەنەوە. ئەگەر نا تەنیا وەك چەند پەرتووکێکی زەردهەڵگەڕاوی نێو پەرتووکخانەکان یا چەند تێکستێکی دەرخکراوی نێو کەلەسەری ڕامیاران و چەند سکرتێری پارتێك دەمێنێتەوە و هەر ئەو ئایینە دونیاییە دەبێت، کە پییەر جۆزیف پرۆدۆن لە وەڵامی نامەیەکی (خودی کارل مارکس)دا مارکس لە خراپیی و مەترسییەکانی ئاگاداریدەکاتەوە. [بۆ خوێندنەوەی وەڵامەکەی پرۆدۆن بۆ نامەکەی کارڵ مارکس، کرتە لەسەر ئەم بەستەرە بکەن http://anarkistan.wordpress.com/2008/05/28 وەرگێڕانی قەرەنی قادری ]

بەڵام تا ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئەنارکیزم، ئەنارکیزم شێوازی هزرین و کۆمەڵێك تێڕانینی یەکانگیرە بۆ کۆمەڵگەی داهاتوو، کە بەرەنجامی خەباتی ڕۆژانەن و تیئۆری بە بەرەنجامی کار و چالاکی دەزانن و کەس پەیامبەر و کەس خاوەنی نییە، بەردەوام لەتەك ڕەوتی گەشەی ژیان و مرۆڤایەتی، گەشەیکردووە و دەکات و وەك گیانی سەردەمەکان هەردەم لە هەموو مەیدانەکانی خەبات [ئازادی، یەکسانی ،دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، لەنێوبردنی سەروەریی، هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەی چینایەتی، پاراستینی ژینگە، ئاژەڵدۆستی، پێکەوەژیان و تەبایی

بوونەوەرەکان و سروست، زانست و هونەر و داهێنان]دا ئامادەبووە، هەمووان چ بیریاران و چ کرێکارانی مانگرتوو و چ ئازادیخوازانی ئەنارکییخواز، تەنیا سەربازی گومناوی ئەو پێناوەن و هەر بۆچوون و بیرۆکە و بیردۆزێکی ئەنارکیستی، بەرهەمی خەباتی ڕۆژانە و ئەزموونە کردەییەکانی ئەنارکیخوازەکانە. هەڵبەتە هەر لە نێونەتەوەیی یەکەم [ئەنارکیستان واتەنی 'نانەتەوەیی یەکەم']ەوە چ مارکسیستەکان و چ لیبراڵەکان دواتر بە هەموو شێوەیەك هەوڵیانداوە، ناو و ناتۆرەی جۆراوجۆری وەك باکونییەکان، پرۆدۆنییەکان لەسەر کێش و سەرەوای بلانکیستەکان و مارکسیستەکان، بە ئەنارکییەکانەوە بلکێنن. بەڵام لەبەرئەوەی کە لەنێو خودی ئەنارکییەکاندا کاڵای ساختەی ئاوا کڕیاری نەبووە و دژایەتی سەرسەختانە کراوە، بۆ تەنیا ڕۆژێکیش جێکەوتە نەبووە. بەداخەوە بە پێچەوانەوە لەنێو دۆستانانی (کۆمونیست)دا، بە شانازییەوە ئەو ناو و ناتۆرانە لەخۆیان دەنێن و زۆر مەزهەبیی و ئاییارانە دەڵێن "ئێمە مارکسیستین" و قوڕولیتەیەك کە ئیدئۆلۆگەکانی بۆرجوازی بۆیان دەگرنەوە، ئەوان بە پێخۆشبوون و تامەزرۆیی و (في سبيل الله)ییەوە لاقی تێوەردەدەن. هەڵبەتە ئەوەش یەکدەست و یەك جۆر نەبووە و نییە؛ سەرانی پارتە کۆمونیستەکان بە هوشیارییەوە بەو کارە هەڵدەستن و بەو هۆیەوە لەنێو دەروێشانیان پلەوپایەیەکی مەزهەبیی بۆ خۆیان چێدەکەن، بەڵام لایەنگران و پاشڕەوان و ئەندامانی خوارەوە، لە ناهوشیایی و دەرکنەکردنی مەترسی ئەو دیاردەوە، بەو کارە هەڵدەستن.

## جیاوازی مارکسیزم و ئەنارشیزم چییە، چیتان هەیە، کە جیاکەرەوە و جێی شانازیکردن بێت ؟

بەڵێ، بەدڵنیاییەوە ئەگەر جیاوازی نەبووایە، بەدرێژایی دوو سەدە بیریاران و لایەنگرانی ئەو دوو باڵەی بزووتنەوەی سۆشیالیستی، دژبەیەك و لە بەرامبەر یەکدیدا نەدەوەستان، هەروەها بەدڵنیاییەوە لە ڕوانگەی بیریاران و لایەنگرانی هەر یەك لەو دوو باڵەوە وەك یەك و هاوتا، جیاوازییەکان نەخراونەتەڕوو. لەبەرئەوە من وەك لایەنگری مزری ئەنارکی، ئەو جیاوازییانە دەخەمەڕوو، کە بۆ من باسکردنیان پێویست و یەکلاکەرەوەیە، بەڵام لەبەرئەوەی کە هەژمارکردنی جیاوازییەکان لە ڕوانگەی ئەنارکییەوە زۆرن و لێرەدا ناکرێت بەدرێژی لەسەریان بدوێم، ناچار بە کورتی، سەرخەتی جیاوازییە سەرەکی و هەرە دیارەکان

بخەمەڕوو. بۆ ئەم مەبەستە هەوڵدەدەم لە چەند خاڵێکی سەرەکیدا جیاوازییەکان نیشانبدەم، چونکە ئەگەر بچمە وردەکارییەوە، ئەوا وردەکاریی جیاوازییەکان لە تێڕوانین و کردداردا بەچەندین پەتووك تەواو نابن و کارێکی ئاوا، کاری تەنیا کەسێك نییە و لە توانای من بەدەرە، سەرەڕای ئەوەش، ئەوەی بە خەیاڵمدابێت و تا ئێستاکە دەرکمکردبێت، ئەمەی خوارەوە پوختەکەیەتی:

مارکسیستەکان، بوونی پارت و ڕابەریی دەستەبژێری ڕامیاریی بە مەرجی شۆڕشگێڕبوونی بزووتنەوەکان دەزانن و لەسەر ئەو بنەمایە، ئەوان مێشکی پرۆڵیتاریا پێکدەهێنن و ڕێکخستنی ئابووریی و جەماوەریی چین و توێژە پرۆلیتێرییەکان دەکەنە ملکەچی پارتی پێشڕەو و سەرکەوتنی ڕاپەڕین و خەبات و گەیشتن بە سۆشیالیزم بەبوونی ئەو دەزگە بیروکراسییە خواوەندییەوە دەبەستنەوە.

لە بەرامبەردا ئەنارکیستەکان خەباتی ئابووریی و کۆمەڵایەتی بە تاقە مەیدانی خەباتی سۆشیالیستی دەزانن و ڕێکخستنە ئابووریی و جەماوەرییەکان بە تاقە سەنگەری خەباتی چینایەتی چین و توێژە پرۆڵیتێرییەکان دژی سەروەریی چینایەتی بۆرجوازی دەزانن. لەسەر ئەم بنەمایە، هەم دەستەبژێری پێشڕەو و مێشکی بیرکەرەوە لە جیاتی پرۆڵیتاریا ڕەتدەکەنەوە و هەم ڕۆڵی خۆسەپێنەرانەی تاك بەسەر بزووتنەوەکدا ڕەتدەکەنەوە و  هەم دژایەتی باڵا و پاییی ڕێکخستن دەکەن. لەمەش واوەتر، ڕێکخراوە ئابووریی و جەماوەرییەکان هەر بەتەنیا بە ئامرازی بەدەستهێنانی داخوازییە دەستبەجێکان یا سەرخستنی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی چەوساوان نازانن، بەڵکو وەك فێرگەی تاکی هوشیار و پێشینەی هەرەوەزییەکانی کۆمەڵگەی داهاتوو [سۆشیالیستی/ ئەنارکی]شیان لەبەرچاویاندەگرن. لەبەرئەوە هەموو سەرکردایەتی و ڕابەرایەتییەکی تاکەکەسیی یا خوایی دەستەبژێرە دەسەڵاتخوازەکان ڕەتدەکەنەوە، هەڵبەتە گرفتەکە هەر بەو ڕەتکردنەوە کۆتایی نایێت، بەڵکو پێویستی بە ڕەتکردنەوەی ڕێکخستنی قووچکەیی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و گروپە خۆجییەکانیش هەیە، واتە لەنێوبردنی میکانیزمەکانی بەرهەمهێنانەوەی هەلپەرستی و دەسەڵاتخوازیی و بیروکراسی و خۆسەپاندن، کە پارت و ڕابەر و سەنیدیکای زەرد لەسەر یان دادەمەزرێن.

مارکسیستەکان، شۆڕش بە سەرکەوتنی ڕاپەڕین و بەدەسەڵاتگەیشتنی پارتی پێشڕەو و

گەیشتن بە دەسەڵاتی ڕامیاریی دەزانن، بۆ نموونە کە دەڵێن شۆڕش لە ڕوسیە، بەدیاریکراویی مەبەستییان لە ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ١٩١٧یە، کە تێیدا بۆلشەڤیکەکان وەك دەستەبژێرێکی ڕامیارپیشە لە نائامادەیی هوشیاریی و کەم دەرکی شۆڕشگێرانەی چین و توێژە پرۆلێتێرەکاندا بەدەسەڵاتی ڕامیاریی گەیشتن. لە ڕاستیدا کەتوار و ئەو دیوی دیوە شێوێنراوەکەی ڕووداوەکان، وێنایەکی دیکەی جیاواز لەوەی بۆلشەڤیکەکان و پاشڕەوانیان پاگەندەی دەکەن، لە ئەم ڕۆژەدا بۆ شۆڕش بەرجەستەدەکات، بە واتایەکی دیکە ئەو گۆڕان و زەمینەلەبارییەی ڕوسیە بۆ ڕاپەڕین لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، بەرهەمی چەند سەدە ستەمگەریی ئیمپراتۆریی تزارەکان و چەندین دەهە خەبات و خۆڕێکخستنی کرێکاران و جوتیاران و مانگرتنە پەیتا پەیتاکان و ئەزموونگیریی لە شکستی ڕاپەڕینی ١٩٠٥ و بەرەنگاریی و یاخیبوونی جەماوەریی جوتیاران و کرێکاران و سەربازان بوو، نەك بانگەوازی ڕامیارپیشە بۆلشەڤیکەکان لە هەندەرانەوە و پلانڕێژیی ئەوان بۆ سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکان.

ئەنارکییەکان، بەلایەنیکەمەوە من و کەسانی هاوبۆچوونی من، شۆڕش بە پرۆسێسێکی مێژوویی بەردەوام و ئاڵوگۆڕ لە هوشیاریی و مێنتالیتی و بیرکردنەوە و تێڕامان و شێوەژیان و کولتوور و ڕۆشنبیریی مرۆڤدا دەزانن/ دەزانین، کە لەسەر بنەمای ئەو ئاڵوگۆڕانە و پەرەسەندنی خەباتی ڕۆژانە و جێکەوتەبوونی ژیانی نابۆرجوازیی وەك ئەلتەرناتیڤ و شکانەوەی هاوسەنگی هێز بەلای شۆڕشگێران و ڕوخاندنی یەکجارەکی سیستەم و سەروەریی چینایەتیدا دێتەدی.

لای مارکسیستەکان، خەباتی ڕۆژانەی چین و توێژە پرۆلێتێرەکان بۆ گۆڕینی ڕێوشوێنی ئابووریی و کۆمەڵایەتییان، بریتییە لە ڕیفۆرم و خودی ڕیفۆرمکردنی سیستەمی چینایەتی و دەسەڵاتی ڕامیاریی بە پۆزەتیڤ دەنرخێنن، بەواتایەکی دیکە خەباتی ڕۆژانەی چینایەتی لەچاو هەوڵی ڕامیارییانەی پارتە پێشرەوەکانیان، بە کەم دەگرن.

بەڵام لای ئەنارکیستەکان، خەباتی ڕۆژانەی چین و توێژە پرۆلێتێرییەکان، بریتی نییە لە ڕیفۆرم و واوەتر لەوەش بە هەنگاوە ڕۆژانەیی و هەر ساتییەکانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەزانن و لەسەر ئەو بنەمایەی کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی کارکردی هوشیارانەی خودی چەوساوانە، بەو هۆیەوە خەباتی ڕۆژانە بە تاقە سەنگەر و خەباتی ڕەوا دەبینن و دەناسن. بەڵام هیچ کات ڕێگە

بەو خۆشباوەڕییە نادەن، لەنێو چەوساواندا تەشەنەبکات، کە ڕیفۆرمکردنی دەسەڵات و چەنەبازیی نێو پارلەمانەکان لە بەرژەوەندی چەوساواندا بێت.

مارکسیستەکان، شێوەیەك کە بۆ ڕێکخستنی ئابووریی و جەماوەریی پێشنیاردەکەن یا دەستی بۆ دەبەن، هەم نێوەندگەراییە و هەم قوچکەییە، واتە لەسەرەوە بڕیارەکان دەدرێن و خۆیان واتەنی ڕابەران [کۆمونیستەکان] بەرژەوەندەی هەموو چینەکە باشتر دەزانن. وەها ڕێکخستنێك چ لەو باڵەیدا کە سۆشیال-دیمۆکراتەکان کردیانە بەشێك لە دەوڵەتی بۆرجوازی و چ ئەو جۆرەی کە بۆلشەڤیکەکان کردیانە داردەستی دەوڵەتەکەیان، هەمان ڕێکخستن و پێکهاتەی قوچکەیی و باڵا و پایینی هەیە. لەو ڕێکخراوانەدا بڕیاری مانگرتن و چالاکی و بەشداریکردن و نەکردن و هەڵویستوەرگرتن و هاوپشتیکردن و کاری هاوبەش، لە سەرەوە دەدرێت و مێشکی گەورە [ڕابەران] دەیدەن. هەر لەبەر ئەو هاندەرە نێوەندگەراییە بوو، بۆلشەڤیکەکان توانانی بەرگەگرتنی مانەوە و درێژەی کاری سۆڤییەتەکانیان نەبوو و لە ساڵی ١٩١٨ بەدواوە سۆڤیەتەکان پەراوێزخران و پووکێنرانەوە، چالاکانیان یا ناچار بە گوێڕایەڵیی پارتییانە کران یا دوورخرانەوە و خرانە ژێر کاری زۆرەملێ و تۆمەتبارکردنیان بە دوژمنی شۆڕش و بەکرێگیراوی لەشکری سپی. بەداخەوە کۆمونیستەکانی خۆرهەڵاتی ناوین لە گەڕان و لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی لاکەوتەیی و پەراوێخران و چەککردنی سۆڤییەتەکان، دەسەپاچە و کلۆڵن یا نادرەبەستن و بە لێکدانەوە و پێوەری ئایدیۆلۆجیکی پاساوی سەرکوتگەریی و بیرۆکراسیی و نایەکسانی و نادادوەریی و پارتپاشایی و دارایی دەوڵەتی و کاریکرێگرتە و هەبوونی سزای سێدارە و کاری زۆرەملێ و دەزگەی سیخوڕیی و سەرووخەڵکیی و زیندان، دەدەنەوە.

لای ئەنارکیستەکان، لەسەر ئەو بنەمایەی بڕاوایان بەوە هەیە، کە "ڕزگاری کرێکاران بەرەنجامی خەباتی خودی خۆیانە"، هەم ڕێکخستن ئاسۆیی و نانێوەندگەرایە و هەم ڕێکخراوە و بەشەکانی ڕێکخستنی هەر کارخانەیەك و پیشەیەك و گەڕەك و شوێنێك، سەربەخۆیی خۆیان لە بڕیاردان و چالاکیکردن و هاوپشتیکردندا هەیە، بێجگە لەوەش، مانگرتنی کتوپڕ و نایاسایی و مانگرتنی گشتی، شێوازی ناسراو و ڕێسایی [ترادیسیۆنی] خەباتی ڕاستەوخۆی سەندیکا و ڕێکخراوە جەماوەرییە شۆڕشگێڕەکانە و کۆبوونەوەی گشتی بەردی بناخەی هەر چالاکی و بڕیاردانێکە.

مارکسیستەکان، پێداگریی لەسەر پێویستبوونی دەوڵەت دەکەن و سەروەریخوازن، لە بەرامبەردا ئەنارکیستەکان، دەوڵەت بە ئامرازی چینایەتی و پێداویستی هێشتنەوە و پارێزگاریکردن لە کۆمەڵگەی چینایەتی دەزانن، لەبەرئەوە دژی هەموو دەوڵەتێکن بەناوی کرێکاران و سۆشیالیزمەوە، چونکە لەو بڕوایەدان، کە کۆمەڵگەی سۆشیالیستی / ئەنارکی، کۆمەڵگەیەکی ناچینایەتی و نادەوڵەتییە و تێیدا چینێك بۆ سەروەریی نامێنێتەوە، چ کرێکاران بەدیاریکراوی و چ پرۆلیتاریا بەگشتی.

لای مارکسیستەکان، وابەستەیی و پاشڕەویی ڕێکخراوە جەماوەریی و پیشەیی و ئابوورییەکان بۆ پارتی پێشڕەو، مەرجی کاری سەرتاسەریی و کاراییانە، بۆ ئەو مەبەستە هەردەم بە خۆتێهەڵقورتاندن و دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی ئەندامانی باڵا و گوێڕایەڵی پارت لە کاروباری ڕێکخراوە جەماوەرییەکاندا، ڕێکخراوەکان دەکەنە گیرفان و لاورگی پارت یا داردەستی پارت و وەك ڕۆبۆت هەڵیاندەسووڕێنن، لەم بارەوە چ لە ئاستی جیهانی و چ لە ئاستی نێوخۆیی هەرێمی کوردستان بینەری چەندین ئەزموونی تێکشکێنراوین، لەم بارەوە باشترین و نزیکترین نموونەگەلی ناسراو لە هەرێمەدا "یەکێتی بێکاران لە کوردستان "، "ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان" و "ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی خوێندکاران" و ڕێکخراو و سەندیکاکانی دیکەی کرێکاران و کارمەندانن، کە بە دەستتێوەردان و پاشکۆکردن و پیلانگێڕیی کۆمونیستە کرێکارییەکانی هەرێم، وەك دیارییەك بۆ بۆرجوازی، لەنێوەوەڕا کرمۆڵ و تێکشکێنران و دەرگەی بنکەیان لەلایەن کەسانی خۆبەڕابەرزانەوە قوفڵدرا.

لای ئەنارکیستەکان، یەکگرتن و هاریکاریی چینایەتی ڕێکخراوە ئابووریی و جەماوەرییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە سەرتاسەرییەکاندا لەسەر بنەمای سەربەخۆیی [ئۆتۆنۆمی] ڕێکخراوە ئەندامەکان و هاوپشتی بەردەوام و ئازادی بەشداریکردن و نەکردنی چالاکییەك، پێکدێت. واتە سەربەخۆیی خۆجێی و هەستی هاودەردی و پێداویستی هاوپشتی سەرتاسەریی، جێگەی ملکەچی بۆ نێوەندگەرایی و فەرمانبردن بۆ سەروەریی سەرانی پارت و سەندیکا قووکەییەکان، دەگرێتەوە.

مارکسیستەکان، لەسەر بنەمای باوەڕبوونیان بە پێداویستی دەوڵەت بەناوی کرێکارانەوە، سامان و کەرەستەکانی بەرهەمهێنان و کەرتە پیشەسازیی و کشتوکاڵییەکان و داهاتی کۆمەڵگە دەوڵەتیی دەکەنەوە، لەبەرئەوە دەستەوداوێنی بەرنامەڕێژیی نێوەندییانەی ئابووری و

بەرهەمهێنان و دابەشکردن دەبنەوە و دواجار بخوازن یا نا، خۆبەخۆ ئەو کارە بە دەستەبژێرێکی بەرتەریدار و بڕیاردەر لە سەرووی کۆمەڵگەوە دەسپێرن و هەر بەرهەڵستییەك لە بەرامبەر نەرێنییەکانی ئەو بەرنامەڕێژییەدا، بە هەوڵ و پیلانی دژە-شۆڕش تۆمەتباردەکەن و بە هەمان دەردی ئایدیۆلۆجیاگەریی، پاساوی نەرێنییەکان دەدەنەوە و لەو پێناوەشدا پێشتر سەرکوتێکی ڕێکخراو بەناوی "دیکتاتۆری پڕۆلیتاریا" ئامادەی بەرگرتن بە هەموو نارەزایەتییەکی بەرهەمهێنەران و خوازیارانی خۆڕێکخستن و خۆدابەشکردنی بەرهەمەکانیان دەکەن. لەم بارەوە نموونەی زیندووی مێژوویمان لەبەردەستە، کاتێك کە کۆمونیستە شوراییەکان لە کرۆنشتات دژی بەرنامەڕێژیی ئابووریی و یاسا ڕامیارییەکانی دەوڵەتی بۆلشەڤیکی بوونەوە و خوازیاری کۆنترۆڵی کرێکاریی و شورایی بوون، یا لە ئۆکرانیا ئەنارکیستەکان [هەرەوەزییە پیشەسازیی و کشتکارییەکان] ویستیان لە دەرەوەی بەرانامەی نێوەندسەپێنراوی بۆلشەڤیکەکان و سەرکوتگەرییەکانی لەشکری سوور و لە (سان پیتەرسبۆرگ) کرێکاران بە پێداگریی لەسەر کۆنترۆڵی کۆمیتەکانی کارخانە و خۆبەرێوەبەرایەتی کرێکاری پێداگرییانکرد، کرێملین فەرمانی بە لەشکری سوور دا و دیکتاتۆریی پارتیان لەژێر ناوی پرۆلیتارایاوە، خستەگەڕ و کوشتوبڕێکیان بەرێخست، کە هێشتا لەشکری سپی ئەنجامینەدابوو.

لە بەرامبەردا ئەنارکیستەکان، پێداگریی لەسەر نانێوەندیی [خۆجێی و سەربەخۆیی] خۆبەرێوەبەرایەتی و بڕیاردان لەلایەن هەرەوەزییە ئازادەکان یا ناوچە و هەرێمە ئازادە پێکهاتووەکان لە یەکگرتنی فیدراڵییانەی هەرەوەزەییەکان، دەکەن، کە لەوێدا ئازادی تاك لە هەرەوەزییەکان و ئازادی هەرەوەزیی و کۆمیونیتییەکان لە یەکگرتنی فیدراڵییانەی ناوچە و هەرێمەکاندا، بناخەی خۆبەرێوەبەرایەتی و خۆبڕیاردانن. بەو جۆرە نە نێوەندی بڕیاردان و نە نێوەندی بەرنامەڕێژیی لە ئارادا نابن، ئەوی هەیە و دیاریکەری ڕەوایەتی کارەکانە، پێداویستیی ژیانی تاك و هەرەوەزییەکان و وەڵامدانەوەیەتی بە یەکێتی ئازادانەی ناوچە و هەرێمەکان. بە واتایەکی دیکە، لای مارکسیستەکان یا لە ئەڵتەرناتیڤی ئەواندا تاك و هەرەوەزیی و شوراکان ملکەچی سەرەوەی خۆیان [دەسەڵاتداران]ن و ژیان و داهاتووی کۆمەڵگە، حەز و ئاوەزی چەند کەسێك دیاریدەکەن، بەڵام لای ئەنارکیستەکان، ئەوە ئازادی تاك و هەرەوەزییەکان و پێداویستییەکانی ژیانی کۆمیونیتییەکان و وەڵامدانەوە بە هاوپشتی و یەکێتی ئازادن، کە دروستی و ڕەوایەتی بە بڕیارەکان دەدەن.

مارکسیستەکان، لەسەر بنەمای نێوەندگەرایی دەسەڵات و بەرنامەڕێژیی ئابووریی و یاساکان، بەڕێوەبەرایەتی سەرووخەڵکیی پارت و پاشڕەوانی، سۆشیالیزمی دەوڵەتی لەسەر مۆدێلی کەرتی پیشەسازیی و کشتوکالیی دەوڵەتیی بە زۆرەملێیی بەسەر کرێکاران و جوتیاران و ئەندامانی کۆمیونیتییەکاندا دەسەپێنن و تەنانەت نموونەسازی کولتووری لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی ئەندامانی برِیادەری پارت و دەسەڵات دەکەن و هونەر و ئەدەب و ئارەزووەکانی تاك لە قاڵبدەدەن. باشترین نموونەش کارکردی بۆلشەڤیکەکان بوو، کە خەڵکیان ناچار بە بەشداری و بوونە ئەندام لە هەرەوەزییە دەوڵەتەییە سەپێنراوەکاندا دەکرد، ئەگەر کەسێك ملی بەو پرۆژەیە نەدابایە، ئەوا دوورخرانەوە و کاری زۆرملێ و مردن لە سیبریا چاوەڕێی دەکرد.

بەڵام ئەنارکیستەکان، بەپێچەوانەوە، لەسەر بنەمای نانێوەندییبوونی [ئۆتۆنۆمبوونی] هەرەوەزییەکان و ئازادی تاك لە بەشداریکردن و نەکردن لە هەرەوەزییەکاندا، هەروەزییەکان ئارەزوومەندانە وەك دەستپێشخەریی خۆبەخشانەی کۆمەڵایەتی، تەنانەت لەباری لاوازی تاکە بەشدارینەکردووەکاندا، هاوپشتیی مرۆیی لەتەکیاندا دەکەن و کۆمەکی کۆمەڵایەتی و هاوپشتیی ئازادانە، بەردی بناخەی پێکهێنانی هەرەوەزییە کۆمەڵایەتییەکانە. باشترین نموونە لەم بارەوە، ئەو هەرێمانەی ئیسپانیان، کە لەسەر بنەمای بۆچوونە ئەنارکییەکان ڕێکدەخران، لەوانە بە دیاریکراویی هەرێمی'کەتەلۆنیا'ی ئیسپانیا لە جەنگی نێوخۆیی ١٩٣٦-١٩٣٩، کە نەك تەنیا لە ڕووی ئازادی و ئابوورییەوە مەترسی بوون بۆ سەر دەسەڵاتی فرانکۆییەکان و کۆمارییەکان، تەنانەت مەترسیش بوون بۆ سەر مۆدیلی بۆلشەڤیکی سۆشیالیزم [دەوڵەتی بەناو سۆشیالیستی]. بۆ تێگەییشتن لەمە، پێویستە لە نێوان هەنگاوە کردەییەکانی بۆلشەڤیکەکان ١٩١٧ – ١٩٨٩ لە ڕوسیە لەتەك ئەنارکییەکان ١٩٣٦ – ١٩٣٩ ئیسپانیا و سەرەنجامەکانیان، بەراوردبکرێت.

## هەڵوێستی ئێوە بەرامبەر ئایین و کەلچەر چییە و چۆنە ؟

ئایین و کولتوور، خودی ئایین بەشێکە لە کولتوور، بەڵام بەشی نەگۆڕ و کۆنەپارێزی کولتوور. بەپێچەوانەوە بەشەکانی دیکەی کولتوور، هەردەم لە گۆڕاندان و ئەوەی لەم ڕۆژەدا کولتووری جێکەوتەیە، ڕۆژگارێك بوونی نەبووە. گۆڕانی کولتوور بۆ کەسانێك کە لەنێویدا

دەژین، وەك سووڕانەوەی زەوی لە دەوری خۆر وایە، کە کەمتر یا هەر هەستی پێناکەن. بەڵام بۆ کەسانێك کە لە دەرەوەی کۆمەڵگەوە تێیدەوانن، ئەو گۆڕانە هێواشە زۆر بە ئاشکرا دەبینین و باشترین نموونەش شۆکی تاکی کۆچەرە لە دەمی گەڕانەوەیدا بۆ نێو بازنە کولتوورییەکەی، کە پێشتر تێیدا ژیاوە و بەڕادەیەك جۆرێکی دیکە بووە، کە خودی تاکی کۆچەر بەراورد بە کۆمەڵگەی بەجێهێڵراو لە مانەوەی یا پاراستنی بەها کولتوورییەکانیدا کۆنەپارێزتر ماوەتەوە.

ئەوەی هەڵوێستی ئەنارکیستان بەرامبەر کولتوور چۆنە و پێویستە چۆن بێت، پەیوەندی بە ڕۆڵی کولتوور و هێز و دەسەڵاتی کولتوورەوە هەیە، هەڵبەتە ئەو کەسانەی کە ڕواڵەتییانە لە کولتوور دەڕوانن و ڕۆڵی کولتوور لە گۆڕانی شۆڕشگێڕانەدا کەم دەگرن، تێگەیشتنیان لە کولتوور هەڵە و لنگاوقوجە.

ئەگەر بێت و ناچاربین پێناسەیەك بۆ کولتوور بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین کولتوور بۆردی (نەخشەڕێژی) کەسایەتی تاك و کۆمەڵگە پێکدەهێنێت و هەموو کات مۆری خۆی لە ڕەفتار و شێوازی بیرکردنەوە و ئاوەزی تاکەکان دەدات. هەڵبەتە ناکرێت ئەوەمان لەبیربچێت، کە مرۆڤ لە لەدایکبووندا بێکولتوورە و ئەوە دەزگە و نێوەندە کۆمەڵایەتییەکان (خێزان، پەرەستگە، فێرگە، شوێنی کار)ن، کە دەیکەنە بوونەوەرێکی خاوەن کولتوور، بۆ نموونە مرۆڤێك کە لە هەندەران لەدایك و پەوەروەردە دەبێت، کولتووری لە کولتووری کۆمەڵگەی لێوەهاتوو ناچێت یا ئەو منداڵانەی کە لە دەرەوەی خێزان و کۆمەڵگەکەیان وەك منداڵی بەخێوکراو دەگیردرێنەخۆ، دەبنە هەڵگری کولتووری شوێنی گەورەبوون و پەروەردەبوونیان.

بەبۆچوونی من لە کۆمەڵگەدا لە دەرەوەی کولتوور، کەسایەتی و دەسەڵات بوونی نییە و نابێت. دەکرێت تۆ کولتوورێکی دیکەت هەبێت، بەڵام بێجگە لە منداڵی ساوا، کەسی بێکولتوور بوونی نییە، هەروەك چۆن کەسی بێڕوشت بوونی نییە و بەجۆرێك لە جۆرەکان هەموو تاکێك هەڵگری کولتوور و ڕەوشتێکە، لەبەرئەوە بە هەر جۆرێك دژایەتی کولتوورێك یا ڕەوشتێك بکەیت، دەکاتە ئەوەی کە هەڵگری کولتوور یا ڕەوشتێکی دیکەیت، بەڵام لەو دووانە خاڵی نابیت. بەداخەوە لەژێر کارایی بیرکردنەوەیەك کە ئامانجی سڕینەوەی بەرامبەرەکەیەتی، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دوو واژەی نادروست جێکەوتە بوون؛ بێفەرهەنگ

[بێکولتوور] و بێڕەوشت. ئەو کاتەی کەسێك کە لە بەشێکی کولتووری زاڵ یا ڕەوشتی باو لادەدات، خاڵی نییە لە کولتوور و ڕەوشت، بەڵکو بەراورد بە کولتوور و ڕەشتی ڕەوابینراو و پەسەنکراو، خراپ یا بەد-کولتوور و بەدڕەوشتە، بەڵام هەرگیز بێکولتوور و بێڕەوشت نییە و نابێت.

هەروەها هیچ دەسەڵاتێك بەبێ پشتیوانی دەسەڵاتی کولتووری بوونی نییە و توانای خۆگرتنی نییە، هەر لەبەرئەوەیە، کە دەسەڵاتداران بۆ مانەوە و خۆپاراستن و کۆمەڵایەتیبوونەوەی دەسەڵات و ڕامیارییان، هانا بۆ پشتیوانەی کولتووریی دەبەن. ئەوەش لەبەر دوو هۆ؛ یەکەم هێزی کولتوور بە سروشت کۆنەپارێزە و دووەم، بەبێ پایەی کولتووری و پێکهاتەی قوچکەیی کولتووریی، سیستەمی قوچکەیی توانای کۆمەڵایەتییمانەوەی نییە. لەبەرئەوە، ئەوی بخوازێت، سیستەمی ژیان و بەڕێوەبەرایەتی و مێنتاڵیتی تاك و کۆمەڵ بگۆڕێت، پێویستە کار لەسەر گۆڕینی بنەما و یەکەی کولتووریی لەو بوارانەدا بکات، واتە هێزی دژەتەوژم لە کایە کولتوورییەکاندا بۆ بەرەنگاری و لەنێوبردنی سیستەمی کۆن و پێکهاتەی کۆمەڵگەی چینایەتی، بەواتای پووچکردنەوەی بنەما کولتوورییەکانی خوا-دەوڵەت-پارلەمان. ئەمەش کاتێك مەیسەر دەبێت، کە ژیان و کۆمەڵگەی نوێ، بووبێتە بەشێك لە کولتووری تاکە گۆڕانخوازەکان لە خەباتی ڕۆژانە و بەرەنگاریی هەر ڕۆژەدا. کاتێك کە هاوسەنگی هێز لەنێوان ڕیسای کولتووری جێکەوتوو و تەوژمی کولتووری نوێدا، بەلای شۆڕشدا دەشکێتەوە. هەڵبەتە پەیوەندی نێوان کارایی تاك لەسەر کۆمەڵ و کارایی کۆمەڵ لەسەر تاك، کارایی گۆڕانی ئابووریی لەسەر هوشیاری تاك و کارایی هوشیاریی تاك لەسەر بنەما کولتوورییەکان، زۆر دژوار و ئاڵۆزن و هەندێك جار وەك ئەو مەتەڵەی لێدێت، کە "هێڵکە لە مریشکە یا مریشك لە هێڵکەیە". بەڵام یەك شت نکۆڵیهەڵنەگر و سەلمێندراوە، ئەویش ئەوەیە، کە هیچ گۆڕانێکی پۆزەتیڤ یا لاوازکردنێکی دەسەڵات و سەروەریی بەبێ گۆڕان و لاوازبوونی پایە کولتوورییەکانیان ڕووینەداوە و هەروا هیچ گۆڕانێکی کولتووریش بەبێ گۆڕانی ژێرخان و پێگە ئابوورییەکان، هەرگیز ناتوانێت ڕووبدات.

لەبەرئەوە، هەموو گۆڕانێکی شۆڕشگێڕانە، گۆڕانێکی فرە-ڕەهەند دەبێت و یەکێك لە ڕەهەندەکانی، ڕەهەندی کولتووریی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و تێڕانینی شۆڕشگێڕانەیە. دیسانەوە وەها گۆڕانێك، داخوازیی گۆڕانی یەکە وردەکانی کولتوورمان لێدەکات، کە لە

هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی تاك و ڕێکوتنی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵدا بەرجەستەدەبن و زۆر جار بۆ ڕامیارپیشە خۆ بە شۆڕشگێڕزانەکان، شتی لاوەکین یا بە "ڕەخنەی مۆڕاڵیی پێ لە ئاسمان" ناوبراون.

## ئەگەر سەرنجی نووسینەکانتان بدەی، دەبینیت کەمترین قسەتان لەبارەی گەندەڵی یەکێتی و پارتییەوە هەیە، هۆی ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

تا ئەوەندەی بگەڕێتەوە سەر من، ڕاستییەکەی نووسینی نیوە و ناچڵی زۆرم هەن، کە دەستپێکیان بۆ ساڵی ١٩٩٩ دەگەڕێتەوە و بەداخەوە تائێستا بۆم تەواو نەکراون، دەتوانم لێرەدا نێوی دوو نووسین، کە پەیوەندییان بەم باسەوە هەیە، بهێنم، "ئایا بەڕاست دونیا گۆڕاوە؟"، "دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد لە ئەشکەوتەوە بۆ پارلەمان"، کە بەداخەوە ڕۆژگار بواری تەواوکردنیان نەدام و بابەتی گرنگتر یەخەیان دەگرتم یا کاتیان بۆ نەدەمایەوە، بەڵام بەجۆرێك لە جۆرەکان لێرە و لەوێ بۆچوونی خۆمم لە بارەی پرسەکانی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانەوە دەربڕیوە.

بە بۆچوونی من و دەشتوانم بڵێم زۆربەی ئەنارکییەکان، گەندەڵی بەشێکی جیانەکراوە یا هاوەڵدوانەی سیستمی چینایەتییە، ئەمەش تەنیا سیستمی بازارئازاد ناگرێتەوە، بەڵکو مۆدێلە ئابوورییەکەی ڕوسیەی بۆلشەڤیکیش دەگرێتەوە. لەبەرئەوە بەبێ وەلانانی یا لەنێوبردنی سیستمی چینایەتی، ئەستەمە بتوانرێت گەندەڵی بنبڕبکرێیت، چونکە گەندەڵی لەسەر بنەمای جیاوازی لە دەسەڵات و ڕێوشوێنی کۆمەڵایەتیدا دروستدەبێت، کاتێك کە کەسێك [چ فەرمانبەرێك یا شالیارێك] مافی لەپێشتربوون و زاڵبوونی بەسەر ژیان و داهاتی کەسانی دیکەدا هەیە، ئیدی چ میکانیزمێك هەیە، تا بەر بە خراپ کەڵکوەرگرتن لە ڕێوشوێن و سامانی بەردەستی بگرێت؟

بەپێچەوانەوە لەوانەیە من کەمتر لەم بارەوە قسەم کردبێت، بەڵام هاوڕێیانێك کە هاوبیری یەکین، زۆر بە ڕۆشنی لە باتەکانیاندا ئەوەیان نیشانداوە، کە دەوڵەتە بۆرژوا-دیمۆکراتەکان لە گەندەڵیدا هیچیان لە دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان نەهێناوە و بەڵکو بە زیاترەوە گەندەڵترن. لێرەدا

تەنیا هێنانەوەی نموونەی سکانداڵی ئەندام پارلەمان و شالیارەکانی بریتانیا، کە پارساڵ [پار بەپێی کاتی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەیە] دەرکەوت، تەنانەت سەیرکردنی فیلمێکی سێکسی لە کۆتایی پشووی هەفتەیاندا لەسەر داهاتی کۆمەڵگە بووە! هەروەها گەندەڵییەکانی سەردەمی سەرۆکشالیارانی ئاڵمانیا (هێلموت کۆڵ) و کرین و مامەڵەی پایەی سەرۆککۆماریی ئەمەریکا لە ڕێگەی بەرتیل و کاری ژێربەژێرەوە، هیچی لە گەندەڵییەکانی هەرێمی کوردستان یا عیراق کەمتر نییە!

لەبەرئەوە بەبۆچوونی من، ئەوەی خوازیاری کەمکردنەوەی گەندەڵی و بنبڕکردنی بێت، ئەوا پێویستە و بەناچاریش دەبێت لە هەوڵی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت و چڵکاوخۆرەکانی و گێڕانەوەی زۆربەی کاروبارە ئابووریی و کارگێڕیی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ نێوەندەکانی ژیان و بەرهەمهێیان و کارگوزاری، بێت. کاتێك بڕیار و کارگوزاری کاروباری خوێندکاران، کرێکاران، جوتیاران، خانەنشینان، کاورباری گەڕەك و کۆڵان و گوندەکان بگەڕێتەوە بۆ خودی کەسانێك، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیان و داهاتوویانەوە هەیە و بوار بدرێت بە خۆیان لە ڕێگەی دێمۆکراتی ڕاستەوخۆوە (دێمۆکراتی نوێنەرایەتی پارلەمانی نا!) کاروبارەکانیان ڕاپەڕێنن، ئیدی بوار بۆ مشەخۆرانی سەربار و ناپێویست نامێنێتەوە.

بەڵام، ئەوەی کە ئەوڕۆکە لە هەرێمی کوردستاندا گەندەڵکاران بەخۆیان لە پێش هەمووانەوە بە گەندەڵی نێوی دەبەن، تەنیا گەندەڵی کارگێڕیی نییە، بەڵکو تایبەتیکردنی کەرتە گشتییەکان یا دەوڵەتییەکانە لەسەر مۆدێلی بازارئازادی نیئۆلیبرالەکان لە هەرێمە پاشڕەوەکاندا. ئەمەش شێوازێکە لە مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵات بۆ هەمیشە و بەرگرتن بە ئەگەری سەرکەوتنی هەر هەوڵێکی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی. ئەگەر ئەم مۆدیلە ڕوونتربکەینەوە، ئەوا هەمان هەوڵی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم لە چیلی ساڵی ١٩٧٣دا بە شێوەیەکی دیکە ڕوویداوە. ساڵی ١٩٧٣ لە وڵاتی چیلی، لە هەڵبژاردنی دیاریکرا و دانپێدانراوی خودی دەوڵەتە سەرمایەدارییەکاندا، کە مۆدێلی دێمۆکراتی نوێنەرایەتی پارلەمانییە (واتە دێمۆکراتی ناڕاستەوخۆ)، چەپەکان بە زۆرینەی دەنگ گەیشتە پارلەمان و زۆرینەی کورسییان بۆ پێکهێنانی فەرمانداریی بەدەستهێنا، بەڵام ئەمە بۆ سەرمایەداری گورزێکی سەخت و ناوەخت بوو و دەبوو بەری پێبگیردرێت، چونکە دەبووە هۆی تێکچوونی هاوسەنگیی هێزی نێوان بلۆکی بازارئازاد و بازاری دەوڵەتی [پیەمانی ناتۆ و پەیمانی وارشۆ] و گۆڕان لە سیستمە جەنراڵییەکانی سەراپای ئەمەریکای لاتیندا و

ئەمەش دەیکردە ناهاوسەنگی هێز لەبەرامبەر بلۆکی سەرمایەداری دەوڵەتیدا. لەبەرئەوە دنەی سەرمایەدارەکانیان دا، تا سەرمایەکانیان لەو وڵاتدا دەربکەن و بنەمای ئابووریی ئەو وڵاتە بتەپێنن. هەر ئەمەش بوو بووە هۆی زەمینەسازی بۆ کۆدەتای سەربازیی و هاتنی جەنراڵی کۆمەڵکوژییەکان (پێنۆشێت) و ڕاگرتنی هاوسەنگی چ لە ئەمەریکای لاتین و چ لە ئاستی جیهانیدا بە نرخی خوێنی هەزاران کەس. ئەم تاکتیکە لە جەزائیر و فەلەستین، کە ئیسلامییەکان زۆرینەی دەنگیان هێنا بەشێوەیەکی دیکە و ڕێگەیەکی دیکە بۆ فریودانی خەڵکی دەنگەدەر گریردرایەبەر. لە هەرێمی کوردستانی لای خۆمان، کە ڕزگاری و دێموکراسییەکەی بە سەر نووکی ڕۆکێت و پاژنەی چەکمەی ئاسنینی سەربازەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانانییەوە بۆ هاتووە و چەند پارتێکی پەنابەری دیوی ئێران و سوریە بەو پاڵپشتییە و لە ڕێگەی تێکشکانی ڕاپەڕینەوە، زەمینە بۆ سیناریۆی هەڵبژاردنی فیفتی فیفتییەکەی ئایاری ١٩٩٢ و هەڵبژاردنە سەرەنجام پێشتر دیاریکراوەکانیان خۆشکراوە، هانا بۆ هەمان تاکتیك بەشێوەیەکی دیکە براوەتەوە. ئەم تاکتیکە بۆ هاوپەیمانان و دەوڵەتانی ناوچەکە و دەسەڵاتدارانی نێوخۆ ئەوە مسۆگەردەکات، کە لە ڕێگەی کۆنترۆڵی ئابوورییەوە هەموو هەوڵ و تێکۆشانێك یا هەلێکی گونجاو بۆ کۆتاییهێنان بە چەپاوڵگەری و دیکتاتۆری پارت و دەسەڵاتبەخشینەوەی خێزانیی دەگردرێت.

وەك دەزانین، ئەوەی لە شەڕی ساردا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، سەرمایەداری نەبوو بەسەر بزاڤی سۆشیالیستیدا، بەڵکو سەرکەوتنی بازارئازادی نیئۆلیبراڵەکان بوو بەسەر سەرمایەداری دەوڵەتیی بۆلشەڤیکەکاندا. ئەم سەرکەوتنە لە بواری ڕامیارییدا واتە سەرکەوتنی فرەپارتی یەکجۆر بەسەر تاکپارتی یەکجۆردا، لە بواری ئابوورییدا واتە سەرکەوتنی بازارئازاد بەسەر بازاری کۆنترۆڵکراوی دەوڵەتییدا، لە بواریی کۆمەڵایەتییشدا واتە تێکشکان و وردوخاشکردنی هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و جێگرتنەوەیان بە پەیوەندییە بۆرجوازییەکان لە سەراپای پێکهاتەی کۆمەڵ و کۆمەڵگەدا.

ئەوەی ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا لە قۆناخی تەواوبوون و جیگیربووندایە، ڕێك هەر ئەو تاکتیکەیە، کە لە سەرەوە باسمکرد. سەرەتا پارت دەست بەسەر داهاتی "نەوت بەرامبەر بە خۆراك" و کۆمەکەکاندا دەگرێت و زۆربەی کۆمەکە دەرمانی و خواردنەمەنییەکان لە بازاری ڕەشدا بە خەڵك دەفرۆشرێنەوە و دەبنە سەرمایەی پارت و لەنێو پارتەکانیشدا بەسەر سەرانی پارت بە پلەی یەکەم، دابەشەکرێت. هاوکات کۆمەکە داراییەکان بە ڕێژەیەکی هەرە زۆر، دەچنە

گیرفانە شاراوەکانی پارت، پاشان نۆرەی قۆناخی دووەم دێت، واتە تایبەتییکردنەوەی کەرتە گشتییەکان، کە یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی و نێوەندە سەروومیلییەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا لە پێدانی کۆمەك و چوونەوە هەر وڵاتێکەوە، بەپێی مەرجە سەرەکییەکانی ئەو ناوەندە جیهانلووشانە، دەبێت ئابووری و ڕامیاری و دار و نەداری ئەو وڵاتە بخرێتە ژێر ڕکێفیان و ئەوان لە پشتپەردەوە بریاری یەکالاییکەرەوە بدەن. لێرەدایە کە داهاتی دزراوی کۆمەڵگە لە شێوەی سەرمایەی پارت و بە پەردەپۆشی و بەنێوی کۆمپانیای جۆراوجۆری یەکشەوە و ڕۆژەوە دێتەوە مەیدان و کەرتە گشتییەکانی پێدەکڕدرێتەوە، بە واتایەکی دیکە سەرانی پارت لەسەر داهاتی کۆمەڵگە دەبنە سەرمایەداری گومناو و ڕوخساری دیکە وەك کارگی بەهاران قوتدەکرێنەوە و بەهەمان داهاتی دزراو، کەرتە گشتی و دەوڵەتییەکان لە هەراجێکی سیناریۆییدا لە خۆیان دەکڕنەوە و ئەوە مسۆگەردەکەن، کە ئەگەری هەموو ئاڵوگۆڕێکی ڕامیاریی لە ڕێگەی هەڵبژاردنی پارلەمانییەوە لە پێکهاتەی بازار و کارگێرییدا تیکشکاوبێت. ئەو ئەگەرانەش کە بۆی هەبوو بەو شێوەیە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە بتوانن بگەنە دەسەڵات و ئابوورییەکی داخراوتر لەوەی ئێستا لەلایەن ئیسلامییەکانەوە [هەروەها هەرچەندە کۆمونیستەکان هێزی پێشنیار و کارانەبوون و نین، بەڵام هەمان بەرنامەڕێژیی نێوەندگەرای دوڵەتییان بۆ ڕێکخستنی ئابوویی کۆمەڵگە هەیە]، کە لەو باردا لەسەر مۆدێلی ئابووری دەوڵەتی نێوەندرێژ دەبوو و دەبووە سەرئێشە و ڕێگر بۆ پلانە ئابوورییەکانی بازارئازاد لە ناوچەکەدا، کە کوردستان بڕیارە پێگەیەکی سەرەکی ئەو بازارە بێت.

کاتێك بتوانین ئەم نەخشانە بە وردی ببینین و دەرکیان بکەین، ئیدی بۆمان ڕۆشنە بۆ بزاڤێکی پەنگخواردووی کۆمەڵایەتی گۆڕانخوازی ئەم هەرێمە بە کۆمەکی ماسمیدیا و ڕاگەیاندنەکانی دەسەڵات و کۆمەکی دارایی خودی دەسەڵات لەنێو خودی پارتە پێکهێنەرەکانیدا باڵێکی ڕیفۆرمیست، کە لەهەموو ئەو کەینوبەینانەدا هاوبەش و هاوڕۆڵ بووە، دەهێنرێتە پێشەوەی شانۆی ڕامیاریی و دەسەڵات و سواری بزاڤەکە دەکرێت و بە کۆمەڵێك ڕەخنەی ناجۆر و لاوەکی بزاڤەکە بەلاڕێدا دەبات.

بۆ کەسانێك کە باوەڕیان بە ڕۆڵی کۆمەککەرانە و ڕزگارگەرانەی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی هەیە و پێیانوایە نێوەندە جیهانییەکانی وەك سندوقی دراوی نێودەوەتی و بانکی جیهانی و نێوەندە بەناو خێرخوازییەکانی دیکە، ڕۆڵی پۆزەتیف و دەستگیرۆییانەیان بۆ هەرێمەکە هەیە، ئیدی سەختە

بتوانن پەی بە سیناریۆی لیستی نەوشیروانییەکان و نەخشە و کارە سەرەکییەکانی ئەم هەوڵە بەرن، زۆریش ئاساییە کە بەنێوی خەڵك و بەرژەوەندی گشتییەوە ببنە جاڕدەری ئەو باڵەی دەسەڵات. ئەگەر بە وردی سەرنجی داخوازی و ئامانجەکانی لیستی نەوشیروانییەکان بدەین، دەبینین، کە لە جیاتی کۆمەڵایەتییکردنەوە و گشتییکردنەوە و گێڕانەوەی زانکۆکان بۆ ژێرچاودێری کۆمەڵگە و کەسانی سەروکاردار بەو بوارە، خوازیاری دەرهێنانییانە لە چنگی پارتە دەسەڵاتدارەکان و سپاردنیانە بە دەڵاڵانی بازارئازاد، کە ئەمەش دەکاتەوە پیادەکردن و تەواوکردن و گشتگیرکردنی نەخشەکەی سەرەوە، واتە تایبەتییکرنەوەی ئەو کەرت و بەشانەی کە هێشتا بەڕواڵەت گشتیی و دەوڵەتیین، ئەمەش دیسانەوە زەمینە بۆ کۆمپانیاییەکی دیکەی وەك (کۆڕك) و (نۆکان) و تد خۆشدەکات، ئەم کەرتانەش لە ژێر جەپۆکی پارتدا بۆ هەمیشە بکەنە موڵکی سەرانی سەرمایەداری پارت یا سەرمایەگوزارێکی دیکەی دەرەکی.

بۆ کەسانێك کە لە سروشتی سەرمایەداری و کارکردی بازارئازادەکەی تێدەگەن، ئاسانە لەوە تێبگەن، کە جیاوازی سەروەریی بارزانی و تاڵەبانی و نەوشیروان و ئاخوندێك و فیلۆسۆفێك نییە، بەڵکو پێداویستی و کارایی کەسەکان لەسەر جێگیرکردنی پلانەکان گرنگە و کاتێك کە کەسایەتییەکی کارێزما ئێکسپایەر دەبێت، زۆر ئاسانە بە پلانێك وەلابنرێت یا پێشتر جێگرەوە و ئەڵتەرناتیڤی بۆ مسۆگەر و ئامادەبکەن و پێشتر پێش ڕووداوەکان بکەون و لە دەروونی بزاڤەکاندا لەوێدا، کە خۆشباوەڕی بە پاڵەوانە ئەفسانەییەکانی دوێنێ بۆ بەرگرتن بە خودی بزاڤەکە بەکاردەبرێن؛ وەك ئەوەی لە بزاڤی کۆمەڵایەتی "گۆڕان"دا دیتمان، کە خەڵك دژی چەپاوڵگەری و گەندەڵی و دابەشکاری سامان و داهاتی کۆمەڵگە بوو، کەچی بە پلان و کارلەسەرکردنی ڕۆژانە ئەو ئامانجانە تا ئاستی گلەیی چەند مشەخۆرێکی دیکەی نێودەسەڵات و هەوڵدان بۆ بەشداربوونیان لە دەسکەوتە ناڕەواکانی پارت، دابەزاندە خوارەوە. هەر ئەو کەسانەی کە دژی دەسەڵاتی بنەماڵەیی تاڵەبانی دەنگی خۆشباوەڕانەی خۆیان بە لیستەکەی نەوسیروان دا، دەنگپێدراوان وەك نە بایان دیێ و نەباران، بەنێوی ئەو خەڵکە ناڕازییەوە چوونە پای دەنگدانەوە بە تاڵەبانی وەك سەرۆککۆمار لە بەغداد.

لەبەر ئەوە بەبۆچوونی من، شەڕی گەندەڵی بە پێشڕەوی گەندەڵانێکی دیکە، کە گلەیی لە بەرکەوت و بەشەدزی خۆیان لە داهاتی دزراوی کۆمەڵگە دەکەن، ناکرێت و گێڕانەوەی کەرتە گشتییە بەتایبەتییکراوەکان[بەپارتییکراوەکان] و کردنیان بە بەشێك لە بازارئازاد و کەرتی

تایبەتی کۆمپانیایەکی نوێ یا بیانی مەیسەرنابێت و هەروەها ناشتوانێت هۆکاری کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی پارتە میلیشیاییەکان و فەرماندارییەکانیش بێت، ئەوەش لەبەر دوو هۆ: یەکەم، ئەوەی لە دونیای دیمۆکراتی نوێنەرایەتییدا ئەوە چەند سەدەیە دەسەڵات لەم بنەماڵەی خانزادەوە بۆ ئەو شازادە و لەم پارتی پارێزگارەوە بۆ ئەو پارتی سۆشیال-دێمۆکرات و لە خولێکی دیکەدا پێچەوانە دەبێتەوە و هیچی لە سەروەری چینایەتی و نادایەروەری و ستەم و هەژاری و بەدبەختی و هەڵاواردنی مرۆڤەکان و ڕەگەزەکان نەگۆڕیوە.

هۆی دووەم، وەك گوتم قۆرخکردنی دەسەڵات لە ڕێگەی تایبەتییکردنی بنەما ئابوورییەکانی کۆمەڵگە و کەرتە گشتییەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری وەك موڵکی سەرمایەدارانی پارتە دەسەڵاتدارەکانەوە، دیسانەوە ئەگەری هەر ئاڵوگۆڕێکی ڕواڵەتیی ڕامیاریی ئەستەمدەکەن. با ئاوای دابنێین، پارتێکی ئیسلامی یا پان-ناسیونالیست یا پارتێکی چەپ زۆرینەی پارلەمان بەدەستبهێنێت و فەرمانداریی [حکومەتی] خۆی پێکبهێنێت، ئایا کۆمپانیا کۆمەڵگەلووشەکانی وەك (نۆکان) و (کۆڕەك) و ...تد بە پاڵپشتی لەشکری ئەمەریکا و سیخوڕیی ڕێکخراوە بەناو کۆمەککارەکان و سندووقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی و ناوەندە پیلانگێڕەکانی دیکە، بواری هیچ ئاڵوگۆڕێك یا وەرچەرخانێك دەدەن؟ ئایا بوار و ئەگەری هیچ ئاڵوگۆڕێك لە سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی [سەرخانی کۆمەڵ]دا هەیە، کاتێك کە بنەمای ئابووریی [ژێرخانی کۆمەڵ] دارایی کۆمەڵێك کۆمپانیای تایبەت و پارتیی بێت؟ ئیدی سەرانی لیستی ناسیونال-نیئۆلیبراڵ [لیستی بەناو گۆڕان] بەتەمان چی بگۆڕن؟ بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگە یا گۆڕینی تاکی ناڕازی ناهوشیار بە کۆیلەی خۆشباوەڕ؟

من بە دڵنیاییەوە دەڵێم هەر ئاڵوگۆڕێك کە بچووکترین ناکۆکی لەتەك پلانی نێوەندە جیهانییەکانی وەك سندوقی دراوی نیودەوڵەتی و بانکی جهیانی و لەشکری دەوڵەتە زلهێزەکانیاندا هەبێت، ئەوا لە ڕێگەی ئەو کۆمپانیانانەوە و لە ڕێگەی باندە پارێزەرەکان و پشتپەردەییەکانی ئەو کۆمپانیایانەوە پوچەڵ و تەنانەت سەرکوتیش دەکرێت، ئەمەش زۆر ئاسانە، چونکە ئەوان لە پاش تێکشکانی ڕاپەڕینەوە تا ئێستا کار لەسەر ئەوە دەکەن و هێزی بۆ ڕێکدەخەن و کۆمەڵی خۆشباوەڕ و پاشڕەوی بۆ پەروەردەدەکەن. نۆزدە ساڵە دەزگەکانی ڕاگەیاندن مێشکی خەڵك کەڕوواوی دەکەن، خەڵك نائومید و نەوەی نوێ بە شێواندنی مێژوو فریودەدەن.
هەروەك چۆن ئەوان [ڕامیاران و دەسەڵاتداران] زەمینەی کۆمەڵایەتیی بۆ خۆجێگیرکردن و

کۆمەڵایەتییکردنەوەی گەندەڵی و سەرکوت و ڕەشەکوژی ژنان و تیرۆری نەیاران و هەڵخڕاندنی شۆڤێنیزمی ناوچەیی بەرامبەر ناوچەکانی دیکە یا کەمایەتییەکانی دیکە خۆشدەکەن، هەرواش تەنیا ڕێگە و مەیدان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەرگرتن بە هەوڵەکانی ئەوان، تەنیا مەیدانی خەباتە کۆمەڵایەتییەکان و بزاڤە جەماوەرییە سەربەخۆکانن؛ بۆ نموونە تا کاتێك بزاڤی ئازادیخوازی و دژەسەرکوت نەبووبێتە کەتوارێکی کۆمەڵایەتیی گشتگیر، قسەکردن لە دەستکۆتاکردنی هێزە سەرکوتگەر و تیرۆریستەکان و دەزگەکانی ئاسایش و پۆلیسی سەرووخەڵکی، دەچێتە خانەی خەونی باڵۆنئاسا لە هەوادا. ئەمە بۆ ڕزگاری نەتەوەیی و ژنان و تەنانەت سۆشیالیزمیش هەر وایە و بەبێ کۆمەڵایەتیبوونەوەی خواست و بۆچوون و ویستەکان، ئەگەری هەر ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانە ئەستەمە و هەرگیز ڕوونادات.

وەك پێشتر وتم، گەندەڵی وەك دیاردەیەکی سیستەمی فەرمانداریی و کارگێڕیی و بەڕێوەبردن، تایبەت بە پارتێك یا فەرمانداریی و دەوڵەتێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو تایبەتمەندیی بەڕێوەبەرایەتیی سەرووخەڵکییە، ئیدی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە پاشایەتی و تاکپارتیی بێت یا فرەپارتیی پارلەمانی و فەرمانداریی [حکومەتی] تێکنۆکراتەکان و فیلۆسۆفەکان، هیچ کات نەیتوانیوە و ناشتوانێت پاکتاویبکات، چونکە ڕیشەی گەندەڵی لە پێکهاتەی بنچینەکانی سیستەم و پێکهاتەی قوچکەیی و سەرووخەڵکیدایە. کاتێك کە ئامانج لە بەشداریکردن لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگەدا، پلەی سەروەریی و پایەی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی باڵاتر بێت، ئیدی زۆر ئاساییە، نوێنەرەکان و دەسەڵاتداران بۆ مانەوەی خۆیان هەم بدزن و هەم چاوپۆشی لە دزی و تاڵانی کەسانی چواردەوریان بکەن. چونکە بنەمای سیستەمی چینایەتی دزییە لە ڕەنجی بەرهەمهێنەران و چەپاوڵکردنی سامان و داهاتی کۆمەڵگە. بۆ زیاتر دڵنیابوون لەمە، دەتوانین ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین: ئەگەر ڕێکخستنی کۆمەڵگە قوچکەیی [هەرەمی] نەبووایە و بەشداریی بەڕێوەبەرایەتی [نەك ئەوەی پێدەڵێن کایەی ڕامیاریی] کۆمەڵگە خۆبەخشانە و بەبێ پاداشت بووایە و خانەنشینی پاشایانە و مشەخۆریی مەتایی مسۆگەر نەبووایە، ئایا هیچ کەسێك لە ڕامیاران و دەسەڵاتخوازان، بیری لە پێکهێنانی پارت یا خۆی بۆ نوێنەرایەتی و کارگێڕیی کاندیددەکرد؟ ئایا کەسانی بێلایەنی نێو کۆمەڵگە هیچ گومانیان لە نەرێنی وەڵامی ئەم پرسیارە هەیە؟

لەبەرئەوە پێویستە ڕیشەییتر دژی دیاردەکە بچینە جەنگەوە، واتە گۆڕینی دروشمی

بزووتنەوەکە بۆ " نا بۆ تایبەتیکردنەوەی کەرتەکان، نا بۆ بەڕێوەبەرایەتی گەندەڵ، بەڵێ بۆ خۆبەڕێوەبەرایەتی جەماوەری ". ئەوەش تەنیا بە بەرگرتن بەتایبەتیکردنەوەی کەرتە گشتییەکان و سەندنەوەی کارگە و زەوییەکان و گردەکان و کەرتەکانی خزمەتگوزاریی لە پارت و سەرمایەدارەکانی پارت مەیسەردەبێت. هەڵبەتە ئەم هەنگاوەش دوو ڕێگە لەخۆدەگرێت، ڕێگەی یەکەم، سەندنەوەیانە لە پارتەکان و سەرمایەدارەکانی پارت و گێڕانەوەیان بۆ کەرتی دەوڵەتی، کە ئەمەیان هەردەم ئەڵتەرناتیڤی ڕیفۆرمیستەکان و نێوەندگەراکانە، کە لە باشترین باردا سەروەریی خۆیان دەکەنە ئەڵتەرناتیڤی دزان و گەندەڵکاران. ڕێگەی دووەم، سەندنەوەی کەرتەکانە لە پارتەکان و سەرمایەدارەکانی پارت و گێڕانەوەیان بۆ کۆمەڵگە، واتە کۆمەڵایەتیکردنەوەی کەرتەکان بەوەی خودی کرێکاران، فەرمانبەران یا جوتیارانی ئەو بەشە یا ئەو کەسانەی کە گێڕاویانەتەوە، بەخۆیان بەڕێوەبەرایەتیدەکەن و دەیخەنە خزمەت کۆمەڵگەوە.

ئەگەر لەوانەش بگوزەرێین، دەتوانین بە کەمێك گەڕانەوە بۆ ڕابوردووی کۆمەڵگەکەمان، کە خۆشبەختانە زۆر دوور نییە و ئەگەر بەخۆشمان تێیدا نەژیابین، ئەوا دایك و باوکمان یا داپیرە و باپیرەمان وێنایەکیان لەبارەیەوە لە ئاوەز و هۆشماندا جێگیرکردووە؛ پێش ئەوەی دەوڵەت و پارتی ڕامیاریی دروستببن، لە کۆمەڵگەدا کوشتن و دزی و فرۆفێڵ و ئەتك و تاڵانگەریی و چەپاوڵ و پاوانکردن، زۆر دەگمەن بوون و لە کۆمەڵگەدا وەك دیاردەی ناوازە و نابار ڕەفتاریان لەتەکدا کراوە و زۆر جار بکەرانیان ناچار بە ڕەوکردن و بەجێهێشتنی کۆمەڵگەکە بوون، لە بەرامبەردا پێکەوەژیان و هەرەوەزیی و هاریکاری و گەلکاریی و متمانە و پشتیوانی و یەکترپارێزیی کۆمەڵایەتیی هەبووە و زاڵبووە. بەڵام لە ئێستادا ئەم هاوکێشەیە بە تەواوی پێچەوانە بووەتەوە و نەرێنییەکان تارادەیەکی زۆر باو و گشتگیربوون و ئەرێنییەکان لە پانتایی ژیانی هاوچەرخدا بە هەمان ڕادە نامۆکراون. هەموو ئەمانە، هەروا بە ڕێکەوت و بەبێ پلان و خۆبەخۆ ڕوویاننەداوە، بەڵکو سەرەتا دەسەڵاتی سەرووخەڵکیی بەگ و ئاغاکان و پاشان دەوڵەت هەموو خۆبەڕێوەبەرایەتیی و خۆکارابیەکی لە تاك و بوونە کۆمەڵایەتییەکان سەندووەتەوە و ئینجا بۆ پاراستنی دەوڵەت و بەرژەوەندی کۆمپانییە کۆمەڵگە و جیهانخۆرەکان، پارتی ڕامیاریی قوتکراونەتەوە و لە ڕێگەی گۆڕین و لەنێوبردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە تەبا و هەرەوەزییەکان و یاسا سروشتییەکانی پێکهاتنی کۆمەڵایەتی و جێگرتنەوەیان بە پەیوەندییە ڕامیارییە دەستکرد و نامرۆییەکان، پارت و ڕێزبەندیی پارتیی

کۆمەڵگەی بەسەر دەستە و بەرەی دژبەیەکی هەردەم لە جەنگ و نائارامیدا دابەشاندووە و لەم ڕێگەیەشەوە زەمینەیان بۆ کۆمەڵایەتییکردنەوەی گەندەڵیی سازکردووە و بەم جۆرە دەبینین، نەوەی ئەو مرۆڤانەی کە دوێنێ بەبێ بوونی دەوڵەت و پارت و نوێنەر، لە ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتییدا لەسەر بنەمای یاسا سروشتییەکانی پێکهاتنی کۆمەڵگە، کە کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ مامانی لەدایکبوونیانە، دەژیان و کاروباری خۆیان ڕێکدەخست و خۆشی و ناخۆشییەکانیان، بوون و نەبوونییەکانیان لەنێوان خۆیاندا دادەبەشاند و بەختەوەریی هەر تاکێك پەیوەستبوو بە بەختەوەریی ئەوانی دیکەوە، کەچی لەم ڕۆژەدا نەوەکانیان بەهۆی پاشڕەوییان بۆ دەسەڵاتی سەرووخەڵکیی و پارتەکان و ڕامکاران [ڕامیاران]، لە پێشینە و پاشبنەمای کۆمەڵایەتیی و هەرەوەزیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە نامۆبوون و ناتوانن ژیان و ڕێکخستنی کۆمەڵگە بەبێ بوونی دەوڵەت و سیستەمی نوێنەرایەتی و پاشڕەویی پارتایەتی و مێگەلبوون بۆ جەنەڕاڵەکانی جەنگ، ژیان وێنا بکەن و بیربکەنەوە. کاتێك کۆمەڵگە لەو تاکە لەخۆنامۆیانە پێکهاتبێت و دەنگی ناهوشیارانەی ئەوان هەڵبژێری سیستەم و کارگێڕیی کۆمەڵگە و شێوەی ژیان بێت، ئیدی گەندەڵی ئاساییترین و سەرەتاییترین دیاردە و تایبەتمەندیی سیستەمی کارگێڕیی و کۆمەڵگە دەبێت، بەواتایەکی دیکە گەندەڵی ڕامیاریی، بە هۆی ڕامبوونی تاکی چەوساوە و ژێردەستەوە، کۆمەڵایەتی دەبێتەوە و دوا تەون و ڕایەڵەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بۆگەندەکات و هەموو تاکێك دەکاتە دژی تاکەکانی دیکە و پشێوییەکی کۆمەڵایەتیی وەها دروستدەکات، کە تاکی ناهوشیار و دۆشداماو و دەستەمۆ، هەردەم وێڵی سەرۆکی باش و دەوڵەتی باش و پارلەمانی باش و نوێنەری باش بێت و بە کایەکردن و ختووکەدانی دەمارگیریی ئایینی و ناوچەگەریی و شارچییەتی و ناسیونالیستی لەلایەن کەسانی ڕامکارەوە، جەنڕاڵەکانی مرۆڤکوشتنی لێدەبێتە فریادڕەس!

## بۆ لەگەڵ مارکسیزمەکان ناکەونە گفتوگۆ و کاری هاوبەش؟

بەر لەوەی وەڵام بەخودی پرسیارەکە بدەمەوە، بەپێویستی دەزانم ئەوە ڕۆشنبکەمەوە، کە چەمکی هزریی لەتەك هەڵگری هزر، لە تەواوی زمانەکانی دونیادا دوو واژە و کاربردی جیاوازیان هەیە، چونکە "مارکسیزم" چەمکێکی ئایدیۆلۆجییە و بۆ کۆی ئەدەبیاتی "مارکسیست"ەکان بەکاردەبرێت، لەم پرسیارەدا بەکاربردنی وەك چەمك هەڵەیە و ناتوانێت ئاماژەبێت بە هەڵگرانی ئایدیۆلۆجیاکە [مارکسیستەکان].

ئەگەر مارکسیستەکان باوەڕیان بە خەباتی سەربەخۆی جەماوەریی لەسەر بنەمای «خۆجێی بزوێ و جیهانی بیربکەرەوە» و دوور لە پاشکۆیی بۆ پارت و گروپەکانیان هەیە، ئەوا هیچ پێویستمان بە ڕێککەوتن نابێت و خۆبەخۆ لەتەك ئەنارکییەکانا لەو بوارەدا یەکدەست دەبن. بەڵام کاتێك ئەوان وەك پارتە بۆرجوازییەکان خەریکی دەستەمۆکردن و پاشکۆکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بن و هەر بیرکردنەوەیەك لە دەرەوەی ئایدیۆلۆجیاکەیان ڕەتبکەنەوە و ڕێکخراوی کۆمیتەیی بۆ چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان قوتبکەنەوە و گیانی دەستەگەریی (سکتاریزم) تەشەپێبدەن و هەر دەستبەکاربوونێکی ئازادانەی تاکەکان لەژێر چەکمەی پۆڵایی نێوەندگەرایی و بڕیارە نێوەندیی و قوچکەییەکانیاندا بپلیشێننەوە، ئەوا بە بۆچوونی من نابێت کەمتر لە دژایەتی بۆرجوا دەسەڵاتدارەکان، دژایەتییان بکرێت.

من بۆ خۆم، وەك کەسێك، کە سەرەتای چالاکی "ڕامیاری"یم بە ئەندامبوونی "کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان" دەستپێکردووە و بە وازهێنانم لە ئەندامەتی "ڕەوتی کۆمونیست" کۆتاییهاتووە، لە مەیدانی خەباتی جەماوەریدا خاوەنی خەروارێك ئەزموونی کەسییم و هەردەم تای تەرازووی خەباتی ڕۆژانەم بەلای سەربەخۆیی خەباتی جەماوەریی و بەرگرتن لە سیکتاریزم شکاوەتەوە و لەبەرئەوە لەلایەن هاوڕێکخراوییەکانمەوە دژایەتیکراوم و هەوڵی تەریکخرانەوەم دراوە. هەر بەو پێیە بە ئەزموون گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی کە گروپ و پارتی ڕامیاریی هەر ناوێك و هەر بەرنامەیەکیان هەبێت، بێجگە لە کەوڵکردن و دەستەمۆکردن و کەرتکەرتکردنی خەباتی جەماوەریی بۆ ئامانجی پارتیی و دەسەڵاتخوازیی ئەندامانی باڵا، هیچی دیکە نەبووە و نییە و هیچی دیکەشی بەرهەمنەهێناوە. لەبەرئەوە هەموو کارکردن و هاریکارییکردنێك لەتەك گروپی ڕامیارییدا ڕەتدەکەمەوە و بەهیچ شێوەیەك متمانەیان نادەمێ. ئەم بۆچوونەم تەنیا لەمەڕ گروپ و پارتە کۆمونیستەکانی کوردستان بەرتەسکنابێتەوە، بەڵکو لە سەراپای مێژوودا هەر لە یەکێتی کۆمونیستەکان [یەکەمین پارتی کۆمونیستی] کە بە بەیاننامەیەکی خودی مارکس و ئەنگلس لەدەرەوەی ویستی ئەندامانی هەڵوەشێنرایەوە تا پارتی سۆشیال-دیمۆکراتی ئاڵمانیا و دواتر هەزاران پارتی کۆمونیستی دیکە و تا دەگاتە دواترینیان لە هەرێمی کوردستان [مشتەقاتەکانی کۆمونیزمی کرێکاری] تەنیا دەمارگیری دەستەگەریی و جیابوونەوە و دابەشکردن و بێهێزکردنی ڕیزی ناڕازییان و کرێکارانی هوشیارییان بەرهەمهێناوە و دەهێنن. بەپێچەوانەوەی خۆشباوەڕیی و گۆشەگیریی ئایدیۆلۆجی هەندێك ئازیزەوە، بە بۆچوونی من ئەوەی ڕامیاران و پارتە کۆمونیستەکان لە ماوەی سەدە و

نیوێکدا بۆ دژەشۆڕش و سەروەریی چینایەتی ئەنجامیانداوە، سەراپای کۆمەڵگەی چینایەتی خودی ئیمپراتۆرییەکان دەوڵەتەکان و پارتە ناسیونالیست و مەزهەبییەکان نەیانتوانیوە ئەنجامیبدەن. ئەوەش تەنیا لەبەر یەک هۆکاری زۆر سادە و ئاشکرا، کە سەرەوەران و دەزگەکانیان نەیانتوانیوە هێندەی مارکسیستەکان، چەوساوان بە دەوڵەتی باش و سەروەری دادگەر و پارتی باش و پارلەمان خۆشباوەڕبکەن، هەموو ئەوانەش بەناوی خودی کرێکاران ولەژێر دێوجامەی سۆشیالیزمدا توانیویانە نارازیيان فریوبدەن و بەداخەوە هێشتاکەش بازاری ئەو فریوکاریيانە گەرمە.

## ئێوە چ ڕێگەچارەیەک بۆ چارەسەری ستەمی نەتەوەیی و گرفتی ناوچە دابراوەکان بەدروست دەزانن ؟

پێشەکی بەر لەوەی بۆچوون و ئەڵتەرناتیڤێك لە دیدی خۆمەوە بخەمەڕوو، بەپێویستی دەزانم بڵێم، دوو دەهە بەسەر ڕاپەڕین و دەهەیەك بەسەر ڕوخانی ڕژێمی بەعس'دا تێپەڕیوە و هێشتا پرسی ستەمی نەتەوەیی و ناوچەکان چارەسەرنەکراوە و هێشتا وەك مەیدانێك بۆ سەرمایەگوزاریی ڕامیاریی دەسەڵاتخوازان و دەمارگیریی نەتەوەیی و کینەدۆزی و دووبەرەکی نێوان خەڵکانێك، کە پێشتر هەزاران ساڵ بەیەکەوە ژیاون و هاودەرد و هاوخەمی یەکدی بوون، ماوەتەوە. ئەگەر پاش ڕاپەڕین لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بتگوتایە پێویستە لە ڕیزی خەباتی جەماوەرییدا تێکۆشانی بۆ بکەین یا پاش ڕووخانی سەدام بتگوتایە با دەهەیەك تیۆکۆشانی بۆ بکەین، دەمودەست بە دوژمن و خەیاڵپلاو و بێ ئەڵتەرناتیڤ تاوانباردەکرایت، بەڵام ئەوا دوو دەهە تێپەڕیوە و هێشتا هەر بازاری نەتەوەپەرستی و ڕامیاریی دەسەڵاتخوازان گەرمە و ئێمەش هەر لەو خاڵەدا وەستاوین، کە هەر دەبێت ئەم ڕۆژە یا ساڵ و دەهە و سەدەیەکی دیکە، کاری لەسەر بکەین و تێکۆشانی بۆ بکەین.

دەمەوێت بڵێم، ئەڵتەرناتیڤێك کە بە بۆچوونی من دەتوانێت هەم چارەسەر و هەم ڕادیکاڵ بێت، نە بە فەرمانی ڕامیاران دێتەدی و نە کاری یەك شەو و ڕۆژەیە، بەڵکو خەباتی بێوچانی کۆمەڵایەتی گەڕەکە، گەڕانەوە بۆ سەردەمی بەر لە ناسیونالیزەبوون و سەرهەڵدانی دەوڵەت هاوچەرخی گەرەکە، واتە کۆمەڵایەتییکردنەوەی پرسەکان و تووڕهەڵدانی ڕامیاریی و ڕامیارانی گەرەکە، پێکهێنانی پایە جەماوەرییەکانی ڕێکخراوبوونی گەرەکە، گرێدانەوەی بە پرسە هەر

ڕۆژەییەکانی تاك و کۆمەڵگەی گەرەکە، وەلانانی ڕۆڵی ڕامیاران و پووچەڵکردنەوەی بازاری بازرگانی پارتەکانی گەرەکە، گەڕانەوەی بڕوابەخۆبوونی تاك بە هێزی یەکگرتووی کۆمەڵایەتی و چینایەتی خۆی گەرەکە، ڕێکخستنەوەی ئاسۆیی کۆمەڵگەی گەرەکە!

بەبۆچوونی من چارەسەری ئەو کێشانەی کە ئیدیۆلۆگەکانی ناسیونالیزم و مەزهەب و پارتەکان میلیشیاکان و دەوڵەتەکان ..تد دروستیانکردوون، تەنیا بەلێدانی ئەو پێناوانەیە یا ئەو ڕێکخستن و پێکهاتانەیە، کە ئەوان دروستیانکردوون، مەیسەردەبێت. ناکرێت ناسیونالیستەکان و مەزهەبییەکان بە ئامانجی دابینکردنی دەسەڵات بۆ چینی مشەخۆر (بۆرجوازی) لە قەوارەی ڕامیاریی وەك دەوڵەتدا، بمانکەن بەگژی یەکیدا و ئێمەش بێین ببینە ئەندام لە وەها لەشکرێکی ناهوشیارانەدا و ئاڵا و دروشمەکانیان بەرزبکەینەوە، خوازیاری بەدیهێنانی بەرنامەکانیان بین و خۆمان لەپێناو بەدەسەڵاتگەیشتینان بەناوی گەل و کرێکارانەوە، بەکوشت بدەین!

هەڵبەتە کارێکی ئاوا ؛ بەربەرچدانەوەی هێزە دەسەڵاتخوازەکان و ئاراستە نەتەوەپەرست و مەزهەبیەکان، کاری یەك شەو و ڕۆژە نییە، هەر کات دەست بە ئەنجامدانی بکەین، هەر دەبێت لەم هەنگاوە سەرەتاییانەوە دەستپیبکەین : پاگەندە دژی ڕامیاران و پارتەکان و میلیشیاکان و پووچەڵکردنەوەی نەخشەکانیان، هەڵخڕاندن و بەرجەستەکردنی داخوازییە کۆمەڵایەتییە هاوبەش و نێوکۆییەکانی دانیشتووانی ناوچە فرە-ئێتنی و فرە-ئایین و فرە-کولتوور یا جیاوازەکان، کارکردنی هەر ڕۆژە بۆ خۆڕێکخستنی چین و توێژە ژێردەستەکان لە گرووپە خۆجێییەکان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکاندا لەسەر بنەمای خودهوشیاریی و خۆبیرکردنەوە و خۆڕێکخستن و خۆچالاکی و خۆخەباتکردن لە دەرەوەی بازنەی هەژموونی پارتە ڕامیارییەکان و میلیشیاکان و دەوڵەتەکان. دروستکردنی دیواری مرۆیی لەنێوان بەرەی جەنگی میلیشیاکان و دەرپەراندنیان لە شوێنەکانی کار و ژیاندا، دروستکردنی گرووپەکانی هاوسێیەتی و کۆمەکی کۆمەڵایەتیی، ئاشناکردنی لاوان و نەوەی نوێ بە ڕابوردووی پێکەوەژیان و تەبایی پەیڕەوانی ئایینەکان و مەزهەبەکان و ئێتنییەکان لەو جێیانەدا.

من دەزانم وەها کارێك کات و وزە و توانای دەوێت، بەڵام نەکردنی بە واتای تێپەڕاندنی نییە، بەڵکو هەر کات بمانەوێت چارەسەری کۆمەڵایەتییانە بۆ کێشەکان بدۆزینەوە، ناچار دەبێت

هەر لەم هەنگاوانەوە دەستبەکاربین. لەم دووڕێیانە زیاترمان لەپێش نییە؛ یا ملکەچی بۆ ویستی دەوڵەت و پارت و میلیشیاکان و ڕامیاران وەك ئێستا، یا خۆدەستبەکاربوونی کۆمەڵایەتی و ڕەتکردنەوەی کایەی ڕامیاریی وەك جاران؟

ئەگەر سەرنجی مێژووی سەدەی ڕابوردوو بدەین، هەردەم لە ناهوشیاریی و نائامادەییماندا چارەسەری پرسەکان و کێشەکانمان بە پارت و میلیشیا و ڕامیاران و دەوڵەت سپاردوون، ئەوانیش وەك وەڵامدانەوە بە بەرژەوەندی خۆیان و سروشتی سەرهەڵدان و کارکردنیان، هەردەم کێشە و پرسە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمەیان ئالوودەی ڕامیاریی کردوون و وەك ئامرازێك بۆ بەدەسەڵاتگەیشتن و بەدەستهێنانی بەرتەریی بۆ خۆیان بەکاریانبردوون. کێشە و ستەمی ئێتنی، دووبەرەکی ئایینی و مەزهەبیی، هەڵپە و ساختەچییەتی ڕامیاریی لە ئەم ڕۆژەدا بە بەراورد بە سەردەمێك کە ناسیونالیزم و پارتایەتی نەبووبوونە شوناسی تاك، هەزاران جار توندتر و کوشندەتر بووەتەوە. هاوسێ و هاوکار و هاوسۆز و هاودڵانی دوێنێیان کردوونەتە دوژمنی هەنووکەیی، کوشتنیان کردووەتە ئاساییترین دیاردەی کۆمەڵگە، ئەتککردن و منداڵفڕاندن و جەنگیان کردووەتە ئاساییترین ڕووداوی ڕۆژ، کردوونیانەتە بەشێك لە کولتووری مرۆڤی ئەم هەرێمە.

وەك لە سەرەوە گوتم، یا کێشە و پرسەکان بەوانەی سەرەوە دەسپێرین و بەخۆمان وەك ئاژەڵان هەر ڕۆژ چاوەڕێی نۆرەی سەربڕینمان دەکەین، یا ئەوەتا بە سڕینەوەی ڕامیاریی لە کایەکانی ژیانماندا، هەوڵی کۆمەڵایەتییکردنەوەی گشت پرسەکان و چارەسەریان لەسەر بنەمای خواست و خەونی هاوبەشمان بەخۆمان لە ئەستۆیان دەگرین. بۆ ئەم مەبەستە من تەنیا بە هێڵکاریی تیڕوانین و دیتنەکانم دەتوانم، وەڵام بە پرسیارەکەی تۆ بدەمەوە: وەك پێشتر گوتم بەردی بناخەی هەر کار و چالاکییەك بە ئاراستەی چارەسەری کۆمەڵایەتییانەی پرسەکان، خۆڕێکخستنی ئاسۆیی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانە، کاتێك کە گروپە خۆجێی و ڕێکخراوە ئابووریی و پیشەییە جەماوەرییەکانمان هەبوون، دەتوانین کار لەسەر پێکهێنانی خۆبەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵایەتییانەی گوند و گەڕەك و شارۆچکە و شار و ناوچە و هەرێمەکان وەك یەکەی ئازاد بکەین، واتە گێڕانەوەی کاروبار و کارگێڕیی سیستەمی بەڕێوەبەاریەتی بۆ نێوەندی ژیانی کۆمەڵایەتی و لەباربردنی زەمینەکانی کایەی ڕامیاریی و پارت و ڕامیاران. کاتێك کە گوندێك یا شارێك لەسەر بنەمای دیمۆکراسی ڕاستەوخۆ و پشتبنەستوو بە هەرەوەزیی و

هاوپشتی کۆمەڵایەتی خۆی ڕێکدەخات، ئیدی ڕێکخستنی کاروبار و بەرهەمهێنان و دابەشکردن و سیستەمی پەروەردە و خوێندن و پەیوەندییەکان و دیاریکردنی زمانی فەرمی کاروبار و خوێندنی دەکەوێتە ئەستۆی هەرەوەزی و ئەنجوومەن و شوراکانی ئەو شوێنە، واتە پێکهێنانی خۆبەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆ.

کاتێك کە کۆمەڵگە دەبێتە خاوەنی ڕێکخستنی لەو جۆرە، ئیدی یەکگرتن و جیابوونەوە و هاوپشتی و پێکەوە ژیان ئاسانترین کارێك دەبن، کە هەر تاك و گروپ و کۆمەڵگەیەك دەستی پێیڕادەگات. هەروەها بروابەیەکبوون و هاوخەمی و هاودەردی و هاوپشتی نێوان گوندەکان، گەڕەکەکان، شارەکان و ناوچە و هەرێمەکان و کۆمەڵگەکان لێرەوە سەرهەڵدەدات و هەر ئەم هاوئاراستەییەیە، کە دەبێتە هۆی سڕینەوەی کارایی و شوێنەوارە وێرانگەرەکانی ڕامیاریی و پارتەکان و سیستەمی ڕامیاریی و دەوڵەتەکان، کە بوونەتە هۆی دووبەرەکی و ڕك و کینە و جەنگ و کوشتارەکان. هەڵبەتە بێجگە لەوەش هەموو سەرکەوتن و پۆزەتیڤییەك لە هەنگاوەکاندا، شوێنێکی دیکە بۆ گرتنەبەری ئەو شێواز و کارکردنە هاندەدات.

بەبۆچوونی من، لە وڵاتێکی وەك عیراقی فرە ئێتنی و فرە ئایین و فرە مەزهەب و فرە زمان و وێرانبووی پاش چەندین جەنگ و کارایی کێشمەکێشی ڕامیاران و پارتەکان و ئایدیۆلۆجیاکان، تەنیا ئەم شێوازە لە تێکۆشان بۆ چارەسەری پۆزەتیڤ دەتوانێت زەمینەی پێکەوەژیانی دوور لە جەنگ و ڕك و کینە و چەند بەرەکی یا جیابوونەوەی ئازادانە و دوور لە خوێنڕشتن و ماڵوێرانی مسۆگەربکات. ئەگەر ئامانجی پرسیارەکە ئەوەیە، کە چۆن دەتوانین بە چارەسەرێکی ئاشتییانە بگەین، ئەوا ئەم ڕێگەیەچارەیە دروستە و ئەگەر قسەش لەسەر بەدەسەڵاتگەییشتنی کۆمەڵێك ڕامیار و سەرمایەدار و پارت و میلیشیا و دەڵاڵی بازارئازادە، ئەوا ئەو درندەیی و لەخۆنامۆبوون و دوژمنسازییە لە هاوسێ و هاوکار و هاوپۆل و هاوسۆزەکانی دوێنێ، باشترین خزمەت بە جێکەوتەبوونی نەخشە ئابوورییەکانی بازارئازاد و نەخشە ڕامیاریی و سەربازییەکانی زلهێزەکان و داگیرکاریی نوێ [نیئۆکۆلۆنیالیزم] و جیهانخۆریی دەزگە و ناوەندە ئابوورییەکانی جیهان، دەکات.

هەڵبەتە پێویستە ئەوەش بڵێم، کە یەکەم بۆ بەدیهاتن و جێکەوتەبوونی خۆبەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگەکان کۆمەڵێك ئامراز و میکانیزم چارەنووسازن، لەوانە ڕەتکردنەوەی دیمۆکراسی

پارلەمانی و گرتنەبەری دیمۆکراسی ڕاستەوخۆ، ڕەتکردنەوەی فیدرالیزمی بۆرجوازی [فیدرالیزمی قووچکەیی/ یەکگرتنی دەسەڵاتەکان و دەوڵەتەکان] و پێکهێنانی یەکێتی و یەکگرتنی ئازادانەی کۆمیونیتییەکان لە فێدراسیۆن و کۆنفێدراسیۆنە ئاسۆییەکاندا، ڕەتکردنەوەی هەڵبژاردنی ڕامیاران و پارتەکان و سیستەمی ڕامیاریی و دەنگدان بە سەرووەران. لە بەرامبەردا گرتنەبەری ڕاپرسی گشی و ئازاد و کۆبوونەوە گشتییەکان. دووەم، بەدیهاتنی ئەم ئامانجانە وەك چارەسەری کێشە ئێتنی و مەزهەبیی و کولتوورییەکان، پابەندەی بەدیهاتنی کۆمەڵگەی ناچینایەتی نین و دەکرێت وەك پێشهەنگاو بەرەو کۆمەڵگەی خوازراو لەبەرچاوبگیردرێن. بەلایەنی کەمەوە، ئەگەر نەتوانین بە کۆمەڵگەی ناچینایەتیش بگەین، ئەوا دەتوانین بەر بە دەمارگیری و کینەدۆزی نەتەوەیەیی و جینۆساید و گەرمکردنی بازاری چەکسازی و زاڵترکردنی زلهێزەکان بگرین.

بۆ نموونە ئەگەر ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروباری گوندێك لە دەستی خودی دانیشتووانەکەیدا بێت، بەدڵنیاییەوە بەراورد بە مشەخۆرانی ڕامیار و پارتەکان، کە لە شارەکاندا خەریکی فەرماندانن، بەخۆیان دەتوانن باشتر گرفتەکانیان چارەسەربکەن، یەکگرتووتربن و هاریکاریی و هاوپشتییان لەتەك گوندەکانی دیکەدا هاوئاراستەتر بکەن و خۆبەڕێوەبەرایەتی هەرێمیی لەسەروو ئاستی گشت گوندەکانەوە لەسەر هەمان بنەمای ڕێکخستن و خۆبەڕێوبەرایەتی تاك تاکی گوندەکان، پێکبهێنن. هەروەها لە شارەکاندا ئەگەر ڕێکخستنی کاروبارەکان و بەڕێوەبەرایەتی لەسەر بنەمای پێکهێنانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و گروپە خۆجێی و هەرەوەزییە کۆمەڵایەتییەکان و یەکگرتنەوەیان و خۆبەڕێوەبەرایەتییان پێکهاتبێت، ئەوا دەبێتە هۆی دابەشبوونی یەکسانی دەسەڵاتی کارگێریی و یەکگرتنەوەی خۆبەڕێوەبەرایەتییەکانی گەڕەکەکان لە شورا یا فێدراسیۆنی شاردا، زەمینە بۆ لەباربردنی هەلی سەرمایەگوزاریی ڕامیاریی پارتەکان لەسەر کێشە و پرسەکان لەنێودەبات و بوارێك بۆ دەسەڵاتخوازیی سەرووخەڵکی و بەرتەرییخوازیی ڕامیاران و ..تد نامێنێتەوە، بەواتایەکی دیکە خودی دانیشتووانی ئەو شارە چ لەسەر ئاستی گەڕەکەکان و چ لەسەر ئاستی شار، لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا لەسەر بنەمای دیمۆکراسی ڕاستەوخۆ، گفتوگۆ لەسەر پرسەکان و گرفەتاکان و داخوازیی و پێداویستییەکان دەکەن و بڕیاریان لەسەردەدەن و بەخۆشیان وەك خواستی خۆیان بە ویستی [ئیرادەی] خۆیان بڕیارەکان جێبەجێدەکەن و گەڕەك و شارەکەیان بەڕێوەدەبەن. بەو جۆرە دەبینین، چیدی ئەوە سەروەرانی ناوچەی سەوزی بەغداد و سەری

ڕەش و قەڵاچوالان و سەر گردەکان و مشەخۆرانی نێو پارلەمانەکان نین، کە بڕیار لەسەر پرسەکان دەدەن، بەڵکو خودی ئەو تاکانەن، کە تا ئەم ساتە لە هەموو بڕیار و جێبەجێکردنێك بێبەش و دابڕاوکراون و وەك مێگەڵ، شوانە ڕامیارەکان و پارتەکان و فەرمانداریە [حکومەتە] هەرێمییەکان/ سەرتاسەرییەکان داهاتوویان دیاریدەکەن. زیندووترین نموونە لەم بارەوە، ڕێکخستن و خۆبەڕێوەبەرایەتی کوردستانی بەشی سوریەیە، هەروەها خۆبەڕێوەبەرایەتی شار و گوندە ئازادکراوە عەرەبنشینەکانی سوریە، پێش ئەوەی سوپای بەناو ئازاد و هێزە ئیسلامییەکان داگیریان بکەنەوە، کە شورا و کۆمیتە و ئەنجومەن و هەرەوەزییە گەلییەکان بەڕێوەیاندەبردن.

## لە ئاکسیۆن و ناڕەزایەتییەکاندا بەشداریتان کەمە؟

کامە ئاکسیۆن و ئاکسیۆن بۆ چی؟ ئەگەر مەبەست لە واژۆکۆکردنەوە و پارانەوە لە سەرۆکان بێت، تاوەکو دڵیان بە خەڵکی بسووتێت یا مەبەست خۆنیشاندانی یاسایی و هەڵای پارتەکان بێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە جێگەی ئەنارکییەکانی تێدا نابێتەوە و خەباتی ئەوان لەوێ نییە، بەڵکو لە جیاتی واژۆکۆکردنەوە، دروشمی ڕوخان و لە جیاتی خۆنیشاندانی یاسایی [گلەیی] و دەنگدان بۆ لابردنی سەرۆکێك و دانانی یەکێکی دیکە، ئەوا ئەوان لە گروپی خۆجێییەکاندا خەبات بۆ سەندنەوەی بەڕێوەبەرایەتی لە سەروەران و پاشڕەوانیان بە ئەڵتەرناتیف دەزانین. بەڵام لە هەر جێیەك ناڕەزاتییەك بەرووی سەرکوت و نایەکسانی و نادادپەوەریی و دەسەڵاتدا هەبێت، ئەوا ئەگەر کەسێکی ئەنارکی بە ئامادەیی فیزیکیش لەوێ نەبێت، دڵنیابە لەوەی کە بە هەموو بوون و هەستیکییەوە پشتیوانی لێ دەکات.

ئەگەر مەبەست لە ئاکسیۆن لە چوارچێوەی جوگرافیای هەرێمی کوردستانە، ئەوا هزری ئەنارکی لە سەرەتایی ناساندندایە و سەدەیەك زیاترە، کە دەسەڵات و هاوڕێ مارکسیستەکان ئەو هزرە دەشێوێنن و بە پێچەوانەکەی خۆی دەیچوێنن. بەڵام ئەگەر مەبەست لە وڵاتانی دیکەیە، ئەوا تەنیا سەیرێکی هەواڵەکان و کەناڵەکان بکەیت، دەبینیت، کە ئاڵای ئەنارکییەکان [ ئاڵا ڕەشەکان / ڕەش و سوورەکان / ڕەش و پەمەییەکان / ڕەش و سەوزەکان / ڕەش و سپییەکان، ڕەش و ئاڵەکان] بەڵگەی ئامادەیی ڕۆژانەی ئەنارکییەکانن لە ناڕەزایەتی و

خۆپیشاندان و سەندنەوەی کارگە و خانووبەرە و شوێنە گشتییەکان و تەنانەت خاڵیکردنەوەی شەقامەکان لە ئۆتومەبێل و ئامرازە ژینگە تێکدەرەکان.

شتێك کە پێویستە بۆ ئێمە ناڕازییانی هوشیار ڕۆشنبێت، ئەوەیە کە ئاکسیۆن بۆ خۆی ئامانج نییە، بەڵکو ئامراز و شێوەیەکی کاتیی خەباتە و شێوازی خودی ئاکسیۆن نیشاندەر و دەرخەری ئامانجی ئاکسیۆن و جەماوەرییبوونی داخوازییەکانە. بۆ نموونە کاتێك کە چەند گروپێکی ڕامیار ئاکسیۆنێك ڕادەگەیێنن، هیچ گومانی تێدانییە، کە بەدوای کۆمەڵێك دەستکەوتەوەن بۆ گروپەکانیان و ئەگەر لەو نێوەشدا ئاماژەیەك بە داخوازییەکی جەماوەریی بکرێت، ئەوا تەنیا وەك ئامرازی فریودانی جەماوەری ناڕازی دێتەگۆڕێ. چونکە شێوەی بڕیاردان و ئامادەکردن و سەرپەرشتیکردن و ئاراستەکردنی ئاکسیۆنەکە، دەریدەخات، ئەوانە دەستەبژێرێکی ڕامیارپیشەن، کە لە سەرەوە بڕیاردەدەن و بەپێی بەرژەوەندی و هەلومەرجی ڕێکخراوەییان دەستپێدەکەن و ئەگەر لەو ئاکسیۆنەدا بەرژەوەندی ڕێکخراوەییان بکەوێتە مەترسییەوە یا ئەندامێکی باڵایان ڕووبەڕووی مەترسی و زیندان ببێتەوە، زۆر ئاسایی کۆتایی بە ئاکسیۆنەکە دەهێنن و پشت لە جەماوەریی ناڕازی و خرۆشاو دەکەن. لەم بارەوە لە دوو دەهەی ڕابوردوودا چ لە خەباتی و چالاکی 'یەکێتی بێکاران لە کوردستان' و چ لە خۆپیشاندانەکانی دژی جەنگی نێوخۆ و چ لە خرۆشانە جەماوەرییەکەی ١٧ی فێبریوەری ٢٠١١دا و دەیان نموونەی دیکەدا دیتمان، کە چۆن گروپە ڕامیارییەکان لەپێناو خۆپاراستن و مسۆگەرکردنی دەستکەوتی ڕێکخراوەیی و دەستەبژێریی، ئامادەی سازش و دانیشتن و پێکهاتنن لەتەك دەسەڵات بوون و دەبن.

وەك گوتم ئاکسیۆن ئامرازە نەك ئامانج، کەسی چالاکی خەباتی جەماوەریی و کۆمەڵایەتی هیچ کات ئاکسیۆن لەپێناو ئاکسیۆندا ناکات، بەڵکو بۆ چارەسەری گرفتێك یا بەدەستهێنانی دەسکەوتێکی جەماوەریی و کۆمەڵایەتی ئەو چالاکییە ئەنجامدەدات، کاتێك ئامانجکە پەیوەندی بە پرسێکی کۆمەڵایەتییەوە هەبێت یا داخوازی پێداویستییەکی کۆمەڵایەتی بێت یا کاردانەوە و بەرەنگاریی جەماوەریی و کۆمەڵایەتی بێت بەڕووی نەخشە و بڕیارێکی سەروەراندا، ئەوا پێویستە بڕیاردان لەسەر ئەو ئاکسیۆنە و داڕشتنی نەخشەکاری لەنێوەندی کۆبوونەوە گشتییە جەماوەرییەکان و لە نێوەندە کۆمەڵایەتییەکاندا لە نێو ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و گروپە خۆجێیەکان و گەڕەکەکان و کارگە و فەرمانگە و خوێندنگەکاندا بدرێت، نەك لە

بنکەی پارتەکان و کۆبوونەوە ڕامیارییەکان و نێوەندە دەسەڵاتییەکاندا بڕیاربدرێت و لە دووتوێی پەرتووکە ئادیۆلۆجییەکاندا بۆ نەخشەکاری ئاکسیۆنێکی کۆمەڵایەتی ئەم ڕۆژگارە بگەڕێت. لەبەرئەوە بە دڵنیاییەوە ئەنارکییەکان لەو ئاکسیۆنە ڕامیاریی و پارتیی و دەستەبژێرییانەدا بوونیان نییە و ناشبێت و بە بۆچوونی من، ئەگەر ئەنارکییەك لەو کۆڕ و کۆبوونەوە و ئاکسیۆنە پارتیی و ڕامیارانەدا ئامادەیی هەبێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە کەسێکی سەرلێشێواو و ئالوودەبووە بە دەسەڵاتخوازیی و بڕیاردان لە سەرووی خەڵکەوە.

**ئەگەر کەسانێکی وەک ئێوە بچنە پارلەمان و نوێنەرایەتی ئەو خەڵکە بکەن، کە لە هەموو لایەکەوە فریو دەدرێن، خراپی چییە؟ ئایا دەنگهەڵبڕینتان لە هۆڵەکانی پارلەمان و دەزگە پانوپۆڕەکانی ڕاگەیاندنەوە باشتر نییە لەو گۆشەگیرییەی ئێستا کە کەس ناوتان نازانێت و نازانێت کە هەن؟**

پێش هەموو شتێك، بەدڵنیاییەوە کەسانی ئەنارکی لەسەر بنەمای ئەزموونگیریی لە بێهوودەیی و خراپیی ئەو کارە، بەشداری گاڵتەجاری هەڵبژاردنی پارلەمانی ناکەن و ناچن و هەر کات شتی ئاوا ڕوویدا، ئەوا ئیدی ئەو کەسانە نە ئەنارکین و نە ئەنارکییەکان گوێیان بۆ شلدەکەن و بەدڵنیاییشەوە لە نوێنەری پارتە بۆرجوازییەکان خراپتر و هەڵخەڵەتێنەرتر دەبن، بەڵام باشتر نابن. چونکە گەندەڵی و دژبوونی نوێنەرەکان بۆ کەسەکان ناگەڕێتەوە، بەڵکو ئەوە سروشت و میکانیزمی سیستەمە پارلەمانییەکەیە، کە ئەگەر خودی کاندیدەکە/ پارلەمانتارەکەش مشەخۆر و دژەخەڵك نەبێت، ئەوا میکانیزمەکانی سەروەریی و بەرتەیی مشەخۆیی ئاوای لێدەکەن، بەو ئاراستەیە بجزوێت، کە خودی پارلەمان و بەڕێوەبەرایەتی سەرووخەڵکی لە پێناویدا پێکهاتووە. ئا لێرەوە سەرنج بدە، خراپییەکەی ئەوەیە، کە ئەگەر خەڵکی متمانەی بە ئەنارکییەکان/ سۆشیالیستەکان هەبێت، ئەوا ئەو کاتە ئەوان باشتر لە بۆرجواکان دەتوانین خەڵك بۆ سەروەری بۆرجوازی فریوبدەن. بەواتایەکی دیکە لە دیواخانی دەسەڵاتداراندا، کەسێکی بەناو سۆشیالیست و کۆمونیست زیاتر و خراپتر لە کەسێکی مەزهەبی و ناسیونالیست، دەتوانێت چەوساوان بە سیستەمی چینایەتی خۆشباوەڕبکات و لە چاوەڕوانی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریی لە سایەی سەرمایەداریدا، ڕادەگرێت و بە پارلەمانتاری باش و سەرۆکی باش و پارتی باش و پارلەمانی باش و فەرماندارییی باش و دەوڵەتی باش خۆشباوەڕیدەکات.

بنەما و تان و پۆ و فیلۆسۆفی سیستەمی پارلەمانی بریتییە لە پاراستنی پیرۆزی سەروەریی چینایەتی و دارایی تایبەتی و کاریکرێگرتە لەژێر ناو و دێوجامەی بەرژەوەندی گشتی و سەروەریی یاسایی و فەرمانداریی+گەل [دێمۆ+کراسی]دا، واتە هەر کات پارلەمانتارێك دژی کارکردی پارلەمان و دەستوورەکەی بوەستێتەوە، خۆبەخۆ بە وەستانەوە دژی ئەوەی ناویانناوە بەرژەوەندی گشتی و فەرمانڕەوایی گەل لێکدەدرێتەوە و هەر بەو دەستوورەی کە کەسی کاندیدکراو پێش هەڵبژرادنی و پاش براوەبوونی لە هەڵبژرادندا، واژۆی دەکات و سوێندی یاسایی لەسەر دەخوات و پابەندیی خۆی بۆ دەسەلمێنێت، ئەوا تێڕوانین و بڕیار و هەڵوێستەکانی لە بەرژەوەندی و پشتیوانی جەماوەری ناڕازی دەرەوەی پارلەمان، یا لە دژی کۆمپانییە پاوانگەر و چەپاوڵگەر و وێرانگەرەکان، بە تۆمەتی دژە دەستووربوون، ناچار بە وازهێنان یا دادگاییکردن دەبێتەوە. بەو جۆرە ئەگەر بە وردی و بە ڕەخنەوە سەرنجبدەین، ئەوە دەبینین، کە پارلەمان یانەی خەبات و تێکۆشانی چەوساوان نییە، بەڵکو یانەی میانجیگەریی نێوان دەسەڵاتدان و ڕێکخستنی بەرژەوەندی ڕامیاران و سەرمایەدارانە، بەواتایەکی دیکە یانەی تەبایکردنی دەسەڵاتداران و خاوەن بەرژەوەندییەکان و ڕەوایەتییدانە بە بڕیار و داخوازیی سەرمایەداران و پەسەندکردنیانە وەك بەندی دەستووریی بەناوی بەرژەوەندی باڵا و گشتییەوە.

کاتێك کە هەر لە سەرەتاوە ڕۆڵ و سنووری چالاکی و شێوەی کارکردنی نوێنەر دیاریکرابێت و ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتداریی سەرووخەڵك و تاڵانگەریی کۆمپانییەکان و ڕەتکردنەوەی تەڕاتێن و زاڵیی مەرجەکانی نێوەندە جیهانییەکانی وەك سندووقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی و دەوڵەتانی ناوچەکە و زلهێزەکان، بقە و نەگۆڕبێت، ئیدی سۆشیالیستەکان [ئەنارکیست و کۆمونستەکان] لەوێندەرێ [لە نێو پارلەمان] چی دەکەن و بەتەمای چین و چییان پێدەکرێت؟

هەروەها پارلەمان چ وەك دەزگەیەك و چ کایەکەرانی [پارلەمانتاران] پێش هەموو شت نوێنەرایەتی پارت و ڕامیاریی و لیست و بەرژەوەندییەکانی خۆیان و چینەکەیان دەکەن. ئەگەر هەمووان نوێنەرایەتی جەماوەردەکەن، ئیدی جەماوەر چ پێویستی بەو هەموو بەرنامە و پارت و لیستە جیاوازە هەیە، ئایا من لە کۆڵان و گەڕەکەکەمدا یا لە خوێندنگە و کارگە و فەرمانگە و مەیدانی بێکاراندا، داخوازی و پێداویستی گشتیی جیاواز لەوەی هاوکۆڵان و هاوگەڕەك و هاوپۆل و هاوکار و هاوفەرمان و هاودەردە بێکارەکەمم هەن و هەیە؟ ئەگەر وەڵام بەم سەرنج

و پرسیارە "نا"یە، ئیدی ئەو هەموو پارت و لیست و گروپە ناو و بەرنامە جیاوازە لەپێناو چی و سوودیان چییە؟ ئەگەر وەڵامەکە "ئەرێ"یە، لە کوێدا داخوازی و بەرژەوەندیی من و هاوگەڕەکەکەم، من و هاوپۆلەکەم، من و هاوکارەکەم، من و هاوفەرمانەکەم، من و هاوگوندیی و هاوشارییەکەم دەکەوێتە ناکۆکی و جیاوازییەکان چین، کە دروستکردنی پارت و بەرنامە و لیست و گروپی جیاواز دەکەنە پێداویستی وەڵامدانەوە ؟

هەڵبەتە با ئەوە لەو لاوە بوەستێت، کە خودی پارت ئامرازی بەدەسەڵاتگەییشتن و بەهرەمەندبوونی دەستەبژێرێکە لە سەروەری و مشەخۆریی بەسەر کۆمەڵگەوە، من ئەوەش دەزانم، کە فیلۆسۆفی سەرهەڵدانی پارت و گروپە ڕامیارییە جیاوازییەکان چییە و چی بووەتە دروستکەریان، بەڵام کاتێك کە قسە لەسەر بەرژەوەندی و داخوازی و ئارەزوو و ژیان و کاروباری جەماوەرێك، کۆمەڵێك، چینێك، توێژێك، گوندێك، شارێك، هەرێمێك، کۆمەڵگەیەك و "نەتەوەیەك" دەکرێت، قسە لەسەر پرس و گرفت و داخوازیی و ژیان و کاروباری گشتی دەکرێت، واتە شتە هاوبەش و نێوکۆییەکان، کاتێك کە شتەکان هاوبەش و نێوکۆیی بن، ئیدی ئەو هەمووە گروپ و پارت و ڕامیارە مشەخۆرە لەپێناو چی ؟

بەڵام، وەك ئەزموونەکانی کۆمەڵگە چینایەتی و دەرکەوتنی پاگەندەی سەروەران و دەسەڵاتخوازی خستوویانەتە ڕوو، ئەو گروپ و پارت و لیستانە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی چین و توێژێکی مشەخۆری کۆمەڵایەتی دەکەن و لەو نێوەشدا بەرژەوەندیی تاکەکەسیی ئەو کەسانەش، کە خۆیان کاندیددەکەن یا بە کودەتا و زۆردارەکی خۆیان دەسەپێنن، پێشنیارە و ئەگەر ئەو نوێنەرایەتییە بەخۆڕایی و خۆبەخشانە بووایە، بەدڵنیاییەوە هەر لەو ڕۆژەوە کە دیمۆکراسی ڕاستەوخۆ تێکشکێنراوە و دیمۆکراسی پارلەمانی بەناوی گەلەوە خراوەتە جێگەی تا ئەم ڕۆژە، هیچ ساختەچییەکی ڕامیار و پارتچییەك ئامادەنەدەبوو بۆ خولێکی یەك چرکەیی خۆی کاندیدبکات. بەڵام وەك گوتم هەم بەرژەوەندیی کەسیی خۆی و هەم هاوبەرژەوەندیی مشەخۆرانە و سەروەرییخوازانەی چین و توێژەکەی، تاکە هاندەر ی خۆکاندیدکردن و هەڵپەکردنی ئەون بۆ بردنەوە و بەدەسەڵاتگەییشتن، کە بە خانەنشینیی پاشایانە کۆتاییدێت. سەرەرای ئەمانەش، خودی پێکهاتەی پارلەمان، پێکهاتەیەکی قوچکەیی سەرووخەڵکییە و هیچ پەیوەندییەکی بە داخوازی و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە نییە. هەروەها دیوەکەی دیکەی نوێنەرایەتی جێگیر و بەرتەریدار و پارتییانە و ڕامیاریانەی کاندیدەکان، بریتییە لە

بێویستکردنی [بێئیرادەکردنی] دەنگدەران و چاوەڕوانهێشتنەوە و گوێڕایەڵکردنیان بۆ چوار ساڵی دیکە، تاوەکو هەلی هەڵبژرادنی شوانەیەکی دیکەیان بۆ دەڕەخسێتەوە. بەم جۆرە دەبینین لە ماوەی چوار ساڵی دیاریکراودا، پارلەمانتارانی هەڵبژێردراو و فەرمانداریی کابینەی فەرمانداریی پێکهاتوو لەوان، بە ئارەزووی خۆیان بڕیار لەسەر بەرپاکردنی جەنگ، سازش لەتەك نێوەندە جیهانخۆرەکان، بێکارکردنی جەماوەر، گرانترکردنی کرێی خانوو، کەمکردنەوەی مووچە و کرێی کار، فرۆشتن و تاڵانکردنی کەرتەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری، دابەشکردن و بەخشینەوەی سامان و داهاتی کۆمەڵگە بەسەر هێزە سەرکوتگەرەکان و بەکرێگیراوانی خۆیان، بەرتەریدان بە خاوەنکاران و بەرتەریدان بە کۆمپانییە جیهانییەکان و دەرگە ئاوەڵاکردن بۆ زلهێزەکان، وێرانکردنی ژینگە، دەرکردنی یاسا هەڵاوێرییەکان [لەوانە یاسای چەند ژنە و پلەدوویی کۆچەران] و یاسای تایبەت لە بەرژەوەندی خۆیان، دابینکردنی مووچە و خانەنشینی پاشایانە بۆ خۆیان و دەستوبەندەکانیان..تد لەو چوار ساڵەی نوێنەرایەتی دەنگدەرانی بەمێگەلکراودا، ئەوان مافی هەموو ملهوڕییەکیان بەسەر کۆمەڵگەوە هەیە و تا ئێستا لە مێژووی سیستەمی پارلەمانیدا ڕوونەداوە، کە پارلەمان و پارلەمانتاران لە بەرژەوەندی چین و توێژەکانی خوارەوە بڕیارێك یا یاسایەك دەربکەن، ئەگەر شتی ئاواش ڕوویدابێت، ئەوا تەنیا کاتێك بووە، کە کۆمەڵگە خرۆشاوە و شەو و ڕۆژ تێکۆشانی بۆ کراوە و پارلەمانتاران لە ناچاریی و لەژێر فشار و مەترسی هەڵگەرانەوەی جەماوەردا، ناچار بە هەزار و یەك فروفێڵەوە یاسا و بڕیارەکان دەستکاریکردووە یا وەك شتێکی کاتی ڕایانگرتووە. ئەمە دیوی شاراوە و داپۆشراوی نوێنەرایەتی ناڕاستەوخۆیە، کە هەردەم بە دێوجامەکانی نوێنەرایەتی هاوبەرژەوەندیی "نەتەوەیی" و "نیشتمانی" و "ئایینی" و "ڕەگەزیی" ڕزاێنراوەتەوە. لەبەرئەوە بوونی من یا تۆ یا ئەو، نیازپاکی و دڵسۆزیی من و تۆ یا ئەو، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە هەر کەس گەیشتە ئەو جادووگەرخانەیە، دەبێت و بەسەریدا دەسەپێنرێت، کە لە بەرژەوەندی سیستەمەکە مشەخۆرییەکە بدوێ و بڕیاربدات، ئەگەرنا زۆر بە ئاسانی لە سیناریۆیەکی ڕامیارییدا کەنارەگیردەکرێت، هەڵبەتە ئەگەر کەسەکە بتوانێت لە بەرامبەر حەزی سەروەرییخوازیی و مشەخۆرییدا پاکی خۆی ڕابگرێت و دڵسۆز بمێنێتەوە !

لەبەرئەوە، هەر ئاوا کە ناکرێت چەك بۆ زیندووکردنەوەی کوژراوان بەکاربرێت، ئاواش ناکرێت دەزگەی فریودان بۆ هوشیارکردنەوەی خەڵکی بەکاربرێت. پارلەمان کۆڕی مشەخۆرانی

کۆمەڵگەیە و هەر کەسێك تەنانەت هەژارترین کەس و شۆڕشگێڕترین کەسیش بچێتە ئەو کۆڕەوە، ئەوا تەنیا دوو ڕێگەی لەبەردەمدا هەیە؛ یا خۆکوژی و وازهێنان یا بەشداربوون لە مشەخۆری و گەندەڵی و خەڵکفریودان !

## مەسەلەی حیجاب و دەسەڵاتی ئیسلامییەکان، ئێوە کەمتر قسەی لەسەر دەکەن؟

سەرپۆش و جۆرەکانی پۆشاك، پەیوەندییان بە حەز و خواست و ویستی تاکەکانەوە هەیە، من کوێخای هیچ کەس نیم و مافی ئەوەم نییە، کە بە کەس بڵێم سەرت داپۆشە یا سەرپۆشەکەت فڕێدە، بەڵام کاتێك کە کەسێك یا گروپێك یا دەسەڵاتێك بیەوێت بەسەر کەسێك یا بەشێکی کۆمەڵگەدا پۆشینی پۆشاك یا نەپۆشینی بسەپێنێت، وەك هەر سەرکوتگەرییەکی دیکەی سەروەران، سەرسەختانە دژایەتییدەکەم. هەروەها من لەو بڕوایەدام سەرپۆشین و نەپۆشین ناتوانن بنە پێوانەی ئازادی و ئازادیخوازیی کەسێك. دەکرێت ژنێك چ بە زۆر و یا بە ئارەزووی خۆی سەرپۆش لەسەری بپێچێت و ڕادیکالترین ئازادیخواز بێت، هەروا بۆی هەیە ژنێك چ بە خواستی خۆی و چ بە زۆر خۆی ڕووتبکاتەوە و کۆنەپەرسترین کەس بێت. لێرەدا دوو نموونە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەم دەهێنمەوە:

یەکەم، ژنانی یەمەن و میسر و تونس و سوریە دەکەمە نموونە، کە لە ڕاپەڕینەکاندا بەشدارییان دەکرد و مۆتۆری بزووتن و ڕادیکاڵبوونی ڕاپەڕینەکان بوون. ئەگەر سەرنجی دروشمەکانی ژنانی بەسەرپۆشی یەمەن و پیاوانی بێسەرپۆشی ئەو وڵاتە بدەین، دەبینن ڕادیکالیزم و ئامادەیی شۆڕشگێڕانەی ژنان زۆر لە پیاوان زیاتر بوو و بگرە لە ژنانی بێسەرپۆش شۆڕشگێڕانەتر لەسەر شەقامەکان بوون. هەڵبەتە لەبەرئەوە نا، کە سەرپۆشیان بەسەرەوە بوو، بەڵکو لەبەرئەوەی بەزۆری ژنانی زەحمەتکێشی چین و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بوون. بەڵام لە بەرامبەردا ژنانی خوێندوار و پلەدار، کە بێسەرپۆشن، وەك سروشتی چین و توێژەکەیان پارێزگار و دوورەپەرێز و نادەربەست بوون. لەم بارەوە، بڕواناکەم وێنەی ژنانی چادرپۆشی یەمەن، کە چەند ڕۆژێك بەردەم زیندانی پایتەختی ئەو وڵاتەیان گرتبوو، تاوەکو هاوڕەگەزە ژورنالیستەکەیان لەو زیندانەدا ڕزگاربکەن، بە ئاسانی لە هۆشی زۆرینەماندا سڕدرابێتەوە.

دووەم، ئەگەر خۆڕووتکردنەوە پێوەری ئازادیخوازیی بووایە، بەو جۆرەی کە چەپەکان و هەندێك لە ناسیونالیستەکان پاگەندەی دەکەن و وێنەی ژنانی سفوری جاران وەك پێشکەوتن بە بەراوردی ئێستای کۆمەڵگە دەخەنەڕوو، دەبوو ژنانی سێکسفرۆشخانەکان ئازادیخوازترین و پێشڕوانی بزاڤی یەکسانی و ژن و پیاو بووایەن، بەڵام بەپێچەوانەوە لە بارەی ماف و ئازادی و خۆڕزگارییەوە، کەمدەرکترین توێژی ژنان پێکدەهێنن و خوارتر لەو ئاستە تەماشای خۆیان دەکەن، کە ئایینیەکان بۆیان دیاریکردوون. ئەگەر ژنانی سەرپۆشپۆشی ئاییندار تا ئاستی دارایی پیاوەکەی خۆی کەم ببینێت، ئەوا ژنانی هەردەم ڕووتەڵەی سێکسفرۆشخانە و ڕابواردنگەکانی دیکە، تا ئاستی کاڵابوونی هەر ڕۆژە لە بازاردا کێبڕکێی خستنەڕووی خۆیان وەك کاڵای خوازراوی پیاوان و هەراجخانە، خۆیان کەمتر تەماشادەکەن و دەنوێنن.

لەبەرئەوە، من هەر ئاوا کە لە بڕیاری سەپاندنی ڕووپۆشدا فاشیزمی مەزهەبیانەی پیاوان دەبینم، هەر ئاواش لە بڕیاری قەدەخەکردنی ڕووپۆشدا، فاشیزمی سێکیولاریستەکان دەبینم. هەر دوو بەرەکە خەریکن لە سەرووی ویست و ئازادی تاکەوە بڕیاردەدەن و حەزە مەزهەبییەکانیان گشتگیردەکەنەوە، لەبەرئەوە هیچ جیاوازییەك لەنێوان سووکایەتی دەمهەراشێکی ئیسلامیست بە ژنانی خۆنەپۆش و سووکایەتی دەمهەراشێکی ناسیونالیست و سکیولاریست بە ژنانی خۆپۆش نییە و هەردووکیان دوو دیوی یەك ئایدیای فاشیستین؛ بڕیاردانی ڕامیاران لە سەرووی ویستی تاکەوە !

لە بارەی بەشی دووەمی پرسیارەکەوە [دەسەڵاتی ئیسلامییەکان]، ئەنارکییەکان نەك هەر دەسەڵاتی ئیسلامییەکان ڕەتدەکەنەوە، بەڵکو مافی دەسەڵاتداربوون بە خۆیان و بە کەسی دیکەش نادەن و دژایەتی هەموو دەسەڵاتێك دەکەن، چ دەسەڵاتی مزگەوت و کەنیسە و کلیسا و تێمپڵەکان بێت یا دەسەڵاتی پارلەمانتارەکان و فیلۆسۆفەکان بێت. چونکە دەسەڵاتی سەرووخەڵکی هی هەر کەس و لایەنێك بێت، هەر خزمەت بە بەرژەوەندی چینێکی باڵادەستی ئابووریی و کۆمەڵایەتی دەکات و ئیسلامیش وەك مەزهەب، ئایدیۆلۆجیای سەروەری چینایەتەییە !

ئەگەر مەبەستیش لە کەمی بەکاربردنی واژەی ئیسلامی و "حیجاب" بێت، ئەوا هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەنارکییەکان دژی هەموو سەپاندنێکن بەسەر تاکەکەسدا و ئازادی تاك بە بنەمای ئازادی کۆمەڵگە دەزانن و ئازادی تاکیش تەنیا لە فرێدانی سەرپۆشدا

کورتناکەنەوە، بەڵکو فراوانتر و واوەتر لە تێڕانینی چەپەکان و دەوڵەتگەرا بەناو سۆشیالیستەکان، هەموو پرسێکی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە بە ئازادی و ئازادبوونی تاکەوە دەبەستنەوە و کۆمەڵگەی ئازاد تەنیا لە ئازادی هەموو تاکەکاندا وێنادەکەن؛ ئازادی بەواتای سەربەخۆبوونی ئابووری و ڕامیاری و کولتووریی و کۆمەڵایەتیی تاك. ئەنارکییەکان قسە لە ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی چینایەتی دەکەن، کە هەم دەسەڵاتی ئیسلامییەکان و هەم دەسەڵاتی پارلەمانی دەستەبژێر و تەکنۆکراتەکان و هەم دەسەڵاتی پارتە پێشڕەوە کۆمونیستەکانیش دەگرێتەوە. ئاوا کە لە جیاتی دەستەواژەی فەرمانداریی [حکومەتی] "ناسیونالیستی" و "قەومی و "عەشیرەتی"، دەستەواژەی دەسەڵات و فەرمانداریی بۆجوازی بەکاردەبەن، هەر ئاواش لە جیاتی دەسەڵاتی ئیسلامییەکان، دەسەڵاتی بۆرجوازی و چینایەتی بەکاردەبەن.

جیاوازییەکە لەوەدایە، کە تۆ لە ڕوانگەیەکی چەپییەوە، ڕەتکردنەوەی دەسەڵات و فەرمانداریی و دەوڵەتی ئیسلامی و جێگرتنەوەی بە دەسەڵات و فەرمانداریی و دەوڵەتی پارتە چەپەکان بە سۆشیالیزم ببینیت، ئەمەش بەو سەرەنجامەت دەگەیێنێت، کە دروشمی نەهێشتن و قەدەخەکردنی سەرپۆش و جێگرتنەوەی فەرمانداریی ئیسلامی بە فەرمانداریی سێکیولاریستی، بە شۆڕش و گۆڕانی شۆڕشگێڕانە بزانیت. ئەمەش بۆخۆی ڕێگرێکی گەورەیە لەبەردەم دیتنی ئەو دیوی دروشمە بریقەدارەکان، کە فاشیستیبوونی سەپاندنی سەرپۆش و قەدەخەکردنی سەرپۆش و یەکیبوونی نێوەڕۆکی چینایەتی دەسەڵات و فەرمانداریی و دەوڵەتی ئایینی و سێکیولاریستییە و واوەتر لەوەش، ئەوەیە کە دەوڵەتی سێکیولایستی بریتییە لە یاساییکردن و دونیاییکردنی سێکوچکەی دەسەڵاتی (خوا – کەنیسە – پاشا)، نەك جیاکردنەوەی ئایین لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگە، وەك ئەوەی چەپەکان پاگەندەی بۆ دەکەن.

## ئەو ڕێکخراوانەی کە تۆ باسییان دەکەی، چ زەمانەتێک هەیە کە بە دەردی ئەوانەی پێشتر نەچن؟

پرسیارێکی گەلێك دروست و هەردەم پێویست و بەجێیە، چونکە بەتەنیا جیاوازبوون بەناو و پاگەندەکردنی شتەکان، ناکاتە جیاوازی لە میکانیزمی کار و شێوازی ڕێکخستندا، بەڵکو ئامادەیی خۆهوشیاریی و خۆچالاکی و خۆڕێکخەریی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوانە دەبێتە

مسۆگەرگەری ئەوەی کە ئەو ڕێکخراوانە وەك ڕێکخراوە قوچکەییەکان، لەلایەن کەمایەتییەکی بەتوانا و دەستەمۆگەرەوە, دەستەمۆ و کۆنترۆڵنەکرێن. ئەمە بەواتای پێویستی پێداگرتن لەسەر ڕۆڵی چارەنووسسازانەی میکانیزمەکانی خۆڕێکخستن و شێوازی خۆچالاکی و خۆکارایی گشت ئەندامانی پێکهێنەری ڕێکخراوەکە دێت، بەوەی کە ڕێکخراوەکان لە جیاتی پشتبەستن بە بڕیاری سەرەوە و نێوەندیی کار، بەکۆ-هەڵسەنگاندن و بەکۆ-بڕیاردان و بەکۆ-جێبەجێکردن لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا دەکەنە میکانیزمی بەرگرتن لە خۆسەپاندن و فەرماندان و زاڵبوونی دەستەبژێرە ڕامیارپیشەکان.

وەک دەزانین، هەموو ڕێکخستێکی ئایدیۆلۆجی و ڕامیاریی لەسەر ئەو بنەمایەی، کە هۆش/ تیئۆری بە هۆکار و دروستکەری بزووتنەوەکان دەبینێت، خۆبەخۆ پێویستی بە نێوەندگەرایی بۆ ڕێکخستن و کارکردن و بڕیاردان و جێبەجێکردنی کاروبارە پارتییەکانی هەیە، نێوەندگەراییەش پێویستی بە شوانە/ ڕابەر لە لووتکەدا هەیە و شوانەش پێویستی بە کۆمەڵە پاشڕەو و ملکەچێکی زمانلوس و فریودەر بۆ ڕاگرتنی خۆشباوەڕان هەیە. بە هەمان شێوەش ڕێکخراوە بەناو جەماوەرییە پاشکۆکانی دەوڵەت و پارت خۆبەخۆ کۆپیکردنەوەی هەمان پێکهاتەی قووچکەیی و ڕێکخستنی سەروخوار و پلەبەندیی کاروبارەکان و چالاکییەکان و بڕیارەکان دەبن، کە لە سەردەمی سەرهەڵدانی پارتی سۆشیالدێمۆکراتی ئاڵمانەوە تا سەردەمی بۆلشەڤیکەکان و تا ئەم سەردەمەی پارتە حیکمەتیستەکانی ئێران و عیراق، هەر هەوڵ و بزووتنەوە و ڕێکخراوێك، کە لەبەر نائامادەیی خۆهوشیاریی ئەندامان و خۆکارایی چالاکانی ڕەدووی پارتە ڕامیارەکانکەوتبێت، ئەوا هەنگاو بە هەنگاو لاوازبوون و دەستەمۆبوونی لەلایەن پارت و ڕێکخراوە ڕامیارییەکانەوە تەشەنەپێدراوە و دواجار وەك هەر شانەیەك یا کۆمیتەیەکی پارتیی دەستیبەسەرداگیراوە و وەك ئامراز بۆ بەدیهێنانی داخوازیی و حەزەکانی دەستەی سەروەرانی پارت [نووسینگەی ڕامیاریی، کۆمیتەی نێوەندی و کۆمیتەی ڕێکخستن و لێژنە خۆجێیەکانی پارت] بەکاربراوە و دەبرێن. لەم بارەوە نموونە زۆرن، هەر لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابوردووەوە لە سایەی زاڵبوونی ڕامیارییەکانی (حشع)دا تا دەهەی نەوەدی سەدەی ڕابوردوو لە سایەی زاڵبوونی ڕامیارییەکانی ڕەوتی کۆمونیزمی کارگەریی، بینەری چەندین بزووتنەوەی جەماوەریی و کۆمەڵایەتی بووین، کە بە هۆی هەژموونی ئەو دوو ڕەوتەوە لەباربراون و خەسێندراون و دواجار لەتەك تێکشکانی خۆیان، ڕێکخراوە جەماوەرییەکانیشیان بەرەو تێکشکان بردوون.

ڕێکخراوەی خۆبەخۆیی جەماوەریی وەك سروشتیترین یەکێتی چینایەتی چین و توێژە پڕۆلیتێرەکان، هەردەم لە بەرامبەر هەوڵی دەستەمۆکارانەی پارتەکان و کەس و دەستەبژێرە ڕامیارەکاندا کاردانەوەیان نیشانداوە و یەکەمین هەنگاوی ئەو کاردانەوەیە ئەوە بووە، کە سەربەخۆیی چینایەتی خۆی لە هەژموونی دەسەڵات و ڕیفۆرمیزم بپارێزێت و هاوکات بە دەرککردنی ئامانج و پەیبردن بە هاندەرەکانی هەوڵی خۆتێهەڵقورتاندنی پارت و ڕێکخراوە ڕامیارییەکان لە خەباتی جەماوەرییدا بۆ بە ڕامیارییکردنی خەباتە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکەی، خەباتکاران و چالاکانی خۆهوشیاری ڕێکخراوە جەماوەرییەکان هەوڵی دابڕاندن و دەستکۆتاکردنی ڕامیاران و پارتەکانیان داوە.

هەڵبەتە لەبەرئەوەی کە دەستەمۆبوون و پاشکۆبوون و سازشکاریی تەنیا زەمینە یا هۆکاری دەرەکییان نەبووە، پرسەکە لێرەدا و بەم دوو بەرگرتنە کۆتایینەهاتووە، چونکە خودی تاکە ڕێکخراوەکانی نێو ئەو ڕێکخراوانە وەك هەر تاکێکی دیکە لە سیستەم و ڕێکخستنی پێکهاتە قووچکەییەکاندا پەروەردەبووە، ئەمە بۆ خۆی دروستکەری زەمینەی نێوخۆییە بۆ سەرهەڵدانی هەمان ئاراستە و هەژموون. ئەم هۆکارە سەرنجی چالاکان و خەباتکارانی ڕێکخراوەکانی بۆ بەرگرتن بە هەژموونی دەسەڵات و پارتەکان لەو ڕێگەیەوە ڕاکێشاوە و ناچار بە بیرکردنەوە لە هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتە قووچکەییەکان و هێنانەئارای میکانیزمگەلێکی ڕێگر لە دروستبوونەوەی پلەبەندی و پێگەی سەر و خوار و ڕێکخستنی قووچکەیی، کردووە. هەر ئەم پێداویستییە بووە، کە لە بەرامبەر پابەندیی ئایدیۆلۆجی و هێڵی ڕامیارییدا، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەشی چینایەتی و داخوازییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان ڕێکخراوە سەربەخۆ جەماوەرییەکان پێکهێنراون و لە بەرامبەر کۆبوونەوەی داخراوی نوێنەران و سەرۆکانی ڕێکخراوەکاندا، کۆبوونەوەی گشتیی گشت ئەندامان، لە بەرامبەر ڕێکخستنی قووچکەیی سەرکردایەتی و نێوەندی و سەرۆکایەتیدا، ڕێکخستنی ئاسۆیی لك و بەش و کۆڕ و کۆمەڵەکان و یەکگرتنەوەیان لەسەر بنەمای بەشداریی هەمووانی و دەنگدانی گشتی لەسەر پرسەکان لە کۆبوونەوەی گشتیدا پێشنیاربووە.

ئەم بنەمایانە دانراوی هیچ کەسێك نین، بەڵکو بەرەنجامی ئەزموونگیریی خەباتی چینایەتیی چین و توێژە پڕۆلیتێرەکانن و ئەنارکیستەکانیش بە پێداگرتنەوە و پابەندیی لەسەر سەربەخۆیی خەباتی چینایەتی و ناسینی ئەو خەباتە بە تاقە سەنگەری شۆڕشی کۆمەڵایەتی چەوساوان،

هەردەم پاگەندەی ئەم شێوازە لە ڕێکخستن [خۆڕێکخستنی چین و توێژە پرۆلیتێرەکان دوور لە دەستتیورانی ڕامیاران و پارتەکان و دەسەڵات]، بەکاربردنی ئەو میکانیزمانە  لە خەبات و چالاکیدا [بڕیاردان لەسەر پرسەکان و چارەسەر و داخوازییەکان لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا]، پێداگریی لە خەباتی ڕاستەوخۆ [مانگرتن و خۆنیشاندان و بایکۆتکردن و دەستبەسەرداگرتنی کتوپڕ و نایاسایی] و نانێوەندییانە [ناسێنترالییانە] بڕیاردان و چالاکی هەر بەش و لکێکی ڕێکخراوەکە یا فێدراسیۆن و کۆنفێدراسیۆنی ڕێکخراوەکان بە پەیڕوکردنی ئەم بنەمایە "خۆجێی چالاکی بکە و سەرتاسەریی و جیهانی بیربکەرەوە" ..تد دەکەن و بەوە لە ئاراستەکانی دیکەی نێو بزووتنەوەی سۆشیالیستی جیادەکرێنەوە، بەتایبەت لە دەوڵەتگەرا و دەسەڵاتخوازە بەناو سۆشیاکیستەکان !

ئەمە ئەو بنەمایانەن، کە ئەنارکییەکان پێداگرییان لەسەر دەکەن و بە بنەمای کاری ئەنارکۆسەندیکالیستی ناسراون. ئەگەر سەرنجبدەین، دەبینین، ئەو شێوازی ڕێکخستن و چالاکییە جەماوەرییەی کە لەسەرەوەدا هاتووە، خۆبەخۆ لە هەناوی خۆیدا هەڵگری میکانیزمەکانی بەرگرتن لە سەرهەڵدانەوەی پێکهاتەی چینایەتی [قووچکەیی] و دزەکردن و تەشەکردنی ڕیفۆرمیزم و بیرۆکراسی و هەلپەرستی دەستەبژێرییانەی ڕامیارییە. هەروەها ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکان، تەنیا ئامرازی ئەنجامدانی چالاکی و دەربڕینی ناڕەزایەتی و بەدەستهێنانی داخوازییەکی کاتیی نین، بەپێچەوانەوە یەکێکی دیکە لە جیاوازییە هەرە بنەڕەتییەکانیان، ئەوەیە کە فێرگەی پەروەردەکردنی مرۆڤی نوێ [مرۆڤی سۆشیالیستی ئازادیخواز]ن، واتە ئەو ڕێکخراوانە ئامانجیان لە چاکردنی ژیانی ڕۆژانە و هەلومەرجەکانی کار واوەتر دەڕوات و ئاراستەیەکی شۆڕشگێڕانەیان هەیە.

هەڵبەتە مسۆگەریی پابەندمانەوەی ئەو ڕێکخراوە بە سەربەخۆیی و خەباتی شۆڕشگێڕانەوە، پێش ئەوەی کۆمەڵێك بنەما و میکانیزم دابینی بکەن، بە خۆبیرکردنەوە و خۆڕێکخستن و خۆچالاکی و خۆبڕیاردان و خۆخەمخۆریی ئەندامانییەوە  پەیوەستە.

## ئایا ئێوە دەسەڵاتی شوراییتان ناوێت، ئیدی جیاوازیاتن لەگەڵ کۆمۆنیستەکان چییە؟

لێردا بەر لەوەی بڵێم نەخێر، پێویستە ئەوە بڵێم، کە بەداخەوە لە بەدەسەڵاتگەیشتنی

بۆلشەڤیکەکان بەم لاوە، ئەو دەستەواژەیە و ئەو چەمکە شێوێنراوە و لەتەك دەسەڵاتی نێوەندیی پارتە کۆمونیستەکان و پێکهاتەی هیرارشیانەی دەسەڵاتەکەیان یەکسانکراوە، ئەمە لەکاتێکدا کە سۆڤیێتەکانی ڕوسیا و کۆمونەکانی پاریس بۆ ئامانجێکی دیکە لەدایکبوون و زادەی پێگە و کەتوارێکی دیکەی تەواو جیاواز لە پارتایەتی و ئامانجە ڕامیارییەکان بوون. بەداخەوە هەر هەوڵێك بۆ پاڕاستنی ئەو ئامانجە لە پاش ساڵی ١٩١٨ەوە سەرکوتکراوە و دیارترینی ئەو هەوڵانە بۆ خۆبەڕێوەرایەتی سۆڤیێتی، یاخیبوونی شۆڕشگێڕانی کرۆنشتات و مانگرتنی کرێکارانی پترۆگراد بوو لە ساڵی ١٩٢١دا، کە لەلایەن بۆلشەڤیکەکانەوە خەڵتانی خوێنکران.

ئەگەر مەبەستی ئێوەش خۆبەڕێوەرایەتی سۆڤیێتە ئازادەکان بێت لەسەر بنەمای یەکگرتنی فیدراتیڤانە لە ئاستێکی فراوانتردا، ئەوا هیچ جیاوازی لەتەك خۆبەڕێوەرایەتی هەروەزەییە ئازادەکانی ئەنارکییەکاندا نابێت و نەك ئەنارکییەکان دژایەتی ناکەن، بەڵکو پارێزگاریشی لێدەکەن. بەڵام ئەوەی کە بۆلشەڤیکەکان بەناوی سۆڤێتەکانەوە کردیان، لای من هیچ جیاوازی لەتەك سۆشیالیزمەکەی پارتی بەعسی عەرەبی عیراق یا سوریە نەبووە و نییە. بە بەڵگەشەوە بێجگە لەوەی کە بنەمای ئابووریی و ڕێکخستنی کۆمەڵگە و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و شێوازی دابەشکردنی هەردووکیان هەر بە دارابوونی دەوڵەت و کرێگرتەیی چین و توێژە پرۆلیتێرەکان و جێگرتنەوەی دەسەڵاتداریی چینی بۆرجوازیی بووە لەلایەن پارتەوە، هەروەها وەك خۆم، کاتێك کە لەتەك کەسە بەتەمەنە ڕوسە کۆمونیستەکاندا قسەمکردووە و باسی سیستەمی ئابووریی و ڕۆڵی دەوڵەت و شێوازی کار لە سایەی دەسەڵاتی بەعسدا کردووە، دەستبەجێ گوتوویانە لەلای ئێمەش هەر ئاوابوو. من دەزانم ئەم ڕاستییە زۆر تاڵە و بۆ زۆرێك لە کۆمونیستەکان بەتایبەت مارکسیست-لێنیستەکان بیستینی ئاساننییە و هەڵدەچن، بەڵام بەڵگە مێژووییەکان دەیخەنەڕوو، کە لە ساڵی ١٩١٨ەوە کۆمیتەکانی کارخانە و سەندیکا کرێکارییە سەربەخۆکان و شوراکان کەنارەگیرکراون و باشترین نموونەش لە کاردانەوە و بەرەنگاریی سەرکوتکارییەکانی بۆلشەظیکەکان، مانگرتنەکانی کرێکارانی پترۆگراد و ڕاپەڕینەوەی شوراخوازەکانی کرۆنشتات بوون، کە لەلایەن لەشکری سووری بۆلشەڤیکەکانەوە کۆمەڵکوژککران و لە زیندانەکان و ئوردووگەکانی کاری زۆرەمێکدا لەنێوبران.

هەڵبەتە گرفتەكە هەر لەوەدا نییە، كە بۆلشەڤیكەكان چی بوون و چییانكردووە، بەڵكو گرفتەكە لەوە واوەتر و گەورەترە، بەوەی هێشتا كەسانێك هەن، كە لەژێر دێوجامەی دەستەواژەی "دەسەڵاتی شورایی"، "حكومەتی كرێكاریی" و "دەوڵەتی سۆشیالیستیی"دا درێژە بە هەمان دژەشۆڕشییەك دەدەن، كە بۆلشەڤیكەكان لە ڕاپەڕینی ١٩١٧ و ڕووداوەكانی دواتردا گرتیانەبەر. ئەوەی كە ئامانجی بزووتنەوەی شورایی ١٩٠٥ تا ١٩٢١ بوو، دەسەڵات نەبوو بەناوی شوراكانەوە، ڕێكخستنی سێنترالیستییانەی كۆمەڵگە نەبوو بەناوی شوراكانەوە، بەڵكو "خۆبەڕێوەبەرایەتی شورایی" بوو لەلایەن شوراكانەوە و بەڕێوەبردنی هەر گوند و گەڕەك و شار و كارخانە و شوێنەكانی دیكە بوو لەلایەن شورای خۆیانەوە و یەكگرتنەوەی بەڕێوەبەرایەتییەكانی ئەو شورایانە بوو لە ئاستێكی سەرتاسەرییدا، دوور لە دەستتێوەردانی پارت و ڕامیاران، واتە كۆمەڵایەتییكردنەوەی بەڕێوەبردنی كۆمەڵگە. هەر ئەم بنەما و ئاسۆییە بوو، كە خەباتی هەرەوەزییەكانی ئۆكرانیا و مانگرتنەكانی كرێكارانی پترۆگراد و ڕاپەڕیوانی كرۆنشتاتی پێكەوە گرێدەدایەوە. وەك دەبینیت، ئیدی جیاوازییەك لە نێوانیاندا لە ئارادا نییە، هەروەك چۆن لە سەركوتكردن و كۆمەڵكوژكردنیشیاندا لەلایەن بۆلشەڤیكەكانەوە بە فەرمانی لێنین و ترۆتسكی، هیچ جیاوازییەك نەبوو و نەكرا، كرێكارانی مانگرتووی پترۆگراد و ڕاپەڕینەوەی شوراكانی كرۆنشتات و بەرەنگاریی هەرەوەزییەكانی ئۆكرانیا وەكو یەك كرانە داردەستی دوژمن و وەكو یەك لەلایەن لەشكری سوورەوە درانە بەر دەستڕێژی گوللەی پارتی پێشڕەو و فەرمانداریيەكەی [حكومەتەكەی] !

چەوساوانی كۆمەڵگە [چین و توێژە پرۆلیتێرەكان] هەوڵی قوتكردنەوەی دەسەڵات و فەرمانداریی و دەوڵەت بەناوی خۆیانەوە نادەن، چونكە هەم ئامانجی خەبات و شۆڕشە كۆمەڵایەتییەكەیان لەنێوبردنی پێگەی ئابووریی و كۆمەڵایەتیی ژێردەستانەی خۆیانە وەك چینێكی كۆیلەكراو و هەم ئامانجیان كۆمەڵایەتییكردنەوەی بەرهەمهێنان و دابەشكردن و بەڕێوەبردنی كۆمەڵگەیە، واتە دابینكردنی یەكسانی دەسەڵات یا هەبوونی مافی بەشداری لە كاروبارە كۆمەڵایەتییەكاندا بۆ هەموو دانیشتووان. وەها پرۆسێسێك پێویستی بە دەسەڵاتی سەرووخەڵكی، پێشڕەویی دەستەبژێری ڕامیار و پارتەكان، بە میراتبردنی فەرمانداریی و دەوڵەت لە بۆرجواكانەوە نییە، بەڵكو ڕێك بەپێچەوانەوە پێویستییان بە بەرەنگاریی هەر هەوڵێكە، كە دەخوازێت جێگەی بازاری ئازاد بە بازاری داخراو، دارایی تایبەت بە دارایی دەوڵەتی، فرەپارتیی بە تاكپارتیی، پارلەمان بە شورای نێوندیی پارت و ڕامیاران و تەكنۆكرات و بەڕێوەبەران، دیكتاتۆریی بۆرجوازیی بە دیكتاتۆریی پارتیی بەناوی پرۆلیتاریاوە، بگرێتەوە !

لەبەرئەوە، ئەنارکیستەکان دژایەتی سەخت و بەردەوامی ئەو پاگەندە دەسەڵاتخواز و ڕامیارییانە دەکەن، کە بەناوی شورا و کۆمون و کۆمونیزمەوە دەخوازن کۆمەڵگەی چینایەتی لەسەر مۆدێلێکی دیکەی ڕێکخستنی چینایەتی ڕێکبخەنەوە، بۆ ئەو مەبەستە دژایەتی هەموو هەوڵێکی نێوندگەرایانە و هەموو ڕێکخستنێکی و قووچکەییانە دەکەن و ئەو دژایەتییە بە بەشێك لە خەبات دژی سیستەم و سەروەریی چێنایەتی دەزانن.

## ئایا ئازادی ڕەها کە ئێوە باوەڕتان پێی هەیە، نابێتە هۆی پێشێلی ئازادی کەسانێک لەلایەن کەسانێکی دیکەوە؟

ئازادی ڕەها وەك بۆرجواکان و دەسەڵاتخوازان دەیانەوێت بیشێوێنن، بە واتای ملهوڕی کەسانێك نایێت، بەلکو بە واتای ئەوە دێت، ئازادی من لە ئازادی تۆوە دەستپێدەکات و ئازادی کەسانی دیکە دەبێتە مسۆگەرگەر و دابینگەری. ئازادی لە ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای یەکسانی هەمووان و دادپەروەری بەدی دێت. ئەنارکییەکان لەمێژە لە بەرامبەر پاگەندەی لیبراڵەکاندا کە دارایی تایبەت بە مەرجی بوونی ئازادی دەبینن و لە بەرامبەر پاگەندەی مارکسیستەکاندا کە یەکسانی تەنیا لە سایەی دەسەڵاتی قەرەقوشیانەی پارتەکەیاندا دەبینن، دەڵێن «ئازادی بەبێ یەکسانی، بەهرەکێشییە، یەکسانیش بەبێ ئازادی، کۆیلەتییە» و بە بۆچوونی منیش بەبێ ئازادی لە کۆتوبەندە ئابوورییەکان و یەکسانی هەمووان لە دەسەڵاتدا، دادپەوەرییش ئەفسانەیە!

ئەگەر وێناکردنمان بۆ ئازادی ئەو مافەبێت، کە سەروەران یا هێزێکی دەرەوەی خۆمان دیاریدەکەن و پێماندەبەخشن و هەل و پانتاییەکی یەك شەو و ڕۆژە بۆ توانایەکانمان پەیدابووبێت، بێگومان تاکە هارکراوەکان یا هاربووەکان دەتوانن ئازادی ئەوانی دیکەی بەمێگەلکراو بەرتەسکبکەنەوە و بخەنە مەترسییەوە. بەڵام ئازادییەك کە بنەماکەی خودهوشیاریی تاکەکان بێت بە هاودەردی و هاوبەرژەوەندیی و هاوخواستیی و هاومافیی ئەوانی دیکە، ئەوا هیچ کات نابێتە دروستکەری ئەو بارودۆخە ترسێنەرە. وەها خودهوشیارییەك پرۆسێسێکی درێژماوەی چەکەرەکردووی مەیدانەکانی خەباتی جەماوەریی و کۆمەڵایەتییە، واتە تاکەکان لە هاوبەشیی و گشتێتی ئەو خەباتەدا کەسایەتی و ئازادی خۆیان

نازدەکەن و ئەوە دەرکدەکەن و بەو سەرەنجامە هوشیارانەیە دەگەنن، کە ئازادی هەر کەس لە ئازادی گشتدایە و ئازادی گشتیش لە ئازادی تاکەکاندا بەرجەستەدەبێت و مسۆگەردەبێت. هەروا سنووری ئازادی هەر تاکێکێش بە ئازادی ئەوی دیکە دیاریدەکرێت، بەڵام خودی ئازادی تەنیا کاتێك واتا پەیادەکات و دەگاتە ئاستی بێسنووریی، کە تاك لە کۆتوبەندە ئابووریی و ڕامیاریی و کولتوورییەکان ڕزگاری بووبێت و یەکسانی ماف و دەسەڵات بۆ هەمووان مسۆگەربووبێت و هەمووان لە هارمۆنی کۆمەڵگەدا بژین و ئازادی و دەسەڵاتییان دەرببڕن.

کاتێك کە ئازادی ڕەها لەسەر بنەمای خۆڕزگارکردن و ئازادبوونی تاك لە هێزە دەرەکییەکان و پشتئەستووبوونی ئەو ئازادییە بە هاوپشتی و هەرەوەزیی کۆمەڵایەتی لە پرۆسێسی خەباتی کۆمەڵایەتیدا بێتەدی و شۆڕشی کۆمەڵایەتی ڕێکخەری بێت، ئەوا هەرگیز سەرەنجامی ڕەهابوونی تاك لە ئازادیدا بە ملهوڕیی و زەوتکردن و بەزاندنی سنووری ئازادی کەسیی ئەوانی دیکە کۆتاییناییێت. بەڵام ئەگەر تاکەکان لە چاوەڕوانی بەدیهاتنی یەك شەوڕۆژەی ئەو ئازادییە لە سایەی بەدەسەڵاتگەییشتنی پارتێك یا لەقاڵبدانی ژیان لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆجییەکدا بن، ئەوا بەدڵنیاییەوە هەم ئازادی ڕەها بوونی نابێت و هەم ئەگەر ئەفسانەی ئاوا "ئازادی ڕەها لە سایەی سەروەریی پارت و فەرمانداریی و دەوڵەتی بەناو کرێکاریی" ببێتە شتێکی کەتواریی، ئەوا تاکەکان کە لە پرۆسێسێکی خۆڕزگارییدا پەروەردە نەبوون و هێشتا پەروەردەی کۆمەڵگەی سەرمایەدارین، یەك شەووڕۆژە نابنە فریشتەی ئازادی و بە دڵنیاییەوە درێژە بە ملهوڕییەکانی کەسایەتی بۆرجوازییان دەدەنەوە. هەر ئەم هۆکارانەیە، کە ئەنارکییەکانی گەیاندووەتە ئەو بڕوایەی کە گۆڕانی تاك لە کەسایەتی بۆرجوازییەوە بۆ کەسایەتی سۆشیالیستی لە ئەم ڕۆژەوە و هەر لەم کۆمەڵگە ناسۆشیالیستییەدا دەستپێدەکات و لە ڕەوتی خەباتی جەماوەریی و کۆمەڵایەتییدا خۆی پەروەردەدەکات، نەك لە ساتی سەرکەوتنی ڕاپەڕین و ڕوخانی دەوڵەتی سەرمایەدارییەوە!

## باشە ئەگەر ئێوە حکومەتی کرێکاری و حکومەت بە هەموو یوەکانییەوە ڕەتدەکەنەوە، چ جۆرە فۆرم و ئاڵتەرنایفێکتان بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا هەیە؟

ئەمە پرسیارێکی گرنگە و وەڵامێکی تێروتەسەل دەخوازێت، کە لێرەدا بڕواناکەم بتوانرێت

بچینە سەر هەموو لایەنەکانی، بەڵام بەکورتی دەتوانم بڵێم، ئەنارکییەکان دەوڵەت و بەڕێوەبەرایەتی قوچکەیی ڕەتدەکەنەوە، لەبەرئەوەی کە ئەو شێوانە لە ڕێکخستنی کۆمەڵگە، سەروەری کەسانیك بەسەر کەسانێکی دیکەدا مسۆگەردەکەن، کەواتە بۆ ڕەتکردنەوەیان، پێویستە شێوازێکی دیکە لە ڕێکخستن و بەڕێوەبەرایەتی بگیردرێتەبەر، کە بەرئەنجامێکی پێچەوانەی ئەوەی ئێستا هەیە، بەدەستەوە بدات. واتە لە پایەکانی سەروەری و دەستەمۆبوونی مرۆڤ بدات، ئەویش خۆبەرێوەبەرایەتی هەرەوەزییانەیە، واتە هەمووان لە کار و فەرماندا بەشداردەبن، هەر بەو جۆرەش دەبێت لە بەڕێوەبەردن و ڕێکخستنی ژیانیاندا بەشداربن. ئەمەش بە یەکێتی ئازادانە و ڕێکخستنی زنجیرەیی شوێنەکانی کار و ژیان دەکرێت. بۆئەوەی بەر بە دروستبوونەوەی سەروەری دەستەمۆکردن بگرین، پێویستە لە شێوازی نێوەندیبوونی بەڕێوەبەرایەتییەکان بدرێت و بڕیارەکان بۆ پێکهاتە خۆجێییەکان [ئەنجومەن، شورا ، سۆڤیەت، کۆمونە و هەرچی دیکە] بگەڕێنەوە و ئەوانیش لەسەر بنەمای ئازادی و یەکسانی و هاوپشتی، دادپەوەری کۆمەڵایەتی مسۆگەر بکەن و خۆیان لە ئاستێکی فراوانتردا ڕێکبخەنەوە.

بەکورتی، پێش هەموو شتێك پێویستمان بە لێدان و هەڵوەشاندنەوەی نێوەندیی ڕێکخستن هەیە، ئیدی ڕێکخستنی خێزانێك بێت یا ڕێکخستنی تیپێکی وەرزشی و ڕێکخراوێکی جەماوەریی و کارخانەیەك و دەزگەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکان بێت، واتە ڕێکخسینەوەی کۆمەڵگە لە شێوەیی پێکهاتەی ئاسۆیی؛ یەکسانی هەموو ئەندامانی لە بڕیاردان و جێبەجێکردن یا ڕەتکردنەوە و سەرپێچییکردن. ئەمەش دەبێتە هەڵوەشاندنەوەی گوتەی "دەوڵەت – وڵات – سەرتاسەریی". بە واتایەکی دیکە کۆمەڵگە نانێوەندییەکان دەبنە یەکەی پێکهێنەری یەکێتییە ئازادەکان لە فێدراسیۆن و کۆنفێدراسیۆنەکاندا. ئەگەر وردتری بکەمەوە، دەکاتە ئەوەی هەموو گوندێك خۆبەڕێوەبەرایەتی خۆی دەبێت، لە یەکێتییەکی ئازادانەدا لەتەك گوندەکانی دەوروبەری یەکدەگرنەوە و فێدراسیۆنە ناوچەییەکان پێکدەهێنن. لەسەر ئاستی شارە گەورەکانیش ئەنجومەن/ شورای گەڕەکەکان خۆبەڕێوەبەرایەتی گەڕەکەکان پێکدەهێێن و لەتەك خۆبەڕێوەبەرایەتی گەڕەکەکان و کارگەکان و کارگێڕییەکان و خوێندنگە و نێوەندەکانی دیکە یەکدەگرنەوە و فێدراسیۆن یا ئەنجومەن/ شورای شار خۆبەڕێوەبەرایەتی شار پێکدەهێنن و یەکگرتنەوەی فێدراسیۆنە ناوچەییەکان و شارییەکان، فێدراسیۆنی هەرێمی پێکدەهێنن و یەکگرتنەوەی ئازادانەی فێدراسیۆنە هەرێمییەکان، کۆنفێدراسیۆنەکان

پێدەهێنن. بەم جۆرە ئەم زنجیرەیە لە یەکگرتن و پێکهاتن کیشوەریی و جیهانی دەبێتەوە. بەڵام لەبیرمان نەچێت ئەم پێکهاتنانە بەبێ یەکێتی و هاوپشتی هەرەوەزییە ئازادەکان و گروپە خۆجییەکان و خۆبەڕێوەبەرایەتیی دەزگە و نێوەندەکان، هەرگیز مەیسەر نابێت. لەمەش گرنگتر هەنگاونان و کارکردنی هەر ڕۆژەیە هەر لە ئێستاوە لەنێو ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکان و لە ڕەوتی خەباتی کۆمەڵایەتییدا بۆ جێخستنی وەها ژیان و ڕێکخستن و کارکردن و پێکهاتنێك.

## ئەگەر ئێوە دەسەڵات بگرنە دەست، ئایا بوونی مزگەوت و کلیسا و کەنیسە و تێمپلەکان چی بەسەر دێت، ئەی مانگاپەرستی چی؟

بەر لە هەموو شتێك ئەنارکییەکان هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵات نادەن، بەڵکو هەوڵی لەنێوبردنی هەموو دەسەڵاتێکی سەروو خەڵکی دەدەن، بە واتایەکی دیکە، هەر ئاوا پێیانوایە کە هەموو تاکێك توانانی خۆڕزگارکردن و خەباتکردنی هەیە، هەر ئاواش هەموو تاکێك توانی خۆبەڕێوەبردن و بریاردانی هەیە. بەم جۆرە خۆبەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگە ئەرکی هەمووان دەبێت و پێویستمان بە ڕابەریی و سەروەریی هیچ کەس نییە و نابێت، تاوەکو کۆمەڵگە بە فەرماندان و سەرەنێزە ڕێکبخات و ڕابگرێت. هەروەها هەر ئاوا کە ئەنارکییەکان بیرکردنەوە وەك ئازادی تاکەکەسی لەبەرچاو دەگرن، ئایینیش وەك شتێکی تایبەت و تاکەکەسی لەبەرچاو دەگرن. بەڵام کاتێك کە ئایین و ئەو نێوەندانە بکرێنە شوێنی دژایەتی کۆمەڵگە، ئەوسا ئەوە ئەرکی گشت ئەندامانی کۆمەڵگەیە، چۆن هەڵوێست وەردەگرێت، نەك ئەنارکییەکان لە جیاتی خەڵکی. چونکە ئەنارکییەکان تاکی ئاسایی کۆمەڵگەن و تەنیا بەو ڕادەی کە هوشیارن و دەرکی پرسێك دەکەن، ئەرك و خەباتی زیاتریان دەکەوێت ئەستۆ، ئەرك و خەبات نەك فەرماندان و دەسەڵات و سەروەری و بڕیاری قەرەقوشییانە بەناوی خەڵکەوە !

لەسەر ئەو بنەمایە، ئایین پرسێکی تاکەکەسییە و بوونی پەرستگەکان وەك هەر شوێنێکی گشتی، پەیوەندی بە کۆمەڵگەکانەوە هەیە، واتە ئەوە گوند و شارەوانییەکانن کە بڕیاردەدەن، تازەبکرێنەوە، گەورەبکرێن یا بچووکبکرێنەوە و بروخێندرێن. هەر ئاوا کە کەسانێکی وەرزشگەر مافی ئەوەیان هەیە، وەرزشگە و تیپێکی تایبەت بە خۆیان هەبێت، بە هەمان

شێوە پێویستە و دەبێت ئایینداران یا بێئایینان مافی ئەوەیان هەبێت پەرەستگە یا شوێنی کۆبووەنوەی گشتییان هەبێت، بەڵام یەك شت دەبێت ڕۆشنبێت، کە چالاکی ئایینی وەك چالاکی وەرزشی و هونەری و ئارەزووەکانی دیکە، بە پیشەی کۆمەڵایەتی لەبەرچاوناگیردرێت و هیچ پاداشتێکی نابێت، بەڵام ئاییندارانیش وەك گشت دەتوانن لە تواناییەکانی کۆمەڵگە بەهرەمەندبن. سەرەرای ئەوەش دیسانەوە ئەوە خودی کۆمەڵگەکان [گوند و شارەوانییەکان]ن، کە بڕیاردەدەن، چۆن بێت و چی بکرێت، هەروەها لەو بارەوە هیچ کۆموڵگەیەك پابەندی بڕیاری کۆمەڵگەکەی هاوسێی نابێت.

ئەمە خوێندنەوە و تێڕوانینی منە بۆ کۆمەڵگەیەك کە ئارەزوویی دەکەم و ئاوا تێدەگەم، کە کۆمەڵگەی ئازاد، هەر ناوێکی هەبێت، پێویستە لەسەر ئەو بنەمایانە ڕێکبخرێت، ئەگەر نا، دواجار سەری لە قەرەقووشییەکانی سەردەمی بۆلشەڤیکەکانەوە دەردەجێت.

## باشە، کامانەن ئەو کارانەی کە ئێوە لە خەباتدا بۆ هەڵخراندن و ڕێکخستنی خەڵک ئەنجامیان دەدەن، کاتێک کە ئێوە هەموو لێپرسراوەتییەک و رابەرییەک ڕەتدەکەنەوە؟

ئازیزم، کار و خەباتکردن، خۆبەڕابەرکردن و خۆبەڕابەرزانین نییە. خەباتکردن پێویستی بە ناوبانگ و پلە و پایەی ڕامیاری نییە، خەباتکردن ئەرکی کۆمەڵایەتییە و ئەرکی کۆمەڵایەتیش، کارێکی خۆبەخشانە و خۆویستانەیە. کاتێك کە کەسێك خۆبەخشانە و خۆویستانە کارێکی کۆمەڵایەتی ئەنجامدەدات، نە پێویستی بە ڕابەر هەیە تا فەرمانی جێبەجێکردنی کارەکەی بەسەردا بدات، نە پێویستی بە ڕابەربوونە، تا فەرمان بەسەر کەسانی دیکەدا بدات، بۆ ئەوەی کارەکە جێبەجێبکەن. تەنیا شتێك کە پێویستییەتی، خۆبڕیاردان و خۆجێبەجێکردنە، کە دەکاتە لێپرسراوەتی کۆمەڵایەتیی.

ئەنارکییەکان لە شوێنی کار و ژیانی خۆیاندا وەك تاکێك لە خەباتی ڕۆژانەدا بە بۆچوونی تاکیی خۆیانەوە بەشداریدەکەن و ئەوەی دەیڵێن، هەوڵی کردەییکردنەوەی دەدەن و چاوەڕێی دەرچوونی فەرمان لە هیچ کەسێکەوە ناکەن و فەرمانیش بەسەر کەسی دیکەدا نادەن. واتە نە خۆیان لەسەرووی خەڵکەوە دەبینن و نە خەڵکیش لە سەرووی خۆیانەوە. ئەمەش بۆ ئەو بنەمایە دەگەڕێتەوە، کە ئەوان پێویستیان بەناونان و بڕوایان بە خۆقوتکردنەوە وەك نوێنەر

و قسەکەری ئەنارکیستەکان نییە و هەر کەس لە شوێنی کار و ژیانی خۆیدا وەك کەسێك بەشداری خەباتی جەماوەریی و کۆمەڵایەتی دەکات و هەوڵی بۆچوونگۆرینەوە و گفتوگۆکردن لەسەر پرسەکانی ئەو چین و توێژە یا ئەو ڕێکخراو و گروپە خۆجییە لەو ڕۆژەدا دەکات و خۆی لە بیرکردنەوە و گفتار و کرداری خۆی بەرپرسە و نوێنەرایەتی کەس ناکات و بەناوی کەسانی دیکەوە قسەناکات و باشترین شوێنیش بۆ چالاکیکردنی چالاکێکی ئەنارکیست، شوێنی ژیان و کار و خوێندن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانییەتی، نەك خۆهەڵقورتاندنە کاری شوێن و گروپ و ڕێکخراوەکانی دیکە. ئەمەش بەو بنەمایە پشتئەستوورە، کە دەبێژێت "خۆجێی چالاکی بکە و جیهانی هاوپشتی بە و بیربکەرەوە".

**من بەرچاوم نەکەوتووە کە ئێوە شیعاری جیایی دین لە دەوڵەت و کۆمەڵگەی سکیولار بەرز بکەنەوە، بۆچی، هەر لەبەرئەوەی کە مارکسیستەکان و عیلمانیەکان ئەو دروشمانە بەرزدەکەنەوە؟**

ئەگەر بە کورتی بیبڕمەوە، ئەوا دەڵێم من ئەم دروشمە بەهەندوەرناگرم، لەبەرئەوەی کە دروشمێکی فریودەرانەیە. جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، ڕێك وەك جیاکردنەوەی سێبەرە لە تەن ! دەوڵەت بەخۆی زەمینیکردنەوەی دەسەڵاتی خوای ئەفسانەکانە، واتە بە خواکردنی مرۆڤی دارا و دەسەڵاتدارە. لە باری یەکەمدا، کە مرۆڤی دەسەڵاتدار لەژێر پەردەی دەسەڵاتی خوادا پاوانگەریی خۆی بەسەر ئەوانی دیکەدا دەسەپێنێت و خۆی وەك جێبەجێکەری فەرمانی هێزێکی نامرۆیی لە ئاسمان نماییشدەکات، لە باری دووەمدا، لەژێر کارایی هوشیاربوونەوەی تاکە ژێردەستەکان و یاخیبوونیان و سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکاندا و زاڵبوونی بەڵگە زانستییەکان بەسەر ئەفسانەکانی خوادا، ناچاردەبێت بەناوی خۆیەوە ئەو فەرامانانە نمایشبکات. بۆ ئەوەش پێویستی بە پیکهاتەیەکی تۆکمەتری قووچکەیی هەبوو، بۆ ئەو مەبەستە دەوڵەتی ئاسمانی پێکهاتوو لە سێکوچکەی ( خوا – پەرتووکی پیرۆز- کەنیسە و ئیمپراتۆر) لە دەوڵەتی هاوچەرخ "دەوڵەتی نەتەوەیی/ سێکیولار" لەسەر سێکوچکەی ( پارلەمان – یاسا و ڕەایەتیدان – سەپێنەر [فەرماندار] ) دادەڕێژێتەوە و ناوی دەنێت جیایی ئایین لە دەوڵەت !

بەڵام ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەو دوو فۆرمە لە دەسەڵات [چ کلیسایی و چ پارلەمانی]

بدەین، ئەوە دەبینین، کە هیچ لە پێکهاتەی دەسەڵات نەگۆڕدراوە و تاکی ژێردەست هەمان ڕێوشوێنی پێشووی هەیە و پارێزراوە، تەنیا شتێك کە گۆڕادراوە، گۆڕانی شوناسی ڕواڵەتیی تاکە لە "کۆیلەی خوا / کەنیسە"وە کراوە بە "هاووڵاتی / کۆیلەی دەوڵەت [سیستەمی ڕامیاریی]" و ڕێکخستن لەسەر بنەمای (خوا - کۆیلە) هەروەك خۆی ماوەتەوە. بێجگە لەوەش، ئەگەر سەروەریی ئیمپراتۆر تەنیا پێویستی بەیەك ئایدیلۆجیا بووبێت، کە ئایینە، ئەوا دەوڵەتی هاوچەرخ بێجگە لە ئایین، پێویستی بە کۆمەڵێك ئایدیۆلۆجیی دیکەش هەیە؛ دیارترینیان ناسیونالیزمە، کە پاش کەمبوونەوەی کارایی ئایین لەسەر تاکە ژێردەستەکان، توانی جێگەی دەبەنگکەریی مەزهەب بگرێتەوە.

ئەگەر بمەوێت لە ڕوانگەی هزری ئەنارکییەوە ئەو دروشمە ڕاستبکەمەوە، ئەوا دەبێتە «جیایی دەوڵەت لە کۆمەڵگە و کاروباری کۆمەڵایەتی». چونکە دەوڵەت خۆی پێکهاتەیەکی سەر و خوارە و لەسەر بنەمای خوا و کۆیلە، فەرماندەر و فەرمانبەر دامەزراوە. دەوڵەت کۆپی دەسەڵاتی خوای ئایینەکانە، هەروەك چۆن سۆشیالیزمی دەوڵەتی کۆپی و هەوڵی دونیاییکردنی بەهەشتی ئایینەکانە.

دەوڵەتە ئەوروپییەکان و تەنانەت دەوڵەتی ئیسرائیل و (تورکیە)ش سێکیولارن، ئایا لەو دەوڵەتانەدا ئایین هیچ کارایيەکی لەسەر بڕیارەکان نییە؟ ئایا بەتەواوەتی لە سیستەمی خوێند و پەروەردەدە دابڕاوە و دەستکۆتاکراوە؟ ئایا دەوڵەت وەك لە سعودیە و ئێران و ڤاتیکان، هەر دەوڵەتی چیناتیەتی نییە؟ دەوڵەتانی بلۆکی ڕوسیای جاران و بلۆکی چین نائایینی بوون و تەنانەت ئایین تیایاندا بەجۆرێك قەدەخە بوو، ئایا دەوڵەتی چینایەتی نەبوون؟ لەبەرئەوە، ئایا پێکهێنانی دەوڵەتی سێکیولار [دیمۆکراسی پارلەمانی] لەجێی دەوڵەتە تیئۆکراسییەکان، ئامانجی بزووتنەوەی سۆشیالیستخوازە و کۆتایی بە ئامانجەکەیشتنمانە؟ ئەگەر وەڵام [نا/ نە]یە، ئیدی ئەو هەموو وزە بەخەرجدانەی بزووتنەوەکە لەپێناو دروستکردنی فەرمانداریی و دەوڵەتی سیکیولاریست، لەلایەن کەسان و گروپ و پارتانێکەوە، کە پاگەندەی سۆشیالیستبوون دەکەن، لەپێناو چییە؟

هەڵبەتە ئەوەشمان لەبیرنەچێت، کە جیایی ئایین لە دەوڵەت لە دیمۆکراتترین [دیمۆکراتی پارلەمانی] و سێکیۆلاریستترین دەوڵەتانی ئەوروپادا بوونی نییە و ئایین بێدەسەڵات نییە و لە

دەوڵەت دابڕاو نییە. نموونە، لە وڵاتانی ئەوروپی دەسەڵاتی ئابووریی کەنیسە لە پاش دەسەڵاتی دەوڵەتەوە هاتووە و ئێستا لە پێش دەوڵەتەوەیە، لەبەرئەوەی کە دەوڵەتە سێکیۆلاریستەکانی ئەوروپا بەهۆی ڕامیاریی تایبەتیکردنی کەرتەکانی بەرهەمهێنان و کەرتە خزمەتگوزارییەکان و خانووبەرەوە، قەرزاری بانکەکانن و جاران کە هۆساری دەوڵەت بەدەست کەنیسەوە بوو، ئێستا هۆساری دەوڵەتە سێکولاریستەکان بەدەست بانکەکانەوەیە، بەڵام کەنیسە و دامەزراوەکانی بەراورد بە دەوڵەت، سەربەخۆیی ئابوورییان زیاترە. هەروەها ڕۆڵی دەزگە ئایینییەکان لە پەروەردە و فێرکردندا [بە دیاریکراوی لە ساڵانی هەرە گرنگ و هەستیار و چارەنووسسازی منداڵاندا، واتە باخچەی منداڵان و فێرگەی سەرەتایی] لە پاش دەوڵەتەوەیە؛ دەتوانین بڵێین کە ژمارەی باخچەی ساوایان و فێرگەکانی سەر بە لکەکانی کەنیسە، ئەگەر لە ژمارەی باخچەی ساوایان و فێرگە دەوڵەتییەکان زیاتر نەبێت، زۆر کەمتر نییە. بێجگە لەوەی کە دەسەڵاتی ئابووری کەنیسە و دامەزراوەکانی لە دەوڵەت زیاترە، کەنیسە لە بەرامبەر وەرگرتنی منداڵان لە باخچە و فێرگەکانیدا لەلایەن دەوڵەتەکانەوە هاریکاری و پشتیوانی دارایی وەردەگرێت، بەڵام لە بەرامبەردا کەنیسە ئازادە لە سەپاندنی ئایین بەسەر منداڵاندا لە شەش مانگییەوە تا شەش ساڵی. هەورەها هەر سەرپەشتیگەر یا فێرکارێك کە ئایینی نەبێت یا ئایینێکی دیکەی ناکریستی هەبێت، ماف و چانسی بەدەستهێنانی کار و وانەگوتنەوەی لە باخچە و فێرگەکانی کەنیسەدا نییە. لەمەش خراپتر ئەوەیە کە منداڵانی فێرگەکان لە ڕۆژاێکی هەفتەدا وەك بەشێك لە وانەی ئایین، بە کۆمەڵ دەبەنە کەنیسەکان و وێردیان پێدەخوێنن !

ئەگەر لەمەش بگوزەرێین، دانەری یاسای دەوڵەتەکانی وڵاتانێك، کە ئایینی زۆرینەیان ئیسلامە، دەستی پشتپەردەی دەوڵەتە سێکیۆلاریستەکانە. ئایا سێکیۆلاریزمی وردەبۆرجوازی گلەییکەر [گلەییکەر نەك ڕەخنەگر و ڕەتگەرەوە] لە سەرکوتی مەزهەبیی و ڕامیاریی، کە دەیەوێت بە پاشگرکردنی سۆشیالیزم و کۆمونیزم بۆ پارتە دەسەڵاتخوازەکانی، کۆمەڵگەی ژێر چەپۆکی دەوڵەتانی سێکولاری ئەوروپی لە ئێمەی بکات بە دونیا ئازاد و یەکسان و دادپەروەر، دەتوانێت لە سێکیۆلاریزمی دەوڵەتانی ئەوروپا باشتر و ڕادیکاڵتر بێت، کە لەژێر فشاری چەند سەدە خەباتی چەوساوانی ئەو وڵاتانە و وەڵامدانەوە بە نیازە بازرگانییەکانی سەرمایەداران ملیان بەو ڕیفۆرمانە پێداوە؟

لەبەرئەوە دروشمگەلی "جیایی ئایین لە دەوڵەت" و "دەوڵەتی سێکیولار"، کۆمەڵێك دروشمگەلی فریودەرانەن، کە وردەبۆرجوازی ناڕازی و دەسەڵاتخواز [لەپێش هەموویانەوە پارتە مارکسیست- لێنینست- حیکمەتیستەکان] دەیەوێت دەوڵەتی چینایەتی بە ڕەنگ و بەرگێکی دیکەوە بە کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان بفرۆشێتەوە. ئەوەی دەوڵەت لە هەندێك شوێن و ساتی مێژوویدا ناچارە کاژێك فرێبدات، بەخۆشی خۆی و خۆبەخشانە نایکات، بەڵکو فشاری کۆمەڵگە و بەرزبوونەوەی ئاستی و چاوەڕوانی خەڵکە، کە ئەو فشارە دروستدەکات و دەوڵەت دەخاتە دووڕیانی تیاچوون یا چاکسازیی ناچاریی لە بەرژەوەندی ژێردەستان.

جیاکردنەوەی ئایین لە کۆمەڵگە تا ئەو کاتەی کە تاکەکانی کۆمەڵگە پێویستییان پێیەتی و پەیڕەوی دەکەن، ئەستەمە و هەر زۆرداریەك لە سەرکوتی ئاییندا، ئایین بەهێزتر و دواجار بەرەو ئایدیۆلۆجیای دەسەلاتی دەبات، هەروەك لە ڕوخانی بلۆکی بۆلشەڤیکیدا دیتمان. لەبەرئەوە تەنیا ڕۆشنگەریی و هوشیاریی لە بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگە و ژیاندا دەتوانن هۆکارێکی کارابن بۆ ڕەواندنەوەی خۆشباوەڕیی بە پوچگەرایی و ئەفسانەکانی ئایین، بەڵام هەر فشار و سەرکوتێك، بەهەمان ڕادە جێفشار و سەرکوت بەهێز و یەکگرتووتر دەکات. هەر بۆیە لە جیاتی سەرکوتی ئایین، پێویستە ئایین وەك پرسێکی کەسیی تاکەکانی کۆمەڵگە ئازادبێت و لە جیاتی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، پێویستە دەوڵەت وەك ئامرازی ڕاگرتنی ستەم و پێکهاتەی قوچکەییانەی خوا و بەندە، وەك کۆپی دەسەلاتی خواکان لە کۆمەڵگە جیابکرێتەوە، واتە لەنێوببرێت. لێرەوەشەوە هەنگاو بۆ ڕەواندنەوەی خۆشباوەڕیی تاکە چەوساوەکان بە بەدونیاییکردنی بەهەشت بەناوی سۆشیالیزمەوە [سۆشیالیزمی دەوڵەتی] بنرێت. بە واتایەکی دیکە، ئایین شتێکی کەسیی تاکەکانە و نابێت گشتگیر بکرێت، دەوڵەت ئامرازی ستەمگەریی چینایەتییە و سۆشیالیزمی دەوڵەتیش، وێناکردن و دونیاییکردنی بەهەشتی ئەفسانەکانە !

بەبۆچوونی من، ئەوی بخوازێت خۆشباوەڕیی بە پووچگەرایی ئایین و نوێنەرایەتی دەسەڵاتداران بۆ خوای ئەفسانەکان برەوێنێتەوە، پێویستە لە نێوەندی ژیان و کارکردن و خوێندن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و خەباتی جەماوەریی و کۆمەڵایەتییدا بڕوابوون بە تواناییەکانی تاك و هێزی کۆمەڵایەتیی یەکگرتنی ئەو تاکانە و چارەنووسسازیی خەبات و

تێکۆشانی جەماوەریی و کۆمەڵایەتی و وازهێنان و پشتکردنە پێکهاتە و ڕێکخستنە ڕامیارییەکان و خستنەڕووی هاوبەشییەتی داخوازییەکان و بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی هەمووان و ناکۆکییان لەتەك بەرژەوەندی و بڕیارەکانی دەسەڵاتداران و سەرمایەداران و بەڕێوەبەرەکان و لە توانادابوونی هێنانەدی ئەو داخوازیی و ئاواتانە لە خەبات و ڕووبەڕووبوونەوەی یەکگرتووانەی جەماوەریی و کۆمەڵایەتییدا بەرامبەر دەسەڵاتداران و سەرمایەداران و ڕامیاران و دەرکەوتنی هەڵوێستی پیاوانی ئایینی و پارت و گروپە ئایینییەکان لەو کیشمەکێشە چێنایەتییەدا. بە تێڕوانین و ئەزموونگێریی کەسیی من، بێجگە لەم شێوازە، هەر پەلاماردانێکی ئایین و خۆشباوەڕیی کەسەکان بە پووچگەرایی ئایین، تەنیا ئەوە بەرهەمدەهێنێتەوە، کە لە بلۆکی ڕوسیدا بەرهەمیهێنا، واتە زیاتربوونی هەژماری پەرستەگەکان، یا ئەو ڕەخنە ڕامیاریی و وردەبۆرجوازییانەی کە ڕەوتی "کۆمونیزمی کارگەریی" وەك دژە-ئیسلامێك ئاراستەی ئایینی باوی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانی کردن و بێجگە لە بەهێزکردنی دەمارگێریی ئایینی و توندوتیژی و هاندان بۆ توندوتیژی، هیچی دیکە نەبوون. چونکە یەکەم، لە سووکایەتی و جنێودان بە سیمولەکانی ئەو ئایینە تێنەپەڕین و دووەم، هەوڵێکی ڕامیاریی بوون و لە بەیاننامە و هەرای ژووری مەسینجەرەکان تێنەپەڕین و لە مەیدانەکانی خەباتی کۆمەڵایەتییدا نەیانتوانی ببنە چەکی کارا بۆ لێدانی پایەکانی خۆشباوەڕیی و پووچگەرایی ئایین، بەڵکو دەمارگێریی ئایینی کرێکاران و زەحمەتکێشانیان بەهێزتر کردا!

**ئێوە لە کۆڕوکۆمەڵەکاندا ونن و ئامادە نین، ئیتر دەکرێت بزانین مەیدانی خەباتی ئێوە کوێیە؟ یا ئەوەتا بۆ ئێوە پشتی دەزگایەکی چاپ و نووسین بووەتە هەموو مەیدانێکی عەمەلی؟**

ئازیزم، بەر لەوەی وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، دەکرێت بزانم ئەو کۆڕ و کۆمەڵانەی کە تۆ مەبەستن و ئەنارکییەکان بەشدارییان تێداناکەن، کامانەن و لە کوێی خەباتی کۆمەڵایەتییدا وەستاون ؟

ئەگەر مەبەستت لە سەندیکاکانی سەربەدەسەڵاتە یا ڕێکخراوە پاشکۆکانی پارتە چەپەکانە، کە هەر ڕۆژەی لە شوێنێك وەك کارگی بەهاران قوتدەبنەوە و پاش ماوەیەك بۆگەندەکەن و دەپووکێنەوە، ئەوا بە بۆچوونی من ئەوانە نەك کۆڕ و کۆمەڵی کرێکاریی و جەماوەریی نین،

بەڵکو هەوڵێکن بۆ دەستەمۆکردنی دەستبەکاربوونی خۆبەخۆیی جەماوەر و کرێکاران و نەبوونیان زۆر لە بوونیان باشترە، چونکە باش پووکانەوە و نەزۆکی هەر یەکەیان، دونیایەك نائومیدی لای جەماوەر بە خەبات و توانای خۆی، بەجێدەهێڵێت !

لەو بارەوە دەیان نموونەی بیست ساڵی ڕابوردوو لەبەردەستدان، لەوانە "یەکێتی بێکاران لە کوردستان"، کە هەزاران کەس خۆی وەك ئەندام تێیدا ناونووسکردبوو و "ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان"، کە هەموو شتێك بوو، تەنیا سەربەخۆ نەبوو، "کۆمەڵەی ئاوارەکانی کوردستان"، ڕێکخراوەکانی بەناو کرێکاران و کارمەندانی خەستەخانەکان و شورای پەنابەران و لە سەرووی ئەوانەوە فێدراسیۆنی سەرتاسەری ڕێکخراوە کرێکارییەکانی کوردستان، کە هەموویان لەتەك پووکانەوەی پارتەکانی حیکمەتیزم، بوونە مەرەکەبی سەر کاخەز.

ئەو هەوڵە پارتییانە نەك تەنیا مایەپووچ و دەستەمۆکەری کرێکاران و زەحمەتکێشانی ناڕازی بوون، لەوەش خراپتر نائومێدگەری دەیان و سەدان ئەندام بوو، کە لەو ڕێکخراوە پاشکۆییانەدا کۆبووبوونەوە و هەنووکە باوەڕیان نە بەخۆیان و نە بەتوانای چینایەتییان نەماوە و قەدەری خۆیان داوەتە دەست بزووتنەوەی ڕامیاریی وەك لیستی نیئۆجەلالییەکان (لیستی گۆڕان).

بە بۆچوونی من، ئەگەر لە کوردستان ئەنارکییەك بوونی هەبێت و لە خەباتی کۆمەڵایەتییدا بۆ باشترکردنی باری ژیان یا گۆڕینی کۆمەڵگە و سیستەمەکانی بەڕێوەبردنیدا بەشداربنەکات، ئەوا ئەنارکیبوونی خۆی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. چونکە تاکە مەیدانێك کە ئەنارکییەکان بە مەیدانی خەباتی خۆیانی بزانن، لە ڕوانگەی ئەوانەوە خەباتی شۆڕشگێڕانە، تەنیا خەباتی کۆمەڵایەتییە و هەموو گۆڕانێکیش لە گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە دەستپێدەکات. ئیدی ئەو خەباتە کۆمەڵایەتییە بۆ پاراستنی ژینگە بێت یا باشترکردنی باری گوزەران، یا بۆ فراوانکردن و سەپاندنی ئازادییە تاکەکەسی و گشتییەکان بێت. بەپێچەوانەوەی ئەوەوە، ئەنارکییەکان هەموو هەوڵێك بۆ ڕامیارییکردنی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان و ئاراستەکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بەرەو ڕامیارییکردن و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی ڕامیاریی ڕەتدەکەنەوە، چونکە شۆڕش یا کۆمەڵایەتییە یا نییە و ئەوەی بە پاشگریی ڕامیارییەوە هەیە، دژە-شۆڕشە. هەر بەو پێوەرە هەموو ڕێکخراوە و کۆڕ و کۆمەڵێکی پاشکۆ بۆ پارتەکان و دەسەڵات دژە-شۆڕشە. چونکە کاری

ئەو ڕێکخراوانە بەڕامیاریکردنی خەبات و پرسە کۆمەڵایەتییەکانە. لەبەرئەوەی پارتەکان تەنیا لە ڕامیاریکردنی خەبات و پرسەکاندا بەختی دەرکەوتنیان وەك دەستەبژێر و نوێنەرانی سەرووخەڵکی دەبێت، بەپێچەوانەشەوە ئەنارکییەکان تەنیا لە خەباتی کۆمەڵایەتییدا بەختی کردەییەکردنەوە (پراکتیزەکردن)ی بیرۆکەکانیان دەبێت و هزری ئەنارکی گەشەدەکات و بڵاودەبێتەوە. هەر بۆیە لە جیاتی گەمەی پارلەمان و شەڕەدەندووکی نێوەندی و سەرکردایەتی پارتەکان، سەرشەقامەکان و مانگرتن و کارگە و کۆڕ و کۆمەڵەکانی گەڕەك و خوێندنگە و هەڵدەبژێرن، تاوێك تەماشای کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، گەواهی ئەو ڕاستییەت بۆ دەدات، کە لە وڵاتانی ئەوروپی و ئەمەریکییدا ئەنارکییەکان لە کوێی کۆڕ و کۆمەڵە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییەکانەوە وەستاون.

**پێت وانییە ئەگەر دەسەڵات لەدەست ژنان بێت، کوشتوبڕ کەمتر دەبێت و دادپەروەری زیاتر؟ باشتر نییە هاوڕێیانی ئەنارکۆ فیمینیست کە تۆ لایەنگری دەکەی خۆیان کاندیدبکەن یا ڕێکخراوە دروستبکەن و لە شوێنێکەوە ببنە هێز و بچنە دەسەڵاتەوە؟**

ئەوەی کە پێتوابێت دەسەڵات لە دەستی ژنان یا کرێکاراندا [وەك بەشێکی چەوساوەی کۆمەڵگە]دا بێت، ئیدی دادپەروەری مسۆگەر دەکرێت، جۆرێکە لە ژیان لە ئەفسانەدا و فێڵکردنە لە خودی ژنان و کرێکاران. چونکە دەسەڵاتخوزان لە هیچ سەردەمێکدا نەهاتوون بەناوی خۆیانەوە داخوازی بەدەستهێنانی دەسەڵات بکەن، هەمیشە لەژێر ناوێکی دیکەی وەك نەتەوە، کرێکاران یا ژنان هاتوون و کنەیان کردووەتە نێو ڕیزی خەباتکاران و بزووتنەوە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییەکان.

بە گوێرەی ئەزموونەکان و بە بۆچوونی منیس، ئەوە بیرۆکەی ژنانێکە، کە خۆیان بە دەستەبژێری نێو ژنان دەزانن و پێیانوایە، کە زۆرینەی ژنان توانانی بیرکردنەوە و خۆڕزگارکردنی خۆیان نییە و پێویستیان بە شوانەیی ئەوان هەیە. هەروەها ئەو بۆچوونە بە پاگەندەیەکی ژاراوی پاساودەدەن، گوایە « لە کۆمەڵگەدا پیاو دەسەڵاتدارە» و مادام وایە، باشترە کۆمەڵێك ژن ئەو دەسەڵاتە بگرنەدەست. ئەمە لەسەر کێش و سەروای هەمان باڵۆرەی ناسیونالیستەکانە، کە دەڵێن «ئەگەر دەوڵەتی خۆییمان هەبێت و خۆمان فەرمانڕەوابین، هەموو ئەندامانی نەتەوە ئازاددەبن، یا باڵۆرەی مارکسیست-لێنینیستەکان، کە دەڵێن «ئەگەر

دەسەڵات لەدەستی ئێمەدا بێت و حکومەتی کرێکاریمان هەبێت، هەموو کرێکاران و کۆمەڵگەش ئازاد دەبن».

بۆ تێگەیشتن لە پووچی ئەو پاگەندەیە، ئەوەندە بەسە لەو بارەوە وەك نموونە، سەرنجی ڕووداوەکانی سەدەی ڕابوردوو و سەرەتای ئەم سەدەیە بدەین، تاوەکو ببینین، کە چۆن کرێکاران لە سایەی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی مارکسیست-لێنینیستەکاندا خراپتر لەژێر سایەی دەسەڵاتی پارلەمانی بۆرجواکاندا دەچەوسانەوە و چۆن کوردان لە هەرێمی کوردستانی ئەم ڕۆژگارەدا وەك جارانی سەردەمی بەعس لە ڕووی ئابووریی و ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت کولتوورییەوە دەچەوسێنەوە و وەك چۆن لە سەردەمی بەعسدا تاکەکانی هەرێم «شمال العزیز» لە ڕووی مافی بەکاربردنی زمانەوە لەچاو ناوچەکانی خواروو پلە دوو بوون، ئەم ڕۆژە لە سایەی دەسەڵاتی بۆرجوازی کورد«ناسیونالیستەکان واتەنی دەسەڵاتی خۆیی»دا ناوچەکان و زمانەکان و زاراوەکانی دیکەی کوردی بە پلەدوو دادەنرێن، هەروەها لە سایەی سەروەریی شاژن ئەلیزابێت و سەرۆکشالیاران تاچەر و چیلەر و مێرکڵ'دا ژنان خراپتر چەوسانەوە و دەچەوسێنەوە.

وەها پاگەندەیەك دەیەوێت، ئاوا نیشانبدات، کە ژنان لە هیچ بوارێکی کارگێڕیی و فەرمانداریی و ڕامیاریی سەرمایەداریدا ڕۆڵیان نییە و هەموو شتێك بەدەست پیاوانەوە و ژنان لە دەرەوەی سیستەمەکەن و هەر کەس بەڕەگەز نێرینە بوو، ئیدی سەروەرە ! ئینگلیزواتەنی ئەمە "تەرسەقولە" ! چونکە ژنان لە هەمان سیستەمی خێزانیدا باڵێکن لە پەروردەی سەرکوتگەرانە، هەر ئاوا لە دایەنگە و فێرگەکاندا تا دەگاتە زانکۆکان، ژنانی پەروەردەکار و ماموەستا و وانەبێژ وەك هاوکارە پیاوەکانیان ئازاری منداڵان دەدەن و بە وانەکانی سەروەریی و پیرۆزکردنی مێژوویی کۆمەڵگەی چینایەتی و ڕەوایەتیدان بە سیستەمەکە و دەمارگیریی ئایینی و نەتەوەیی منداڵان و لاوان دەبەنگدەکەن، ژنان لە فەرمانگەکاندا وەك هاوکارە پیاوەکانیان سووکایەتی و کارکردە دژە مرۆییەکانی سیستەمەکە بەسەر خەڵکیدا دەشکێننەوە، ژنانی کرێکار وەك پیاوانی کرێکار، سەرمایە بۆ سەرمایەداران کەڵەکەدەکەن، لەتەك هاوکارەکانیاندا کێبڕکێدەکەن و پاشقول لەیەکدی دەگرن، ژنانی بەڕێوەبەر، پۆلیس و سەرباز وەك هاوکارەکانیان پارێزگاریی لە سیستەمەکە دەکەن، ژنانی سەرمایەدار و ڕامیار و دەسەڵاتدار وەك پیاوانی هاوکاریان هەوڵی فریودانی خەڵك و چەوسانەوەیان دەدەن، ژنانی

پارلەمانتار وەك هاوكارە نێرینەكانیان، دەنگ بە یاسا دژە مرۆییەكان دەدەن، لەوانە یاسای چەند-ژنە بۆ پیاوانی دەوڵەتمەند !

دەكرێت پشكی ژنان لەو هەموو تاوانانەدا بەپێی كەمی هەژ ماری ژنان لەو بوارانەدا كەمتر بێت، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە، كە ژنان لەو سیستەمەدا دەستییان نییە و تاوانبارنین یا دژی سیستەمەكەن! ئەگەر بەهیچ شێوەیەك لە بوارەكانی بەڕێوەبردنی كۆمەڵگە و ڕاگرتنی سیستەمە چینایەتییەكەدا بەشدارنەبوونایە و ژنان وەك سروشت و تایبەتیمەندیی خۆیان لە مرۆڤبوونی پیاوان جیابوونانە و خودبەخود دژی ئەو هەمووە تاوانانە بوونایە، یا بەلایەنی كەمەوە ئەوانەی كە ئەو پاگەندەیە دەكەن، دژی هەموو پێكهاتەیەكی چینایەتی و دژی هەموو جۆرە چەوسانەوەیەك و هەموو سیستەمێكی چەوسێنەر و هەموو ئامراز و ئایدیۆلۆجیاكانی چەوسانەوەی مرۆڤ بوونایە، ئەوسا دەمانتوانی بڵێین، ئەگەری دروستبوون و دروستدەرچوونی وەها پاگەندەیەكی نالۆجیكی هەیە. بەڵام بەداخەوە كەتواری كۆمەڵگە و ڕووداوەكان و سروشت و پێكهاتەی ستەمگەریی لە كۆمەڵگەدا پێچەوانەوەی ئەو پاگەندەیە دەسەلمێنن. من لێرەدا تەنیا یەك نموونە دەهێنمەوە: ئەوەندەی ژنان بەخۆیان لە خەتەنەی كچاندا، لە دوورینەوەی كۆئەندامی زاوزێی بێوەرژناندا، لە كێبركێ و شووكردن بەسەر یەكدیدا ڕۆڵیان هەیە، پیاوان ناتوانن ئەو كارایی و ڕۆڵەیان هەبێت !

پاشان، ئەو ڕێكخراوانەی كە تا ئێستا پاگەندەی ڕزگاری و ئازادی و یەكسانی ژنانیان كردووە، بەكردەوە پێچەوانەی ئەوەیان سەلماندووە؛ بەوەی كە خۆیان خەریكی قوتكردنەوە و ڕێكخستنەوەی ژنانی نارازین لە پێكهاتە قووچكەییە ستەمكارەكاندا، واتە سەپاندنەوەی ڕێكخستن و پێكهاتەیەكی دیكەی قووچكەیی فەرماندەر و فەرماندەر، پێشرەو و پاشڕەو، كە لە پێكهاتە قووچكەییە كۆمەلایەتیی و ئابووریی و ڕامیارییەكانیشدا هەمان بوون هەیە؛ خێزان، فێرگە، مزگەوت، كارگە، فەرمانگە و كارگێڕیی و پارلەمان و فەرمانداریی و دەوڵەت. بەواتایەكی دیكە پەسەندنانەوەی هەمان پێكهاتەی زۆردارانە و  پڕ ستەمكاریی، بەڵام ئەم جارە بەناوی خودی ژنان و ڕزگاری و یەكسانییەوە.

لەبەرئەوە بە بۆچوونی من [لێرەدا مەرجنییە ئەمە بۆچوونی هەموو ئەناركییەك بێت]، ئەگەر بڕیاربێت گروپ و ڕێكخراوێك بەناوی ژنانەوە هەبێت، ئەوا دەبێت ڕێكخستنێكی ئاسۆیی

هەبێت و ئامانجی خۆکۆمەکییکردنی ژنان بێت. بەڵام ئەوەی کە ستەم لە ژنان و پلەچەندیی و ژێردەستەیی ڕەگەزیی لەنێوببرێت، لەبەرئەوەی کە ستەمەکە پێگەی کولتووریی و ئابووریی و ڕامیاریی هەیە و پرسێکی کۆمەڵایەتییە، کەواتە ژنان تەنیا لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نا نێوەندیی و نا قووچکەییەکاندا دەتوانن هەنگاو بۆ وەلانانی بنێن و هەروەها بەبێ ڕاکێشانی ڕەگەزە کۆمەڵایەتییەکەی دیکە، کە لە هەموو بوارێکی ژیان و کاروباری کۆمەڵگەدا پێکەوە کاردەکەن و دەژین و ئەویندارییی دەکەن، ئەستەمە ئەو باڵدارەی ئازادی بتوانێت بەتەنیا یەك بەاڵ بفڕێت. بە واتایەکی دیکە لەبەرئەوەی کە پرسی ژنان، پرسێکی کۆمەڵایەتییە و بنەمای ئابووریی و کولتووریی و ڕامیاریی هەیە و بە پێکهاتەی سیستەم و بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگەوە پەیوەستە، هەم ڕزگاری ژنان بە ڕزگاری کۆمەڵگە و خودی پیاوانیشەوە پەیوەستە و هەم ئەرکی سەرشانی پیاوانی ئازادیخواز و ڕزگاریخواز و سۆشیالیستخوازە، کە پەیگرانە هاوپشتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان بکەن. چونکە ئەستەمە چین و توێژە بندەستەکان بەبێ ڕزگاریی ژنان وەك بەشێك لەوان، ڕزگاریان ببێت، لەبەرئەوە ئەگەر پیاوانێك هەن و خوازیاریی ڕزگاربوونیان لە کۆتوبەندە ئابووریی و ڕامیاریی و کولتوورییەکان، ئەوا هەم وەك ئەرکی مرۆیانەیان و هەم بە ناچاری پێویستە لەپێناو ڕزگاریی ژنان لە پلەچەندی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و هەڵاواردن و ستەمی ڕەگەزیی، شان بە شانی ژنانی ئازادیخواز تێبکۆشن، وەك گوتم تەنیا لەبەر ڕزگاربوونی ژنان نا، بەڵکو لەبەر ڕزگاربوونی خودی پیاوانیش!

شتێکی دیکە کە نابێت لەبیری بکەین، ئەوەیە، ئەگەر جاران پێش پێکهاتنی دەوڵەتی سەرتاپاگیری هاوچەرخ [نەتەوەیی]، ستەم لە ژنان زیاتر بارێکی کولتووریی بەخۆوەگرتبێت و ئایین ڕێکخەر و دیاریکەری ڕۆڵ و پێگەی پلەدووی ژنان لە کۆمەڵگەدا بووبێت، ئەوا لەم ڕۆژگارەدا پارلەمان و فەرمانداریی و و یاسا و دەوڵەت و دەزگە ڕامیارییەکان دیاریگەری ئەو ڕێوشوێنەن، بە نموونە بڕیاری چەند-ژنە لەلایەن پارلەمانی هەرێمەوە، گەشتی ژنان بە هامڕایی نێرینەیەکی خێزانەکەی و ..تد. بەم جۆرە ئەمە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە ستەم لە ژنان لەم ڕۆژگارەدا ڕیشە و بنەمای ڕامیاریی و ئابووریی و سیستماتیکی هەیە و ئەوی دژی هەڵاواردن بەگشتی [ڕەگەزیی، زمانی، نەژادی، ئایینی، هەڵاوردن لەسەر بنەمای ڕەنگ و شوێنی لەدایکبوون] و لەم پەیوەندەدا بە دیاریکراویی هەڵاواردنی ڕەگەزیی [ژنان و پیاوان] بێت، خۆبەخۆ ناچاردەبێت، کە دژی هەموو پێکهاتە و دەزگە قووچکەییەکان، پلە و پایە سەر و خوارەکان، نایەکسانی ئابووریی و نایەکسانی دەسەڵات و نایەکسانی ئەرك و ماف و دژی

سیستەمی ڕامیاریی بە پارلەمانی و ناپارلەمانییەوە، تێبکۆشێت و هەوڵی کۆمەڵایەتییکردنەوەی چارەسەری پرسەکان و ناتەباییەکان بدات، ئەگەر نا، ئەوا خۆبەخۆ سەری لە دروستکردن و قوتکردنەوەی دەیان ڕێکخراوی قووچکەیی دەستەبژێرانە و ڕامیاریی بەناوی ژنان و منداڵان و ژینگە و ئاژەڵ و چین و توێژەکانەوە دەردەچێت و دواجار هەرچەندە ئامانجیشی خزمەتکاریی سەروەریی چینایەتی نەبێت، هەر ئاو بە ئاشی سەروەریی دەوڵەتدا دەکاتەوە .

## جیاوازی ئەنارکۆ-فێمینیزم و فێمینیزمەکانی دیکە چییە؟

ئەگەر بە چەند دەستەواژە کورتی بکەمەوە، ئەوا بە خوێندنەوەی من بۆ ئەنارکۆفێمینیزم وەك تێڕوانینی ئەنارکیستی لەمەڕ نەهێشتنی ستەم و هەڵاواردن بەرامبەر ژنان، ئەنارکۆ-فێمینیستەکان ئامانجیان زیندووکردنەوەی گیانی خۆڕزگاری و خۆکارابوونە لەنێو بزاڤی ژناندا دژ بە کۆیلەتی پلە-چەندیی ژنان لە پاش کۆیلەتی پیاوانەوە. بەواتایەکی دیکە ئەنارکۆ-فێمینیستەکان بەپێچەوانەی ئاراستە فێمینیستییەکانی دیکە، کار بۆ دەستەمۆکردنی ژنانی ئازادیخواز لەژێر ڕابەرایەتی خۆیان ناکەن؛ هەم ڕابەرایەتی خۆیان بەسەر ئەوانی دیکەدا ڕەتدەکەنەوە و هەم ڕابەرایەتی ئەوانی دیکە بەسەر خۆیاندا ڕەتدەکەنەوە، بە واتایەکی دیکە ڕابەرایەتی و ڕێکخستنی قوچکەیی (هیرارشی) بە پارێزەری کۆیلەمانەوەی ژنان و چەوساوان بەگشتی دەزانن.
ئەنارکۆ- فێمینیستەکان پێیانوایە و بەبۆچوونی منیش بۆئەوەی ژنان ئازادی بستێنن و خۆیان لە داوەکانی بابسالاری و سیستەمی هەڵاوارێزی مرۆڤەکان بەگشتی ڕاپسێنن، سەرەتا پێویستە لەنێو ڕیزەکانی خۆیاندا ئەو پێکهاتە و پلەبەندییە باوانە ڕەتبکەنەوە و لەنێوبەرن. ڕزگاری ژنان لە پلە-چەندی کۆمەڵایەتی و یاسایی تەنیا بە ڕیفۆرمی چەند خاڵێك لە یاسای سەروەراندا نایێتە دی، بەڵکو پێویستی بە لێدان و لەنێوبردنی پایە ئابووریی و ڕامیاریی و کولتووریی و یاساییەکانی هەڵاواردن و هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتە پارێزەرەکانی ئەو بنەمایانە هەیە، کە هەموو پێکهاتەیەکی قووچکەیی دەگرێتەوە.

بەڕێزم، لەو باوەڕەدا نیم، لەسەر ئەوە ناکۆك بین، کە ئازادی نادرێت، بەڵکو دەسێنرێت. دەی کەواتە کەسێك خۆی ویستی (ئیرادەی) ئازادبوونی تێدا نەبێت، کەس ناتوانێت ببێتە ڕزگارگەری لە ڕێوشوێنی نالەباری کۆمەڵایەتیی. ئەمەش پێویستی بە هوشیاری خۆکارابوون و خۆڕادەربڕین

هەیە و ئەو ڕێکخراو و کۆمەڵانەی کە هاوشێوەی خودی دەوڵەت و پارت و خێزان، ڕێکخراون و پێکهاتوون، ناتوانن چوارچێوەیەکی گونجاو بن بۆ خۆڕزگاری و خۆکارابوون. چونکە لەوێشدا کۆمەڵێك فەرماندەر و پلە-یەکن و کۆمەڵێکیش فەرمانبەر و پلە-دوو. هەر بەو جۆرە ژنانی پلە-یەك ( ڕابەران و سکرتێران و لیپرسراوان و سەرکردان ) و ژنانی پلە-دوو ( گوێڕایەڵان و فەرمانبەران و ژێرکردان ) لەو ڕێکخراوانەدا بەرهەم دەهێنرێنەوە. بەم جۆرە ڕێسەکەمان دەبێەوە خوری و ژنانێك کە لە تاو ستەم و بێدەرەتانی هاتوونەتەدەر و دەیانەوێت ڕزگاریانبێت، ئەم جارە لەلایەن هاوڕەگەزەکانی خۆیانەوە، بە تۆڕێکی وردتر و زیرەکانەتر لەوەی باوك و مزگەوت و پارت و دەوڵەت و یاساکانیان، ژنانی ناڕازی ڕاودەکرێتەوە و لە چوارچێوەی یاسای سەروەر و ژێروەر، فەرماندە و فەرمانبەر، پێشڕەو و پاشڕەودا کۆتوبەند دەکرێنەوە. ئیدی بەو جۆرە ڕزگاربوونیان لەو جاڵجاڵۆکە ئایدیۆلۆجییەی هەڵاواردن و پلە- پلەکردن ئەستەمتر دەبێت، لەبەرئەوەی کە دڵخواستانەی خۆیان و لە ناهوشیارییەوە خۆیان ئەو بریارەیان داوە و هەر کاتێکیش سەرپێچی و هەڵگەرانەوە لە کۆیلەتی نێو ئەو ڕێکخراوانە ببێتە خەیاڵی سەری ژنێکی ئازادە، ئەوا تۆمەتە مۆراڵییەکان و یاسا و سزا کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیارییەکان ئامادەن و دەرگەی زیندانەکان بۆ تاوانبارکردنیان بە تۆمەتی هەڵبەستراو، ئاوەڵا دەکرێت.

بەبۆچوونی من، ڕزگاری؛ هەنگاوی یەکەم لە ناخی خۆمانەوە دەستپێدەکات، لەوێوە کە دیوار و کۆت و زنجیرە کولتووریی دەستکردەکانی خێزان، مزگەوت و کۆمەڵگە و دەوڵەت و هاوشێوەکانیان لە ئاوەزماندا بڕوخێنین و بپسێنین و لە کۆڵیانبکەینەوە، تاوەکو بتوانین لە تێکۆشانێکی کۆمەڵایەتییدا لەتەك هاوچین و هاوتوێژ و هاودەردەکانمدا یەکبگرینەوە. ئەمە بۆ هەر مرۆڤێکی چەوساوە و بندەست، کە خوازیاری ئازادبوونە، دروستە. پاشان "نا"گوتن بە هەر فەرمان و یاسایەك، کە دەسەڵاتی [ئۆتوریتەی] کەسانی دیکە بەسەرماندا دەسەپێنێت و ملکەچی زاڵبوون و پاوانگەریی [دۆمینەیتگەریی] ئەوانی دیکەی هاوجۆر یا ناجۆرمان دەکات، خۆبڕیاردانی گەرەکە. ئێمەی چەوساوە یا ژنان ناتوانین خواست و خەونەکانیان بە کەسانی دیکە بسپێرین و بیانکەینە دەمڕاستی خۆمان، چونکە لە نێوان فەرماندانی نێرینەکانی خێزان و فەرماندانی دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگە و یاساکانی دەوڵەت و پەیڕەوپرۆگرامی پارتەکاندا جیاوازی نییە و ئەوەی کێ دیاریبکات، کە چی بکەین و چی نەکەین، یا ئەوەی کەسانێك دیکە بەناوی ئێمەوە ببنە سکرتێر و ڕابەری ڕێکخراوە و کۆمەڵەکانمان و فەرمانمان پێبدەن چۆن خەبات بکەین و لە کوێ خەبات بکەین و چۆن هەڵوێست وەربگرین، هیچ جیاوازی نییە و نابینرێت !

ئەگەر ژنانی ئازادیخواز خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی هەڵاواردنن لەنێوان خۆیان وەك ڕەگەزی مێینە و باوك و براكانیان و نێرینەكانی كۆمەڵگەن، ئەوا هەنگاوی یەكەم پێویستە لەنێو خودی بزاڤەكەدا دژی هەر هەڵاواردن و پلەوێرییەك بن كە پێكهاتەی قووچكەیی ڕێكخستن دەیسەپێنێت. بزاڤێك یا ڕێكخراوێك كە هەڵگری تۆوی پلە-یەكی و پلە-دووی خودی ژنان بەنێوی ڕابەران و ڕێبەریكراوانەوە بێت، ناتوانێت هەڵگری پەیامی یەكسانی و دژبوون بە هەڵاواردن بێت و سەرەنجام بەجۆرێكی دیكە ژنان دەستەمۆی پێكهاتە قوچكەییە پڕ هەڵاوێرییەكان دەكاتەوە. لەبەرئەوە ژنانی ئازادیخواز (ئەناركۆ-فێمنیست) خۆبەخۆ دژی پلەبەندی نێو بزاڤەكە و ڕێكخراوەكان دەبن و شوانەیی هیچ ژن و پیاوێك بە ڕەوا و دروست نازانن و بەوپەڕی توانایانەوە وەك هەر پێكهاتەیەكی دیكەی بابسالاری و سیستەمی نایەكسانی مرۆڤەكان، دژایەتییان دەكەن و لەنێوبردنیان بە ئەركی دەستبەجێی خۆیان دەزانن.

ژنانی ئازادیخواز پێویستییان بە فۆرومی كۆمەڵایەیی لەسەر ئاستی گەڕەك و شوێنی كار، نیتوۆركی ژنان، كە پشت بە ڕێكخستن و پەیوەندی زنجیرەیی و لابەلایی ئاسۆیی (نەك سەرەوخواری) هەیە. بۆ نموونە: ژنانی كۆڵانێك، گوندێك، گەڕەكێك دەتوانن فۆرومێكی كراوەیان هەبێت و لەسەر پرسەكانیان وتووێژبكەن، بۆ نموونە ئاوكێشان كە كارێكی تاقەپڕوكێنی كۆمەڵگەكەمانە، بەسەر پیاوانیشدا بسەپێنن و بەو جۆرە پیاوان ڕاستەوخۆ لەتەك گرفتێكی كۆمەڵایەتی و هەر ڕۆژەی كۆمەڵگە ڕووبەڕوودەبن و ناچار شان بەشانی ژنان دەچنە جەنگی ئاودزانی كۆمەڵگەوە، دەچنە پای خەبات بۆ دابینكردنی ئاوی پێویست بۆ هەمووان. ئەم نموونەیە بۆ زۆر بوار و گۆشەی خەباتی ڕۆژانە كردەییە و دەكرێت سوودی لێ وەربگیردرێت. ئەمە شێوازی خەباتی ژنانی (كرلا)ی هیندوستانە دژی كارخانەكانی كۆكاكۆلا و خواردنەوە گازییەكانی دیكە، كە بوونەتە هۆی كەمكردنەوەی ئاوی خواردەنەوە لە ناوچەكانیاندا.

وەك ئامارەكان نیشانیدەدەن، ژنان لەسەر كار نیوە یا كەمتر لە مووچەی پیاوان وەردەگرن و تەنانەت لە ئەمەریكا و وڵاتە ئەوروپییەكانی وەك ئاڵمانیا و بریتانیا'ش هەر وایە، ژنان لە بەرامبەر كارێكی هاوشێوەدا بەڕێژەی ٢٥% مووچە و كرێی كەمتر لە پیاوان وەر دەگرن. دەكرێت لەم بارەدا كەمكاری بەو ڕێژەیەی كەمی مووچەكەیان بەراورد بە هاوكارە پیاوەكانیان، كاری كەمتر بكەن و كارە كەڵەكەبووەكان بخەنە سەرشانی هاوكارە پیاوەكانیان [-كە بۆ تەنیا

جارێکیش بەبیریاندا نەهاتووە و بیریان لێ نەکردووەتەوە؛ بۆچی ژنانی هاوکاریان بەرامبەر هەمانکار، مووچەی کەمتر وەردەگرن]- و بەجۆرە ناچارییەك دەتوانن بیانکێشنە پای خەبات بۆ مووچە و کرێی یەکسان. ژنانێك کە کاری دەرەوەی ماڵ دەکەن و هاوکاتیش کاری نێوماڵ و سەرپەرشتی منداڵیان لەئەستۆیە، هەر بە هاریکاری و هاوڕێزی ژنانی گەڕەك و کۆڵان و تەنانەت سەرکاریش، دەتوانن لە چوارچێوەی سەکۆکەیاندا [فۆرومەکەیاندا] بڕیاری سەپاندنی بەشێك لە کاری نێوماڵ و سەرپەرشتی منداڵان بەسەر پیاوەکانیاندا بدەن و بەو جۆرە پیاوانیان بەشدار و ناچار بە بیرکردنەوە بۆ ڕزگاربوون و کۆمەڵایەتییکردنەوەی کاری نێوماڵ و سەرپەرشتیکردنی منداڵ، بکەن. ئەمەش داخوازی دایەنگە و باخچەی منداڵان و چێشتخانەی گشتی دێنێتە ئاراوە، کە دەتوانن پایەی کۆمەڵگەیەکی نوێ بن، کە تێیدا کاری نێوماڵ و بەخێوکردنی منداڵ کار و ئەرکی کۆمەڵگەیە.

بەبۆچوونی من، لەبەر ڕۆشنایی ئایدیای ژنانی ئەنارکۆ-فیمینیستدا جیاوازییەکان گەلێك زۆرن. لەپاڵ ئەمانەشدا پێویستە ئەوەمان لەبیرنەچێت، هەر ئاوا ڕزگاری ژنان، کرێکاران، جوتیاران و خوێندکاران و ... تد تەنیا لە تواناى خودی ژنان، خودی کرێکاران، خودی جوتیاران، خودی خوێنداکارن و ... و .. تددایە، هەر ئاواش گۆڕینی بەندێکی یاسایی وەك چەند-ژنە یا نەهێشتنی نەریتێکی کۆمەڵایەتیی وەك خەتەنە و پاشەکشێ بە ڕێسایەکی ئایینی وەک شەلاقدان و زیندەبەچاڵکردنی ژنان، بە واژۆکۆکردنەوە و نامەگۆڕینەوە لەتەك سەروەران و چوونە پارلەمانی سەدان ژن، ناتوانێت ئاڵوگۆڕ لە ژیانی کەتواریماندا بکات و لە ڕزگاربوون لە دەست ئەو یاسا و نەریتانە نزیکمانبکاتەوە. بەڵکو هەر گۆڕنێك، پێویستی بە هەڵخڕان و بەرجەستەبوونی بزاڤی کۆمەڵایەتیی هەیە، پێوستی بە ئامادەیی تاك هەیە، پێویستی بە هۆشیاری خۆکاریی و خۆبڕیاردان و خۆهەنگاونان و خۆجێبەجێکردن و خۆپیادەکردن هەیە، ئەمەش پێویستی بە ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکان هەیە وەك فێرگە و پەروەردگەی ژنانی ئازادەی کۆمەڵگەی نوێ. لێرەدا ڕێکخراوەکان بێجگە لە چوارچێوەیەك یا چەترێك بۆ کۆوەبوون و هوشیاریی و یەکگرتن و زیندووکردنەوەی ویستی ئازادیخوازیی و یەکسانیخوازیی، فێرگەیەکیش دەبن بۆ و پەروەردەی مرۆڤی کۆمەڵگەی نوێ، هەر لەبەرئەوە گروپە خۆجێیی [فۆرومەکانی گەڕەك و تۆڕە سەرتاسەرییەکان] و جەماوەرییەکانی ژنان پێویستییان بە ڕابەر و سەرکردە و ژنانی پلەیەك نییە، پێویستییان بە ڕێنوێنی پیاوانی سەرکردایەتی پارتەکان و چەپڵەڕێزان و چەنەبازیی هۆلەکانی پەرلەمان نییە، بەڵکو تەنیا پێویستیان بە خۆهوشیاریی و خۆکارایی و خۆکۆمەکیی و خۆویستەکی ئەندامانیان هەیە.

من، ستەم و هەڵاواردن بەرامبەر ژنان تەنیا لەلایەن پیاوانەوە نابینم، بەڵکو زۆرجار لەلایەن خودی ژنانەوە ئەم ستەم و هەڵاواردنە پەرە پێدەدرێت. بۆ نموونە کەم نین ئەو ژنانەی کە خۆیان بەزۆر بەشوو دراون و کەچی هەمان پشتیوانی لە هەمان ستەم دەکەنەوە و کچ و نەوەکانیان دەخەنە ژێر فشار و ناچارکردن. کەم نین ئەو ژنانەی کە خۆیان خەتەنە کراون و بوونەتە قوربانی ئەو تاوانە و کەچی بەدەستی خۆیان کچەکانیان دەبەنە بەردەم گوێزانی ژەنگینی ژنانێکی دڕندە و خەتەنەگەر. کەم نین ئەو ژنانەی کە لە ژیانی ژن و مێردایەتییاندا باجی بڕە ئاڵتون و مارەیی و عەوداڵبوونی پیاوی دەوڵەمەندییان داوە، کەچی کچەکانیان لەسەر هەمان شێوازی بیرکردنەوە پەروەردەدەکەنەوە و دەیانخەنەوە ژێر چەکمەی سووکایەتی پیاوە داراکان. کەم نین ئەو ژنانەی ژنیان بەسەردا هاتووە و کەچی کچەکانیان ناچار بە دانیشتن لای پیاوانێکی فرەژەندار [حەرەمسەرادار] دەکەن. کەم نین ئەو ژنانەی کە لە ژیانی خۆیاندا هاوەڵێکی خۆشەویستی خۆیان لەسەر ئەویندارى کوژرابێت، کەچی بەخۆیان وتی لەسەر کچە دراوسێ و خزمانی خۆیان دەکەن. کەم نین ئەو ژنانەی کە لەلایەن خەسوویانەوە سووکایەتی و ستەمیان لێکراوە، کەچی بەخۆیان هەمان کار و ڕەفتار بەرامبەر بووکەکانیان دەکەنەوە، بەم جۆرە دەبین ستەم لە ژنان دیاردەیەکی ئاڵۆزی فرەڕەهەندی کۆمەڵگەکەمانە، نەك تەنیا داهێنراوی یاسایەکی نووسراوە یا زۆرداری پیاوانێك. کاتێك ئەو بۆچوونە لاوازانە دەخوێنمەوە، کە ستەم لە ژنان بۆ ئایینی ئیسلام بەتەنیا دەگێڕنەوە. بەڕاستی ئەو ژن و پیاوانە جێگەی بەزەیین، کە خوێندنەوەی ئاوا سەرپێی بۆ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن. ستەم لە ژنان ڕەهەندی مێژووی هەیە و ئەو ڕەهەندە زۆر لە ئیسلام و ئاینەکانی دیکەیش کۆنترە. بەم جۆرە نەبینی ئەم دراوە کەتوارییانە، نەبینینی زەمینە کولتووریی و ئابووریی و ڕامیارییەکانی ستەم لەلایەن ڕێکخراوە قووچکەییە ڕامیارییە پاشکۆکانی دسەڵات و پارتەکانەوە، خاڵێکی دیکەی جیاوازی چۆنیەتی تێڕوانین و دەرککردنی ستەم و هەڵاواردنی ژنانە، لەلایەن فێمینیستە دەسەڵاتخوازەکانەوە و لەلایەن فێمینیستە دژە-سەروەرەکانەوە [ئەنارکۆفێمینیستەکان]. ئەنارکۆ فێمینیستەکان بە قوڵی لە هەموو پێکهاتە و دەزگەیەکی کۆمەڵگە و بەڕێوەبەرایەتییەکەیدا لە دووی ڕەگ و ڕیشە ئابووریی و کولتووریی و ڕامیارییەکانی ستەم و هەڵاواردن، دەگەڕێن و ڕادیکاڵانە هەموو ئامراز و میکانیزم و پێکهاتیەك، کە ئافەرێنەر و پارێزەری ستەم و هەڵاواردن بێت، ڕەتدەکەنەوە و لە خەباتی ڕۆژانەی جەماوەریی و کۆمەڵایەتییدا هەنگاو بە هەنگاو بۆ سڕینەوەی لە هۆش و لە کردەوە و لە ئاخاوتنی تاکەکان و لە نێوەندە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەبێ وچان تێدەکۆشن.

من نالێم باوەڕەکانی ئیسلام دەستیان لەو ستەم و تاوانانەدا نییە، نا و نەخێر، هەرگیز بەتەمانیم شتێکی ئاوا بڵێم. بەڵام گونجان و تەبایی و ڕێککەوتێك لەنێوان باوەڕەکانی ئیسلام لەمەڕ ڕۆڵ و ڕێوشوێنی ژن و پێکهاتە و تێڕوانینی خێڵەکییانەی کۆمەڵگەی کوردستاندا هەیە. ئەگینا بە کوتوپڕی و لە چاوتروکانێکدا تیرۆری ژنان و ئەتککردنیان نەیدەتوانی بەو ڕەهەندە ڕیشەیی و ترسناکەوە لە دەهەی یەکەمی هەزارەی سییەمدا ئامادەبێت. کەسانێك کە بەختی هوشیاربوونەوەی ڕادیکاڵی ئازادیخوازانەیان هەبووە یا ڕووداوەکانی ڕۆژگار بەو هوشیارییەی گەیاندوون، ئەوە دەزانن کە باوەڕەکانی ئیسلام پاشبنەمایەکی خێڵەکییانەی نیوەدوورگەی عەرەبییان هەیە و کۆمەڵگەی کوردستانیش بنەمایەکی خێڵەکییانەی هەیە و یەکانگیربوونی ئەم دووانەیە، کە زەمینەی بەردبارانکردن و لوتبڕین و سوتاندن لەباردەکەن و پێکدەهێنن. بۆ تێگەیشتن و دەرکردنی ئەم پێگەیشتنە، خوێنەری ئازیز دەتوانێت سەرنجی جیاوازی هەژماری کوشتنی ژنان و باری یاساخی ئەویندارین بدەن؛ لەو ناوچانەی کە بە قۆناخی خێڵەکیبووندا تیپەڕیوون و تاکایەتی هێشتا تیایاندا بەرجەستەنەبووە و ڕێساخێڵەکییەکان تیایاندا سەروەرن، لەتەك بەو ناوچانەی کە زوو نیشتەجێبوون و شیرازە و بنەمای خێڵەکیی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی پێکناهێنێت و پێکەوەی نەبەستوون، بەراوردبکەن. مەگەر ئیسلام هەر ئەو ئیسلامە نییە، کە لە هەردوولایاندا ئامادەیە، بۆچی لە شوێنێك زۆرتر ژن دەکوژێت و لە شوێنێك یا هیچ یا کەمتر دەکوژێت. هەروەها ئەگەر سەرنجی ئایینەکانی دیکەی کۆمەڵگەمان بدەین و گوتراوەکانیان بخوێنینەوە، ئەگەر زۆرتر لە ئیسلام ژن بەکەم نەگرن، ئەوا سووکایەتییکردنیان بە مێینە کەمتر نییە. لەبەرئەوە ئایینی ئیسلام تەنیا وەك ئامرازێکی گونجاو لەلایەن کۆمەڵگەی خێڵەکیی کوردستان و کولتووری دژە-ژنییەوە کەڵکی لێوەرگیراوە، نەك ئەوەی کە لە خودی کۆمەڵگەکەدا تێڕوانینی هەڵاوێڕانە و ستەمگەرانە و بکوژانە دژی ژنان نەبووبێت و ئایینی ئیسلام لەتەك خۆی هێنابێتی، وەك چەپ و ناسیونالیستەکان پاگەندەی دەکەن.

هەروەها ئەگەر سەرنجی بڕیاردانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لەسەر یاسای چەند-ژنە بدەین، دەبینین هیچ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی [بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی نەك بەیاننامە و سەرمایەگوزاریی ڕامیاریی پارتەکان] کاردانەوەی نیشاننەدا و نەبووە هۆی نارەزایەتی و مانگرتن و دەستلەکارکیشانەوە. ئەگەر بە پروپاگەندەی بێبنەمای ژنانی سەرەوەی ڕێکخراوە بابسالار و پارتسالارەکانی بەناو ژنان و چەپەکان بووایە، دەبوو ژنان لە هەموو ناوچەکانی کوردستانەوە،

لە هەموو شار و گوندەکانەوە بە خۆپیشاندان و مانگرتن و ڕێپێوانی چەند ڕۆژە بەرەو پارلەمان و دەزگە باڵاکانی میری بڕۆن و داگیریانبکەن و داروپەردوویان بە یاسا چەندژنەکەیانەوە بسووتێنن، هەر ئاوا کە دەهەیەك لەمەوبەر لە وڵاتێکی ئەفەریکاییدا ژنانی یاخی نێوەندەکانی دەسەڵاتیان داگیرکردن. [ باش لەبیرم نەماوە لە سەرەتای هەزارەی سێیەمدا لە چ وڵاتێکی ئەفریکی بوو، کە ژنان ڕابوون و زۆر شوێنی گشتی و دەوڵەتییان داگیرکرد و بەچەك و بە هێزی یەکگرتووی خۆیان داخوازییەکانیان سەپاندن]. بەڵام لە کوردستان هیچ یەك لەمانە ڕوویانەدا و تەنانەت وەك بڵێی کە هیچ شتێکی پەیوەست بە ژنانەوە لە کۆمەڵگەدا ڕووینەدابێت. ئەمە نیشانەی بێبروایی خودی ژنانە بە هێزی خۆیان، ئەمە نێشانەی وردوخاشبوونی کەسایەتی و دەستەمۆبوونی هەزاران ساڵەی ژنانە بۆ ڕێسای هێزە کولتوورییەکان و یاسا ڕامیارییەکان. ئەمە نیشانەی ئامادەنەبوونی خۆهوشیاری و ویستی ئازادرەوانەی ژنانی کۆمەڵگەکەمانە، ئەمە بەرهەمی پشتبەستنی ژنانە بە ڕێکخراوە بەناو ژنییەکان و پارتە ڕامیارییەکان و بزاڤە ڕیفۆرمیستەکان. ئەمە نیشانەی ڕامبوون و دەستەمۆبوونی ژنانی ڕزگاریخواز و یەکسانیخوازە بۆ ژنانی دەستەبژێر و پێکهاتە سەروو ژنییەکان.

بەبۆچوونی من، ئەگەر هەر یەکە لە ئێمە، چەند مانگێك لەسەر ئەو ڕووداوە بووەستێت و بنووسێت و لێکیبداتەوە و توێژینەوەی لەسەر بکات، هێشتا بە ئەنجامی کۆتایی و هەمەلایەنە ناگەین. لە کۆمەڵگەیەکدا کە پارتە ڕامیارییەکان بۆ خۆقەبەکردن و سەرمایەگوزاریی ڕامیاریی پاگەندەی سکیولاریستبوونی کوردستانەکەیان بکەن و ڕۆژانە ئەم دەستەواژە پڕ سووکایەتی و پووچانە "ئێرە ئەفغانستان نییە، ئێرە ئەفریقا نییە، ئێرە بیابان نییە، ئێرە وڵاتانی عەرەبی نییە" هەزاربارە بکەنەوە و ڕێکخراوە ژنییەکان کە بڕیاری سمێڵزلەکانی نێوەندی پارتەکانیان بە ژنان دەگەیێین و تەنانەت هەندێکیان دەلاڵی بۆ هاوپارتییەکانیان دەکەن و "٨ی مارس" ڕۆژی ناڕەزایەتی و هاوپشتی جیهانی دژی هەڵاواردنی ژنان کرابێتە بۆنەی ئاهەنگێڕان و مەینۆشی ڕامیاران، ئیدی شایانی سەرسووڕمان و گومانکردن نییە، کە بۆچی ژنان ئاوا بێدەنگن و تەنانەت ژنان لە کارگەیەك، فێرگەیەك، گەڕەکێك، شارێك، زانکۆیەك، بۆ چەند چرکەیەك یاسای چەند-ژنە نەبووە مەشخەڵە و گرفتیان و بۆ بەرپێگرتنی و ڕەتکردنەوەی وەخۆنەنەکەوتن!

گۆڕانی کۆمەڵگە لە بارێکی ئاوا، گۆڕانی ڕیشەیی دەخوازێت، کە تەنیا لە خوارەوەڕا توانا و بەختی ڕوودانی هەیە، ڕێك بەپێچەوانەی خەونی فێمینیستە بۆرجوازییەکانەوە، کە خەریکی نامەگۆڕینەوەن لەتەك دەسەڵاتداران و کردنەوەی نووسینگە و نێوەندی بەناو ژنان لەنێو دەسەڵات و بە پارە و کۆمەکی ئەو پیاوانەی، کە خۆیان چەند ژنیان لە ماڵەوە وەك کۆیلە ڕاگرتووە و خۆیان دەستەکانی تیرۆری ژنیانیان پێکهیناوە و خۆیان یاساکان دەردەکەن و واژۆیاندەکەن. ئایا ئەمە بەڵگە نییە بۆ هاوبەشبوونی فیمینیزمی بۆرجوازی، کە بەشداری لە چەوسانەوەی ژناندا دەکات و بە یاساکان و دەسەڵات و دیمۆکراتییەتەکەیان خۆشباوەڕیان دەکات و لەنێوەندیاندا ڕێوشوێنی پلەبەرزی و دەسەڵاتداری خۆیان بەسەر ژناندا دەکەنەوە و ئەوەی لەنێو پارتەکان و دونیای سەرمایەگوزاریدا بەدەستییان نەهێناوە، بەهۆی دەستەمۆکردنی ژنانەوە، پێکەوەیدەنێن.

بە کورتی، ئەمانە بەشێکی بەرچاوی جیاوازییەکانن لە تێڕوانیندا، کە بێگومان لە کارکردن و تێکۆشانی ڕۆژانەدا، لە نێوەندەکانی خەباتی کۆمەڵایەتییدا، کە ژنانی ئازادیخواز لە هەموو هەنگاوێکدا خۆیان لە بەرامبەر ژنانی ڕامیار و دەسەڵاتخوازدا دەبیننەوە، جیاوازییە کردەییەکان ئاشکراتر و ڕۆشنتر بەرچاودەکەن، بەدڵنیاییشەوە، کۆمەڵێك جیاوازیی دیکەش دێنە پێشەوە، کە ئێمە هەرگیز لە وەڵامێکی ئەزموونگیرانەی سنوور دیاریکراودا توانای دەرککردیانمان نییە و تەنیا خەباتی ڕۆژگاری داهاتوو دەتوانێت وەڵامیان پێبداتەوە و بەرجەستەیانبکات.

**شتێک کە لای من پرسیار دروستدەکات، خەیاڵیبوونی ئایدیاکانتانە، ئاخر ئەم دونیایە چۆن بەبێ دەسەڵات و ڕێکخستن بەڕێوە دەچێت، ئایا بیرتان لەو بەربەریەتە کرودووەتەوە کە لە غیابی دەسەڵاتدا ڕوو دەدات ؟**

با لە کۆتایی پرسیارەکەتەوە دەستپێبکەم، بەڵێ ئەگەر لەم چرکەدا و هەر ئەم ساتە کە تۆ پرسیارت تێدا کردووە، کۆمەڵگە بە پێکهاتەکانی و مرۆڤە لەخۆ نامۆکانییەوە بگوێزیتەوە کۆمەڵگەیەکی ئازاد [ئەنارکی]، وێرانە و بێسەرەوبەرەیییەك ڕوودەدات، هەر مەپرسە [بێسەرەوبەرەیی نەك "بەربەریەت"]. ئینجا با کەمێك لەسەر ئەم واژە شیرینکراوەی دەمی چەپەکان بووەستم، "بەربەریەت" کە وەك چەمك و واتا کراوەتە پێوەری دڕندەیی؛ پێوەرێکی

زۆر ستەمکارانەیە و سەرچاوەیەکی نەژادپەرستانەی هەیە، کە بەکاربەرانی؛ ئەوروپییە باڵادەستەکان و پێش ئەوانیش خێڵە باڵادەستەکان بۆ پەسەندی دەسەڵات و زۆرەملێیی و ڕەوایەتیدان بە دڕندایەتی خۆیان بەرامبەر بەرەنگاریی "بەربەر"ەکان، وەك دەسەڵاتی زاڵ و دەنگی زاڵ (فەرهەنگی زاڵ)، لەنێو زمانەکانیاندا بە سەری ڕمەکانیان شوێنیانکردووەتەوە، هەروەك ئەوەی کە لە بیرکردنەوە و فەرهەنگی فاشیستە تورکەکاندا بەرهەڵستکاریی کوردەکان کراوەتە سیمبولی کێوییبوون و نەزانی و پلەخوارییان لە بەراورد بە تورکزمانەکان!

ئازیزم، پێت چۆنە کەسێك بێت و لە جیاتی واژەی نامرۆڤانەی "بەربەریەت"، واژەگەلی "کوردیەت" یا "مارکسیەت" یا "ئیسلامییەت" یا "پیاوەتییەت" و "ژنایەتییەت" بەکاربەرێت؟ بەبۆچوونی من کاتی ئەوە هاتووە چەپەکان، کەمێك لەو واژانە و دەستەواژانەی کە بوونەتە بنیشتەخۆشەی نێو دەمیان، وردبینەوە و مێشکیان لە تەپوتۆزی پەرتووکخانە و مۆزەخانەکانی ئەوروپا پاکبکەنەوە. دەبێت چی لەوە ستەمکارانەتر و دڕندانەتر بێت، کە مرۆڤێك بەناوی ئازادیخوازی و سۆشیالیستبوونەوە بێت و بنێشتی هەڵبزرکاوی دەمی مرۆڤە باڵادەستە دڕندەکانی ١٤ تا ٢٠ سەدە پێشتر بجوێتەوە؟ ئایا لەو بارەوە هەست بە هاوبەشی لەو تاوانە نەژادپەرشتانەیەی، کە بەرامبەر ئێتنیی "بەربەر"ەکان کراوە و بە سەدەکاندا درێژبووەتەوە، ناکەیت؟ ئایا هەر ئێستا و لە دەوروبەرماندا، لە دونیای دیمۆکراتی درۆینەی نیئۆلیبراڵەکاندا، لە دونیای کریستە ژن سوتێنەر و ملپەڕێنەکاندا، لە سایەی پەیامەکانی یەهوودا و موحەمەد دا، لە مێژووی بزاڤی چەکداری کورددا، لە مێژووی دەسەڵاتداری مارکسیستەکاندا، هەزاران نموونەی شایستە و گونجاو بۆ پێوەری دڕندایەتی ئەوپەڕی ڕادە بەدیناکرێن، یا ئەوەتا ئایدیۆلۆجیا چاوی کوێر و زمانی لاڵ و گوێی کەڕ کردووین؟

ئینجا ئەزیزم، ئەوەندەی من بزانم ئەنارکیستەکان بەڵێنی سەرخەرمان و کولیچەخوارن لە ئاسمانیان بەکەس نەداوە و پێیانوانییە، ئەگەر دەسەڵات لە دەستی ئەوانیشدا [ئەنارکییەکاندا] بێت، لەوەی ئێستا باشتر بێت و هەروەها بە بۆچوونی من، ئەگەر مرۆڤەکان بەو دەقگرتنەی ئێستاوە، شوانەیی خۆیان بەکەسانی دیکە [تەنانەت بە خودی ئەنارکیستەکانیش] بسپێرن، ئەوا نادادپەوەری تۆزقاڵێك لەوەی ئێستا کەمتر نابێت، [ هەروەك لە ڕاپەڕینی ١٩١٧ی ڕوسیەدا، لە ڕاپەڕینی ١٩٧٩ی ئێراندا دیتمان]، جێگرەوەکان ستەمکارتر و دڕەندەتر دەبن. ئەوەش تەنیا لەبەر یەك هۆی سادە و ئاشکرا؛ دەسەڵات ئامرازی سەرکوتە نەك ئامرازی بەدیهێنانی دادپەروەری. بۆ کەسێك کە خۆی بە شەیدای دادپەروەری، ئازادی،

یەکسانی بزانێت، با لە دەرووی دەسەڵات و لە دەرەوەی ئایدیاکانی دەسەڵاتخوازییەوە بۆ ئەو ئامانجانە بگەڕێت، بە ئاسانی لەم سەلمێندراوانە تێدەگات. ئایا هەزار و ملیۆن بار بوونەوەی ئەزموونەکانی بێهوودەیی گۆڕینی ئەم ڕابەر بەو ڕابەر، ئەم شێوە دەسەڵات بەو شێوە لە دەسەڵاتداریی، ئەم سەرکۆکۆمار بەو سەرککۆمار، ئەم پارت بەو پارت، بەس نین بۆ ئەوەی تاوێك لە خۆمان و مێژوو و بیرکردنەوەمان ڕابمێنین؟

وەك گوتم، تا ئەوەندە من بزانم و تا ئەوێندەرێش کە من باوەڕم پێییەتی و بۆی دەچم، ئەنارکیستەکان پایەکانی کۆمەڵگەی نوێ لە دەروونی ئەم کۆمەڵگەیەدا بنیاتدەنێن و پێیانوایە هەروەك پایەکانی سەرمایەداری و ڕەتکەرەوەکانی فیئۆدالیزم (دەرەبەگایەتی) لەنێو خودی دەرەبەگایەتیدا سەریانهەڵداوە و پەرەیانسەندووە و شەقیان بە سیستەمەکەی بردووە، ڕەتکەرەوە و وێرانگەری ئەم سیستەمەش لە هەناوی خۆیدا لەدایکدەبێت و پێویستە لەم ڕۆژگارەدا پایەکانی ڕۆبنرێن. هەر ئەمەش ئەنارکییەکان بەو بۆچوونە دەگەیێنێت، کە ڕێکخراوە جەماوەرییە خەباتکارەکان [چ کۆمیتەی کارخانەکان، چ سۆڤییەتەکان، چ هەرەوەزییەکان، چ سەندیکا و یەکێتییەکان، ئەوانەی کە پاشکۆی دەسەڵات و پارتە ڕامیارییەکان نین و سەربەخۆیی چینایەتی و ڕامیاریی خۆیان دەپارێزن] تەنیا ئامرازی بەدەستهێنانی چەند دۆلارێك کرێی زیاتر و کەمکردنەوەی چەند خولکەکێك [دەقیقەیەك] ماوەی کار نین، بەڵکو فێرگەی هوشیاربوونەوە و پەروەردەبوونی مرۆڤی نوێن، ئامرازی ڕێکخستنی کۆمەڵگەی نوێن، هەر ئەم ڕۆژ و لەنێو ئەو ئۆرگانانەدا ڕەتکردنەوەی سیستەمی چینایەتی هەنگاوی بۆ دەنرێت و دەبێتە بەشێك لە بیرکردنەوە و کار و چالاکی ژیانی ڕۆژانەی ئەندامەکانی. من دەزانم دەرکی ئەمە بۆ کەسێك کە ئەندامی ڕێکخراوێکی ڕامیاریی بێت، کە مانگانە ڕێکخراوەکەی مووچە لە فەرمانداریی [حکومەتی] بۆرجواکان وەردەگرێت یا نوێنەریان لە پارلەماندا ڕێز بۆ سەروەری یاساکان دادەنیت و سنوورەکانی سەروەری چینایەتی وەك مەجی بەهرەمەندبوون لەو کورسییە خوێناوییە دەپارێزێت، ڕێکخراوە بەناو جەماوەرییەکانی وەك یەکێتییە زەردەکانی دەسەڵات، پاشکۆی فەرمانەکانی نێوەندی پارت و لیدەرەکانی پارتن، بۆ چارەسەری گرفتە ڕۆژانەییەکان، دەگەڕێنەوە نێو پەرتووکە زەردهەڵگەڕانەوەکان و لە مۆزەخانەکانی سەدەی هەژدەدا بۆ وێناکردنی کەتواری ئەم ڕۆژگارە دەگەڕێن، دەرککردنی بۆ ئەوان ئاسان و گونجاو نییە. چونکە بۆ ئەوان لە دەرەوەی دیوارەکانی پارت و پارلەمان و فەرمانداری و دەوڵەت و دەقە سواوەکان، دونیای کەتواریی نابینێت.

ئەنارکیستەکان قسە لە پەروەردەبوونی توخمی شۆڕشگێڕانە لە هەناوی خەباتی ڕۆژانەدا دەکەن، ئەوان وەك پەیامبەر و ئایینداره لە ئاسمانەوە فتوای خەبات نادەن، ئەوان، لەو باوەڕەدان چ خۆیان و چ کەسانی نائەنارکسیتیش تەنیا لە ڕەوتی خەباتی نەپساوەی ڕۆژانەی چین و توێژه بندەستەکاندا هوشیارییان پەرەدەستێنێت و هوشیاریی مرۆڤ بەرهەمی کارلێکی ماددیانەی خۆی و دەروبەرەکەیەتی. کرێکارێك تا دەست بۆ مانگرتن و داخوازی نەبات، دوژمنایەتی خۆی و خاوەندکارەکەی وەك ئەوەی هەیە ناناسێت، تا کاتێك مانگرتنی گشتی و بەردەوام نەبێت، ئەندامانی کۆمەڵگە چینایەتیبوونی دەسەڵات و فەرمانداریی و پارلەمان و دەوڵەتەکانیان هەستپێناکەن، تا کاتێك کە تاکێك خۆی بە خۆبیرکردنەوە و خۆبریاردان و خۆجێبەجێکردن و خۆلێپرسراوەتی هەنگاونەنێت، هەست بە ستەمکاری و مشەخۆری و ناپێویستیی ڕابەران و سەرانی بریاردەری نێو ڕێکخراوە بەناو جەماوەرییەکانی پاشکۆی پارت و دەسەڵات ناکەن.

تاکی ئازادیخواز لەسەر بنەمای ئەو خودهوشیارییەی، کە دەبێتە بەشێك لە بوون و لە هەڵوێستی و سەراپای بیرکردنەوەی دەسەڵاتداران لە مێشکیدا دەسڕێتەوە و بە گوێرەی ئەوە ئازادی لە ناخیدا سەرهەڵدەداتەوە [سەرهەڵدەداتەوە، لەبەرئەوەی مرۆڤ لە لەدایکبووندا بە سروشت ئازادە و ئەوە ڕێساکانی کولتوور و یاساکانی سیستەمی ڕامیارین، کە ملکەچیدەکەن]، ئیدی ئەستەمە بتوانێت کەس بکاتە شوانەی خۆی یا ڕێگە بەخۆی بدات ببێتە شوانەی کەسانی دیکە، بەو جۆرە بۆ ئەو ئەستەم دەبێت، کە بە ڕیکلامەکانی هەڵبژاردن و بەڵێنەکانی سەرخەرمانی پارتەکان و بەهەشتە بەڵێندراوەکەی خۆبەپێشڕەوزان و ڕابەرزان فریوبخوات. ئا لێرەوەیە، کە ئەنارکییەکان قسە لە دونیای بێسەروەر و نافەرمانداریی و نادەوڵەتیی دەکەن و لەسەر بنەمای هاتنەمەیدانی ئەو تاکە خودهوشیارانە و یەکگرتنەوەیان لە یەکێتی خەباتی جەماوەریی و کۆمەڵایەتییدا، وێنای کۆمەڵگەی ناچینایەتی بێسەروەر دەکەن، نەك حەز و خەیاڵی دابڕاو. هەروەها ڕێکەوتنی ئازادانەی کۆمەڵایەتیی دەکەنە بنەمای پێکەوەژیان و کۆمەڵ نەك دەوڵەت وەك سەپێنەری سیستەمی ڕامیاریی و هەڵوەشێنەرەوەی بنەما کۆمەڵایەتییەکان.

کاتێك کە تۆ بڕوات بە توانا و ویستی سەربەخۆی تاکەکان هەبوو و هەموو گۆڕانێکت لە بوون و نەبوونی ئەو ئامادەییە خودهوشیارییەدا بینی، ئیدی خۆبەخۆ کار و چالاکیشت بەو

ئاراسته دەبن و یەکگرتنەوەشت لەتەك هەر تاك و گروپێکیشدا لەسەر ئەو بنەمایە دەبێت. کاتێك کە بزووتنەوەیەك بەو ئاراسته بوونی هەبێت، بەدڵنیاییەوە گۆڕانەکان ناتوانن لە دەرەوەی ویستی تاکە ژێردەستە شۆڕشگێڕەکانە ڕووبدەن و سەراپا بەشێك نابن لە سیناریۆ بێئەژمارەکانی دەوڵەت و پارت و دەستەبژێرە دەسەڵاتخواز و بەرتەریخوازەکان. بەواتایەکی دیکە مێژووی گۆڕانەکان، پراکتیکی تاکە هوشیارەکان [چ دژە دەسەڵاتەکان ، چ دەسەڵاتخوازەکان] دەینووسێتەوە و لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا هیچ مێژوویەك بەبێ ئەو دوو کاراکتەرە بوونی نییە، بۆ نموونە لە ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ١٩١٧دا و پاش سەوکەتنی ڕاپەڕینەکە، مێژوو بەم جۆرە ڕەوتدەکات: پێش ڕووخانی ئیمپراتۆری تزاریی و فەرمانداریی کاتیی، ئەو مێژووە بریتییە لە ململانێی نێوان جەماوەر و ئیمپراتۆری، پاش ئەوە بە ململانێی نێوان دژەدەسەڵات و دەسەڵاتخوازەکان درێژەی دەبێت، واتە شۆڕش و دژەشۆڕش، کرۆنشتات دیاریکراوترین نموونەی ئەو ململانێییە!

لە بەرانبەر دەوڵەت و یاسا شمشێرییەکانی، لە جیاتی فەرمانداری تاکپارتیی دیکتاتۆرییەتی پارت، ئەنارکییەکان کار و خەبات بۆ پێکهێنانی هەرەوەزییە ئازادەکان و یەکگرتنەوەی ئازادانەیان لەسەر بنەمای فیدرالیزمی ئەنارکی، دەکەن [لێرەدا مەبەست لە فیدرالیزمی سەروەرانە نییە، کە بریتییە لە یەکگرتنی دەسەڵاتدار و دەوڵەتە ناوچەییەکان]. ئەناکییەکان باس لە گۆرین و بنیاتنانی کۆمەڵگەی نوێ، باس لە خەبات و بڕیاردان لەلایەن خودی مرۆڤەکان [ تاکی توێژ و چینە بندەستەکان] دەکەن. ئەنارکییەکان لەو باوەڕەدان کە هیچ هێزێك ناتوانێت ڕزگارگەری کۆمەڵگەیەکی دیکە بێت، هیچ کەسێکیش ناتوانێت کەسێکی دیکە ئازادبکات. چونکە ئازادی لە ناخی مرۆڤەکانەوە سەرهەڵدەداتەوە، لە دەرەوە موتوربە ناکرێت، ئازادی ڕەنگدانەوەی خۆهوشیاری تاکە، ڕەنگدانەوەی قاڵبوونی مرۆڤە لە ڕەوتی ئەزموونەکانیدا، ئازادی دیارییەك نییە، تاکو پێشکەشبکرێت. جیاوازی مرۆڤی ئازادئەندێش و مرۆڤی پاشڕەو لەم کۆمەڵگەیەدا ئەوەیە، کە مرۆڤی ئازادئەندێش ناخی ئازادیستانێکی بێسنوورە و لە بەرامبەردا ناخی مرۆڤی پاشڕەو (ئیدی پاشڕەوی هەرچی بێت چ خوا و چ ڕابەر و چ باوك و چ خۆشەویست و چ پارت و چ پارلەمان و چ فیلۆسۆفان) زیندانێکی نیو میتر گۆشەیە، کە جوڵە و پشوو و ئارامی لێبڕیوە. تاکی کۆمەڵگەی سەرمایەداری جاری ئاوا هەیە، تەنیا یەك زیندان لە ناخیدا نییە، بەڵکو چەندین زیندان هاوکات لە نێو یەکدیدا لە ناخیدا دروستدەکرێن و خۆشی دەبێتە پاسەوانی بەخۆرایی هەموو زیندانەکان و ڕێگە لە هەر دەنگ و ئایدیایەك دەگرێت، کە بیەوێت پرسیار و گومان لەسەر ئایدیۆلۆجیاکانی دروستبکات.

لێرەدا بۆ ئەوەی وەڵامەکەی من نەبێتە بیرۆکەیەکی تەواو و بڕاوە، منیش پرسیارێك ئاراستەی تۆ دەکەم و هیوادارم وەڵامەکەی لەنێوانمدا پەیوەندی و مشتومڕی گەرموگوڕتر دروستبکات؛ ئایا ئازادبوون و ڕزگاکردنی تاك لەلایەن هێزی سەرووی خۆیەوە؛ ئایا چەندین سەدە لە ئەزموونکردنی ڕابەرایەتییکردنی چەوساوان لەلایەن دەستەبژێرێکەوە و دروستکردنی "کۆمەڵگەی ئازاد" بۆ ئەو چەوساوە پاشکۆ و داماو و دەستەمۆیە و پاشان توانەوەی پەشمەکییانەی ڕۆڵ و دەسەڵات [دەوڵەت]ی ئەو دەستەبژێرە، ناکەتوارییە یا ئازادبوونەوەی ناخی تاك و خۆڕزگارکردن و بنیاتنانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی یەکێتی و هەرەوەزیی و شۆڕشی کۆمەڵایەتییەوە ؟

## ئایا هۆمۆسێکسوێڵ و بیسێکسوێلەکان لەنێو ئێوەدا جێگەیان دەبێتەوە ؟

ئەگەر مەبەستت لە "لەنێو ئێوەدا" گروپە پاگەندەییە ئەنارکییەکان بن، ئەوا بەشداران لەو گروپانەدا تەنیا هاوئامانجی و هاومزریی کۆیاندەکانەوە. نەتەوە و ئایین و ڕەنگی پێشت و ڕەگەز و جیاوازی ئارەزووی سێکسیی و چێژی خواردن و جوانیناسی هونەریی و کولتوور هیچ ڕۆڵێکیان لە پێکەوەکارکردنی بەشداربووواندا نییە. لەوەش واوەتر ئاراستەیەك لەنێو ئەنارکیستەکاندا بە ئەنارکۆ- بیێکسوال یا هۆموسێکسواڵ ناسراوە و سیمولەکەیان ئاڵای ڕەش و ئاڵ یا پەمەییە. بەڵام پێویستە ئەوە ڕۆشبێتەوە، کە ئەنارکییەکان بەو ڕادەیەی کە پێداگریی لەسەر ئازادی هەوەس و ئارەزووی سێکسیی هاوسێکسگەرا [هۆمۆسێکسوالەکان] و دوودەکیان [بیێکسوالەکان] دەکەن، لەو ڕادە زیاتر دژایەتی ئەو هاوسێکسگەرا و دوودەکیخوازانە دەکەن، کە کەسانی دیکە ناچار بە ملدان بە حەز و هەوەسیان دەکەن، بەتایبەت ئەتکی منداڵان، کە بەداخەوە لە زۆر وڵاتدا لە نێوانیاندا لە پارچەکانی کوردستان و هەرێمی کوردستان بەدیاریکراوی، منداڵبازیی و توندوتیژی سێکسی و ئەتککردن لەژێر پەردەی هاوسێکسگەراییدا شادراوەتەوە و خەریکە کەسانێك بەناوی ئازادی حەزی سێکسییەوە، پشتیوانی و داکۆکی لە کەسانێك دەکەن، کە لە گەڕەکە هەژارنشینەکان و شوێنەکانی کاری منداڵان و فێرگەکاندا، ئەتکی سێکسی منداڵان دەکەن. ئەمە زۆر مەترسیدارە و هیچ جیاوازی لەتەك ئەو توندوتیژییەدا نەبینرێت، کە لەم ڕۆژگارەدا لە کۆمەڵگەکەماندا بەرامبەر خودی هاوسێکسگەراکان دەکرێت.

لەبەرئەوە، هەر بەو جۆرەی کە ئەرکی ئازادیخوازانەمانە، پشتیوانی لە هاوسێکسگەرا و دووەکی و فرەدەکیخوازیی کەسانی سەروو ١٨ ساڵ بکەین و پشتیوانی لە ڕێکخستن و ڕێکخراوە مافخوازانەکانیان بکەین، دەیان جار لەوە زیاتر ئەرکی سەرشانمانە دژایەتی ئەتککردنی سێکسیی منداڵان و کەمئەندامان و ئاژەڵان بکەین و لەو پێناوەدا و بۆ ڕێگریی لەو دیاردە دژە مرۆیی و دژە ئاژەڵییە، ڕێکخراوەی جەماوەریی خەباتکارانە پێکبهێنین. پێویستە زۆر ڕاشکاوانە ئازادی سێکسیی لەتەك ئەتك و توندوتیژی سێکسیی جیابکەینەوە و هەڵوێستگیریی ئاشکرا و ڕۆشنمان بەرامبەر و بۆ هەر یەکەیان هەبێت.

بەڵێ، بەو جۆرە هەموو کەسێك، کە بۆ بژێوی ژیان و بۆ تێرکردنی ئارەزوو و هەوەسی خۆی، کەسانی دیکە ناچار و ملکەچ و ئەتکنەکات و مرۆڤەکان لەسەر بنەمای ڕەگەز و نەژاد و ئایین و ڕەنگی پێست و ئارەزووی سێکسیی و زمان و پۆشاك شێوەی ژیان هەڵاوێرنەکات و خوازیاری کۆمەڵگەیەکی ناچینایەتی بێسەروەربێت، دەرگەی هەموو گروپێکی ئەنارکی بەڕوویدا کراوەیە.

## چۆن دەڕوانە ئەو دیاردەیە هۆمۆسێکسوێل، هەڵوێستتان چییە، ئایا ئەو ئازادییەیان پێ ڕەوا دەبینن ؟

بەداخەوە زۆر جار ئەم پرسیارانە لەبەر هەستیاریی کولتوریی کۆمەڵگە بەرامبەر ئەو پرسانە دینە پیشەوە و زۆرجاریش دەکرێنە ئامرازی وروژاندنی خۆشباوەڕیی خەڵك و شێواندنی ڕاستی. بەبۆچوونی من هەر ئاوا من و بەڕێزت و کەسانی دیکە حەزمان بە جۆرێك لە پەیوەندی سێکسی دیاریکراو [ژن لەتەك پیاو / پیاو لەتەك ژن] هەیە و ئەو مافە بەخۆمان ڕەوادەبینین، هەر ئاواش کەسانی سێکسگەرا یا هۆمۆسێکسوێل مافی خۆیانە و کەس بۆی نییە، ئەوەیان بۆ دیاریبکات؛ کامە شێوە لە پەیوەندی دروستە و کامە نادروستە، کامە ڕەوایە و کامە ناڕوایە. هەروەها هەر ئاوا بۆ پیاوێك یا ژنێکی سەروو ١٨ ساڵ نییە لەتەك منداڵێکی کوڕ یا کچ پەیوەندی سێکسی بگرێت، هەر ئاواش نابێت کەسانی هاوسێکسگەرا یا فرەجۆرسێکسگەرا لەتەك منداڵان پەیوەندی سێکسی بگرن، هەر ئاوا دژی پەیوەندی زۆرەملێیانەی ژن یا پیاوێکم لەتەك ژن یا پیاوێك، هەر ئاواش دژی پەیوەندی زۆرەملێیانەی سێکسگەرایێکم دژی سێکسگەرایێك یا هەر کەسێکی دیکە. بەڵام من کوێخای کەس نیم و بۆ من نییە بە هیچ کەسێك بڵێم؛ تۆ ئەوە بکە و ئەوە مەکە، ئەوە ڕەوایە و ئەوە ناڕەوایە، ئەو مافتە و ئەو مافەت نییە!

بە بۆچوونی من، ئارەزوو و حەزی سێکسی شتگەلی تایبەتی و کەسیین و تەنیا پەیوەندییان بەو کەسەوە هەیە، کە بە کردن یا نەکردنی هەڵدەستێت. بۆیە لای من هەموو پەیوەندییەکی سێکسی تا ئەو ڕادەیەی کە نەبێتە هۆی ناچارکردن و چەپاندنی ئارەزوو و حەزی کەسانی دیکە، دروست و ڕەوایە، هەر ئاوا کە بار یا جۆری پەیوەندییە سێکسییە باو و دانپێدانراوە کولتورییەکە ڕەوادەبینرێت، واتە ئەوەی کە پێیدەگوترێت پەیوەندی سێکسی ڕاستەوانە؛ پەیوەندی سێکسی نێوان ژن و پیاوی پشتبەستوو بە ڕەوایەتی کولتووری. بەڵام لێرەدا زۆر بەپێویستی دەزانم بە پێچەوانەی ئەو کەس و گروپ و لایەنانەی کە بە پاگەندەی یەکسانیی هەمووان، تەنیا بە خاتری بەدەستهێنانی دەنگ و لایەنگیری کەسانی ژێر فشاری کولتووری و سێکسی، پاگەندە دەکەن و هیچ ئاوڕ لە ڕەهەندە نیگەتیڤەکانی پاگەندەکانیان کە دۆ و دۆشاو تێکەڵدەکەن نادەنەوە، ئەوە دەستنیشانبکەم و ڕاستیبکەمەوە، کە منداڵبازی یەکسان نییە بە ئازادی پەیوەندییە سکسییەکانی وەك سێکسگەرایی و فرەڕەگەزبازی، کە لە وڵاتانی خۆراوا پاش خەبات و قوربانیدانێکی زۆر ئەو ئازادییانەیان بەدەستهێناون. ئازادی سێکسی تەواو پێچەوانە و جیاوازە لە سێکسگەراییەك کە لە کوردستان و وڵاتانی ناوچەکە، لەژێر فشار و چەپاندنی سێکسیدا لاوان تووشی منداڵبازی دەبن.

هەڵبەتە من نامەوێت بڕیاری سزاواری بەسەر کەسدا بدەم، بەڵام دەبێت ئەوە بڵێم لە پێش منداڵبازانەوە خودی کۆمەڵگە و دەسەڵاتە کولتووری و ڕامیارییەکەی، دنەدەری ئەو تاوانەن بەرانبەر منداڵان. چونکە لەلایەك لەبەر دابیننەبوونی بژێو و خەرجی ژیان و خوێندنی منداڵان، منداڵان بەهۆی کارەوە ناچار بە ملدان و تێکەڵبوون بە منداڵئەتککەران دەبن و دەکرێن، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی نەبوونی پەروەردەی دروستی سێکسیی لاوان و هەبوونی بۆشایی لە ژیانی سێکسی لاواندا ئەو بارە ناتەندروستە سێکسییە دروستدەبێت. لێرەدا نامەوێت بڵێم ئەگەر ئازادی سێکسی هەبێت ئیدی لادان و نادروستیی ئارەزووی سێکسی لای لاوان دروستنابێت، لە ئەوروپا و ئەمەریکا و ئوستراليا'ش کە ئازادی سێکسی هەیە، هەم یانەی سێکسفرۆشی و هەم پەلاماردانی سێکسی بۆ سەر منداڵان هەیە، بەڵام بە ڕادەیەی وڵاتانی دیکە نییە و لە دەرکەوتنی ئەو بارەدا منداڵە ئەتککراو و هەراسانکراو و پەلاماردراوەکە، وەك تاوانبار سەیرناکرێت بەڵکو وەك قوربانی کار لەسەر دروستکردنەوەی باری دەروونی متمانە بەخۆبوونی دەکرێت.

لەم بارەوە دەبێت ئەوەش بڵێم، کە بەداخەوە لە پەیڕە و پرۆگرامی ئەو نێوەند و گروپانەدا، کە بەناوی سێکسگەرایانی کورد و کوردستانەوە دروستبوون، سەرنجی ئەم لایەنە گرنگەی پرسەکە نەدراوە و گرنگیان بەوە نەداوە و ڕەتیاننەکردووەتەوە و سنووربەندی نێوان خۆیان وەك کەسانی سەروو ١٨ ساڵ و ئازاد لە پەیوەندی سێکسی، لەتەك منداڵبازانێك دیارینەکەن، کە لەم ڕۆژگارەدا لە دیاردەی تاك و تەراوە بوونەتە دیاردەیەکی باندیانەی دەلالانی نێو شارەکان. ئەمە جێگەی نیگەرانییە و مژدەدەری داهاتوویەکی ئازاد و مافی ڕەوا بۆ سێکسگەرایان نییە، بەڵکو وەك هەموو گۆڕانە ڕواڵەتییەکانی دیکە لە ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکدا، ڕەنگدانەوەی یاسای کڕین و فرۆشتن و ملکەچی بێدەسەلات بۆ دەسەڵاتدار ( چ دەسەڵاتداری ئابووری و ڕامیاریی، چ ڕەگەزیی) لەسەر دەبێت. بە بۆچوونی من، ئەم نادەربەسییە تەنیا شایانی ئەفسووس نییە، بەڵکو شایانی ڕەخنەی پەیگیر و کارا و ڕوخێنەرانەشە، کە هەر یەك لەوانەی دەرکیدەکەن، بەرانبەر ڕۆڵی دەربەستانەی خۆیان لێپرسراویاندەکات.

## ڕای تۆ سەبارەت بە دەوڵەتی نەتەوەیی و کەمپەینەکانی ڕاپرسی بۆ جیابوونەوە چییە؟

ئەگەر بە دەستەواژەیەکی زۆر کورت وەڵامبدەمەوە، ئەوا «دەوڵەتی نەتەوەیی» تەنیا درۆیەکی پیرۆزە و بەس! چونکە دەوڵەت لە خۆیدا ئامرازی بەزۆرڕاگرتن و سەرکوتی چین و توێژە بندەستەکانی کۆمەڵگەیە، ئیدی ئەو دەوڵەتە هەر فۆرمێکی هەبێت: مەزهەبی بێت یا سکیولار ، پارلەمانی (سەرمادارێی ئازاد) بێت یا تاکپارتیی (سەرمایەداریی دەوڵەتی)، پاشایەتی بێت یا کۆماری، هیچ لە کرۆکە چینایەتییەکەی ناگۆڕێت و هیچ لە ئەرك و پێناوی سەرهەڵدانەکەی ناگۆڕێت.

بە بۆچوونی من، ئەو دەستەواژەیە ئاماژەیە بۆ شتێك کە لە کەتواردا بوونی نییە، ئەویش "دەوڵەتی نەتەوەیی"یە، هەڵبەتە لەبەرئەوە نا، کە دەوڵەت بەو ناوەوە بوونی نییە. بەڵکو لەبەرئەوەی قەوارەیەك کە پێیدەوترێت «نەتەوە» و لەسەر بنەمای زمان هاوبەش و پێکهاتەی کولتووری و سەرزەمینی نیشتەجێبوونی ئەو یەکە هاوزمانیی و هاوکولتوورییە پێکهاتووە، خۆی لە خۆیدا ناکۆك و بێبنەمایە. لەبەرئەوەی قسەکەرانی یەك زمان و یەك پێکهاتەی کولتووریی بەپێی ڕێوشوێنی ئابووریی و کۆمەڵایەتییان لە چین و توێژی بەرژەوەندی جیاواز و

ناکۆك بەیەك پێکهاتوون. کاتێك کە دەوڵەت ئامرازی دەستی چینێك بێت و پارێزەری سەروەریی هەندێك بەسەر هەندێکی دیکدا بێت، ئیدی چۆن دەتوانین پاگەندەیەکی ئاوا بکەین، کە دەوڵەت دەربڕی خواست و ویست و ئارەزووی هەموو کۆمەڵ "نەتەوە"یە. ئەمە بێجگە لەوەی کە میکانیزمەکانی کارکردن و پێکهاتن و بەڕێوەبردنی دەوڵەتیی، نۆژەنکەرەوەی سەرکوت و نایەکسانی ئابووریی و دەسەڵاتیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ و چرکردنەوەی نێوەندگەرایی و پێکهاتەی قووچکەییە، هەروەها دەوڵەت وەك دەیبینین، لەنێوبەری بڕوابەخۆبوون و خۆچالاکی و خۆبڕیاردان و سەربەخۆیی تاك و کۆمەڵە.

بۆ ئەوەی زیاتر نەچمە پای سەلماندنی ڕاستییەك، کە هەموو تاکێك تەنیا بە وردبوونەوەیەکی چەند خولەکی لە ڕۆڵ و کارکردەکانی دەوڵەت، دەتوانێت بەو سەرەنجامە بگات، لێرەدا تەنیا لە خوێنەران دەخوازم لە دووی وەڵامی ئەم پرسیارانە بن: ئەگەر دەوڵەت ئامرازی پاراستن و خزمەتکردنی هەموو تاکەکان و چین و توێژەکانی "نەتەوەیە"کە، بۆچی کاتێك کە هەر ئەو تاك و چین و توێژانە دژی جەنگ دەڕژێنە نێو شەقامەکان، پۆلیس و لەشکر و دەزگەکانی دەوڵەت بەر بەو ئازادییەی خەڵك دەگرن و سەرکوتدەکرێن؟ بۆچی کاتێك مانگرتنێك ڕوودەدات، هەموو میدیاکان و دەسەڵات لەژێر دێوجامەی "بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی" دەکەونە دژایەتیکردنی؟ بۆچی هەموو تاکەکانی "نەتەوە" وەك یەك لە سامان و داهاتی سەرزەمینی "نەتەوە" بەهرەمەند نین؟ [ لێرەدا کورد و کوردستان دەکەمە نموونە] بۆچی کوردانی هەڵهاتووی ئێران و تورکیە و سووریە، ناتوانن وەك هەر تاکێکی دیکەی باشووری کوردستان ژیانی ئاسایی بکەن و مافی هاوڵاتییان هەبێت و خزێنراونەتە ئوردوگە داخراوەکان یا وەك "بێگانە/ نانەتەوەییەك" ڕەفتاریان لەتەکدا دەکرێت؟ بۆچی هێندێك خاوەنی زەوی و خانوو و گرد و کارگە و بانکەکانی "نیشتمانی نەتەوەن" و زۆرینەیەکیش لەو "نیشتمانە نەتەوەیی"یەدا کرێچی وماڵبەکۆڵ و ئوردووگەنشینن؟ بۆچی هەندێك سەروەر و زۆرینەش دەستبەسەرن؟ بۆچی کەمینەی سەرمایەدار و دەسەڵاتدار مافی هەموو بڕیاردانێکی هەیە و زۆرینەی نەدار و بێدەسەڵات دەبێت ملکەچ بێت، ...تد ؟؟؟؟؟

ئەگەر لەمانەش بگوزەێین، ئەوا دیسانەوە ناتوانین دڕندەیی دەوڵەت و هۆکاربوونی دەوڵەتی بۆرجوازی " دەوڵەتی نەتەوەیی" لە دروستکردنی کینە و جەنگ و کوشتاری تاکەکانی کۆمەڵگە لەتەك دەرەوەی خۆیان و نێوەوەی خۆیان، لەبەرچاو نەگرین! بۆ تێگەیشتن لەوە، با هەر

کەسە لەجێی خۆیەوە دوور لە کینەسازی ئیدیۆلۆگەکانی ناسیونالیسم، لە ژیانی ڕۆژانەوە لە مێژووی تۆمارکراوی نێو یاداوەریی پیرەکانمانەوە سەرنجی ژیانی کۆمەڵگەکان بدەین، بزانین لەکەیەوە مرۆڤەکان لەسەر پارچە پەڕۆیەکی پووچ (ئاڵا) و درۆی پیرۆزی "دەوڵەتی نەتەوەیی" خۆیان بەکوشتدەدەن و دەکوژرێن و پەلاماری خەڵکی دیکە دەدەن؟ لە کەیەوە لە کۆمەڵگەدا هاوسێ بووەتە دوژمنی هاوسێ و گوندێك دژی گوندێکی دیکە؟

لەوانە هەمووی گاڵتەجارتر ئەوەیە، کە کۆمەڵێك دێن و بۆ ئەوەی دەوڵەت لە ژێر باری ڕەخنە و سەرنجی تاك ڕزگاربکەن، دەکەونە پاگەندە و ڕازاندنەوەی دەوڵەت بە "سکیولار" و "نیشتمانی" و "مۆدێرن" و "لیبراڵ" و "سۆشیالیستی" و زۆر دەستەواژەی ناکۆك و نێوەڕۆکپووچی دیکە. لەوانەش گاڵتەجارانەتر، ئەوەیە، کە بڕوا بەخۆت بهێنیت، کە دەوڵەت چارەسەری نادادوەریی و نایەکسانییەکە، کە دەوڵەت بەخۆی وەك پێکهاتەیەکی قوچکەیی (هیراشییانە) ڕێکخەری پەیوەندی سەروەر و ژێردەستانەی تاکەکانی کۆمەڵگەیە، بەخۆی ئافەرێنەر و پارێزەری نایەکسانی نێوان تاکەکانی یەك کۆمەڵگە یا تاکەکانی کۆمەڵگەی داگیرکراو و تاکەکانی کۆمەڵگەیەکە، کە خۆی بەناوییەوە قوتبووەتەوە. ئەگەر قسە لەسەر خودی دەوڵەت بەبێ پاشگری "نەتەوە" بکەین، ئەوا لە هەموو ئایدیا پڕۆ-دەوڵەتییەکان پووچتر ئەوەیە، کە پێتوابێت دەوڵەت لە خۆیەوە دەتوێتەوە یا جیاوازی چینایەتی لەنێوان نێوەڕۆکی دەوڵەتی "مەزهەبی" و "سێکیولار"دا هەیە، یا ئەوەی پێتوابێت ئەگەر خۆت سەرۆکی فەرمانداریی دەوڵەتێك یا پارتەکەت فەرماندار بێت، ئەوا نێوەڕۆکی دەوڵەت دەگۆڕێت و لە لەنێوبەری ئازادی و یەکسانی و دادپەروەرییەوە دەبێتە ئامرازی دابینکردن و پاراستنی ئەو خەونانە، وەك ئەو وڕێنانەی کە مارکسیست-لێنینیستەکان پێش ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ دەیانکردن و ا هەنووکە کۆمەڵێك پارت بەدەم ئەو وڕێنانەوە پاگەندەی خەباتکردن بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی دەکەن. لێرەدا تەنیا دەتوانین بڵێین هەڵەکردن و نەزانین، گەمژەیی نییە، بەڵکو دووبارە و هەزاربارەکردنەوەی هەڵەی پێشینان و مەوڵنەدان بۆ تێگەیشتن لە هۆکاری هەڵە و شکستەکان، دەبەنگبوونە لە سنووربەندیی ئایدیالیزمی ئایدیۆلۆجیادا !".

دەوڵەت بەپێچەوانەی خەونی تاکی کۆمەڵگە داگیرکراوەکانەوە، نە بەرەنجامی خەباتی ڕزگاری نیشتمانییە و نە درێژەی ئەو خەباتەیە، بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوە لەباربەری خەونی

ڕزگارییه، که تاکی کۆمەڵگەی داگیرکراو له پاڵ وەدەرنانی دەوڵەتی داگیرکەردا، که خۆی لەخۆیدا خەونی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریی ماندەرییەتی بۆ خەبات دژی دەوڵەتە داگیرکەرەکە و لە بەرانبەر ئەو خواستە سروشتییەدا دەوڵەتی جێگرەوەی دەوڵەتی داگیرکەر، بە هەمان شێوە هەموو هێز و بۆ پاراستنی سەروەری چینایەتی و دارایی تایبەت و بەرتەری هەندێك بەسەر هەندێکی دیکەدا دام و دەزگەکانی دەخاتەگەر، کە دەکاتە ژێردەستمانەوەی [کۆیلەمانەوەی] ژێردەستان و گۆڕانی سەروەرانی داگیرکەر بە سەروەرانی هاوزمان! ئێمەی تاکی کورد ئەگەر دوایین بینەری ئەو ڕاستییە نەبین، ئەوا یەکەمین نین. بەچاوی خۆمان دیتمان کە چۆن دەزگە سەرکوتگەرەکان ڕێکخرانەوە، چۆن بەکرێگیراوان و جەلادانی داگیرکەر کرانە "چەکداری شۆڕشگێڕ" و چۆن نایەکسانی چینایەتی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا، لە سایەی دەسەڵاتی بۆرجوازی کورددا لە ساڵی ١٩٩٢ تا ٢٠١٢ گەیێنراوەتە ئەوپەڕی ڕادە. ئەگەر کەسانێکی دیکە پەیدادەبن و وەك گلەیی لە فەرمانداریی ئێستا، خەونی دەوڵەتێکی دیکە بەناوی "سێکیولاریست" و "سۆشیالیست" و "کرێکار"ەوە دەکەنە ئەڵتەرناتیڤی ئەوەی ئێستا، ئەوا دەتوانم بڵێم، لە دەوڵەتەکانی ڕوسیا و خۆرهەڵاتی ئەوروپا و ئاسیا و ئەمەریکای لاتین و ئەفەریکا، کە بەناوی "سۆشیالیزم" و "پرۆڵیتاریا"وە پرۆلیتاریا و سۆشیالیستخوازەکانیان سەرکوتدەکرد، باشتر نابن و لە بەرانبەر "سێکیولاریزم"ەکەشیان، لە دەوڵەتەکانی خۆرهەڵاتی ناوینەوە بگرە تا ئەوروپا و ئەمەریکا و ئوسترالیا، دەتوانین نیشانیانبدەین، بێجگە لە پێشینەی کوشتوبڕ و جینۆساید و دیکتاتۆری و جەنگە جیهانییەکان و بۆمبی ئەتۆمی و چەکی کیمیایی و بایەلۆجی و لەسێدارەنانیان، هەنووکەش نایەکسانی ئابووریی تیایاندا بوونێکی نکۆڵیهەڵنەگرە و دەزگەکانی دەوڵەتە "سێکیولاریستەکان" هەمان ئەرك و فەرمانی چینایەتی ئەنجامدەدەن، کە دەزگەکانی دەوڵەتە دیکتاتۆریی و مەزهەبیەکانی ئەفگانستان و عیراق و ئێران و سعودیە و ..تد ئەنجامیاندەدەن، نموونەی زیندووش لەو بارەوە، بڕواننە سەرکوتی مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی بریتانیا دەهەی هەشتای سەدەی رابوردوو، سەرکوتی خۆپیشاندانەکانی شیکاگۆی ئەمەریکا لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوو و سەرکوتی خۆپیشاندانەکانی دژی جیهانگیری سەرمایەداری و جەنگەکانی لە بالکان و خۆرهەڵاتی ناوین و.. تد لە سەرەتای هەزارەی سێیەمدا لە کیشوەرەکانی ئەوروپا و ئەمەریکای ژێر سایەی سەروەریی دیمۆکراسیی پارلەمانی و "دەوڵەتی نەتەوەیی" و "بەرژەوەندی نیشتمانی"!

**باشە کە تۆ فیدرالّیەتی ئێستای هەرێمی کوردستان ڕەتدەکەیتەوە، لەولاشەوە دەوڵەتی سێکیولار و سەربەخۆی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ڕەتدەکەیتەوە، وابزانم باوەڕیشت بە ولایەتی ئیسلامیش نییە، ئەدی چ ئەڵتەرناتیڤێکت هەیە، کە ئیدیعای بکەی؟**

بە بۆچوونی من هەر پێشنیار و ئەڵتەرناتیڤێکت هەبێت، ئەوا دوو ڕێگە بۆ جێخستنیان هەن؛ یەکەم پاگەندە و هوشیارکردنەوە و پراکتیزەکردن لە خوارەوەرا بە یەکگرتن و هەنگاوی کردەیی ژێردەستان، دووەم سەپاندن لە سەرەوەرا، بە بڕیاری ڕامیاران و سەودا و سازشی دەسەڵاتخوازان. پێش ئەوەی لە پێشنیارەکەی خۆم بدوێم، باشترە نموونە بۆ هەر دوو بارەکە بهێنینەوە، کە من لێرەدا کۆلخۆزەکانی ڕوسیەی سایەی بۆلشەڤیزم و هەرەوەزییەکانی ئۆکرانیای ١٩١٧- ١٩٢١ و هەرەوەزییەکانی سەردەمی جەنگی نێوخۆی ئیسپانیا ١٩٣٦-١٩٣٩، بەراورددەکەم:

لە ڕوسیەی پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩١٧ بۆلشەڤیکەکان هەوڵیاندا ئۆلگوی خۆیان بۆ کێڵگەی سۆشیالیستی بەزۆر بسەپێنن، لەو بارەوە سەرچاوە و دۆکومێنتە مێژوویەکان کارەساتی بێوێنەی مێژوویی لە زۆرداری و ملهوڕی پارتی بۆلشەڤیك و نائامادەیی خەڵك و مردنی چەندان ملیۆنی و بێبەرهەمی ئەو هەوڵە دەگێڕنەوە، کە بەڕادەیەك جوتیارانی ڕوسیە تووشی کارەسات بوون، کە باری ژیان و بەرهەم و گوزەرانیان لە سەردەمی پاشایەتی [تزاری] و جەنگی نێوخۆ خراپتر بوو و ڕادەی بەرهەمهێنان دابەزیبوو و گرانی و نەبوونی باڵی بەسەر گوندەکاندا کێشابوو، لێرەدا بواری لیستکردنی ئەو ئەو ئامار و دراوانە،کەمە، لەبەرئەوە خۆم لەو کارە لادەدەم، ئەگەر گومانت لەمە هەیە، تکایە لە وەڵامی ئەم وەڵامەدا، ئاگادارمبکەرەوە تا نموونەگەلێکی زۆری بەڵگەدار، لە دەمی ڕەخنەگرانی کۆمونیستەوە، بخەمەڕوو.

لە بەرانبەردا هەرەوەزییەکانی ئۆکرانیا ١٩١٧-١٩٢١ کە لەلایەك لەلایەن لەشکری نەمسا و ئاڵمانیاوە هێرشیان دەکرایە سەر و هاوکات لە پشتەوەڕا لەلاەین لەشکردی سوورەوە هێڕشیان دەکرایە سەر، هەروەها هەرەوەزییەکانی ئیسپانیا لە ڕاپەڕینی ١٩٣٦ی "جەنگی نێوخۆیی" ئیسپانیادا، کە لەلایەك فرانکۆ خۆی بۆ هێرش ئامادەدەکرد و لەلایەکی دیکەوە کۆمونیستە پرۆ-ڕوسەکان ڕێگریان لە هەر هەوڵ و ئۆلگویەکی ئازادیخوازانە دەکرد، کەچی بە پێچەوانەی ئەزموونی سەرکوتگەرانی بۆلشەڤیکەکانەوە، هەرەوەزییە ئازادەکان هەم لەلایەن

جوتیاران و کرێکارانەوە پێشوازییەکی فراوانی جەماوەرییان لێ دەکرا و هەم بەرهەم و سەرکەوتووییان بەراورد بە ناوچەکانی دیکە زیاتر و بەرچاوبوو. بەڵێ سەرکەوتن و پەرەسەندنیان بەڕادەیەك بوو، کاتێك کە خاوەنی کێڵگە گەورەکان و کارگە و کارخانەکان بە سەرکەوتنی لەشکری فرانکۆ گەڕانەوە، هەم کێڵگە و کارگەکان ئاوەدان بوون و هەم بڕی بەرهەمهێنان زیادیکردبوو. ئەمە پەرجووی کار و یەکێتی و هەرەوەزیی ئازاد بوو، کەتوار و ڕاستییەك، کە بۆلشەڤیکەکان نیو سەدە بە هەموو جۆرێك هەوڵی شاردنەوە و شێواندنیان دا!

ئەو جیاوازییە لە سەرەنجامدا تەنیا بۆ یەك هۆ دەگەڕێتەوە، ئەویش ئازادی ویست (ئیرادە)ی تاك و کۆمیونیتییەکانە، کە لە باری یەکەمدا [ڕوسیای بۆلشەڤیکی] جوتیاران بەزۆر ناچار بەبەشداری دەکران و زۆرینەی بەرهەمیان لەلایەن باجگرانی پارتی پێشڕەو و سیخورانی (چیکا)وە زەوتدەکرا و ئەوی ئامادەی بەشداری کۆلخۆزەکان نەبووایە، ئەوا بۆ سیبریا و ئوردووگە زۆرەملێییەکانی دیکە دەگوێزرایەوە. بەڵام لە هەرەوەزییە ئەنارکییەکانی ئۆکرانیا و ئیسپانیادا، هەر کەس ئازادبوو بەشداربیکات یا نا، لەتەك ئەوەشدا ئەو کەسەی کە بەشداری نەکردایە و لە کۆتایی ساڵدا بەرهەمی کەم بووایە، لەلایەن جوتیارانی نێو هەرەوەزییەکانەوە، دەستگیرۆیی دەکرا و ژیانی وەك کۆمەکی کۆمەڵایەتی دابیندەکرا. هەر ئەم خاڵە وای لە جوتیاران کرد، کە گرنگی و سەرکەوتوویی هەرەوەزییەکان دەرکبکەن و بە هاریکاری و بە چەك پارێزگارییان لێ بکەن و لەو پێناوەشدا بەرانبەر لەشکری فرانکۆ، لەپێناو ئازادی و یەکسانی دەسەڵات و سەربەخۆیی ئابووریی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتییدا گەورەترین قوربانییبدەن.

هەڵبەتە ئەم خودهوشیاریی و ئامادەییە چینایەتییە لە شەورۆژێکدا سەریهەڵنەداوە و نەبووەتە هێزی کۆمەڵایەتی و بەشێك لە کولتووری خەڵکەکە. ئەوەی کە بۆ وڵامەکەی من گرنگە، هەر ئەم خاڵەیە و دەمەوێت بڵێم، شۆڕش پرۆسێسێکی بەردەوامی مێژووییە و هەموو خاڵێك لەو پرۆسێسەدا پێویستی بە کاری هوشیاریبەخش و پاگەندەی شۆڕشگێرانە هەیە، هەر ئەوەی کە ئەنارکییەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە تا ساڵی ١٩٣٦ لە ئیسپانیا، شەو و ڕۆژ بەردەوام لەنێو کارگەکان و کێڵگەکاندا کاریان بۆ کردبوو و بووبووە بەشێك لە هوشیاری و تەنانەت ئاوەز و کولتووری خەڵك.

هەر لەبەرئەوە، ئەگەر ئێمەش [هاوسەردەمیانی ئەم ساتە] بۆ هەر کارێك چ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی جەماوەری بێت یا بەرپاکردنی ڕاپرسییەك [ڕیفراندۆمێك] یا هەڵخڕاندنی ڕاپەڕینێك یا ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە لەسەر شێوازێك و جێخستنی ئەڵتەرناتیڤێك، ئەوا پێویستمان بە پاگەندە و هوشیارکردنەوەی بەردەوام هەیە، وەك پێشمەرجی دەستبەکاربوون. چونکە سەرگرتن و جێکەوتەبوونی دیاردەیەك، پێویستی بە بوون بە بەشێك لە کولتوور و ئاوەزی تاك و کۆمەڵگە بەگشتی هەیە، ئەگەر نا، یا ئەوەتا وەك ئەزموونی چەپەکان لە عیراق و کوردستان نیشانیدەدات، دەبێت خۆزگە بە پەرجووی ئاسمانی بخوازین بۆ هاتنەدی یا ئەوەتا وەك بۆلشەڤیکەکان بە کوشتن و زیندان و هەڕەشەی دوورخستەنەوە دەیسەپێنین.

چ عیراق بەگشتی چ هەرێمی کوردستان، لە کۆمەڵێك ئێتنی و ئایین و کولتووری جیاواز پێکهاتووە، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە بەگشتی و لە پاش داگیرکردنی عیراق لەلایەن داگیرکاریی بریتانیاوە بزاڤە ناسیونالیستییەکان و پارتە ڕامیارییەکان لەسەر ڕێکخستنی هەرێمەکان و ناوچەکان لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆجی ناسیونالیستی و دروستکردنی دوژمنایەتی و کێشە و جەنگ و کوشتار لەنێوان نەتەوەکاندا بەگشتی و ناوچە هاوبەشەکاندا بەتایبەتی کاردەکەن و ئەم هەرێمە چەند جەنگی نێوخۆیی و دەرەکی بەسەردا هاتووە، کیمیاباران و جینۆسایدی تێداکراوە. هەر ئەڵتەرناتیڤێك ئەم ڕووداوانە لەبەرچاونەگرێت، بەدڵنیاییەوە وەك بەیاننامە پارتییەکان دەبێتە ڕابوردوویەکی نەزۆك.

وەك دەزانین لەنێو زۆربەی گروپە ڕامیارییەکاندا بە چەپ و ڕاست و نێوەندەوە یەك ئەڵتەرناتیڤ پێشنیارە، ئەویش گۆڕانی ڕواڵەتی [ڕامیاریی] یا گۆڕان لە دەسەڵاتی ڕامیاریدا، کە هەر گروپ و ئاراستەیەکی ڕامیاریی خۆی بە باشترین کاندید بۆ جێگرتنەوەی سەروەرانی ئێستا دەبینێت، گشت دەسەڵاتخوازان یەك پەیامیان بۆ جەماوەرێك کە دەیانەوێت سەروەریی بەسەردا بکەن، هەیە، ئەویش ئەوەیە "ئەگەر دوای من بکەیت، بەهەشتی ئاسمانەککانت لەسەر زەوی بۆ مسۆگەردەکەم". ئەم ئەڵتەرناتیڤەش یا بە بەشداری هەڵبژاردنی پارلەمانی جێبەجێیدەکەن یا بە کودەتای سەربازی و قۆستنەوەی لازاری ڕاپەڕینەکان. لە بەرانبەردا ئەو شتانەی کە لە هیچ سەردەمێکی ئەم ناوچەیەدا لەلای گروپ و پارتە چەپەکان پێشنیارنەبوون، ڕێکخستنی سەربەخۆی جەماوەریی، چالاکی [خەباتی] ڕاستەوخۆ، خۆبەڕێوەبەراریەتی سەربەخۆ [ئۆتۆنۆم]ی کۆمیونیتیەکان و کارگە و کێڵگە

هەرەوەزییەکان، دیمۆکراسی ڕاستەوخۆ و یەکگرتنەوەی فیدراڵیستییانەی کۆمەڵگەکان، کە دەبنە بناخەی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگەی ئازاد.

هەروەها بە بۆچوونی من، هەر کات دەستپێبکەین، پێویستە لەم سەرەتایەوە دەستپێبکەین و بەبێ ئەم سەرەتایە و بەبێ ئەم ئامادەکارییە، ئەستەمە لە هیچ هەڵچوون و ڕاپەڕینێکی شۆڕشگێڕانەدا یا لە هیچ قەیرانێکی سەرمایەداریدا، بتوانین هەنگاوێك بەرەو ئاڵۆوگۆڕی کۆمەڵایەتی؛ بەواتای تێکدانی بنەمای ئابووری و بوونە کولتوورییەکانی سیستەمی سەرمایەداری، بنێین. لە هەموو سەردەمەکاندا گرفتی ئەوانەی کە پاگەندەی سۆشیالیستبوونیان کردووە [بەتایبەت لە ساڵی ١٩٩١ بەدواوە] ئەوە بووە، کە پاگەندەی گۆڕانەکانیان وەك خەونێك بۆ ڕۆژانی هەڵچوون و قەیران هەڵگرتووە و لەو ڕۆژەدا ویستوویانە بە دەرکردنی ڕاگەیاندنێك [بەیاننامە] و بانگەوازکردنی خەڵك، شۆڕش [بە واتای خۆیان] بەرپابکەن.

من نازانم کەی و چەند دەخایێنێت، تا خەونەکانی ئێمە چ لە ژیانی خۆماندا و چ بۆ نەوەکانی داهاتوو دێنەدی، بەڵام لەوە دڵنیام هەر ئێستا یا ئەو ساتەی کە ئەرکی هەنووکەیی سەرشانمان دەکەین، پێویستە کاری بۆ بکەین و ئەوە لەبەرچاوبگرین، کە لە داهاتوودا بەبێ کار و تێکۆشانی ئێستا، ئەستەمە سەرکەوتن بەدەستبهێنین. بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت لە ساڵی داهاتوودا بزووتنەوەیەکی بێکاری بەهێز و سەربەخۆ یا بزووتنەوەیەکی شواریی جێکەوتەمان هەبێت یا لە چەند ساڵی داهاتوودا زنجیرەیەك هەرەوەزی دیهاتەکان و کۆمونەی شاریی و کۆمەڵێك خۆبەڕێوەبەریی کرێکاریی کارخانەکان و کۆمەڵێك خوێندنگەی سەربەخۆ و ئازادی خۆبەڕێوەبەرایەتی خوێندکاران و مامۆستایانمان هەبن، پێویستە هەر ئێستا و لەم ساتەوە پاگەندەیان بۆ بکەین و خۆموشیاری و خۆڕێکخستن و خۆبەڕێوەبەرێوەبردن و ئۆتۆنۆمی ژیان بکەینە بەشێك لە بەرنامەی چالاکی و تێکۆشانی ڕۆژانەمان و هەوڵبدەین بیانکەین بە بەشێك لە  کولتووری ژیانی ڕۆژانەمان. نەك چاوەڕێی هەلبارین لە ئاسمانەوە یا لەدایبوونی ڕابەران بین!

وەك گوتم عیراق و هەرێمی کوردستان، فرە کولتوور و فرە ئێتنی و فرە ئایینن، بۆ ئەوەی کار و تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەمان سەرکەوتووبێت، پێویستە شێوازی "خۆجێی چالاکیکردن و سەرتاسەریی هاوپشتیکردن " بکەینە بنەمای کار و چالاکی و پەیڕەویبکەین. بۆ ئەمەش

پێویستە پێش هەموو شتێك وەك سەرەتایەك و بنەمایەك لە بڕوابوونمان بە ئازادی، باوەڕمان بە جیابوونەوە و یەکگرتنی ناوچەکان، هەرێمەکان، ئێتنیەکان، ئازادی کولتووری، ئازادی زمان و خوێندنی زمانی دایك، هەبێت.

لە هەنگاوی دووەمدا هەر کەسە و لە شوێنی کار و ژیانی خۆیدا، خەریکی پاگەندە و هوشیارکردنەوە بێت و لە ڕێکخراوەی پیشەیی و ئابووریی و تۆڕی کۆمەڵایەتیی خۆجێیدا خەریکی چالاکی سەربەخۆی خۆی بێت. ئەمە دەکاتە خۆپەروەردەکردن و پەروەردەکردنی تاکی ئازادیخواز و سەربەخۆ. کاتێك کە توانرا لە ئاستی کۆمەڵگەدا بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەو ئاراستە بەڕێبخرێن و ئاستی هوشیاری تاك بگەیێنرێتە ئەو ئاستەی، کە چیدی نەتوانرێت لە ژێر سایەی سیستەمی قوچکەیی بەڕێوەبردندا بژی. ئەو کات لە ئامادەیی و یەکێتی کۆمەڵایەتیی فرە ڕەهەنددا هاوسەنگی هێز لەنێوان بەرەی گۆڕانخواز (شۆڕش) و بەرەی کۆنەپارێز (دژەشۆڕش)دا بەلای بەرەی شۆڕشدا دەشکێتەوە و ئاسانتر دەتوانرێت ئەوە وێنابکرێت، کە بە مانگرتنی گشتی و یاخیبوونی کۆمەڵایەتیی بەردەوام و هێزگرتنی خۆبەڕێوەبەرایەتییەکان و کەنارخستنی ڕۆڵی دەوڵەت و بەڕێوەبەران لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا، دەسەڵاتی چینایەتی دەڕوخێنرێت. لەوانەیە بۆ ئەوانەی کە بە پاشڕەویی دەسەڵاتخوازان دەستەمۆبوون و خویانگرتووە، وێناکردن و بڕواکردنی وەها شتێك ئاسانئەبێت، بەڵام ئەگەر سەرنجی مێژووی بیست ساڵی ڕابوردوو بدەین، ئەوا بە ئاسانی چەندین نموونەی زیندوو بەرچاودەکەون، کە پێچەوانەی تێروانینی پاشرەوانە و دەستەمۆییانەی ڕامیارییین: لە سەدەی ڕابوردوودا لە وڵاتی بەنگلادیش و هەروەها لە وڵاتی لوبنان، هەرچەندە بزووتنەوەکانی: بەرگرتن بە تایبەتیکردنەوەی کەرتەکان و پێکهێنانی هەرەوەزییەکان و سەندنەوەی کارخانە و نێوەندەکانی خزمەتگوزاری و شوێنە گشتییەکان لە دەوڵەت و سەرمایەداران لە ئارادانەبوون و ڕێکخستنەوەی کۆمەڵایەتیی بەرهەمهێنان و خۆبەڕێوەبەرایەتی گەلیی بوونیاننەبوو، بەڵام وێرای ئەوەش چەند جار فەرمانداریی (حکومەتی) ئەو دوو وڵاتە بەهۆی مانگرتنی گشتی و سەرتاسەرییەوە توانراوە بڕوخێندرێن و هەڵوەشێندرێنەوە. هەروەها لە مانگی جونی ٢٠١٠-٢٠١١ وڵاتی بەلجیکا بەهۆی کێشەی نێوان لیستە براوەکانی هەڵبژاردنەوە، بەبێ فەرمانداریی مایەوە و وەك وڵاتی بەبێ فەرمانداریی، ڕیکۆردی جیهانی شکاند و هەموو کاروبارەکانی کۆمەڵگە و گوزەرانی ژیانی ڕۆژانە و ڕۆتیین بەڕێوەدەچوو و بەبێ ئەوەی ئەو بێسەرەوبەرەییە دروستببێت، کە ڕامیارەکان بەوە کەسانی ناهوشیار و بڕوابەخۆنەبوو دەترسێنن: "ئەگەر شوانەیی دەوڵەت و فەرمانداریی سەرووخەڵکی نەبێت، ژیان ناگوزەرێت". هەڵبەتە پێش ئەو

هەنگاوانە و  پاش ئەوەش، پێویستە مافی بڕیاردان و ڕاپرسیی لەسەر پرسە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، لەبەرچاوگیرابێت و هەر ناوچە و هەرێمێك یا گوند و شارێك لەسەر بڕیاردانی گشتی هەرەوەزییەکان و شوراکان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی، بەپێی بنەماکانی دێمۆکراتی ڕاستەوخۆ، مافی جیابوونەوە یا یەکگرتن یا چۆنیەتی ڕێکخستنی ژیان و خۆبەڕێوەبردنی خۆی هەبێت.

بەو جۆرە دەتوانین بەر بە خوێنڕشتن و جەنگی لابەلایی نێوان ناوچەکان و ئێتنییەکان و ئایینەکان و کولتووورە جیاوازەکان بگرین و لە دەستەبەرکردنی ئازادی و سەربەخۆیی هەمووانددا گیانی تەبایی و هاوپشتی و پێکەوەژیان بەهێزبکەین؛ واتە ناسێنرالیزەکردنی بەڕێوەبەرایەتی و شێوەی ژیان و ڕێکخستنی کۆمیونیتییەکان؛ واتە گێڕانەوەی بڕیاردان و بەڕێوەبەرایەتی بۆ خودی خەڵك [گشت ئەندامانی کۆمەڵگە]، ئەگەر نا هەر هەوڵێکی ڕامیاریی لە نزیکترین وێستگەیدا، سەری لە بیرۆکراسی و تیئۆکراسییەوە دەدەچێتەوە !
بەڵام لەبیرمان نەچێت، کە دەستبەکاربوون بۆ پێکهێنانی هەرەوەزییەکان و خۆبەڕێوەبەرایەتی کارخانە و کێڵگە و خوێندنگە و فەرمانگە و شارەوانییەکان و بوونی ڕێکخراوە سەربەخۆ جەماوەرییەکان وەك بەردی بناخەی کۆمەڵگە ئازادەکان، یەکەمین هەنگاوی دەستبەکاربوونە بە ئامانجی گۆڕینی سیستەمی چینایەتی. هەروەها پەروەردەکردنی بڕوابەخۆبوونی تاکەکەس و سەربەخۆیی لە دەسەڵاتی سەروەری و پارتەکان و بایکۆتی ڕامیارکاران و مشەخۆران لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا، مەرجی سەربەخۆیی نێوەندەکانی خەباتە.

## تا ئەوەندەی من بیستبێتم ئەنارشیستەکان باوەڕییان بە شۆڕش نیە، ئەی تۆ چی دەڵێیت؟

ئەگەر وەڵامەکە کورتبکەمەوە، ئەوا ئەمەی لێ دەردەچێت؛ ئەنارکیستەکان باوەڕیان بە شۆڕشی کۆمەڵایەتی هەیە و هیچ ئاڵوگۆڕێکی ڕامیاریی و سەرووخەڵکی بە شۆڕش ناناسن و قۆناخبەندیش بۆ شۆڕش ناکەن و ڕاستەوخۆ خۆیان لە شۆڕشی کۆمەڵایەتییدا دەبیننەوە، هەڵبەتە شۆڕش بەو واتایەی کە ئەنارکیستەکان مەبەستییانە نەك بەواتای سەرکەوتنی پارتێك لە هەڵبژاردنی پارلەمانیدا یا کودەتایەکی سەربازی و بەدەسەڵاتگەیشتنی پارتێك لە

شکستی ڕاپەڕینێکدا بەناوی پڕۆلیتاریاوە، یا هەڵچوونێکی ساتەکی ناڕازییانی کۆمەڵگە و گۆڕینی سەروەرێك بە سەروەرێکی دیکە، گۆڕینی دیکتاتۆڕێکی سەربازیی بە دیکتاتۆڕێکی پارلمانی، گۆڕینی تیئۆکراسی بە هەرای پارلەمانی، گۆڕینی فاشیزمی ئایینی بە فاشیزمی سێکیولار. شۆڕش ڕەوتی گۆڕانی کۆمەڵایەتییانەی کۆمەڵگەی چینایەتییە بەرەو کۆمەڵگەی ناچینایەتی، وەها پرۆسێسێکی مێژوویی تەواو پێچەوانەی ئاڵوگۆڕە ڕامیاریی و ڕواڵەتییەکانە، گۆڕینی کۆمەڵگەیە بە گۆڕینی ڕیشەیی بنەما و ڕێکخستنە ئابووریی و کولتووریی و پێکهاتەییەکانی!

لە ڕوانگەی منەوە، شۆڕش ڕووداوێکی کتوپڕ و کاتیی نییە، فوکردنی پارتێك و ڕابەرایەتی پارتایێك نییە بە جوقەیەکی لەشکرییدا، بەڵکو پرۆسێسێکی مێژووییە و لەوەتەی چەوسانەوە هەیە، ئەویش بەردەوامە و هێشتا لە هیچ شوێنێکی گۆی زەمیندا سەرکەوتنی یەکجارەکی بەدەستنەهێناوە. ئەو ڕووداوە مێژووییانەی کە بە "شۆڕش" ناوبراون و ناودەبرێن، لە ڕاپەڕین و هەڵچوونی ساتەکی شۆڕشگێڕانە بەولاوەتر نین. شۆڕش واتە گۆڕانی کۆمەڵایەتی، کە لە بواری ئابوورییدا دەکاتە گۆڕانی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و کۆمەڵایەتییکردنەوەی کەرتەکانی بەرهەمهێنان و لەنێوبردنی پایەکانی سیستەمی چینایەتی [کاریکرێگرتە و دارایی تایبەت]، لە بواری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا دەکاتە هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتییکردنەوەی پرسە کۆمەڵایەتییە بەڕامیارییکراوەکان و ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگەکان و تەواوی جیهان لەسەر بنەمای یەکگرتنی فێدرالیستییانەی ئازاد و پشتبەستوو بە هاوپشتی و تەبایی و پێکەوەژیانی مرۆڤ و بوونەوەرەکانی دیکە.

بە بۆچوونی من، خودی ڕەوتی گەشەی کۆمەڵگەی چینایەتی، لە مەناوی خۆیدا هەڵگری ئاراستەی شۆڕش و دژەشۆڕشە، بەڵگەکان و دەرکەوتەکان و لۆجیکی دەرکەوتن و تێداچوونی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، سەلمێنەری بوون و بەردەوامی ململانێی نێوان شۆڕش و دژەشۆڕشن، هەر لە بەرەبەیانی کۆمەڵگەی مرۆییەوە تا هەنووکە. ئەگەر بەراوردی سەرەتا و ئێستای دیاردەکان بکەین، ئەوا لۆجیکی بەردەوامی شۆڕشمان لە ژیانی ڕۆژانەدا بۆ دەردەکەوێت؛ بۆ نموونە توندوتیژی و کوشتار لەنێو ئەشکەوتنشینان و ئێستا، شێوەی پێکەوەژیانی سپیپێست و ڕەشپێست پێش ١٠٠ ساڵ و ئێستا، گۆشتخۆری و ئاژەڵکوژی جاران و ئێستا، ڕێوشوێنی ژنان، جاران و ئێستا زۆر شتی دیکە، دەبینن، سەرەڕای هەوڵەکانی

سەروەران بۆ مۆدێرنیزەکردنی دڕندایەتی هوشیارانەی مرۆڤ بەهۆی توانای تەکنۆلۆجی و سەرتاپاگیری سیستەمەکەوە، هێشتا هۆشیاری و پشتتێکردنی تاکەکان لە جەنگ و نەژادپەرستی و دەمارگیری ئایینی و ئێتنیی و ڕەگەزیی، ڕوو لە پێشە و بازاری دڕندەیی لە چاو جاران ڕوو لە کزییە. بۆ من ئەمانە دیاردەی شۆڕشن و گەواهی بۆ بەردەوامی شۆڕش دەدەن.

بەپێچەوانەی بیری باو و زاڵ، هیچ یەك لە گۆڕانەکانی سیستەمەکان [کۆیلایەتی بە دەرەبەگایەتی بە سەرمایەداری] هەر لە ئەوەی پێیدەڵێن "شۆڕشی کۆیلان"، "شۆڕشی گەورەی فەرەنسە" تا "شۆڕشی کۆمونە" و تا "شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧" و "شۆڕشی ١٩٣٦ی ئیسپانیا " و "شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران" و ئازاری ١٩٩١ی کوردستان، شۆڕش نەبوون، بەڵکو تەنیا بازنەیەك و هەنگاوێك بوون لە ڕەوتی شۆڕشدا، شۆڕشێك کە تا ژیان هەبێت، بەردەوام دەبێت و ڕوخان و دروستبوونی هیچ سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ناتوانێت کۆتایی ئەو بێت. ئەو ڕووداوانە و هەزاران ڕووداوی دیکەی نەناسراو و شێوێنراوی دیکە، تەنیا هەڵچوون و تەقینەوەی خێرای شەپۆلەکانی شۆڕش بوون و لەتەك تێکشکانی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکاندا، دژەشۆڕش سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، لە ساڵانی نێوان ١٧٧٩ – ١٧٩٣ - ١٨٤٨ لە تێکشکانی بەرەی جەماوەریی چەوساواندا [جوتیاران و کرێکارانی شاریی]، بۆرجوازی فەرەنسی وەك دژەشۆڕش و پاوانگەری خواستەکانی شۆڕش، سەرکەوتنی بەدەستهێنا، لە ساڵانی پاش ڕاپەڕینی جەماوەریی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧دا، بۆلشەڤیزم وەك دژەشۆڕش لە تێکشکاندنی کۆمیتەی کارخانەکان و شورای شارەکان و هەروەزیی گوندەکاندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ساڵی ١٩٣٩ لە ئیسپانیا، لەشکری فرانکۆ بە تێکشکاندنی میلیتێریانەی هەرەوەزییەکان گەڕایەوە دەسەڵات، لە تێکشکاندنی پیلانانەی ڕاپەڕینی جەماوەریی ڕێبەندانی ١٩٧٩ی ئێراندا، بە کۆمەکی زلهێزەکان، ئاخوندەکان بەدەسەڵاتگەییشتن، لە تێکشکاندنی ڕاپەڕینی جەماوەریی ئازاری ١٩٩١دا بەرەی کوردستانی و لایەنگرانی ئەمەریکا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، وەك دەبینین لە تێکشکانی ڕاپەڕینەکانی ئەم دوو ساڵەی دواییشدا [٢٠١١-٢٠١٢] لە وڵاتانی باکووری ئەفریکا، ئیسلامییەکان و ناسیونالیست و پرۆ-ئەمەریکییەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە و دەهێنن، بەڵام هیچ کات و لە هیچ شوێنێك شۆڕش نەوەستاوە و بەردەوامە و بەرامبەر هەوڵەکانی دژەشۆڕش کاردانەوەی نیشانداوە و دەداتەوە، چونکە شۆڕش هیوا و هاندەری ژیانە و ژیان بەبێ شۆڕش نە بوونی هەیە و نە دەتوانێت درێژەی هەبێت !

شۆڕش وەك ئاڵۆگۆڕی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی شێوازی ڕێکخستنی ئابووری و کۆتایی سەروەری

چینایەتی و چێکردنی کۆمەڵگەی ئازادی و یەکسان و دادپەروەر، لە هیچ یەك لەو جێیانەدا، کە ڕاپەڕینەکانیان بە "شۆڕش" ناودەبرێن، سەرکەوتنی یەکجارەکی بەدەستنەهێناوە و بەردەوام لە هەڵکشان و داکشاندا بووە و هەیە. بەڵام هیچ کات نەوەستاوە و هیچ کاتیش خودی شۆڕش تێکناشکێت، بەڵکو ئەوەی تێکدەشکێت، تەنیا ڕوودا و هەڵچوونێکی خێرای نێو ڕەوتی شۆڕش و هێزە ڕامیارییەکانی نێو ڕەوتی ڕووداوەکانن. هەر بۆیە کاتێك کە ئیمپراتۆری بۆلشەڤیکی پاش ٧٠ ساڵ تێکدەشکێت، دەرکەوتنەوەی خێرای شەپۆلەکانی شۆڕش هەم لەوێ و لەم لە دەرەوەی ئەو بەرچاوتر دەبن و خەبات پەرەدەسێنێتەوە !

ئەوەی کە ئەو واژە و دەستەواژانە [هەڵپەی ڕامیاریی، ڕاپەڕین و شۆڕش] بە هەڵە بەکاردەبرێن و جێگۆڕکێیان پێدەکرێت، لە ناموشیاری ئێمە و لێزانی دوژمنانەوەیە، تاوەکو لەو ڕێگەوە لە ئاوەز و هوشیاریی ئێمەدا قوفڵ لە ڕەوتی شۆڕش بدەن. کاتێك کە کۆیلە لە دژی کۆیلایەتی ڕادەپەڕێت و لە تێکشکانیدا جۆری سەروەری دەگۆڕێت و ئەو سەروەرییە خۆی دەکاتە بەرهەمی ڕاپەڕینی کۆیلان و مۆری کۆتایی شۆڕش لێدەدات و خۆیشی دەکاتە دوائامانجی چەوساوان. هەر ئاوا کاتێك کە لە ئەوروپادا ڕاپەڕینی جوتیاران و کرێکارانی شاریی تێکدەشکێت و کۆمەڵێکی دیکە [دەوڵەتمەندەکان] جێگەی سەروەرەکانی پێشوو (فیئۆداڵەکان) دەگرنەوە و بەدەسەڵاتگەیشتینی خۆیان دەکەنە ئامانجی بەدیهاتووی ڕاپەڕینی "شۆڕشی" جوتیاران. ئەمە دەستاودەستکردنی دەسەڵاتە لە دەستی فیئۆداڵەکانەوە بۆ دەستی بۆرجواکانی شار. کاتێك کە کرێکاران و سەربازان لە ڕوسیە ڕادەپەڕن و لە تێکشکانی هەرەوەزییەکان و شورا و کۆمیتەی کارخانەکاندا بۆلشەڤیکەکان دەسەڵاتی قەرەقووشیانەیان دەسەپێنن و ئەمە دەکەنە کۆتایی مێژوو و بەرهەمی شۆڕشی پرۆڵیتاریا و هەر بەو ناوەوە سەرکوتی هەموو ڕاپەڕینەوە و یاخیبوونێکی پرۆڵیتێری دەکەن، ئەوە تێکشکانی ڕاپەڕینی چەوساوانە بە سەرکەوتنی دژەشۆڕش. بەم جۆرە زنجیرەی تێکشکانەکان بەردەوام بەناوی شۆڕشەوە دەبنە سەرکوتگەری شۆڕشی چەوساوان و ئەو نائومێدییە بەرهەمدەهێنێت، کە لەم ڕۆژگارەدا بەسەر مرۆڤایەتیدا زاڵبووە؛ بەواتایەکی دیکە کاتێك دەڵێین "ڕاپەڕین" تێکشکاوە، واتە تێکشکانی هەوڵێك لە کات و شوێن و بار و دۆخێکی دیاریکراودا، هیچ کات ئەمە لە ئاوەز و هۆشی تاکی چەوساوەدا نابێتە نائومێدکەری، لەوەی کە بەیانی یا لە شوێنێکی دیکە و بار و دۆخێکی دیکەدا، ئەگەری سەرکەوتنی هەیە. بەڵام کاتێك کە بڵێین "شۆڕش" تێکشکاوە، لە هۆش و ئاوەزی تاکی یاخی تێکشکاودا ئەو پوچگەرایییە بەرهەمدەهێنێت، کە سەرکەوتنی "مۆدێلی بیسمارکی" لەلایەن بۆلشەڤیکەکانەوە لە ڕوسیا دەکاتە سەرەنجامی "شۆڕش" و

دواتر تێکشکانی هەمان مۆدیل لە ساڵی ١٩٨٩دا دەکاتە بەرهەمهێنەری پووچگەراییەکی دیکە؛ " شۆڕش هەر ئەوە بوو، کە ئازادی سەرکوتدەکرد، شۆڕش ڕوخا وکۆتاییهات و ئیدی بۆ هەمیشە سەرمایەداری دوا قۆناخی مێژووە"!

بەبۆچوونی من، کاتی ئەوە هاتووە، کە بە وریاییەوە دەستەواژەکان بەکاربەرین و واژەی دروست لە شوێنی گونجاودا بەکاربەرین. "شۆڕش" بریتییە لە خەباتی هوشیارانەی بەردەوام بۆ کۆتاییهێنان بە چەوسانەوەی مرۆڤ و ئاژەڵ و تێکدانی ژینکە لەلایەن مرۆڤە هوشیارە دڕندەکانەوە. ئەم خەونە بەبێ لەنێوبردنی پایەکانی ڕاگرتنی چەوسانەوە؛ سەروەری، دارایی تایبەت، کاریکرێگرتە، مشەخۆریی، ئەستەمە ببێتە کەتوار. لێرەوە دەتوانین سەرنجی ئەو ڕووداوانە بدەین، کە لە مێژوودا بە "شۆڕش" ناوبراون و دەبرێن. ئایا ئەو چوار تایبەتمەندییەی سیستەمی چینایەتییان لەنێوبردووە ؟

بەبۆچوونی من نەخێر و لە ڕادیکاڵترینیاندا، کە ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ بوو، نەك نەتوانرا هەر چوار پایەکەی سیستەمی چینایەتی لەنێوببرێن، بەڵکو هەر چواریان لەو سیستەمەدا مانەوە و ئامادەییان هەبوو و بەهێزتر کران؛ پارتی کۆمونیست سەروەر بوو، دەوڵەت دارای ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و زەمین و سامانی کۆمەڵگە بوو، کرێکاران کرێگرتەی دەوڵەت بوون، سەرانی پارت و دەوڵەت مشەخۆری ڕەنجی بەرهەمهێنەرانی کۆمەڵگە بوون.

## بۆچی ئەنارشیستەکان هەمیشە پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن و خەباتی چینایەتی و جەماوەری ڕەتدەکەنەوە ؟

بەداخەوە زۆربەی بڕیارەکانی تاکی گۆشکراو بە پەروەردەی پارتیی، لە پێشداوەرییەوە سەرچاوەدەگرن؛ "مادام ئاوا باوە و ئاوا دەڵێن، ئیدی ئاوایە. من ئاوام بیستووە". "هەمووان ئاوا دەڵێن" ...تد. بەڕێزم، من لە دەستەواژەکانی تۆدا ئەوەندەی پێشداوەریی و هەژموونی میدیای دەسەڵات دەبینم، ئەوەندە سەرنجدەریی و پرسیار نابینم. من نازانم زۆربەی ئەوانەی کە ئەنارکستەکان بە توندوتیژ و وێرانگەر دەبینن، چ سەرچاوە و بەڵگەیەك یا دیتنێکی خودییان لەو دیمەنانە هەیە، کە وێنایاندەکەن؟

بەپێچەوانەوەی پاگەندە باوەکانەوە، یەکەم پێکدادانەکان بەو جۆرە نین، کە کامێرای ماسمیدیا نیشانیاندەدەن. لەم بارەوە دەتوانین سەرنجی ئەو فیلمە دۆکومێنتەری و کورتە فیلم و وێنانە بدەین، کە دەستەی هەواڵنێری خۆپیشاندەران لە خۆپیشاندانەکان دەیانگرن و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لە میدیای سەربەخۆ [www.indymedia.org] دەیانخەنە ڕوو، هێرشکەری یەکەم هێزەکانی دەسەڵاتن، کە پەلاماری خۆپیشاندەران دەدەن و ئەوەی لە نیشاندەری کاناڵەکانەوە نیشاندەدرێت، کاردانەوەیە بە ڕووی توندوتیژی دەسەڵاتدا، بۆ نموونە سەرنجی هەر دوو دیوی ڕووداوەکان ئەوەی میدیای دەسەڵات و ئەوەی میدیای دژەدەسەڵات لە سیاتل و گوتیبێرگ و گێنێڤا و ..تد دەیخەنەڕوو، بدەن.

پاشان بەپێچەوانەی ئەوەی کە لە دوو سەدا ساڵی ڕابوردوودا لەمەڕ ئەنارکییەکان گوتراوە و پاگەندەی بێبنەمایان بۆ کراوە، بەپێچەوانەی ئەوانەوە، کە باوەڕیان بە تێکۆشانی ڕامیاریی و پارتایەتی و هەڵپەی پارلەمانی و ڕێکخستنی قوچکەیانەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان هەیە، ئەنارکییەکان تەنیا یەك شێواز لە تێکۆشان بە سەنگەری چینایەتی دەزانن، ئەویش خەباتی جەماوەریی و ڕێکخستنی ناقوچکەیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە، کە ڕێکخستنێکی وەها تێکۆشانی ناتوندوتیژ دەخوازێت، چونکە ڕێکخراو و ڕێکخستنەکانی ئەو بزووتنەوانە، پێکهاتەی میلیشیایی نین و پێویستییان بە پلان و بەرنامەی پشتپەردەی پارتایەتی و دەستەی تێرۆر و تۆقێنەر نییە. دەکرێت لە بزووتنەوەیەکی جیهانگردا لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆراوا، لە باشوورەوە بۆ باکوور، چەندین گروپی پێکهاتوو لە لاوانی خوێنگەرم و بێئەزموون هەبن، کە پێکدادان لەتەك پۆلیس و دامرکانەوەی ساتەکی تووڕەیی کەڵەکەبووی ساڵانەیان بەرامبەر دەزگە سەرکوتگەرەکانی پۆلیس و بۆدیگاردەکان، کە ڕۆژانە سووکایەتی و توندوتیژی بەرامبەر تاکە ژێردەستەکان دەنوێنن و بەکاردەبەن، بە کارێکی شۆڕشگێرانە و سوودمەند بزانن. بەڵام سەرپای مێژووی بزووتنەوەی ئەنارکیستی تژیەتی لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی و بیریاران و تیئۆری ناتوندوتیژ، لەوانە دەتوانین ناوی ماهاتما گاندی [Mahatma Gandhi] و کلارا ڤیشمان [Clara Wichmann] و تۆلستۆی و چەندینی دیکە بەرین.

پاشان، مەبەست لە خەباتی چینایەتی چییە، ئایا هەوڵ و چەنەبازیی پارلەمانی، خەباتی چینایەتییە؟ ئایا واژۆکۆکردنەوە و پاڕانەوە لە دەسەڵات و بەرەی هاوبەش لەتەك پارتە ڕامیارییەکان، خەباتی چینایەتییە؟ ئایا پێکهێنانی ڕێکخراوەی قوچکەیی، کە کەمایەتییەك

تیایاندا بۆ زۆرینە بڕیاردەدەن، ڕێکخستنی چینایەتییە؟ ئایا جوڵانەوە و خۆپیشادان لە چوارچێوەی یاسا و چاودێری و سەرپەرشتی هێزەکانی دەوڵەت و بەرزکردنەوەی لافیتەی سپی و دروشمی شەرمنۆکانەی نەتەوەیی و نیشتمانی و تاوانبارکردنی دەسەڵاتداران بەوەی کە نەیانتوانیوە نەتەوەپەروەر و نیشتمانپارێزبن، خەباتی دژە-سەرمایەداریی چەوساوانە؟

بەداخەوە، لەم بارەوە، سۆشیالیستەکانی کورد و ناوچەکە لەلایەك سەرچاوەی بەڵگە و بڕیاردانەکانیان نیشاندەری تەلەفزیۆنەکانیانە و لەلایەکی دیکەوە هێندە بە خەباتی سەربەخۆی جەماوەریی و کۆمەڵایەتی نامۆبوون، کە هەر بزووتنەوەیەك لەژێر فەرمانی سەرانی پارتەکان نەبێت و هەوساری دەسەڵات لە ملیدا نەبێت، بە ئاژاوە و توندوتیژیی دەزانن، ئەمە لە کاتێکدا هیچ دەزگە و ڕێکخستنێکی قووچکەیی چ لە دەسەڵاتدا و چ لە دەرەوەی دەسەڵات بوونی نییە، کە ڕۆژانە توندەتیژیی بەرامبەر ئەندامانی و کەسانی ژێردەستەی بەکارنەبات. هەڵبەتە مەبەست لە توندوتیژیی، تەنیا توندوتیژیی جەستەیی نییە، بەڵکو فەرمان و فشار و تەنگەتاوکردنی دەروونی و تیرۆری هۆشیی و کەسایەتیش دەگرێتەوە، کە لە هەموو دەزگەیەکی چینایەتیدا بەکاردەبرێت و بنەمای کارکردن و مانەوەی پێکدەهێنێت. بەڵام لەبەرئەوەی کە لە هۆشیی تاکی ژێردەستەدا وەها ڕەفتار و بەکاربردنێك ڕەوایەتی پێدراوە و وەك بەشێك لە کولتوور و شێوازی بیرکردنەوە و جیهانبینیی گشتی جێگیرکراوە، کەسانی ناهوشیار و خۆشباوەڕ بە پاگەندە و یاساکانی سەروەریی، نادەربەستانە و دەستەمۆیانە پاشرەویی لێدەکەن و هیچ کاردانەوەیەکی سەربەخۆ نیشاننادەن، لە بەرامبەردا کاتێك کە دەبینن، کەسێك بەرانبەر پۆلیس کوتەك بەرزدەکاتەوە یا بەردێك دەگرێتە جامخانەی بانکێك، ئیدی تووشی نائارامیی دەبێت و توانانی خوێندنەوەی ئەوەی نییە، کە ئەوەی ئەو لەو ساتەدا کامێراکان بۆی دەگوازننەوە، تەنیا کاردانەوەیەکی سروشتیی کاتی هەڵچوون و پارێزگاریی لەخۆکردنی خۆپیشاندەرانە !

## ئەو هەمووە باڵ و لق و پۆپانەی کە بەناوی ئەنارشیسمەوە هەن، مەگەر نیشانەی سکتاریستبوون نین، ئەی چین ؟

سەرەتا پێویستە ددان بەو کەتوارەدا بنێم، کە ئاراستە یا تێڕوانینە ئەنارکیستییەکان لەمەڕ

پرسە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو باڵ و لکگەریی چوون، ئەمەش لەژێر کارایی پاشەکشێی پاش تێکشکانی ڕاپەڕینەکان و جەنگە جیهانییەکان و کارایی دانانی دەستەگەریی مارکسیستی بووە، بەتایبەت ڕووکردنی چەپەکان لە ئەنارکیزم و پاراستنی فەرهەنگە پارتیی و سکتاریستییەکەیان لە بار و دۆخی لاوازیی بزاڤەکەدا. من بە دیاریکراوی و بە ئاشکرا لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین، ئەمە دیاردەیە دەبینم و زۆرێك لەوانەی واز لە چەپ دەهێنن و ڕوو لە ئەنارکیزم دەکەن، بەهەمان سوونەتی پێشوو و کاردەکەن و تێڕامانە ئەنارکیستییەکان بە ڕەوتی جیا وەردەگرن و خۆیان بەو جۆرە ڕێکدەخەن و دەیکەنە شوناسی گروپەکانیان. چونکە لە سونەتێکی ئاوا هاتوون و بەئاسانی ناتوانن و هەروەها زەمینەی کۆمەڵایەتیی لەباریش بۆ خۆدەربازکردنیان لەو ڕابوردووە، لە ئارادا نییە یا زۆر لاوازە. لەبەرئەوە لەوانەیە ماوەیەکی زۆری بوێت، تا دەستبەرداری کارایی ڕێکخراوی ڕامیاریی و پێکهاتەی قووچکەیی و کردار و گوفتاری سکتاریستی و خودنمایی ڕامیاریی ببن. هەر لەبەرئەوەشە کە ئەو کەسانە فرەتر وەك پلاتفۆرمیست کاردەکەن و لەو بارەدا هەست بە ئارامی دەکەن.
بە بۆچوونی من لە ڕابوردوودا هیچ یەك لە بیریارانی ئەنارکیزم نەهاتووە تێڕامانی لەمەڕ پرسێکی دیاریکراو وەك ڕەوتێکی جیای ئەنارکی بناسێنێت. بۆ نموونە ئێما گۆڵدمان [ Emma Goldman] نەیگوتووە ژنانی هەڵگری ئایدیای ئەنارکۆ-فێمینیستی دەبێت جیا لە پیاوان و دابڕاو لە تێرامانە ئەنارکیستییەکانی دیکە خۆیان ڕێکبخەن و کاربکەن، یا ڕۆدۆڵف ڕۆکەر [Rudolf Rocker] نەهاتووە بڵێت هەڵگرانی ئایدیای ئەنارکۆ-سەندیکالیستی بە جیا لە هەڵگرانی ڕەوتەکانی دیکە خۆیان ڕێکبخەن و هەروا پیتەر کرۆپۆتکین و ئەوانی دیکەش هەروا نە خۆیان و نە تێڕانین و تێزەکانیان جیا لە گشتییەتی بزووتنەوە، نەخوستووەتە ڕوو.

نەخێر، ئایدیا ئەنارکیستییەکان و تێڕامانەکان تەنیا ئەڵتەرناتیڤی ئەنارکیستەکان بوون لە بەرانبەر هەژموون و کاری چەپ و ڕاستدا، بەواتایەکی دیکە ئەنارکۆ-سەندیکالیزم شێوازی ڕێکخستنی ڕێکخراوەی جەماوەریی ئەنارکیستییە، واتە کاتێك ئێمە ڕێکخراوێکی ژنانمان هەبێت و ئاراستەی ئەنارکیستی هەبێت، خۆبەخۆ خۆڕێکخستنی لە خوارەوەرا و ئاسۆیی دەبێت، واتە پێکهاتەی قوچکەیی ڕێکخستن و ڕێکخراو ڕەتدەکەنەوە، ئەمەش ئەڵتەرناتیڤی ئەنارکیستییە لە بواری ڕێکخستندا، کە دەکاتە [ئەنارکۆسەندیکالیزم]. یا ئەگەر ڕێکخراوێك، هەرەوەرزییەك، سەندیکایەکی کرێکاریمان هەبێت، ئەوا ئەنارکۆ فێنمینیستەکان لەسەر بنەمای خەباتی هاوبەش بۆ لەنێوبردنی هەڵاواردنەکان لەو ڕێکخراوەدا، لەسەر بنەمای

تێڕامانە ئەنارکۆ فێمینیستییەکان، دژایەتی هەموو دووبەرەکییەک و هەر هەڵاواردنێك لەسەر بنەمای ڕەگەزیی دەکەن. بەم جۆرە هەروا تێڕامانی ئەنارکیزمی تاکگەرا و کۆمونیستی و ژینگەپارێز و ئاژەڵدۆست و بوارەکانی دیکە تەواوکەری بزاڤی ئەنارکیستین، نەك باڵێك و ڕەوتێکی دابڕاو و خۆڕێکخستوو بەجیا لەوانی دیکە، بەڵکو بە هەموو ئەڵتەرناتیڤەکان و تێڕامانەکانەوە، بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی فرەڕەهەند پێکدەهێنن [بزووتنەوەی ئەنارکیستی]. هەر کات بزاڤی ئەنارکیستی بەو ئاراستەیە چوو، کە وەك چەند باڵێك خەباتبکات، ئەوا ئەو کاتە ئیدی تەنیا بریتی دەبێت لە چەند کۆمەڵەیەکی مەزهەبی و سکتاریستی وەك پارت و گروپە مارکسیست و لیبراڵ و ناسیونالیست و ئایینییەکان.

## ئایا لە خورت و خۆراییە کە مارکسیەکان ئەنگۆ بە ئاژاوەچی و دژە کۆمۆنیزم و دژە کرێکار دەزانن یا بەڕاستی ئەنارکیزم هەر ئەوەیە ؟

دەبێت ئەوە بڵێم، بەداخەوە زۆرێك لە کەسە ناڕازایی و شۆڕشخوازەکان، کە بەهۆی زاڵیی ئایدیۆلۆجیای دەسەڵاتخوازان [چەپەکان و مارکسیستەکان]، ئەنارکیزم بە دوژمنی کرێکاران دەزانن و ڕەتیدەکەنەوە، هەڵبەتە وەها هەڵوێستگیرییەك لەلایەن بنکەی یا بەشی خوارەوەی پارت و گروپە ڕامیارییەکانەوە، لە نائاگابوون و نەبوونی زانیارییانەوەیە لەمەڕ ئەنارکیزم چ وەك هزر و چ وەك بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی. چونکە زۆرێك لەوانە کاتێك کە دەکەونە ئاخاوتن لەمەڕ دونیای خەون و ئارەزووویان، دەقاودەق کۆمەڵگەی ئەنارکی وێنادەکەن، بەڵام گیرۆدەییان بەهۆی ئایدیۆلۆجیاوە، توانای بەگەڕخستنی بیرکردنەوە و تێڕوانینی کەسی و ئاوەز و لۆجیکی لێ سەندوونەتەوە، بەدڵنیاییەوە دەوێرم بڵێم، ئەگەر ئەو کەسە دڵسۆز و سۆشیالیستخوازانە، چەند ساتێك لە کاتیان بۆ بەراوردی ئەوەی بەرانبەر ئەنارکیزم لەلایەن دژەکانییەوە گوتراوە و ئەوەی کە ئەنارکیزم بەخۆیی [وەك هزر و مێژووی کۆمەڵایەتی بزووتنەوەکە] هەیە و چیە، بکەن، ئەوان نەك هەر دەبنە ئەنارکیست، بەڵکو لە ئەنارکیستبوون و تیکۆشان بۆ ناساندن و پەرەپێدانی ئەم هزرەدا، لەتەك ئێمەی ئەنارکیستدا دەکەونە پێشبڕکێ و توانای بیرکردنەوە و ئاوەز و تێڕوانینی وردبینانەی خۆیان بەدەستدەهێننەوە و بە پێچەوانەی تێگەیشتنی دەوڵەتیی و پارتییانەوە [ڕامیارییانە] بۆ سۆشیالیزم، ئەنارکیزم وەك سۆشیالیزمی ئازادیخواز [تێگەیشتنی کۆمەڵایەتییانە] وێنا و دەرکدەکەن.

هەروەها لە بەرانبەردا هیچ گومانم لەوە نییە، کە ئیدئۆلۆگەکانی سۆشیالیزمی دەوڵەتی، زۆر هوشیارانە و بە وریاییەوە دژایەتی هزر و بزووتنەوەی ئەنارکی دەکەن و دەیشێوێنن، چونکە هزر و تێڕوانینی ئەنارکی دژایەتی سەروەریخوازیی و ئۆتوریتەگەریی و پاوانگەریی و چەپاوڵگەریی ئەوان و گشت خۆ بە ڕابەرزان و شوانە ڕامیارییەکان دەکات و ئەگەر بەڕێکەوت و بە هەڵە سەرۆك و ئەندامانی نووسینگەی ڕامیاریی و کۆمیتەی نێوەندی پارت و گروپە دەستەبژێر و سکتاریستەکان ببنە هەڵگری هزر و تێڕوانینی ئەنارکی، ئەوا پێویستە دڵخۆشنەبین و بە وریایی و سەرنجەوە لە دەربڕین و نووسین و چالاکییەکانیان بڕوانین. بۆی هەیە بە ئەگەرێکی زۆر زۆر کەمەوە، ڕۆژگارێك سەرمایەدارێك لەژێر پەروەردەی خێزانی و هاندانی ئایینییەوە بۆ کۆمەکی هەژاران دەستبەرداری سەرمایەکەی ببێت و کارخانە و کێڵگەکانی بکاتە هەرەوەزیی کۆمەڵایەتی و دارایی کۆمەڵگە، بەڵام هەرگیز من هیچ کات بڕوا و متمانەم بەو کەسانە نییە، ئەوانەی کە دەتوانن سەروەر و فەرماندەری ئەوانی دیکە بن [هەر لە سەرۆکشانەیەکەوە تا دەکاتە سەرۆکی پارتێك]، بتوانن ببنە ئەنارکی و دەستبەرداری خۆباڵابینینی خۆیان بن و واز لە پوچگەرایی پێشڕەوایەتی و شوانەیی جەماوەر بهێنن، چونکە دەسەڵاتخوازان بەشی پێشڕەو و هوشیاری بۆرجوازی و وردەبۆرجوازی بۆڵەبۆڵەکەرن، ئیدی لەژێر هەر پۆشاك و ناوێکدا خۆیان بە کۆمەڵگە بناسێنن و تێبکۆشن، هیچ لە کرۆکە سەروەریخوازەکەیان ناگۆڕێت !

لەبەرئەوە منیش پێداگریی لەسەر بۆچوونەکەت دەکەم، کە لە خورت و خۆراییەوە نییە، کە دەسەڵاتخوازە بەناو سۆشیالیستەکان دژایەتی شێوازی خەباتی ئەنارکیستی دەکەن. ئەوان بەوپەڕی هوشیارییەوە بەو کارەهەڵدەستن، چونکە لە جێکەوتنی هەر شێوازێکی چالاکی و کارکردن و بیرکردنەوەی ئەنارکییدا، بۆشبوونی ژێرپێی خۆیان لە نێو بزووتنەوەکەدا دەبنن. بەواتایەکی دیکە ئەنارکیزم وەك شێوازی بیرکردنەوە، تاکی ئازادیخواز بەرەو متمانەکردن بە توانابیەکانی خود و یەکێتی لەتەك هاودەردانی و سەربەخۆیی چالاکی و ڕێکخراوبوون دەبات، کە ئەمە بە دیوەکەی دیکەیدا دەکاتە پشتتێکردن و وازهێنان لە وابەستەیی، لە دستەمۆبوون، لە لەخۆنامۆیی، لە ڕامبوون بۆ ڕامیاران. بە کورتی ئەنارکییەکان لە خەباتی کۆمەڵایەتییدا بواری کایەکردن بۆ ڕامیاران ناهێڵنەوە، کە بزووتنەوەکە ڕەدووی دەسەڵاتخوازان بکەوێت، بۆ ئەوان سۆشیالیزم نە فازێکی باڵای پێگەیشتنی بەرەبەرەی گەشەی ئابووریی و ڕامیارییە، نە بەرەنجامی نەخشە و لەقاڵبدانی ئایدیۆلۆجی کۆمەڵگە

لەلایەن پارتی "پێشڕەو" و نە بەرهەمی بەزەیی و سۆزداریی سەرمایەداران و سەروەران، بەڵکو بەرەنجامی کار و چالاکی هوشیارانەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی دژە سەروەرییە و تەنیا ویستکردنی یەکگرتووانەی چەوساوان بۆ ڕزگاربوون لە کۆت و بەندەکانی کۆمەڵگەی چینایەتی، دەتوانێت مسۆگەرکەری وەها ئامانج و داهاتوویەك بێت!

## ئەنگۆ کو دەڕواننە پرسی یەکسانی ژن و پیاو ؟

پێش ئەوەی لە پرسی یەکسانی و ڕزگاریی ڕەگەزیی بدوێین، پێویستە خۆمان لەسەر خوێندنەوەی چەمکەکە یەکلاییبکەینەوە؛ ئایا مەبەست لە یەکسانی، یەکسانبوونی ژنان و پیاوانە لە کۆیلەتییدا [یەکسانی لە ملکەچیدا بۆ فەرمانی سەروەرانی کۆمەڵگە] یا ڕزگاربوونی یەکسانانەی مرۆڤە لە سەروەریی مرۆڤ بەسەر مرۆڤ و ڕزگاریی لە پێکهاتە سەر و خوارییەکان، یەکسانی ڕزگاربوون لە کۆتوبەندە ئابووریی و کولتوورییەکان، یەکسانی لە گەییشتن بە بەها مرۆییە باڵاکان؟

چونکە بەبۆچوونی من، ئەو شتەی کە لە ماسمیدیا و پاگەندەی نیئۆلیبراڵەکاندا بە مافی ژن و یەکسانی ژن و پیاو ناسراوە، دیوێکی دیکەی هەمان هەڵاوارنی ڕەگەزییە، هەروا کە پیاوسالاری / بابسالاری لەسەر بنەمای ستەم لە ژنان خۆی ڕاگرتووە و ڕەوایەتی بە مانەوەی خۆی دەدات، هەروەش ژنسالاری/ دایکسالاری، لەسەر بنەمای ستەم لە پیاوان خۆی ڕادەگرێت و ڕەوایەتی بە سەرهەڵدانی خۆی دەدات و ستەمگەریی و هەڵاواردن وەك پایەی سیستماتیکی دەسەڵاتی کولتووریی و ڕامیاریی دەکاتە بنەمای مانەوە/ درێژەپێدانی خۆی.

لەبەرئەوە، پیاوسالاری و ژنسالاری وەك دوودیوی یەك دراو، تەواوکەری یەك سیستەم و پێکهاتەی کولتووریی و ڕامیارین، کە لەسەر بنەمای هەڵاواردنی مرۆڤەکان بەپێی ڕەگەز و ئایین و نەژاد و ئێتنی و پێگەی ئابووریی و پلەوپایەی ڕامیاریی خۆڕاگرتووە و درێژە بە مانەوەی خۆی دەدات و بنەماکانی خۆی نۆژەندەکاتەوە و بەپێی گۆڕانی سەردەمەکان، کاژ و ڕواڵەتی خۆی دەگۆڕێت؛ زیندووترین نموونە لەم بارەوە، نیئۆلیبرالیزمە، کە بێجگە لە داگیرکاریی نوێی و هەڵاواردن و ستەمکاریی نوێ و درێژەدان بە نایەکسانییە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکان، هیچ

شتێکی دیکەی بەرهەمنەهێناوە و بەرهەمناهێنێتەوە، چونکە وەك وەڵامدەرەوە بە پێداویستی پاراستنی کۆمەڵگەی چینایەتی سەریهەڵداوە نەك پێچەوانەی ئەوە.

لەم ڕۆژانەدا هەژموونی ژنسالاری هێندە تەشەنەی پێدراوە، کە بینەری ڕووداوەکانی کوێرکردووە. تەنانەت لە خۆنیشاندانێکدا کە پۆلیس سەرکوتی خۆپیشاندەران دەکات، تا ئەو کاتەی کە ژنێك بەر پەلامارنەکەوتبێت، وێنە و کورتە ڤیدیۆییەکان، کۆمەڵگە تووشی شۆك و داچڵەکان ناکەن. ئایا ئەمە هەر ئەو تێڕوانین و جیهانبینییە نییە، کە ژن بە لاواز و شایانی بەزەییپێداهاتنەوە دەزانێت؟ هەمان ڕوانگە نییە، کە پیاو بە بەهێز و بەتوانا دەبینێت و بۆ ئەو پیاو بەرگەگری هەموو سەختییەك دەگرێت و ژن بە لاواز دەبێنێت؟ ئەگەر نا، ئەدی لەبەرچی لێدان و پەلکێشکردنی دەیان و سەدان پیاو و تێهەڵدان و ئەشکنجە دانیان، لەلای بینەر ئاسایی وەردەگیردرێت، بەڵام لێدان لە ژنێك لە خۆپیشاندانێکدا کۆمەڵگە تووشی شۆك دەکات؟ ئایا ئەمە لە دوو هۆکار زیاتری هەیە؛ یەکەم، ژن بوونەوەرێکی لاوازە و شایانی بەزیپێداهاتنەوەیە؛ دووەم، هەژموونی ژنسالاری لە ڕێی ماسمیدیاوە بەسەر تێگەیشتن و تێڕوانینی بینەردا زاڵبووە؟ ئایا هیچ بیرمان لە ڕەهەندی مەترسیداری وەها کوێربوون و نادەربەستبوونێکی ڕەگەزپەرستانە کردووەتەوە، کە لە ئایەندەیەکی نزیکدا فیمینیزمی دەسەڵاتخواز، جێگەی ئایدیۆلۆجیە ئێکسپایەرەکانی بۆرجوازی [ئایین و ناسیونالیزم] دەگرێتەوە و دەبێتە هۆی درێژەدان بە هەڵاواردن و توندوتیژی ڕەگەزیی و بە قازانجی سیستەمە چینایەتییە دەشکێتەوە، کە ئەم سیستەمە بەبێ نایەکسانی و توندوتیژی و هەڵاواردن، ئەستەمە بتوانێت یەك تاقە ڕۆژ مانەوەی نەگریسی خۆی مسۆگەربکات ؟

بەڵام هیچ کات، ئەمە بەو واتایە نییە، کە نایەکسانی و پلەچەندیی ژنان لە کۆمەڵگەکانی سەر گۆی زەویدا نادیدە بگرین یا هەڵوەشاندنەوە و لەنێوبردنی بە ئەرکی هەنووکەیی و هەردەمی خۆمان نەزانین و بەو بیانوو و پاساوانەوە شانی خۆمان لەژێر باریدا خاڵیبکەین. نەخێر، بەڵکو مەبەست ئەوەیە، کە نەکەوینە ژێر هەژموونی ئاراستە دەسەڵاتخوازەکان و بە پاگەندە بریقەدارەکانیان نەخەڵەتێین و واوەتر لەوە ڕادیکاڵانە بنەما و پاساو و هێزە ڕاگرەکانی هەڵاواردنی ڕەگەزیی بدەینەبەر ڕەخنە و لە نێو بزاڤ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەرپەرچی هەژموونی کۆنەپەرستیی و هەڵاواردن و پاوانگەریی نێرسالارانە بدەینەوە. واتە لە کایەکانی ژیانی ڕۆژانەماندا لە بنەماکانی هەڵاواردن بدەین، لە خەبات و داخوازییە

کۆمەڵایەتییەکانماندا هەڵاواردن وەلابنێین و هێزی جەماوەریی بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەڵخرێنین. چونکە ئەستەمە بتوانرێت بزووتنەی ئازادیخوازانەی کرێکاران، بێکاران، جوتیاران، خوێندکاران، فەرمانبەران، مامۆستایان، خانەنشینان لە ئارادابێت و هەڵوەشاندنەوەی هەڵاواردنی ڕەگەزیی، دروشمی نەبێت، یەکسانی و ڕزگاری خاڵی سەرەکی داخوازی و بەرنامەی نەبن، هەروا کە ئەستەمە بەبێ دژایەتیکردنی هەڵاواردنی دانیشتووانی کۆمەڵگە بەسەر خۆیی و بێگانە [خۆیی و بێگانەی ڕاسیستی و ناسیونالیستی و ئایینی و ..تد]دا، بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز بوونی هەبێت !

کەی تاکە ژێردەستە خەباتکارە هوشیارەکان توانییان پرسە کۆمەڵایەتییەکان لە تان و پۆی هەڵپێکراوی کۆمەڵایەتییدا پێکەوە گرێبدەنەوە و وەك گشتێك خەبات و چالاکیان بۆ بکەن، ئەو کات، هەم پرسی هەڵوەشاندنەوەی هەڵاواردنی نێوان ژن و پیاو و خۆیی [هاووڵاتی] و ناخۆیی [کۆچەر]، پرسی هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت و هەم خەبات بۆ چارەسەری پرسەکانی دیکەش تەواوکەری چارەسەری پرسی هەڵاواردنی نێوان ژنان و پیاوان دەبێت. بە واتایەکی دیکە، کەی ژنان وەك کرێکار، وەك بێکار، وەك جوتیار، وەك خوێندکار، وەك فەرمانبەر، وەك مامۆستا، وەك خانەنشین، وەك چالاکی گروپە خۆجێیەکانی گەڕەکەکان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان هاتەمەیدان و بەکردەوە پرسی هەڵوەشاندنەوەی هەواڵاردنیان بەسەر تەواوی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ئازادیخوازەکاندا گشتیگیرکردەوە، ئەو کات ئیدی شتێك بەنێو ئەوە پرسی ژنانە و ئەوە پرسی پیاوانە بوونی نابێت و هەموو پرسێکی ژێردەستان، پرسێکی کۆمەڵایەتیی دەبێت و بەشێك دەبێت لە خەباتی ڕۆژانە. بەڵام ئەگەر ژنان بەپێچەوانەوە، نادەربەستانە ببنە پاشکۆی پارتەکان و پەرەپێدەری پاگەندەی ڕامیاران و خۆشباوەڕیی بە دەسەڵات و تیندەری دەمارگیریی ڕەگەزیی و ناسیونالیستی و ئایینی و نیشتمانی، ئەوا نەك هەر پرسی هەڵاواردن چارەسەرنابێت، بەڵکو هێندەی دیکە قوڵتردەبێتەوە و زیاتر تەشەنەدەکات و ڕیزەکانی چەوساوان بەسەر ڕەگەز و ئاراستەی ڕامیاییدا دابەشدەکات. چونکە هەر تاك و ڕەگەزێك لە کۆمەڵگە و پرسە کۆمەڵایەتییەکاندا دەتوانێت ڕایەڵەی پێکەوەبەستنەوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان بێت. بۆ نمنوونە ژن وەك دایك لە خەباتدا بۆ پاراستنی منداڵان لە توندوتیژی و دابینکردنی مافەکانیان، دەتوانێت بە بەشداری چالاکانە لە بزووتنەوە و ڕێکخراوە سەربەخۆکاندا، پرسی وەلانان و نەهێشتنی هەڵاواردنی منداڵان لەسەر بنەمای ڕەگەزی لە پەروەردە و خوێندندا پێشنیار و جێگیربکات و بکاتە چەقی تێکۆشانە

جەماوەرییەکە، هەروا ژن وەك کرێکار، وەك بێکار، وەك جوتیار، وەك خوێندکار، وەك فەرمانبەر، وەك مامۆستا، وەك خانەنشین و ...تد بە بەشداری چالاکانە لە بزاڤی جەماوەریی و خەباتی سەربەخۆی کۆمەڵایەتیی ئەو چین و توێژانەدا پرسی هەڵوەشاندنەوەی هەڵاواردنی ڕەگەزیی بکاتە چەق و تان و پۆی کۆی خەباتە جەماوەرییەکە و بیکاتە بنەمایەکی جێگیری خۆڕزگاریی بزووتنەوەکە.

بە بۆچوونی من، بەو پێیەی هەموو ستەمێکی چینایەتی و ڕەگەزیی و کولتووری، سەرەتا دەستپێکێکی ڕامیاریی و سەرووکۆمەڵگەیی هەیە و بەپێی جێکەوتن و کۆمەڵایەتییکرنەوەی ئەو ستەمە، دەتوانێت گشتگیرببێت  و تاکە ژێردەستەکان هەم وەك ستەملێکراو و هەم وەك ستەمکەری نائاگا و نادەربەست ڕابگرێت. لەبەرئەوە تەنیا کاتێك دەتوانین لە لەنێوبردن و هەڵوەشاندنەوەی ستەم و هەڵاواردنێك بدوێین، کە زەمینە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو ستەمە، ئەو هەڵاواردنەمان لەنێوبردبن. بەواتایەکی دیکە واتە کاتێك کە لە هەموو بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا هەڵوەشاندنەوەی ئەو هەڵاواردنەمان کردبێتە دروشمی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە دژە سەروەرییەکان، ئیدی ئەو کات هەر ستەم و هەڵاواردنێك تەنیا بواری یاسایی و ڕامیاریی و ئابووریی سیستەمی سەروەرییدا دەمێنێتەوە و وەك بنەمایەك بۆ پاراستن و هێشتنەوەی سەروەریی چینایەتی هەوڵی مانەوە و درێژەبەخۆدان دەدات. لەو بارەشدا وەك ئەزموونە مێژووییەکانی خەبات و تێکۆشانی چەوساوان نیشانداوە، وەلانان و سڕینەوەی بە کۆی خەباتی جەماوەریی و هاوسەنگی نێوان هێزی شۆڕش و دژەشۆڕش پەیوەستە. ئەگەر نا هەر دابڕاندندنێك لەسەر بنەمای ڕەگەزیی و ناسیونالیستی و ئایینی و ..تد لە خەباتی کۆمەڵایەتییدا، تەنیا لە خزمەت بە سەروەرمانەوەی سیستەمی چینایەتی تەواودەبێت و تاقانە پەرجووی مانەوە و درێژەکێشانی سەروەریی چینایەتیی کەمینەیە بەسەر زۆرینەدا، هەر ئەو دابڕان و ناتەباییە کۆەڵایەتییەیە!

## لە نووسینەکانتدا کەمتر قسە لە چینی کرێکار دەکەیت، بۆچی ؟

بەڵێ، ئاوایە، ئەمەش لەبەر چەند هۆیەك، یەکەم تەنیا چینی کرێکار لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا ناچەوسێتەوە، بەڵکو هەموو کرێگرتەیەکەیەك، هەموو نەدارێك و هەموو

ژێردەستێك [بێدەسەڵاتێك، فەرمانداریکراوێك] دەچەوسێتەوە، بێجگە لەمەش بە پێچەوانەی سروتە ئایینییەکانی چەپ لەمەڕ کرێکاران، کرێکاران هەمووان شۆڕشگێڕنین چ وەك تاك و چ وەك چین، تەنیا کرێکارانی هوشیار و سۆشیالیست، کرێکارانی خەباتکار بۆ کۆمەڵگە ناچینایەتی شۆڕشگێڕن. چونکە زۆرینەی کرێکاران وەك هەر کۆیلەیەکی دیکەی خۆشباوەڕ و سۆپاسگوزار لە شوێنی ژیانەوە تا کارخانە، لە کولتوورەوە تا دەنگدان بە کاندیدانی پارلەمان، لە بەکاربەریی نادەربەستەوە تا پێداگریی لەسەر دەسەڵاتی کەنیسە و مزگەوت، لە هەڵاواردنی ڕەگەزییەوە تا شانازیی ناسیونالیستانە و نەژادپەرستی و دژایەتی کرێکارانی کۆچەر، بە ژیان و بیرکردنەوە و ئامادەییانەوە، چ ڕاستەوخۆ و چ ناڕاستەوخۆ سیستەمی چینایەتی دەپارێزن. هەروەها بێجگە لەمەش داواکردنی زیادکردنی کرێ و هەندێك داخوازیی دیکە بەپێی هەڵاوسانی دراوی و بەرزبوونەوەی نرخ، ناکاتە شۆڕشگێڕیی کرێکاران، ئەگەر ئەوە بۆ شۆڕشگێڕبوون بەسبێت، ئەوا پۆلیس و هێزە سەرکوتگەرەکانی دیکەش وەك توێژێکی کۆمەڵگەی چینایەتی، زۆر جار خۆنیشاندان و نارەزایەتی و داوای زیادکردنی مووچەکانیان دەکەن. هەڵبەتە مەبەستم ئەوە نییە، کە خەباتی ڕۆژانە بۆ باشترکردنی گوزەران ڕەتبکەمەوە، نەخێر دەمەوێت بڵێم، بەبێ هەببوونی تێڕانین و جیهانبینییەکی شۆڕشگێڕانە لەو خەباتەدا [ڕەتکردنەوەی سیستەم و سەروەریی چینایەتی وەك هۆکاری نایەکسانیی]، سەرەنجام هەموو هەوڵ و خەباتێکی چەوساوان بە سووڕانەوە لە بازنەی خۆشباوەڕیی ڕیفۆرمیستانەدا کۆتاییدێت.

بێجگە لەوەش، من واژەی پرۆلیتاریا [کرێگرتان/ بێدەسەڵاتان] لە جیاتی واژەی پیرۆزکراوی "کرێکاران" بە دروستتر دەزانم و ئەوەش بەکاردەبەم، چونکە هەموو چین و توێژە بندەست و چەوساوە و بێدەسەڵاتەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە و ئەگەر قسە لە چەوساوەیی بێت، ئەوا هەموو تاکێکی نادارا و بێدەسەڵات لە سایەی سیستەم و پێکهاتەی چینایەتییدا بە ڕێژەیەك دەچەوسێتەوە، بەڵام چەوساوەبوون ناتوانێت شوناسی شۆڕشگێڕبوونی بێت و کرێکاربوون خۆبەخۆ تاکە پێکهێنەرەکانی چینی کرێکار ناخاتە بەرەی شۆڕش و دژایەتی سەروەریی چینایەتی، بەپێچەوانەوە ئەگەر خۆشباوەڕیی و ئامادەیی چەوساوان بۆ پاراستنی سیستەمی چینایەتی نەبێت، هەرگیز کەمینەیەکی سەرمایەدار و سەروەری سیستەمەکە، ناتوانێت کۆمەڵگەیەکی شەش ملیارد مرۆیی لەم بارەدا ڕابگرێت.

هەروەها نەوتراو نەمێنێتەوە، ئەو هەموو پیرۆزکردنەی کە پارتە چەپەکان بۆ کرێکارانی دەکەن، هۆکارەکەی بۆ لایەنگریی ئەوان بۆ ڕزگاری کرێکاران ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم چینە بەدبەخترین و ناهوشیارترین چینە و بە ئاسانی دەتوانن ئەندامەکانی بکەنە پاشڕەوی خۆیان و دەنگەکانیان بەدەستبهێنن، هەر لەبەرئەوەشە کە باوەڕیان بە خۆڕزگاریی کرێکاران نییە و بە دەبەنگ و بێتوانایان دادەنێن و بۆ ئەو مەبەستەش خۆیان وەك ڕزگارکەر و فریادڕەسی کرێکاران کاندیددەکەن.

ئەگەر بە پاگەندە و لاواندنەوەی چەپەکان بێت، ئەوا بەپێی تێزەکانی ئەوان دەبوو سەروەریی چینایەتی یەك چرکە توانای خۆراگرتنی نەبووایە، چونکە لە لاواندنەوەی هەڵخەڵەتێنەرانەی ئەواندا زۆرینەی کۆمەڵگە کرێکارانن و کرێکاران چ وەك چین و چ وەك تاك بەسروشت شۆڕسگێڕن و دژی سیستەمی سەرمایەداری و خوازیاری کۆمەڵگەی کۆمونسیتین. باشە، کاتێك کە سەروەران لە سەدا یەك و کرێکاران لە سەدا نەوەد و نۆ بن و لە سەدا (نەوەد و نۆ)کە هەموو شۆڕشگێڕ و دژەسەرمایەداری بن، ئەدی لە سەدا یەك چۆن بە درێژایی سەدان ساڵ توانای کۆیلەڕاگرتنی لە سەدا (نەوەد و نۆ)کەی هەبووە و هەیە؟ ئایا ئەمە خۆخەڵەتاندنێکی ئایدیۆلۆجی نییە؟ ئایا ئەمە چەشتەکردنی چەوساوان بە دیاریکراوی کرێکاران نییە بۆ ئامانجە دەسەڵاتخوازییەکانی پارت و پاشڕەوڕاگرتنیان؟ ئایا ئەمە پارادۆکسی ڕامیاریی نییە ؟

لەبەرئەوە بە بۆچوونی من، وەها تێڕوانینێك بەدرێژایی سەدەکانی ڕابوردوو تەنیا خزمەتی بە خۆشباوەڕمانەوە و شانازیکردن بە کۆیلەتی کردووە، کە ئایینەکان و فاشیستەکان و چەپەکان بە کارکردنیان لەسەر جێخستنی تێڕوانینی پیرۆزیی و شازنازیی کار لە سایەی سیستەمی چینایەتیدا تا ڕادەی شانازییکردن بە کرێکاربوونەوە، کرێکارانیان گەوجاندووە، وەك گوتم ئەو هەمووە تیۆریزەکردنەی شانازیداریی کاری چینایەتی و بەرزراگرتنی شوناسی چینایەتی، تەنیا لەپێناو یەك ئامانجدا بووە، ئەویش خۆشباوەڕکردنی لەشکری کۆیلانە بە بەختەوەربوونیان لە سایەی بەدەسەڵاتگەیشتنی "پارتی پێشڕەو" و بەخشینەوەی بەڵێنی سەرخەرمانە بەسەریاندا، هەڵبەتە ئەمە کار و پیشەی هەموو ڕامیارێکە لە چەپەوە بۆ ڕاست!

## ئێوه باوەڕتان به كۆبوونەوەی گشتی هەیه؟

بەڵێ، بەڵام هەڵبەتە تێڕوانین و بڕوابوون و گرنگی كۆبوونەوەی گشتی بۆ ئەناركییەكان لە وەها وەڵامێكی كورتدا تەواونابێت، چونكە كۆبوونەوەی گشتی لە تێڕوانین و ئەزموونگەریی ئەناركییەكاندا، ئامراز و میكانیزمێكە بۆ بەرگرتن بە تاكڕەویی و دەسەڵاتخوازیی دەستەبژێرە ئابووریی و ڕامیارییەكان لە ئەنجومەنەكان و سۆڤیەتەكان و هەرەوەزییە كرێكاریی و گەلییەكاندا. ئەمە بێجگە لەوەی كە وەك شێواز و میكانیزمێكی سروشتی خەباتی ژێردەستان لە كۆڕە كرێكارییەكانی سەدەی نۆزدەهەمدا گرنگیی مێژوویی سەلمێنراوەتەوە و لە تێروانینی ئەناركییەكاندا بووەتە سروشبەخش و ئافەرێنەری سەنتێزەكان، هەر خوێنەرێك لە دەرەوەی پێشداوەریی ئایدۆلۆجییدا دەتوانێك لە هەموو سەردەمەكاندا لە سەراپای ئەدەبیاتی ئەناركیی [سۆشیالیزمی ئازادیخواز]دا پێداگریی بەردەوام لەسەر ئەو میكانیزمە سروشتییەی خەباتی كرێكاران و خەباتی جەماوەریی بەدیبكات، لەو بارەوە دەتوانین بگەڕێنەوە سەر مشتومڕەكانی نێوان باڵی دەسەڵاتخواز و باڵی دژەسەروەری نێو نێونەتەوەیی یەكەم، كە تیایاندا ئەناركییەكان لە نێو كۆبوونەوەكانی نێونەتەوەیی یەكەم و لە دەرەوەیدا پێداگرییان لەسەر بنەمابوونی كۆبوونەوە گشتییەكان و كۆڕ و كۆمەڵە كرێكارییەكان دەكرد، هەروەك چۆن ئەناركییەكان لە سۆڤییەتەكانی ڕوسیادا وەك جوتیاران و كرێكاران و سەربازانی هوشیار یەكەمین دەستپێشخەرانی پێكهێنانی سۆڤییەتەكان بوون و دواتر بە هۆی زاڵبوونی دەسەڵاتخوازیی بۆلشەڤیكەكان، لە مێژووی شێوێندراوی ئەو ساڵانەدا، سۆڤییەتەكان كرانە دەستكردی كادرە ڕامیارپیشەكانی بۆلشەڤیك، هەر ئاواش كۆبوونەوەی گشتی وەك میكانیزمی ڕێكخراوبوون و بڕیاردانی نێو كۆڕە خەباتكارییەكانی جوتیاران و كرێكاران و سوونەتی كاری ئەناركیستەكان، شێوێنراوە و دەشێوێنرێت و ل كرۆكە ئازادیخوازانەكەی كەوڵدەكرێت.

بەپێچەوانەی تیڕوانین و بەكاربردنی ماركسیستەكانەوە، كۆبوونەوەی گشتی تەنیا ئامرازی هەڵبژرادنی ئازاد نییە، بەڵكو ئامرازی بڕیاردان و دابەشكردنی كار و بەڕێوەبردنیشە، بەواتایەكی دیكە، لە كۆبوونەوە گشتییەكاندا هەم پرسەكانی كۆمەڵگە و پرسی گروپ و ڕێكخراوە خۆجییەكان دەخرێنە بەر لێدوان و هەم بڕیاریان لەسەر دەدرێت و هەم كەسانی ئامادە و خۆبەخش بۆ جێبەجێكردن و درێژەپێدانیان دیاردەكرێن و هەم ئۆرگانەكانی كار و چالاكی هەڵدەبژێردرێنەوە، ئەمە جیاوازی سوشیالیستە ئازادیخوازەكان و دەسەڵاتخوازە بەناو سۆشیالیستەكان دیاریدەكات.

وەك گوتم، کۆبوونەوەی گشتی یا کۆبوونەوەی جەماوەریی چین و توێژە ژێردەستەکان لە ڕەوت و کۆڕی خەباتی ڕۆژانەدا، داهێنراوی کەس نییە، ڕێسا و شێوازێکی خۆبەخۆی خەباتی چینایەتییە و لە هەموو سەردەمە مێژووییەکاندا بوونی هەیە، تەنیا جیاکەرەوە و تایبەتمەندییەکی سەردەمی کە هەیبێت، بۆ سەرەبەخۆیی و ناسەربەخۆیی ڕێکخراوەکانی خەباتکاران دەگەڕێتەوە، واتە کاتێك کە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان پاشکۆی پارتێك یا هەر دەستەبژێرێکی ڕامیاریی بن، ئەوا خۆبەخۆ کۆبوونەوە گشتییەکان لە کرۆکە خەباتکارانە و شێوازە ئازادیخوازانەکەیان کەوڵدەکرێن و ئەوی دەمێنێتەوە، تەنیا ناوێکە و وەك دێوجامە بە باڵای شێواز و میکانیزمێکی دیکەدا دەبڕدرێت. بۆ نموونە لە پاش ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١وە هەم لە شوراکاندا و هەم لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی دواتردا، پێش دەستپێکردنی کۆبوونەوەکان لەلایەن ڕێکخراوە ڕامیارییەکانەوە کەسەکان دیاردەکران و ئەندامان بۆ دەنگدان بەوان و هەڵبژرادن و پەسەندکردنی بۆچوون و بڕیارەکانیان ئاگادارده‌کرانەوە. هەڵبەتە ئەم کارکردە هەم لە کۆبوونەوەی گشتی گەڕەك و ئوردووگەکاندا دەگیردرایەبەر و هەم لە کۆبوونەوەی گشتری ئەندامان و لێژنەکانی ڕێکخراوەکاندا دەگیردرایەبەر؛ لەو شوێنانەدا کە بەشداریی هەمووان هەبوو وەك ئوردووگەکان، کۆبوونەوە گشتییەکان تەنیا شوێنێك بوون بۆ ساخکردنەوەی ڕامیاریی گروپی زاڵی نێو ڕێکخراوە جەماوەرییەکە و بەشداربووان هیچ ئاشنایەکییان بە شێوازی کارکردن و گرنگیی لایەنەکانی نەبوو و تەنیا دەنگدانێکی ناڕاستەوخۆ بوو، واتە کەسانێك هەڵدەبژێردران و ئیدی هەر کەس بۆ ماڵی خۆی و چاوەڕوانمانەوەی ڕابەرانی ئاسمانی. بەڵام لە کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوەکاندا پرسەکە لە میکانیزمی گشتی دەنگدانیشدا نەدەمایەوە و تا ڕادەی دەستەگەریی و پێشتر دیاریکردنی دەنگدانەکان و فەرمییدان بە ڕابەران بەرتەسکدەبووەوە و هەر گروپێك ئەندامانی گوێڕایەڵی خۆی بۆ دەنگدان بە ڕامیارپیشە بە ڕابەراوەکانی بەڕێدەکرد و کۆبوونەوە بەناو گشتییەکان دەبوونە شوێنی یەکلاییکردنەوەی شەڕەدەندووکی گروپەکان و ئەندامە دەسەڵاتخوازەکانیان [ئۆتوریتەخوازەکانیان].

ئەمە ئەزموونی منە لە بارەی تێگەیشتنی چەپ لە کۆبوونەوەی گشتی و چۆنیەتی بەکاربردنی بۆ شاردنەوەی ئامانجە ڕامیارییەکان و خواستی دەسەڵاتخوازیی و سروشتە خۆسەپێنەرانەکەی خۆی [چەپ] و هەروەها تێگەیشتنی مێژوویی ئازادیخوازانە بۆ کۆبوونەوەی گشتی و گرنگی وەك میکانیزمێك بۆ بەرگرتن لە پاوانگەریی و خۆسەپێنی گروپە ڕامیارییەکان و پاشەروانیان لە خەباتی جەماوەرییدا.

## به بۆچوونی تۆ فاشیزم چیە کە هەمیشە هەموو دەوڵەتێک بە فاشیست ناو دەبەیت؟

فاشیزم دیاردەیەکی کۆنی کۆمەڵگەی مرۆیی نییە، بەڵکو هاوەڵدووانەی دەوڵەتی نەتەوەییە و ڕێکخستنی ڕامیاریی مامان و دایانییەتی. پێش هەموو شتێك بیرۆکەیەکی ڕامیارییە و لە پرۆسێسی خۆڕێکخستنی هەڵگرانی بیرۆکەکە لە ڕێکخستنێکی قووچکەییەدا، وەك ئایدیۆلۆجیای پارتایەتی دەردەکەوێت دەبێتە دەمارگیریی و دژایەتی هەموو جیاوازییەك و هەموو هەوڵ و بوونێکی دەرەوەی گروپە ڕامیارییەکە دەکات و دواجار دەبێتە کولتووری ئەندامان و لایەنگرانی گروپە ڕامیارییەکان و تێڕوانین و جیهانبینی و گوفتار و ڕەفتاریان پێکدەهێنێت. کاتێك کە بوو بە کولتووری تاك، ئیدی هەموو سنوورەکانی بڕیوون و هەموو پەیوەندییە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانی تێکداون و لەنێوبردووون و تاکی هەڵگر سەربەخۆیی بیرکردنەوەی لەدەستداوە و ئیدئۆلۆگەکانی بزووتنەوە فاشیستییەکە گوفتار و ڕەفتاری دیاردەکەن و ئاراستەیدەکەن، بە واتایەکی دیکە هەموو ڕەخنەیەك لە گروپەکەی بە مەترسی لەنێوچوونی و دژایەتی خۆی دەزانێت و هەموو ناپارتییەك و ناخۆدییەك بە دوژمن دەبینێت. لەو بارەوە ئەگەر سەرنجبدەین، هەموو گروپێکی ڕامیاریی، هەموو پێکهاتەیەکی قووچکەیی، هەموو دەوڵەتێك لە سروشتی بوونی خۆیدا، هەڵگری گەرای فاشیزمە و لەتەك گەورەبوون و پیربوونی، فاشیزم بە لوتکەدەگات. هەروەها زۆر جار فاشیزم لە کاردانەوەدا هەستیپێدەکرێت و تا کاتێك کە ئەندام یا گروپەکە هەست بە مەترسی نەکات، دیوە ڕاستەقینە [فاشیستییەکەی] خۆی نیشانناداتَ، ئەمە لە بارەی دەوڵەتانیشەوە هەر ئاوایە، دەوڵەت تەنیا لە کاتی تەنگەتاویدا دیوە فاشیستییەکەی دەردەخات !

فاشیزم زادەی سەروەرییە و پێداویستی یا میکانیزمی پاراستنی سەروەرییە لە کاتی خواستراودا. لەبەرئەوە هەم دەتوانێت لە بیرۆکەی ئایینی و ناسیونالیستیەوە سەردەربهێنێت، هەم ئەگەری سەرهەڵدانی لە بیرۆکەی سۆشیالیزمی دەسەڵاتگەرایانەدا هەیە، هەم زادەی دەسەڵاتی کولتوورە و هەم زادەی دەسەڵاتی ڕامیاریی. هەر کات هەر کەس و هەر گروپێك چ ئابووریی و ڕامیاریی و چ کولتووری، پێیوابوو کە ڕاستی ڕەها لای ئەوە، ئەوانی دیکە هەموو نەزانن و پێویستیان بە دەستەبژێریی و ڕابەریی و سەروەریی ئەو هەیە، ئەوا بانگی فاشیزمی خۆی ڕاگەیاندووە. لە سەرووی هەموو ئەمانەوە گەرای فاشیزم لە سیستەمی سەروەرییدایە، واتە دەوڵەت بە هەموو شێوەکانییەوە، بێشکە و لانکی جۆرێك لە فاشیزمە و هەر کات

سەروەریی خۆی کەوتە مەترسییەوە، ئەوا بێپەردە دەینێرێتە سەر شەقامەکان تاوەکو خرۆشان و ڕاپەڕینی چەوساوان لەبەردەم خۆیدا ڕابمالێت، یا بەواتایەکی دیکە، ئاوەڵدووانەی دەسەڵاتی سەرووخەڵکی [قوچکەیی]یە، ئیدی ئەو دەسەڵاتە سەرووخەڵکییە دەوڵەتێکی پاشایی بێت یا دەوڵەتێکی کۆماریی تاکپارتی و سەربازیی و پارلەمانیی بێت.

بۆ کەسانی وریا و هەستەوەر، ئەمڕۆ فاشیزم وەك گوتار و وەك ڕەفتار لە ڕاگەیاندنی گشت دەستەبژێر و پارت و ئاراستە ڕامیارییەکان و لیست و باڵەکانی دەسەڵات و لە میدیای زاڵدا، لە هەموو جێیەك و لە هەموو ساتێکدا سەرەتاتکێدەکات، بەڵام هێشتا بەو ڕادە تەنگەتاو نەبووە، کە تانك و دەستە "سەد ڕەشەکان*"ی یا لایەنگرە** "کراسڕەشەکان"ی بڕژێنێتەوە سەر شەقامەکان . وەك ئەزموونی مێژوویی هەردەم بزووتنەوە و دەسەڵاتە فاشیستەکان لە بەرانبەر پەرەسەندنی خەبات و بزووتنەوە ئازادیخوازەکاندا وەك وەڵامدانەوە بە پێداویستی پاراستنی سەروەریی چینایەتی [دەوڵەت] لە هەڵچووندا بووە، لە وڵاتی ئیتالیا کۆمیتەی کارخانەکان و بزووتنەوەی سۆشیالیستی بەڕادەیەك مەترسییان لەسەر دەوڵەت دروستکردبوو، کە پۆلیس و دەزگە سیخورییەکان ناتوانا دۆشدامابوون و شکستی کۆمەڵایەتیی ڕۆژ بە ڕۆژی خۆیان دەدیت، لەبەرئەوە تەنیا بزووتنەوەی فاشیستی "کراسڕەشەکان" دەیتوانی لە جەنگێکی کۆمەڵایەتیی فرە ڕەهەندا، کۆبوونەوە کرێکارییەکان کوتەککاری بکات و ئەرکە سەرەکییەکەی دەوڵەت لە ئەستۆبگرێت. هەروەها لە ئاڵمانیا و لە وڵاتی ئیسپانیا'ش لە بەرانبەر بزووتنەوەی سۆشیالیستی و سەرهەڵدانی خۆبەڕێوەبەرایەتی هەرەوەزییە کشتکاریی و پیشەسازییەکاندا، تەنیا هێزە فاشیستەکەی جەنەڕاڵ فرانکۆ بە کۆمەکی فرۆکە جەنگییەکانی هیتلەر و چەکدارە بەکرێگیراوەکانی، توانی بە زرێپۆش و تیمەکانی گوللەبارانکردن دوا سەنگەر و ماڵ و دوا جەنگاوەر و دوا کێڵگە و دوا کارگە، لەنێوبەرن!

بەکورتی فاشیزم، ڕەنگدانەوە و کردەییکردنەوەی کینەدۆزیی ناسیونالیزم و شۆڤێنیزمە لە دەسەڵاتدا، واتە بە لوتکەگەیشتنی نیشتمانپەروەریی و و نەتەوەپەرستی [لێرەدا مەبەست لە نیشتمانپەروەریی، خواستی ژێردەستان نییە بۆ ڕزگاربوون لە داگیرکەر، هەروەها مەبەست نەتەوەپەرستی، هەستی هاوزمانی و ئارەزووی ئازادیی کولتووریی نییە، بەڵکو مەبەست لە ئایدۆلۆجیاکانی دەسەڵاتداریی بۆرجوازییە بەناوی نەتەوە و نیشتمانەوە]، لە مێژووی

نیشتمانپەروەریی و نەتەوەپەرستییدا موسۆلینی و پارتەکەی، هیتلەر و پارتەکەی و سەدام و پارتەکەی نموونە زیندووەکانی سەردەمی ئێمە و پێش ئێمەن. هەموو بزووتنەوەیەکی ڕامیاریی و هەموو گروپێکی ڕامیاریی و هەموو پێکهاتەیەکی قووچکەیی و ڕامیاریی، هەڵگری گەرای فاشیزمە و هەر کەس بە ئاوڕدانەوەیەك لە ڕابوردووی ڕامیاریی خۆی، لە گروپ و بزووتنەوە ڕامیارییەکاندا نائاگایانە هەڵوێست و تێڕوانین و گوتار و کرداری فاشیستیی پەیڕەوکردووە، هەرچەندە هیچ کات ئامانجیشی ئەوە نەبووبێت یا لە خەیاڵی خۆیدا دژی ڕژێمێکی فاشیستی وەك بەعس'یش جەنگابێت، بەڵام لە کاردانەوەیەکی فاشیستیدا خەریکی پەیڕەوکردنی فاشیسم بووە. لێرەدا دەتوانم نموونەیەك بهێنمەوە، کە هەر ئێستا لە ڕوودانداییە و ئەگەر بەرەنگاریی بەرانبەر بتوانێت ببێتە مەترسی، ئەوا بەداخێکی گرانەوە دەبینە بینەری فاشیزمی ناسیونالیزمی کورد لەم هەرێمەدا؛ لە ئێستادا بە پاڵپشتی دەسەڵاتی ڕامیاریی، شۆڤێنیزمی زمانی لە کاردانەوەدایە بەرانبەر داخوازیی ڕەوای ئاخێوەرانی زمانە کوردییەکانی دیکە [کەلهوڕی و هۆرامی و زازاکی و کرمانجی]، هەر کات بەرەنگاریی و پێداگریی ئاخێوەرانی ئەو زمانانە گەیشتە یاخیبوون و مەترسی بۆ سەر خەونە شۆڤیستییەکەی ڕۆشنبیرانی دەسەڵات، ئەوا فاشیزم وەك مشتی پۆلایینی دەسەڵات، ناچاردەبێت خۆی لە پشت دێوجامە دێمۆکراسیەکەی دەربخات و خوێن و خاك و باروت تێکەڵبکات. ئەمە خەیاڵ یا ترسی هەڕەمەکی نییە، ئەمە ڕاستییەکە و لە ساڵانی ڕابوردوودا نووسەران و ڕۆشنبیرانی دەسەڵات چەندین جار گڵۆپی سەوزیان بۆ خستنەگەڕی ماشێنەکەی بە فەرمانی "سەرۆك" هەڵکردووە، کە بۆ بەرگرتن بە ئازادی و بەکاربردنی مافی ڕەوایی دیگەران، دیوە فاشیستییەکە دەربخات. هەروەها جەنگی نێوخۆیی ١٩٦١-١٩٩٨ و دواتری نێوان پارتەکان و میلیشیاکان و دەسەڵاتدارانی بۆجوازی کورد تژیەتی لە دیمەنی دەرکەوتنی دیوە فاشیستییەکەی دەسەڵاتخوازان و هەردەم جەنگی سڕینەوەی یەکدییان کردووە !

## ئایا کۆمەڵگەی ئەنارکی چ جیاوازیەکی لەگەڵ بەهەشتێکی خەیاڵی هەیە کە کۆمۆنیزم مژدەی دەدات ؟

پێش ئەوەی بچمە پای وەڵامدانەوەی نێوەڕۆکی پرسیارەکە، ناچارم لەسەر هەڵەبوونی واژەی " *کۆمۆنیزم*" بوەستم، کە هیچ کات بەواتای "Communism" نییە. کۆمونیزم "Communism" واتە کۆمونگەرایی و کۆمۆن "Common" واتە نێوکۆیی؛ وەك خاڵی نێوکۆیی یا زمانی نێکۆیی و

لە زمانە لاتینەکاندا واژەیەك بەناوی "*کۆمۆنیزم*" بوونی نییە و هەروەها لە زمانی کوردیدا ئەوە تەنیا کەسانی دەرەوەی پارتە کۆمونیستەکان نین، کە ئەو واژەیە بە هەڵە بەکاردەبەن، بەڵکو لە پێش هەمووانەوە سەرانی پارتە کۆمونیستەکان و ئەندامەکانیان ئەو واژەیە بە هەڵە بەکاردەبەن. بەداخەوە ئەم واژانەش وەك واژەکانی [دیمۆکرات (کەسی دیمۆکراتخواز) ، دیمۆکراسی (چەمکی هزری و فیلۆسۆفی) ] ، [عەلمانی (کەسی سێکیولاریست) و عیلمانی (بیرۆکە/ شتی/کەسی زانستی/ زانستکار / زانستدۆست) ] ، [ئەنتی ناسیونالیزم (دژە ناسیونالیزم)، ئینتەرناسیونالیزم (نێونەتەوەیی)، ئەنتەرناسیونالیزم (بێواتا)]، ..تد لەلایەن نووسەران و رۆشنبیرانی کورد و تەنانەت لایەنگرانی ئەو هزر و بیرۆکانەوە تێکەڵکراون !

کۆمونیزم وەك وێناکردن کومەڵگەیەکی پێشتر نەخشەکێشراو و ئایدیال و دەستکردی راِبەرانی "پارتی پێشڕەو"، پشت بە ئایدیاکانی قۆناخبەندیی مێژووی کۆمەڵگەکان بۆ کۆمونەی سەرەتایی و بەندایەتی [Slavery] و فیئۆداڵی [feudalism] و سەرمایەداریی [Capitalism] و کۆمونیزم [Communism] دەبەستێت و ئەگەر بەوردی سەرنجی دراو و بنەماکانی ئەو قۆناخبەندییەی کۆمەڵگەی مرۆیی بدەین، ئەوا سەرچاوەی ئەو قۆناخبەندییە بۆ بیرۆکە [ئایدیا] ئایینییەکان بەتایبەت بیرۆکەکانی چۆنیەتی دەرکردنی مرۆڤ لە بەهەشت و چۆنیەتی گەڕانەوەی مرۆڤی دەرکراو لە بەهەشت بۆ بەهەشت، هەر بەو جۆرەی کاتێك کە مرۆڤی دەرکراو لە بەهەشت بە پەیڕەویکردنی رێبازی پەیامبەران گوناهەکانی دەسڕێتەوە و بە بەهەشت شاددەبێتەوە، هەر ئاواش بەگوێرەی لێکدانەوەی تیئۆریسیۆنەکانی کۆمونیزم، گەیشتنی مرۆڤ بە کۆمونیزم و بەدیهاتنی وەها کۆمەڵگەیەك بە پابەندیی مرۆڤەکان بۆ ئایدیۆلۆجیای پارت و تێڕوانینەکانی مارکس و ئەنگلس و مێشکەکانی پاش ئەوان دەبەستنەوە و هەر نەزۆکییەك لە تیئۆری پێشتر داڕێژراودا بە نەزانی و دەرکنەکردن و لادەریی پەیڕەوکاران و سەرانی پارتەکان دادەنرێت، هەروەها هەر رەخنەگرتن و رەتکردنەوەیەك بەرانبەر تیئۆرییەکانی چۆنیەتی گەیشتن بە کۆمەڵگەی کۆمونیستی، بە لادان و دژەخوونی لە باوەڕی باڵا هەژماردەکرێت.

کۆمونیستەکان، سۆشیالیزم بە پەیبردن و دۆزینەوە و بیردۆزی بیریاران دەزانن، واتە هۆش ئافەرێنەری شتەکانە و پێش پێگەیشتن و ئەزموونە مادییەکان دەکەوێت. هەروەها بیردۆزەکانی ئەو بیریارانە بە پیرۆزکردن و هاوتاکردنیان بە زانست، دەکەنە چەکی رەتکردنەوە و

نکۆڵیکردن لە هەر ڕاستییەك لە دەرەوەی بیردۆزە کۆمونیستییەکە و کە هەم جۆرە پارادۆکسێکە و هەم درێژەدان بە مەزهەبگەرایی. چونکە زانست واتە پێگەیشتنی ئەزموونگەریی و درێژەدان بە دەرکەوتن و دراوە پێشینییەکان، بەواتایەکی دیکە زانست هەم درێژە و گەشەی هەوڵەکانی پێش خۆیەتی و هەم لەتەك هەر دەرکەوتن و پێگەیشتنێکی ئەزموونگیرییانە، نارۆشنیی و لایەنە لاواز و نادروستەکانی خۆی ڕەتدەکاتەوە، کە ئەمە شێوازی گەشە و پێگەیشتنی ماتریالیستییە، واتە تیئۆری و پێگەیشتنەکان بەرەنجامی کار و چالاکی و تاقیکردنەوەکانن، نەك پێچەوانەکەی. ئەگەر سەرنجی پاگەندەی کۆمونیستەکان لەمەڕ زانستیبوونی کۆمونیزمی مارکسیستی و ڕەتکردنەوەی هەر ڕەخنە و سەرنجێك لەمەڕ دارِشتنە پێشتر ئامادەکراوەکان بدەین، دەبینین، کە هیچ جیاوازییەکی بەرچاو لەنێوان تێزە ئایینییەکان و تێزە مارکسیستییەکاندا نییە. وەك گوتم تێزە ئایینییەکان دروستبوونی مرۆڤ بۆ هوشیاریی پێش مادە [خواکرد] دەگەڕێنەوە و مرۆڤی یاخی و سەرپێچیەگەر لە بەهەشت دەردەکات و پاشان خوای ئاینەکان ڕێگەچارەی گەڕانەوە بۆ بەهەشت بۆ مرۆڤ دیاریدەکات و ئەگەر [مرۆڤی دەرکراو لە بەهەشت] ئەو ڕێگەچارە پەیڕەویینەکات، ئەوا هیچ کات ئەگەری گەیشتنەوەی بە بەهەشت بوونی نییە، هەر ئەوەی کە مارکسیستەکان مێژوو بە سەر قۆناخە ناچارییەکانی گەشەی کۆمەڵگەدا دابەشدەکەن [مرۆڤی سەرەتایی بەهۆی دۆزینەوەی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان و خاوەندارییان لەلایەن کەسانی بەهێزەوە، کۆمونە بەجێدەهێڵێت و پێدەنێتە قۆناخی کۆیلایەتی و پاشان لە ڕاپەڕینی کۆیلاندا لەبەرئەوەی کە مەرجە مێژووییەکانی شۆڕشی سۆشیالیستی لە ئارادانین، وەك پێداویستیەکی مێژوویی چینی باڵادەستی دیکە فیئۆداڵەکان سەرهەڵدەن و دیسانەوە لە ڕاپەڕینی جوتیاراندا لەبەرئەوەی کە مەرجە مێژووییەکانی شۆڕشی سۆشیالیستی لە ئارادانین، وەك پێداویستیەکی مێژوویی چینی باڵادەستی دیکە بۆرجواکان وەك "شۆڕشگێڕ"سەرهەڵدەن و دواجار بیریارانێك پەیدادەبن و لێکۆڵینەوە لەسەر بنەما ئابوورییەکانی پێکهاتنی کۆمەڵگە دەکەن و بەو سەرەنجامە دەگەن، کە دەبێت کۆمەڵێك پێشمەرجی گەشەی ئابووریی ڕوودەن و بە پەیڕەوکردنی تیئۆرییەکانی ئەوان، توانای گەڕانەوە بۆ بەهەشت "کۆمونەی سەرەتایی" دەبێت]. هەڵبەتە ئەوانە نە بۆچوونی منن و نە ئافەرێنراوی خەیاڵی منن، بەڵکو ئەو پاگەندە و گێڕانەوانەن، کە تا هەنووکە ئێمە لە دەمی ڕابەران و پاشڕەوانی کۆمونسیستەوە بیستوومانن و دەبیستین.

ئێستا کە تیرِوانینی خۆمم لەمەڕ بەهەشتی دونیایی و تێزەکانی دا، دەتوانم بڵێم نەخێر،

کۆمەڵگەی ئەنارکی بەهەشت نییە و بڕیاریش نییە بەهەشت بێت و ئەنارکیزم وەك هزر سەنتێزە نەك تێز. ئەنارکییەکان بەتەمانین کۆمەڵێك تێزی ئاسمانی بۆ گەیشتن بە بەهەشت دابڕێژن و بیانکەنە ئایینی دونیایی. گەیشتنی مرۆڤ بە کۆمەڵگەی ئازاد [سۆشیالیستی / ئەنارکی] بە ئامادەیی و تێکۆشانی تاکە چەوساوەکانەوە پەیوەستە و ڕوودانی وەها ئەگەرێك پەرجوویەکی ئاسمانی/ ڕامیاریی نییە، کە لە چاوتروکاندنێکدا کۆمەڵگەی پڕ جەنگ و دڕندایەتی بگۆڕدرێت بە کۆمەڵگەیەکی پڕ هارمۆنی پێکەوەژیان و تەبایی، چەوساوە و سوودخوازیی بگۆڕدرێت بە هاریکاریی و خۆبەخشیی کۆمەڵایەتیی، کێبڕکێی دەسەڵاتخوازیی و مشەخۆریی ڕامیاریی بگۆڕدرێت بە یەکگرتن و هاودەردیی مرۆڤایەتی. نەخێر کۆمەڵگەیەکی ئاوای ناچینایەتی پێویستی بە تێپەڕکردنی پرۆسێسێکی بەردوامی تێکۆشانی تاکە ژێردەستەکان بۆ گەیشتن بە وەها ئامانجێك هەیە. چۆن دەکرێت کۆمەڵگەیەك کە لەسەر بنەمای سزا و زیندانی، لەسەر بنەمای فەرمانداریی کەمینەی ڕامیار و زۆرینەی ژێردەست، لەسەر بنەمای ڕەنجدەریی زۆرینەی نەدار و مشەخۆریی کەمینەی سەرمایەدار دامەزرابێت و بەبێ پێشنیاربوونی ئەڵتەرناتیڤەکەی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لە ڕێکخستنی کار و ژیانی کۆمەڵگەدا، یەك شەو و ڕۆژە وەلابنرێن؟ وەها پووچگەراییەك تەنیا لە دەمی ڕامیارانەوە دەردەپەڕێت و تەنیا کەسانی خۆشباوەڕ و دەستەمۆ و کەوڵکراو لە هەموو ویست و بوونێکی سەربەخۆ، دەتوانن بڕوای پێبکەن و دوای بکەون .

بەدیهاتنی سۆشیالیزم / کۆمەلگەی ئەنارکی، نە خەونێکە تا ڕوودانی لە دەرەوەی ویستی مرۆڤەکانەوە بێت و نە ئافەرێنراوی توانای جادووگەریانەی ڕامیارەکانە، تا چاوەڕێی بەزەیی و فریادڕەسیی ئەوان بین، بەپێچەوانەوە هاتنەدی وەها کۆمەڵگەیەك بە هەنگاونانی بەکردەوەی ئەوانەوە پەیوەستە، کە بە پێویست و بە ئەڵتەرناتیڤی دەبینن و کردەییکردنەوەی لە ژیان و کاری ڕۆژانەدا بە تەنیا مسۆگەرکەری هاتنەدی دەزانن. ئەگەر نا هەموو بەڵێنێکی سەرخەرمان، تەنیا هەزاربارەکردنەوەی هەمان دیکتاتۆریی "پارتی پێشڕەو" دەبێت، بەناوی پرۆلیتاریاوە ! لەبەرئەوە ئەنارکییەکان هەر ڕۆژە لە شوێنی کار و ژیانی خۆیاندا لە گروپە خۆجێییەکان و لە ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکاندا خەریکی کردەییکردەوەی خەیاڵی سۆشیالیستی / ئەنارکین، بە ژیانکردنی خەیاڵە دێرینەکانی مرۆڤ، هەر ئەوەی کە لە ناوچە ئازادەکانی ئۆکرانیای ١٩١٧-١٩٢١ و ئیسپانیای ١٩٣٦-١٩٣٩ ڕوویدا و ئەوەی لەم ڕۆژگارەدا لە گوندە هەرەوەزییەکان و کۆمونەکانی ئەوروپا و ئەمەریکادا خەریکە ڕوودەدات، ئەوەی کە

پێشتر پێش سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی بەجۆرێك لە جۆرەکان لە کۆمەڵگەکانی ئەفریکا و ئاسیا و ئەمەریکای لاتین و ئەمەریکا و ئوسترالیای [پێش داگیرکردن و جینۆسایدکردن]، بوونی هەبووە؛ ژیان بەبێ سەروەر، ژیان بەبێ پێکهاتەی قووچکەیی و دەزگەی ڕامیاریی؛ ژیان بەبێ بازرگانی و سوودخۆریی بانکەکان؛ ژیان بەبێ نوێنەرایەتی پارتەکان و ڕامیاران؛ ژیان لە هارمۆنی هەروەرزیی و هاوپشتی و خۆکۆمەکیی کۆمەڵایەتیدا لەسەر بنەمای دێمۆکراسی ڕاستەوخۆ، کۆمەڵگە بەبێ نوێنەر و پۆلیس و دەوڵەت !

**ئایا بە نەزەری تۆ سەبەبی شکستخواردنی شۆڕشەکانی تا ئێستا ئەوە نییە کە جۆرێک زۆرکردن بووە لە تاریخ، بە جۆرێکی تر بیڵێم ئایا ئەو شکستخواردنە بەڵگەیەک بۆ ئەوەی کە تاریخ بەخۆی ڕێ دەکات و پێویستی بە هەوڵی زۆرەملێیانەی ئێمە نیە ، ئایا ئەوەی تۆ تاکید لە چارەنووسسازی ڕۆڵی تاکە هوشیارەکان دەکەیت جۆرێک لە ڕابەرایەتی و ئاراستەکردنی تاریخ نیە؟**

ئەگەر بڕوا بەخۆمان بهێنین، کە مێژوو لە دەرەوەی ویستی مرۆڤەکانەوە خۆبەخۆ کاردەکات و وابەستەی ڕێژەیەکی دیاریکراو و خوازراوی گەشەی بنەمای ئابووریی کۆمەڵگە و بڕینی قۆناخبەندییەکانە، ئەوا خۆبەخۆ بەپێی ئەو لێکدانەوە ناکەتوارییە هەموو هەوڵێکی مرۆڤ بۆ زووتێپەڕاندنی بار و دۆخەکە، لەتەك شکست و ناکامیدا ڕووبەڕوودەبێت. بەڵام کاتێك کە خودی مێژووی مرۆڤایەتی ڕاستییەکەی دیکە دەسەلمێنێت، کە کارایی مرۆڤ و بەرەنجامبوونی گۆڕانەکانە بەهۆی کارکردی مرۆڤەکانەوە، ئەوا ئیدی وەها لێکدانەوەیەك بێجگە لە پووچگەرایی ئایدیالیستی هیچی دیکە بەرهەمناهێنێت. لەبەرئەوە تەنیا ڕێگەیەکی کەتواریمان لەبەردەمدا دەمێنێتەوە، ئەویش لێکدانەوە و گەڕانە لە دووی هۆکاری شکستەکان، نەك هەڵهاتن لە شکستەکان و نائومێدبوون لە توانایی شۆڕشگێڕانەی مرۆڤ؛ ئایا هۆکارەکانی شکستی تا ئێستای شۆڕش، خۆیی بوون یا دەرەکیی ؟

کاتێك کە خودهوشیاریی زۆرینەی کۆیلە ڕاپەڕیوەکان تا ئاستی پێکەوەژیانی هەمووان بەبێ سەروەر بڕناکات، ئیدی ئەگەر ڕاپەڕینەکان بە سەرکەوتنی دوژمنیش تێکنەشکێن، ئەوا سەرەنجام بە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای ڕابەر و ڕابەریکراو کۆتاییدێت ! کاتێك کە خودهوشیاریی زۆرینەی جوتیارانی ڕاپەڕیو ناگاتە ئاستی بنیاتنانی هەرەوەزییە

کشتکارییەکان لەجێی وابەستەیی بە دارایی فیئۆداڵەکان بەسەر کێڵگەکاندا، ئیدی بۆرجوازی خۆڕێکخستووی شار بە ئاسانی توانانی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگەی لەسەر بنەمای دەوڵەتی نەتەوەیی و جێگرتنەوەی سەروەریی فیئۆداڵەکانی دەبێت و جوتیارانی بێزەوی دەگۆڕدرێن بە کرێکارانی کرێکرتە، کاتێك کە خودهوشیاریی کرێکاران و سەربازان لە ڕوسیەی ۱۹۱۷دا [بەگشتی و لە هەموو لایەکی ئەو وڵاتە] نەگەیشتووەتە ئاستی خۆبەڕێوەبەرایەتی سەرتاسەری کۆمەڵگە و کارخانەکان لەلایەن خودی پرۆلیتێرەکانەوە، ئیدی زۆر بە ئاسانی دەستەبژێری ڕامیار و خۆڕێکخستوو لە پارتێکدا بەناوی "پێشرەوی کرێکاران"ەوە، دەتوانێت جێگەی سەروەرانی پێشوو بگرێتەوە و هەموو ناڕەزایەتییەك و یاخیبوونێکی شۆڕشگێڕانە وەك (کرۆنشتات) لە خوێندا خەڵتانبکات !

بەو پێشەکییەوە دەمەوێت بڵێم، نەخێر مێژوو لە دەرەوەی ویستی تاکەکانی کۆمەڵگەوە بوونی نییە و ئەوە کارکردی ئێمەیە کە مێژوو دەچەرخێنێت، کاتێك کە تاکە ژێردەستەکان بە " دەوڵەتی خوا " لەسەر زەوی خۆشباوەڕدەبن و بەختەرەریی و ڕزگاربوونی خۆیان لە سایەی ئەودا ببیننەوە، ئیدی ئەوە ڕوودەدات کە لە شکستی ڕاپەڕینی ڕێبەندانی ۱۹۷۹ی ئێراندا ڕوویدا، کاتێك کە تاکە ژێردەستەکان بە " دەوڵەتی نەتەوەیی " خۆشباوەڕبن و بە خەونێکی ئایدیال و کۆتایی هەموو نەهامەتییەکانی خۆیان بزانن، بەدڵنیاییەوە ئەوە ڕوودەدات، کە لە شکستی ڕاپەڕینی ئازاری ۱۹۹۱دا وویدا، کۆمەڵێك میلیشیا دەتوانن سەروەریی خۆیان بەسەر کۆمڵگەدا بسەپێنن، کاتێك کە تاکە ژێردەستەکان بە هێز و توانای خۆیان نائومێددەبن و هەموو هیوایەکیان بە فریادڕەسیی دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا دەبەستنەوە، ئیدی ئەوە ڕوودەدات، کە لە ئەفگانستان و عیراق ڕوویدا. بەداخەوە ئەم لیستە زۆر درێژە و سەراپای مێژوو بەهۆی بڕوانەبوونی تاك بە ڕۆڵی خۆی و کارایی یەکگرتوویی هێزی جەماوەریی خۆیەوە، پڕە لەو شکستانە و بە بۆچوونی من تاوەکو تاکی ژێردەست پاشرەوی پارتەکان و گوێڕایەڵی سیستەمی ڕامیاریی بێ و هیوای ڕزگاربوونی خۆی لە نەهامەتییەکان بە قوربانیدان لەپێناو دروستکردنی دەوڵەتە نەتەوەیی و ئایینی و سێکیولاریستەکان گرێبداتەوە، بەدڵنیاییەوە هەردەم لەبەردەم شکستەکانی خۆیدا دۆشدادەمێنێت و لە نائومێدیدا یا لە گۆشەی پەرستگەکاندا چاوەڕوانی ڕودانی پەرجووە ئاسمانییەکان [فریادڕەسی خوایی] دەبێت یا لە پەرتووکخانەکاندا چاوەڕوانی ڕودانی پەرجووی لەنێوچوونی سیستەمی سەرمایەداری بەهۆی گەشەی ئابوورییەوە دەبێت [گۆڕانی دیتێرمینیستییانەی کۆمەڵگەی چینایەتی] و بە

تێپەڕبوونی سات و ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵەکانی تەمەنی ژێردەستەیی و نائومێدی خۆی دەنووسێتەوە.

بەکورتی، تاکە ژێردەستەکان بەدرێژایی مێژووی کۆمەڵگە مرۆییەکان لە خۆشباوەڕییاندا هەردەم بەهەشتەکانی سەروەرییان بۆ چینە دارا و دەسەڵاتدارەکان مسۆگەرکردووە؛ لەپێناویاندا خۆیان بەکوشتداوە، ئەوانی دیکەیان کوشتن، جینۆسایدیان کردوون، گوند و شار و هەرێمەکانیان سووتاندن و ئەنفالیانکردوون، بوونەتە پاسەوانی یەکدی لە زیندانەکاندا، نارەزایەتی و ڕاپەڕینەکانیان سەرکوتکردوون، لە یەك دەستەواژەدا ئەگەر ئامادەیی و خۆشباوەڕیی تاکە ژێردەستەکان نەبێت، ئەوا هەرگیز خانەوادەی ئیمپراتۆرێك [کۆیلەدارەکان]، مشتێك زەمیندار [فیئۆداڵەکان]، چەند جەنەڕاڵێك [کودەتاچییەکان]، کۆمیتەی ناوەندی پارتێك و کەمینەیەکی هەرە کەمی سەرمایەدار [کارخانەدارەکان] و ڕامیار [پارلەمانتارەکان] و دەسەڵاتدار [فەرماندەران]، نەیاندەتوانی و ناتوانن کۆمەڵگەکان و جیهان ژێردەستبخەن و زۆرینە برسی و سەرکوتبکەن و خۆیان سەروەر و مشەخۆر بن. لە بەرانبەر ئەوەدا و لەسەر ئەو بنەمایە، تەنیا هوشیاربوونەوەی چەوساوان لە کۆڕی خەبات و خۆڕێکخستنی ڕۆژانەدا دەتوانێت هەم تاکە ژێردەستەکان لە خۆشباوەڕیی و پاشڕەوی بگێڕێتەوە و هەم بەرەو ڕاپەڕین و لەنێوبردنی سیستەمی ڕامیاریی و بنیاتنانەوەی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای هاوپشتی و هەرەوەزیی و هاریکاریی کۆمەڵایەتیی، هەڵخڕێنێت و بڕوابەخۆبوون و خودهوشیاریی بۆ چەوساوان بگێڕێتەوە. هەر لەسەر ئەو بنەمایە و بە پشتبەستن بە ئەزموونە خودییەکانی خۆم و دراوە مێژووییەکانی خەباتی کۆمەڵایەتیی، من پێداگریی لەسەر کارابوون و چارەنووسسازبوونی ڕۆڵی هوشیارانەی تاکی چەوساوە دەکەم، ئەگەر نا لە دەرەوەی خەباتی جەماوەریی و هاوپشتی و یەکگرتن و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی چەوساوان، هاتنەدی سۆشیالیزم تەنیا بە پووچگەرایی ڕامیاریی و لاساییکردنەوەی چۆنەیتی گەیشتنەوەی مرۆڤ بە بەهەشت دەبینم !

## ئایا پەیوەندی سەروزەکان لەگەڵ ئانارشیستەکان چییە؟ مەگەر ئەوانیش ئانارشیست نین؟

بۆ ئەوەی بتوانم وەڵام بە پرسیارەکانت بدەمەوە، ناچار لە کۆتاییەوە دەستپێدەکەم. ئەگەر مەبەستت لە "سەروزەکان"، پارتە سەوزەکانی ئەوروپا و وڵاتانی دیکەن، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم نا. چونکە پێش هەموو شتێك ئەوان "سەوزەکان" پارتی ڕامیارین و ئەنارکیستەکان پارتایەتی ڕەتدەکەنەوە و منیش بۆ خۆم وێڕای پارتایەتی، ڕامیارییش ڕەتدەکەمەوە. دەکرێت ڕۆژگارێك ئەندامانی ئێستای پارتە سەوزەکان بەجۆرێك ئەنارکیست بووبن، یا ئێستاش سۆزدارییان بۆ ئەنارکیزم هەبێت، بەڵام هیچ کات ئەو دوو ئاراستەیە یەکسان و هاوتانین. چونکە پێش هەموو شت ئەوان بۆ دەسەڵاتی ڕامیاریی هەوڵدەدەن و لە کایەی ڕامیاریی و پارلەمانتاری و بە پارتییکردنی کەسەکاندا چارەسەر دەخەنەڕوو، کە ئەوەش ڕەتکردنەوەی بنەما هزرییەکانی ئەنارکیزمە؛ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی دەرەوەی قەوارە ڕامیاریی و قووچکەییەکان.

وەك گوتم دەکرێت، ئەوان وەك تاك و گروپ ڕۆژگارێك بەشێك بووبن لە ئەناکیستەکان و بۆ ژینگەپاریزیی خەباتیانکردبێت و چالاکی بزووتنەوەی دژە-ئەتۆم و دژەجەنگ و زۆر شتی دیکە بووبن، چونکە ئەنارکیزم وەك شێوازی بیرکردنەوە و وەك هزر و وەك بزووتنەوەیەکی فرەڕەهەندی کۆمەڵایەتیی، لە گشت بوارەکاندا تێڕوانینی ئازادیخوازانە و دژە-سەروەرانەی هەیە؛ لەوانە تێڕوانین لەمەڕ ڕێکخستنی جەماوەریی و کۆمەڵایەتیی [ئەنارکۆسەندیکالیزم]، تێڕوانین لەمەڕ لەنێوبردنی هەڵاواردنی ستەمی ڕەگەزیی بەرانبەر ژنان [ئەنارکۆفێنیزم]، تێڕوانین لەمەڕ دژایەتی جەنگ و ئاشتییخوازیی [ئەنارکۆ-پاسیفیزم ]، تێڕوانین لەمەڕ پاراستنی ژینگە [Green anarchism / eco-anarchism]، تێڕوانین لەمەڕ ڕزگاری ئاژەڵ [ animal libertain front] و ...تد.

لە تێڕوانینین ئەنارکییەکاندا و بە بۆچوونی منیش، تێکدانی ژینگە و پیسکردنی ئاو و هەوا و هۆکاری ڕوودانی کارەساتەکان، تەنیا بۆ نەزانی مرۆڤەکان ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ چاوچنۆکی و زۆرترخوازیی بۆجواکان دەگەڕێتەوە، کە لەپێناو بەدەستهێنانی سوودی زیاتر و پاوانگەریی زیاتر، ژیان لەسەر گۆی زەوی بەرەو تیاچوون دەبەن. بە سەرنجدانێکی خێرا لە پیشەسازیی نەوت و ئۆتۆمبێل و چەکسازیی و وزەی ئەتۆمی و پیشەسازییە ناپێویست و زیانبەخشەکانی دیکە، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە لەم جیهانەدا خەریکە چی دەگوزەرێت و داهاتووی مرۆڤایەتی لە سایەی سیستەمی ڕامیاریی و سەروەریی چینایەتییدا چۆن دەبێت. بە

پێچەوانەی پاگەندەی ڕامیارانەوە، کە هۆکارەکان بۆ نەزانین و نەخوێندەواریی تاکەکان دەگرێنەوە، دەرکی دانیشتووانە بوومییەکانی ئەمەریکا [ئەوانەی کە کۆچەرە ئەوروپییەکان جینۆساید/ وەچەبڕیانکردن] لەمەڕ پاراستنی ژینگە زۆر لە دەرکی فیلۆسۆف زاناکانی ئەم سەردەمە ڕۆشنتر و دروستتر بووە و تەنیا هۆکار کە ژینگە و بوونەوەرەکانی بەم ڕۆژگارە کێشاوە، کۆمەڵگەی چینایەتییە، کە لەپێناو قازانجی سەرمایەداران و سەروەریی ڕامیاران و مشەخۆریی دەسەڵاتداراندا ئامادەیە ژیان لەنێوبەرێت، لەم بارەوە هەر ئەوەندە بەسە، کە کاتی هەڵکردنی ڕەشەبا سەرنجی ئاسمانی هەولێر و سلێمانی و...تد بدەین، کە چۆن کیسە (دڵق / عەلاگە) وەك هێرشێکی ئاسمانی، ئاسمانی شار داگیردەکەن، یا سەرنجی تەپوتۆز و خۆڵبارین و چڕەدووکەڵی ئەکسۆسی ئۆتومەبێلەکان بدەن، تا تێبگەین کە بازاری سەرمایەداری خەریکە ژینگە و مرۆڤایەتی بەرەو کوێ دەبات. ئیدی با ئەوە لەو لاوە بوەستێت، کە پیشەسازی گوشت و شیرەمەنی چ کارەساتێك دروستدەکات !

ئەگەر لەم بارەوە بە وردی و هەستەوەرییەوە سەرنجی هەڵویست و ستراتیجی پارتە سەروزەکان بدەین، ئەوا دەبینین کە ئەوان خوازیاریی سەرمایەداریی ژیر و بە بەزەیین، خەریکی ئامۆژگارییکردنی ئافەرێنەرانی چەکی ئەتۆمین، خەریکی بزوواندنی سۆز و بەزەیی ڕامیارانن بەرانبەر ژینگە و بوونەوەرەکانی، خەریکی ئامۆژگارییکردنی دەڵالانی بازارەکانی چەکسازیی و ئۆتۆمەبێلسازیین. ئەمەش بۆخۆی بە دیوەکەی دیکەدا هەر سۆشیالدیمۆکراسییە، کە بە ئامۆژگارییکردنی سەرمایەداران دەستییپێکرد و ویستی بە بەشداریکردنی جەنگی جیهانی دووەم، مرۆڤایەتی ڕزگاربکات ! لێرەدا لەتەك پرسیارێك ڕووبەڕووین، ئایا بەبێ لەنێوبردنی هۆکارەکانی/ پێویستییەکانی چەك و وزەی ئەتۆمی، بەبێ لەنێوبردنی هاندەرەکانی پیشەسازی ئۆتۆمەبێل و نەوت و چەکسازی و ..تد [گەڕانەوە بۆ وزەی سروشتی (ئاو و با و خۆر) و لەنێوبردنی سیستەم و سەروەریی و مشەخۆریی و دەسەڵات]، دەتوانین ژینگەی پارێزراو مسۆگەربکەین؟ ئەگەر دەکرێت، چۆن و بۆچی تا ئێستا لەپێناویدا کارنەکراوە، کێ و چی ڕێگرە و هۆکارەکان چین؟

## ئاژەڵدۆستی پەیوەندی بە ئەنارشیزم و کۆمەڵگەی بێ چینایەتیەوە چییە ؟

پێش هەموو شت پێویستە لە ڕووی زمانەوانییەوە وەڵام بە پرسیارەکە بدەمەوە، کە "پێ

چینایەتی" نادروستە و "ناچینایەتی دروستە". ئینجا لە ڕاستیدا ستەمگەریی مرۆڤ لە ئاژەڵئازاریی [سێکس لەتەك ئاژەڵ و لێدان و سواربوون و زیندانیکردنی لە ماڵ و باخچەکان] و بەهرەکێشیی [بەکاربردنی ئاژەڵ بۆ باربەریی و پیشەسازییکردنی بەرهەمهێنانی گۆشت و شیرەمەنی] و ڕەوایەتییدان بە کوشتن و سەندنەوەی مافی ژیان لە ئاژەڵ کورتنابێتەوە و کۆتایینایێت، بەڵکو ستەمگەرییەکە بەرەو ستەمکردن لە خودی هاوجۆرەکانی مرۆڤ درێژکراوەتەوە. چونکە یەکەمین ڕەوایەتییدان بە توندوتیژی و کوشتار لە ئەفسانەکانی دروستکردنی دونیا لەلایەن سوپەر-هێزی ئافەرێنەوە [الله/ گۆد] بە خاتری مرۆڤ، دەستپێدەکات و لەوێدا مرۆڤ خۆی وەك سەروەری بوونەوەرەکانی دیکە وێنادەکات و پاشان دەکەوێتە هەوڵی دەستەمۆکردنی هاوجۆرەکانی خۆیشی. بەواتایەکی دیکە کاتێك مرۆڤ بە لاساییکردنەوەی دڕندەیی ئاژەڵەکانی دەوروبەری خۆی، هەوڵی خواردنی ئەوانی دیکەی داوە، بەهۆی فراوانی هوشمەندییەوە لەو سنوورە ناهوشیاریی و ناچارییانەی بۆ زیندوومانەوە نەوەستاوە و کەوتووەتە هەوڵی کوشتن و کۆیلەکردنی هاوجۆرەکانی خۆی، کە لە هیچ ئاژەڵێکی [بوونەوەرێکی] دیکەدا ئەو دیاردەیە نییە و تەنانەت دڕندەترین ئاژەڵ، کە گورگ کراوەتە هێمای، هیچ کات هاوجۆری خۆی ناخوات و لەوەش واوەتر هێندە هاوپشت و کۆمەڵگەرایە، کە هەمیشە پێکەوە و بە کۆمەڵ لەژیاندان. بەڵام مرۆڤ هەم بکوژی هاوجۆرەکانی خۆیەتی، هەم بخۆری گۆشتی هاوجۆرەکانی و هەم کۆیلەگەر و زیندانیگەر و فرۆشەر و کڕیاری هاوجۆرەکانیەتی؛ لەیەك دەستەواژەدا دڕندەترین و بێبەزەییترین ئاژڵی سەر گۆی زەمین،دڕندەیەك کە بە هوشیارییەوە دڕندایەتی بە پلان و لێکۆڵینەوە و داڕشتنی ستراتیج و بەکاربردنی تاکتیك [هونەری سەروەریی: ڕامیاریی] پەرەپێدەدات و بەرانبەر هاوجۆرەکانی خۆی [مرۆڤە ژێردەستەکان] و ئاژەڵەکانی دیکە و ژینگە دەیگرێتەبەر.

ئەنارکیزم وەك مێتۆدی تێڕامان و بیرکردنەوە لە دیاردەکان و گەیشتن بە هوشیاریی، ڕەتگەرەوەی بەهرەکێشییە، نەك تەنیا لەنێوان مرۆڤەکاندا، بەڵکو ڕەتگەرەوەی بەهرەکێشیی مرۆڤیشە لە ئاژەڵانی دەوروبەری، ڕەتکەرەوەی توندوتیژی و کوشتنی هەموو بوونەوەرێکە. واتە ئەنارکیزم ڕەتگەرەوەی تاوانە نەك تەنیا ڕەخنەگر لە تاوانبار، دژی ستەم و بەهرەکێشییە نەك تەنیا ستەم و بەهرەکێشیی لە مرۆڤ، خوازیاریی ئازادی ژیانە بۆ هەمووان، نەك تەنیا بۆ هەڵگرانی هزری خۆی. بێجگە لەمە، وەك تۆلستۆی دەبێژێت "تا بازاری قەسابخانەکان گەرم بێت، زرم و هوڕی بەرەکانی جەنگیش بەردەوام دەبێت". چونکە یەکێك لە هۆکارە هەرە کۆنەکانی جەنگ و درێژەکێشان و مانەوەی بۆ سەردەمی ئێمە، ڕەوایەتیدانە بە کوشتنی ئەوانی

دیکە لەپێناو مانەوە و پاشایەتی خود. هەروەها یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ ڕاهاتن و ملدانە بە بارێك، هەرچەندە پێشتر نەیتوانیبێت، لەتەکیدا هەڵبکات. باشترین نموونەش ڕاهێنانی پۆلیس و سوپا و دەستە تیرۆریستییەکانە هەر لە کۆنەوە تا ئێستا لەسەر ڕاوکردن و سەربڕینی ئاژەڵ، کە کوشتن لەلای دەکاتە شتێکی ئاسایی، لەو بارەوە دەتوانیت سەرنجی فیلمی ڕاهینانی دەستە تیرۆریستییە ئیسلامییەکان لە عیراق پاش ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس بدەیت، کە چۆن وەك سەرگەرمییەك بەدەم گوتن و گوێڕادێران لە سروودە ئایینییەکان، دەکەونە تەقەکردن و سەربڕینی وشتر و ئاژەڵانی دیکە.

لەلایەکی دیکەوە، بەگوێرەی پشکنین و لێکۆڵینەوە زانسیتییەکان دەرکەوتووە، کە شڵەژاوی و فشارێك کە لەلای ئاژەڵ لەکاتی سەربڕیدا دروستدەبێت، لەڕێگەی خواردنی گۆشتەکەیەوە بۆ مرۆڤی گۆشخۆر دەگوێزرێتەوە، ئەمە بێجگە نەخۆشییەکان و لاوازبوونی سیستەمی بەرلەخۆکردنی جەستەی مرۆڤ بەهۆی پاشکارایی ئەو دەرمانانەی لە کە شوێنەکانی پەروەردەکردنی پیشەسازییانەی ئاژڵان بە ئاژەڵان دەدرێن بەتایبەت پاشکارایی ئەنتی بایۆتیك. بەو جۆرە دەبینین، کە کوشتن و خواردنی ئاژەڵ بەگشتی پارێزەر و درێژەپێدەری دڕندایەتی و توندوتیژی و بەهرەکێشیی و چەپاندنی هاوجۆر و جۆرەکانی دیکەی ئاژەڵ لەلای مرۆڤ ئاسایی و ئاساندەکات. ئەگەر بەراوردی ڕادەی توندوتیژی و دڕندەیی مرۆڤی جاران و مرۆڤی ئەم سەردەمە بکەین، ئەوا دەبینین یەکێك لە هۆکارەکان زۆربوونی توانای گۆشخۆرییە . کاتێك کە مرۆڤ ڕێگە بەخۆی بدات، ئاژەڵان بکوژێت و بخوات و بخاتە خزمەت خۆشگوزەرانیی خۆی و لە کار و لە شتی دیکەدا بەهرەکێشیی لە ئاژەڵان بکات، ئیدی چۆن دەکرێت چاوەڕێی ئەوەی لێ بکرێت، کە بتوانێت کۆمەڵگەیەکی خاڵی لە ستەم و بەهرەکێشیی و توندوتیژی بنیاتبنێت؟ کاتێك مرۆڤ ئەو بوونەوەرە بێت، کە توانیبێتی دڕندەیی ناچاریی و ناهوشیارانەی ئاژەڵەکانی دیکە لەڕێگەی زانست و تەکنۆلۆجیا و زیرەکیی خۆیەوە بە بەرزترین لووتکە بگەیێنێت، ئیدی چۆن دەتوانین پاگەندەکانی لەمەر ئازادی و یەکسانی و دادپەروەرییخوازیی بە هەندوەربگرین ؟

**بە نەزەری تۆ سۆشیالیزم و سەرمایەداری گەمەی خوا و ئەهریمەن نیە ؟**

بەبۆچوونی من، مرۆڤی سەرەتایی وەك بەرەنجامی تێڕامانی لە دەوروبەری و بێسنووریی گەردوون، لە بێوەڵامی پرسیار و سەرنجەکانیدا، ناچار هێزێکی سۆپەرمانی لە هۆش و ئاوەزی خۆیدا ئافراندووە، دوابەدوای ئەوە ئافەرێنەری سوپەرهێز بۆ ئەوەی خۆی لە یەخەگیریی پرسیارە چاوەڕواننەکراوەکان ڕزگاربکات، ئەو سوپەرهێزەی بەرەو بۆشایی ئاسمان ڕەوانەکردووە. کاتێك کە وێرای بوونی ئەو سوپەرهێزە ترسێنەرەش، هەندێك لە مرۆڤەکان دەستبەرداری خراپەکاریی نەبوون [ هەڵبەتە خراپەکاریی لە ڕوانگەی کولتوور و ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتیی ئەو کۆمەڵەوە]، دیسانەوە لە بێوەڵامیی ئەو پرسیارەدا " بۆ مرۆڤەکان وەك یەکدی نین و هەندێکیان سەرکێشییدەکەن؟ "، ئافەرێنەرانی سوپەر-هێز ناچار بە ئافراندنی سۆپەرهێزێکی دیکە بوون؛ سوپەرهێزێکی سەرکێش، تاوەکو پاساوی خراپەکانی خۆیانی پێبدەنەوە و بیکەنە هۆکار. بەڵام ئافەرێنەرانی سۆپەرهێز نەیانزانی، کە لە چێکردنی سوپەر-هێزی دووەمدا یەکەمین هێزی ئازادیخواز وێنادەکەن. لەبەرئەوە لەو ڕۆژەوە سوپەرهێزی یەکەم، بەدەست پارادۆکس و گرفتێکەوە گیرۆدەیە، کە ناتوانێت سوپەرهێزی دووەم لەنێوبەرێت، چونکە لە لەنێوبردنی ئەودا، خۆی لەنێودەبات، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە، کە دەسەڵات بەبێ دژ ناتوانێت پاساوی بوون و پێداویستی مانەوەی خۆی بدات. بەواتایەکی دیکە نە ئافەرێنەرانی سوپەرهێزی یەکەم [مرۆڤەکان] توانای دەربازبوونیان لە خۆشباوەڕییەکی مێژوویی کە خۆیان بەرانبەر ئافەرێنراوەکەی خۆیان هەیانە، ڕزگاربکەن و نە سوپەرهێزی یەکەم دەتوانێت بەبێ هاوەڵدووانەی خراپەکار، باشی و پێویستی خۆی بسەلمێنێت.

لە ڕاستیدا ئەم جەنگە مێژوویە بەردەوامەی نێوان "گۆد / الله" و ئەهریمەن، لەئاسمانەکان و لە خەیاڵی کۆیلە خۆشباوەڕەکاندا نییە، بەڵکو لە ژیانی کەتواریی هەر ڕۆژەی ئێمە [ ئێمەی مرۆڤی ئازادیخواز و مرۆڤی سەرکەوتگەر؛ مرۆڤی ڕەنجدەر و مرۆڤی ڕەنجدز و ڕەنجخۆر، لەنێوان مرۆڤی ئاشتیواز و مرۆڤی پاوانگەر و سەروەرییخوازدایە]دایە و هەر لێرە لەنێو هەموو بوونێکی ئێمەدا بوونی هەیە، لەو کاتەوەی کە سەروەریی سێکوچکەی سوپەر-هێز-پەرەستگە - ئیمپراتۆر گۆڕاوە بە سەروەریی سەرمایە – پارلەمان - دەوڵەت، سوپەرهێزەکانی سەرزەوی هەردەم خەریکی قوتکردنەوەی هێزی لاسار و خراپەکارن، تاوەکو پاساوی مانەوە و پێداویستی خۆیان بدەنەوە.

نەخێر، تا ئەوەندەی بۆ بۆچوونی من دەگەڕێتەوە، یەکەم هاوکێشەکە ئاوەژوو خراوەتەڕوو، گۆد/ الله/ دەوڵەت سەرچاوە و ڕاگری خراپەکارییە و ئەهریمەن، کە مرۆڤە یاخییەکانن،

خوازیاری ئازادی و ڕزگاری و سەربەخۆیی و یەکسانی و دادپەروەریین. بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەش بەبێ لێدان و لەنێوبردنی ئەو هێزە خراپەکارەی، کە ئەوی وەك کۆیلە ڕاگرتووە و بەبێ لەنێوبردنی کۆیلەتی خۆی، ئەستەمە ئەو بازنە داخراوەی بەردەوامیی چەوسانەوە بشکێت و مرۆڤ بە قۆناخێکی باڵاتر لە گەشەی کەسایەتی [تاکی ئازاد] بگات. بەواتایەکی دیکە کۆیلە بۆ ڕزگاربوونی لە کۆتوبەندەکان، پێویستە کۆیلایەتی لەنێوبەرێت، ئەو لەنێوبردنەش تەنیا بە گۆڕینی کۆمەڵگەی چینایەتی بۆ کۆمەڵگەیەکی ناچینایەتی، واتە لەنێوبردنی زەمینە و هۆکارەکانی کۆیلەبوون [ دارایی تایبەت ، کاریکرێگرتە ، سەروەریی مرۆڤ بەسەر مرۆڤەوە] مەیسەردەبێت !

## ئایا بەبێ ئایدیۆلۆجیا چۆن دەتوانین بزووتنەوەمان هەبێ و خۆمان ڕزگار بکەین ؟

ئایدیۆلۆجیای چینایەتی یەکساننییە بە خودهوشیاری شۆڕشگێڕانە، چونکە خودهوشیاریی شۆڕشگێڕانە سەرەتای ڕەتکردنەوەی کۆمەڵگەی چینایەتییە، بەڵام ئایدیۆلۆجیای چینایەتی پێداگرتنەوەیە لەسەر مانەوەی کۆمەڵگەی چینایەتی، ئیدی ئەوەی لە کام جەمسەری ئەو کۆمەڵگەوە وەستابێت [چەپ یا ڕاست]، هیچ لەوە ناگۆڕێت، کە تۆ خەریکی ڕەوایەتیدانی بە دابەشکردنی مرۆڤەکانی بەسەر چەند دەستەی دژ بە یەکدا، ئەمە لە کاتێکدا کە هیچ تاکێك نە لە ڕووی جەستەیی و نە لە ڕووی خودهوشیاریی و نە لە ڕووی جوانیناسی و نە لە ڕووی حەزەوە لەوی دیکە ناچێت و یەکدەستی و یەکڕەنگیی چینایەتی تەنیا پووچگەراییەکی ئایدیالیستییە و لە هیچ سەردەمێکدا مرۆڤەکان چ لەڕووی بیرکردنەوە و چ لە ڕووی حەزەوە، وەك یەك نەبوون، تەنانەت لەو سەردەمە ئەفسانەییەشدا کە ئایدیۆلۆجیکارەکان بە کۆمونەی سەرەتایی [بەهەشتی ئایدیال]ی نێودەبەن. هەڵبەتە ئەم جیاوازیانە هیچ کات بەواتای ڕەوابوون و پێویستبوونی جیاوازیی و هەڵاواردن ڕەگەزیی و نەژادی و ئایینی و چینایەتی نین، بەڵکو تەنیا مەبەستم ئەوەیە، دابەشکردنی مرۆڤەکان بەسەر کۆمەڵێك ئایدیۆلۆجیای دژبەیەك یا هاوئاراستەدا بێجگە لە جیاوازی و ناتەبایی و جەنگێکی ئایدیۆلۆجی بەردەوام هیچی دیکە بەرهەمناهێنێت. لەوەتەی ئاینەکان هەن، هەڵگرانی باوەڕەکانیان لە جەنگێکی ناکۆتادا دەژین و چنگیان لە جەستەی یەکدیدا خوێناویە، هەروەها لەو کاتەوەی پارتایەتی سەریهەڵداوە، ئەندامان و لایەنگرانیان لە جەنگێکی ناکۆتادان و خوێن و خۆراکی زیندوومانەوەی ئەو وەرەمە ڕامیارییە، تەنیا جەنگە بە بەپشتبەستن بە ئایۆلۆجیای نەتەوەپەرستی، بەرتەریی ڕەگەزیی و نەژادیی و پاوانگەریی دەستەبژێریی و سەروەریی ..تد.

بەپێچەوانەوەی ئایدیۆلۆجیاوە، خەباتی چینایەتی یەکساننییە بە کینەی چینایەتی، خەباتی چینایەتی تێکۆشانە بۆ لەنێوبردنی هۆکارەکانی دروستبوونی کۆمەڵگەی چینایەتی واتە پایە ئابووریی و کولتووری و ڕۆشنبیرییەکانی، بەڵام کینەی چینایەتی وەك هەر توندوتیژییەك، توندوتیژی بەرهەمدەهێنیت، واتە پاساو و بیانوو دەداتە دەست پارێزەرانی کۆمەڵگەی چینایەتی بۆ ڕەوایەتیدان بە ستەمی چینایەتی. هەروەها ئەوەی بە درێژایی تەمەنی من و لە ئەزموونی کەسیی مندا کەڵەکەبووە، چەکبوون و ئامرازبوونی ئایدیۆلۆجیایە بۆ دابەشکردنی مرۆڤە چەوساوەکان بەسەر گروپ و پارت و پێکهاتەی دژەبەیەك و ڕاگرتنیان لە ناتەباییەکی بەردەوامدا و بەو هۆیەوە لە بەرانبەردا دابینکردنی ئارامی و ئاسوودەیی بۆ سەروەران، بەوەی کە چەوساوان خەریکی جەنگی یەکدین و نایانپەرژێتە سەر جەنگی چەوسێنەرانیان. لە ژیان و بیرەوەیی و بوونی مندا ئایدیۆلۆجیا و ڕامیاریی و پارتایەتی تەنیا ئەمەی بەرهەمهێناوە. ئەگەر تۆ یا هەر کەسێکی دیکە ئەزموونگێرییەکی دیکەی لە ڕامیاریی و ئایدیۆلۆجیا هەیە، سوپاسگوزاری دەبم، ئەگەر لە ڕۆشنکارییەکانی خۆی بەهرەمەندم بکات و ئەوە بسەلمێنێت، کە ڕامیاریی هونەری سەروەریی و فریودانی خەڵك و مسۆگەرکەری مشەخۆریی نییە و ئایدیۆلۆجیا ئامرازی دابەشکردن و پرشوبڵاوەپێکردنی هێزی کۆمەڵایەتی چەوساوان و دەبەنگکردنی تاکەکان و ڕاگرتنیان نییە لە جەنگکێکی نەبڕاوەی خۆکوژییدا! ئایا لە سەراپای مێژووی ململانێی چینایەتییدا، بەڵگەیەکی ئاوا لە بارەی ئایدیۆلۆجیا و ڕامیارییەوە هەیە، کە پێچەوانەی ئەزموون و پێگەیشتن و بۆچوونە بنەماییەکانی هەر یەك لەوانە بێت، کە دژایەتی ئایدیۆلۆجیا دەکەن و لەسەر کۆمەڵایەتییبوونی خەبات و شۆڕش و ڕێکخستنی سۆشیالیستیی [کۆمەڵایەتیی] دەکەن؛ کامە، کەی و لەو کوێ ؟

## چۆن دەتوانیت قسە لە گۆڕانی کۆمەڵگە بکەیت لە کاتێکدا دەوڵەت و سیستەمی سەرمایەداری زاڵن، بێجگە لە بەرنامەی لایەنی کەم و لایەنی دوور چ ڕێگەیەکی تر هەیە؟

قۆناخبەندیی مێژوو و هەروا قۆناخبەندیی ڕەوتی گەیشتن بە کۆمەڵگەی ناچینایەتی، هەوڵێکی نەزانانە یا فریودەرانەی دەسەڵاتخوازییە. دابەشکردنی داخوازیی و پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە بەسەر داخوازیی هەنووکەیی و ئاییندەیی، لەسەر بنەمای

پووچگەرایی وێناکردنی شۆڕش بە ڕاگەیاندنی پارتێك و پێداویستی سەرکوتی دەوڵەتییە "دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا"یە بۆ ڕاگرتنی کۆمەڵگە لە سنووربەندییەکانی ئایدیۆلۆجیا و بەرنامە پێشتر ئامادەکراوەکان، سەریهەڵداوە.

ئەگەر شۆڕش پرۆسێسی مێژوویی گەشەکردن و پێگەییشتنی خودهوشیاریی تاکە ژێردەستەکان و هەرەوەزیبوونەوە و پێکهێنانی کەرتی کۆمەڵایەتیی کشتوکاڵی و پیشەسازیی و بە کولتووریبوونی بێت، کە لە بەرانبەر دارایی تایبەت و دارایی دەوڵەت و سەروەریی مرۆڤ بەسەر مرۆڤەوە دایدەنێت و دواجار شکانەوەی هاوسەنگیی هێز، سەرکەوتنی هەر لایەکیان بەسەر ئەوی دیکەدا دیاردەکات، ئەوا هەموو داخوازییەك و هەموو ئامانجێك و هەموو گۆڕانێك لە خودی ئەم کۆمەڵگە چینایەتییەدا ڕوودەدات و نێوان کۆمەڵگەی چینایەتی و ناچینایەتی خاڵێکی سنووریی وەك ئەوەی نێوان وڵاتان یا سات و ساڵێکی دیاریکراو بوونی نییە، کە بیکەینە بنەمای کار، پێش ئەوە ئەم کارانە دەکەین و پاش ئەوە ئەو کارانەی دیکە.

بەبۆچوونی من وەها تێڕوانینێك بۆ ڕەوتی مێژوو و ڕووداني ڕاپەڕین و شۆڕش تێیدا، کاریکاتێرێکە لە تێگەییشتنی شۆڕشگێڕانە بۆ مێژوو و ڕەوتی ڕووداوەکان. لەبەرئەوەی کە بەدیهاتنی هەموو خەون و خەیاڵێکی مرۆڤ لەم کۆمەڵگەدا تەنیا بە تێکۆشان بەدیدێت و پێویستە کاری بۆ بکرێت. چونکە کۆمەڵگەی چینایەتی ڕووبەرێکی دیکە، وڵات و کیشوەرێکی دیکە نییە، یا ماوەیەکی سەردەمیی دابراو نییە، کە لە دوای کات و شوێنی کۆمەڵگەی چێنایەتی ئێستاوە دەستپێبکات، هەروەها مرۆڤەکانیشی هەر مرۆڤەکانی سەر گۆی ئەم زەمینە دەبن و لە ئەستێرەیەکی دیکەوە نایێن، بەڵکو گۆڕینی ئەم کۆمەڵگەیەیە، کە هەیە و تێیدا دەژین. ئەو گۆڕینەش نە بڕیاردانی ڕامیارییە لەلایەن پارت و چەند پارلەمانتار فەرمانداریی و دەوڵەتەوە، نە سەپاندنی بەرنامەیەکی ئایدیۆلۆجییە بەسەر کۆمەڵگەدا، بەڵکو گۆڕینی فرە ڕەهەند یا هەمەڕەهەندی کۆمەڵ و پێکهاتەکانی و ژیان و کارکردنەکانە. بۆ نموونە کاتێك کە تاکەکان لە جیاتی خۆبڕیاردان، بە دیهاتنی داخوازییەکان و بەرەوپێشبردن و یەکلاییکردنەوەی پرسەکان بە پارت و پارلەمانتاران و دەوڵەت دەسپێرن، هیچ گۆڕانێك پێچەوانەی ئەوەی ئێستا هەیە، ڕوونادات، بەڵکو زیاتر و زیاتر سیستەمەکە دەپارێزن و پرسەکان ئەستەمتر دەکەن. بەڵام کاتێك کە تاکەکان لەجیاتی دەنگدان و هەڵبژرادنی پارت و لیست و پارلەمانتاران، کۆڕ و کۆمەڵە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان پێکهێنن و هەوڵی

بەخۆبڕیاردان و بەخۆجێبەجێکردن بدەن، ئەوا هەم بەو جۆرە کارەکان ئەنجامدەدەن، کە بەخۆیان بە دروستییان دەبینن و هەم بەو جۆرەی کە گونجاوە، ئەمە دەکاتە گێڕانەوەی دەسەڵات و بڕیاردان بۆ خود [بۆ خودی تاکەکان و گروپە کۆمەڵایەتییە خۆجێیەکان، ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکان]. لە بارێکی ئاوادا هەم دەوڵەت و فەرمانداریی و پارلەمانتاران و پارتەکان دەکەونە بەرانبەر خەڵك و هەم ناپێویستبوون و ناکارابوونیان لە ژیانی ڕۆژانەماندا دەسلمێنێت، کاتێك کە تاك بەخۆی بەکردەووە بینی و بۆی دەرکەوت، کە بەخۆی باشتر لە پارلەمانتاران بڕیاردەدات و لە دەسەڵاتداران باشتر جێبەجێدەکات، ئیدی نابێتە ئەکتەری گاڵتەجاریی هەڵبژاردنی خراپ لە خراپتر... لەبەرئەوە هیچ پرسێك نییە، کە لە خەباتی ڕۆژانەی جەماوەریی و لە یەکگرتنی کۆمەڵایەتیدا چارەسەرنەکرێت، تاوەکو چارەسەر و بنەبڕکردنی بە وەرزی سەرخەرمانی "پارتی پێشڕەو" و دەستەبژێرە ڕامیارەکان بسپێرین؛ هەم خۆڕێکخستنی جەماوەریی و کۆمەڵایەتی و هەم ڕێکخستنی ئاسۆیی کۆمەڵگە و هەم بنەبڕکردنی هەڵاواردنی ڕەگەزیی و ئایینی و نەژادی و کولتووریی، هەم پێکهێنانی هەرەوەزییەکان و کەرتی کۆمەڵایەتیی و سەندنەوەی کارخانە و نێوەندەکانی خزمەتگوزاری و شوێنە گشتییەکان لە سەرمایەداران و پارت و دەوڵەت و هەم بێدەسەڵاتکردنی ڕامیاران و مشەخۆران و فەرمانداران و دەوڵەتمەتمەندان، کار و ئەرکی نێو ئەم کۆمەڵگە چینایەتییەن و هەر وێناکردنێك بۆ کۆمەڵگەی ناچینایەتی لە دەرەوەی کۆمەڵگە، پشتبەستنە بە پووچگەرایی بیرۆکەی گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ بەهەشتی ئایینەکان ! هەروا کە تا ئێرە و تا ئێستا هەموو گۆڕانێکی سەردەمەکان لە هەناوی سەردەم و کۆمەڵگەکاندا ڕوویداوە، نەك لە دەرەوەی و دابڕاو لە ڕەوتی پووکانەوەی ئەو و نەمانی پێویستی ئەودا.

بە کورتی هەر ئاوا کە ڕێکخستنی کۆیلایەتی و فیئۆداڵی لە هەناوی خۆیانەوە تێداچوون و سات و ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵێك نییە، کە وەك هێڵی جیاکەرەوەی ئەو ڕێکخستنانە دیاریبکەین و بڵێین لەم ساتەوە دەستییانپێکردووە و لەو ساتەدا کۆتاییانهاتووە، هەڵبەتە ئەمە تەنیا لە ئاستی وڵاتێکدا نا، بەڵکو تەنانەت لە ئاستی ناوچە و هەرێمێکیش هەر ئاوایە و ناتوانین بڵێین فیئۆدالیزم لەم ساتەوە لە فلانە هەرێمی فەرەنسەدا کۆتاییهات. ڕێکخستن و بەڕێوەبەرایەتییەکانی کۆمەڵگە بەنێو یەکدیدا شۆڕدەبنەوە و تێکهەڵکێشن. ئەمەش بەڵگە و واتای لەنێوچوونی ڕێکخستن و بەڕێوەبەرایەتی و جۆرە پەیوەندییەکە لەنێو خۆیدا و سەرهەڵدان و جێگرتنەوەی بە ڕێکخستن و بەڕێوەبەرایەتی و جۆرە پەیوەندییەکی دیکە ، نەك

لە خاڵی ڕاگەیاندنی هەڕای ڕامیاریی پارتێکەوە، یا دەستەیەکی سەربازیی و ڕاگەیاندنێکی پارلەمانییەوە.

لەبەرئەوە هەم دابەشکاریی خەبات و دانانی بەرنامە بۆ شۆڕش دەچێتە خانەی پووچگەرایی ڕامیارییەوە و هەم وەك تا ئێستا بە ئەزموون دەرکەوتووە، سەری لە دژەشۆڕشەوە دەردەچێت. بەدرێژایی تەمەنی نەگریسی پارتایەتیی، هەمیشە پووچگەرایی "بەرنامەی لایەنیکەم" تەنیا دێوجامەیەك بووە بۆ شاردنەوەی پلانی بەدەسەڵاتگەیشتنی سەرانی پارت، هەروەك چۆن لە سەدەی ڕابوردوودا پارت و گروپە ناسیونالیستەکانی کوردستان بە دیمۆکرات و مارکسیستیانەوە دەیانگوت "ئەم قۆناخە، قۆناخی خەباتی ڕزگاری نیشتمانییە و لەم قۆناخەدا ڕەنجدەران لەتەك بۆرجوازی نیشتمانیدا هاوخەباتن و پاش سەرکەوتن، ئینجا خەبات لەپێناو دامەزراندنی سۆشیالیزم دەستپێدەکات"، کەچی ئەم ڕۆژگارە بەڵێنی سەرخەرمانی ئەوان گۆڕدرا بە ئاوەدانکردنەوەی زیندانەکان؛ بە تایبەتکردنەوەی کەرتە دەوڵەتییەکان؛ بە ئازادکردنی بازار بۆ تەڕاتێنی کۆمپانییە جیهانخۆرەکان و کوردستانە ڕزگارکراوەکەشیان کرد بە پایەگای سەربازانی دەوڵەتی تورکیە و ئیتلاعاتی دەوڵەتی ئێرانی و سەربازانی ئەمەریکی و بریتانی. هەر ئاواش کە لە سەرەتای سەدەی ڕابوردوودا بەڵێنەکانی پارتی سۆشیال دیمۆکراتی ڕوسیە، لە ڕۆژگاری سەرخەرمانی پاش سەرکەوتنی ڕاپەڕینی ١٩١٧دا گۆڕدران بە زیندانەکانی چێکا؛ ئوردووگەکانی کاری زۆرەملێ؛ هێرش و کوشتوبڕی بە کۆمەڵی هەرەوەزییەکانی ئۆکرانیا و شوراخوازانی کرۆنشتات و تەقەکردن لە کرێکارانی مانگرتووی پترۆگراد و ... تد.

## تۆ دژی ڕاپەڕینی خەڵکی ئازادی خوازی میسر و بڕیاری شۆڕشگێرانەی سوپای ئەو وڵاتەیت ئایا ئەمە لایەنگیری لە مانەوەی ئیخوانەکان نییە؟

پێش ئەوە وەڵام بەو گومانە یا ئەو تۆمەتە بێبنەمایە یا حەزۆکە ڕامیارییەی تۆ بدەمەوە، بەپێویستی دەزانم کەمێك بگەڕێمەوە دواوە و سەراپای ڕاپەڕینەکان بخوێنمەوە. بەگوێرەی ئەوەی کە لە ساڵی ٢٠٠٧ بەدواوە یەکێك بووم لە سەرنجدەران و چاودێرانی خەباتی کرێکاریی و نارەزایەتییەکانی وڵاتانی مەغریب، جەزائیر، تونس و میسر و جار جاریش پەیوەندیم

لەتەك چالاكانی ئەو وڵاتانەدا هەبووە، بەر لەوەی كە ڕووداوی خۆسووتاندنی بێكار یا شمەكفرۆشێكی كەنار جادە ببێتە خاڵی تەقینەوەی جەماوەریی لە تونس و ببێتە هۆی ڕوخانی فەرمانداریی دیكتاتۆرییانەی چەند دەهەی ئەو وڵاتە، ڕۆژانە لەو وڵاتانەدا خۆپیشاندانی بێكاران بۆ دابیكردنی كار، خۆپیشاندان دژی ملهوڕیی ڕامیاران لە ناوچە و گەڕەكە هەژارنشینەكانی ئەو وڵاتانەدا ڕوویدەدا و لە پەرسەندندا بوو، هەروەها لە تونس یەكێتی دەرچووانی بێكاری زانكۆكان چالاك بوو و چالاكییەكانی فشارییان بۆ سەر یەكێتی سەرتاسەریی فەرمی كرێكارانی ئەو وڵاتە، كە پاشكۆی دەسەڵات بوو، دروستكردبوو. ئۆپۆزسیۆنی ڕامیار لە ئەوروپا خەریكی وڕێنەكردن بوو، كۆمونیستەكان سفری پاش كۆما بوون. تەنیا جیاوازییەك كە لە وڵاتی میسر هەبوو، قەدەخەبوونی ئیخوانەكان و كاركردنی ناڕاستەوخۆیان بوو لە بواری خزمەتكاریی كۆمەڵایەتییدا لەوانە خەستەخانەكان، كە باشترین خەستەخانەكان لەژێرەوە هی ئەوان بوون، لە بەرانبەردا زۆربەی پڕۆژە و كارخانەكان هی سوپای میسر بوون و پارتی فەرماندار پشكی گەورەی هەبوو. هەروەها هەر دوو وڵاتی تونس و میسر لەلایەن دەوڵەتانی ئەوروپا و ئەمەریكاوە پشتیوانی لۆجیستیكی سەربازیی و دراوی و تەنانەت هاریكاریی سیخوڕییان دەكرا. تەنانەت دەوڵەتی لیبیا كە قەزافی و پارتەكەی فەرمانداری بوون، بەپێچەوانەوەی پاگەندەی میدیكانەوە، هاریكارێكی گەورەی دەوڵەتانی ئۆروپا و ڕۆڵی پۆلیستی ئەوروپای دەبینی و گەورەترین زیندانی بۆ كۆچەران و پەنابەرانی ئەفریكا لە بیابانی ئەو وڵاتەدا دروستكردبوو. دەوڵەتی سوریە و بنەماڵەی ئەسەد باشترین پاسەوانی سنووری ئیسرائیل بوون.

كاتێك كە جەماوەر سەربەخۆ لە دەرەوەی پلان و ویستی ڕامیاران ڕاپەڕی، دەوڵەتانی زلهێز و دەوڵەتانی ئەوروپا تووشی شۆك بوون و دەسبەجێ كاردانەوەیان بۆ نیشاننەدرا و نەیانتوانی پاسەوانانی بەرژەوەندییەكانیان لەو وڵاتانەدا بپارێزن یا لەنێو ئۆپۆزسیۆنی ڕامیارییدا ئەڵتەرناتیڤیان بۆ بدۆزێتەوە. لەبەرئەوە ناچار بە ملدان بە كەتواری ڕووداوەكان بوون. بەڵام ئەمە زۆری نەیاخاند و لە ڕاپەڕینی جەماوەر لە مەغریب و ئوردن و سعودیە و یەمەن و بەحرەین'دا فریای خۆیان كەوتن و توانیان بە هاریكاریی دەوڵەتانی ناوچەكە دژەپلان ئامادەبكەن، بۆ نموونە لە بەحرەین بە لەشكركێشیی سعودیە، لە لیبیا بە چەكداركردنی ڕاپەڕینەكە و لە سوریە بە هاریكاریی دەوڵەتی توركیە و سعودیە توانیان چەندین میلیشیای چەكدار لە گروپە ناسیونالیست و مەزهەبییەكان دروستبكەن و ڕاپەڕینی ناچەكدارانەی سەربەخۆی جەماوەریی بەرەو جەنگی نێوخۆیی و كوشتارێكی چەند ساڵە بەرن.

کاتێك کە لە تونس و میسر فریای پیادەکردنی پلانی میلیشیاییکردنی ڕاپەڕینەکە نەکەوتن، ناچار پەنایان بردە بەر پشتیوانی هێزە ئیسلامییەکان و بەدەسەڵاتگەیاندنیان لە ڕێگەی پاگەندەی میدیاییەوە بۆ ئەوەی هەنگاوی یەکەم بە بەدەسەڵاتگەیشتنی ئەوان بەرەی جەماوەر تێکبشکێنێت و هەنگاوی دووەم، لە سەرهەڵدانەوەی نارەزایەتییەکاندا بە ئاسانی بتوانرێت لەژێر ناوی جۆراوجۆر و کودەتای سەربازییدا دەستوپەیوەندەکانی خۆیان بهێننەوە سەرکار و جەنگی خۆیان لەتەك ئیسلامییەکان لەسەر دەسەڵات، بگۆڕن بە جەنگی کۆمەڵایەتیی نەبڕاوە لەنێوان بەرەی جەماوەر و جەماوەری ئیسلامییەکاندا. ئەمە پشتپەردەی ئەو ڕووداوانە بوو، کە لە وڵاتی تونس و میسر ڕوویدا، ئەوەی کە چەپەکانی کوردستان بەوپەڕی لایەنگیرییەوە نازناوی "شۆڕش"یان لە کودەتای سەربازیی نا !

بەبۆچوونی من، ئەوەی ڕاپەڕینەکان بۆ تێکشکان و چۆن ئیخوانەکان و نەهزە بە هەڵبژرادنی پارلەمانی بەدەسەڵات گەیشتن و چۆن ڕاپەڕینی جەماوەری لیبیا و سوریە گۆڕدرا بە جەنگێکی میلیشییایی نەبڕاوە و فرەڕەهەند، هەمووی پەیوەندی بە ئاستی خودهوشیاریی جەماوەرەی ناڕازییەوە هەبوو و هەیە. کاتێك کە جەماوەر هێشتا لەو خۆشباوەڕییەدایە، کە بە لابردنی (بن عەلی) و (موبارەك) و دانانی کەسێکی دیکە، ئیدی دیکتاتۆریی نامێنێت یا بە هەڵبژادنی پارتێکی دیکە لە جێی پارتە فەرماندارەکانی سی ساڵی ڕابوردوو، ئیدی پرس و گرفتە ئابووریی و کۆمەڵایەتییاکانیان چارەسەردەبن یا ئەگەر دەستەبژێرکی تێکنۆکرات سەروەربن، ئیدی کۆتایی بە ژێردەستەیی ئەوان دێت، بەدڵنیاییەوە گاڵتەجاریی پارلەمانی و کودتای سەربازیی دەبنە دیمەنی کۆتایی ڕاپەڕینەکان و سەرەنجام زیندانەکان ئاوەدان دەبنەوە و کوشتنی خۆنیشاندەران و لەسێدارەدانی بەرهەڵستکاران دەبنەوە بە ڕووداوی ڕۆتینی کۆمەڵگە. هەڵبەتە هەر لە سەرەتاوە ناهوشیاریی و خۆشباوەڕیی بە دەوڵەت و پارلەمان و ڕامیاران دیاربوو و ڕۆژ بە ڕۆژ لە تەشەنەکردن و جێگیربوون و تەنانەت مۆدیلبووندا بوو، لەوانە بەرزکردنەوەی ئاڵای نەتەوەیی و دەوڵەت، کە بە بۆچوونی من کۆنەپەرسترین دیاردەی ئەو ڕاپەڕینانەبوو و ئەوەندەی کە ئەو دیاردەیە توانی خزمەت بە ناسیونالیزم و دەوڵەت و سەرمایەداریی بکات، لە شکستی ڕاپەڕینی گەورەی فەرنسە و (کۆمونەی پاریس)ەوە تا هەڵای سەرکەوتنی یەکجارەکی بلۆکی ناتۆ و بازارئازاد، سەرمایەداریی جیهانی بە هەموو دەزگە و نێوندە سیخوڕییەکانییەوە بە هەموو تەرخانکردنێکی ئابووریی و کایە ڕامیارییەکانییەوە نەیتوانیبوو وەها هێزێکی دژەشۆڕش لە خودی ڕاپەڕوان و ناڕازییان پێکبهێنێت. تاکی ناڕازی لەو

ڕاپەڕینانەدا لە ئامادەنەبوونی خودهوشیاریی شۆڕشگێڕانەدا لە بەرانبەر هەژموونی پاگەندەی دەوڵەتە عەرەبییەکان و هێزە ناسیونالیست و ئیسلامییەکاندا خۆی بە ناچار دەبینێت، ئاڵایەك بەرزبکاتەوە، کە تا ئەو ساتەش هەر لە سایەیدا سەرکوتکراوە و زیندانیکراوە لە سێدارەدراوە ! ئایا سەراپای مێژوو، گاڵتەجارییەکی خەمناکتر لەمەی بەرهەمهێناوە و بەخۆیەوە دیوە ؟

ئەمە کورتەی بۆچوونی منە لەمەڕ ئەو ڕاپەڕینانەی کە لە وڵاتانی عەرەبیدا ڕوویاندا و دیاردەی کۆنەپەرستانە و دژەشۆڕشانەی وەك بەرزکردنەوەی ئاڵای نەتەوەیی و دەوڵەت و گوتنەوەی "الله اکبر"یان کردە مۆدێلی ڕاپەڕینە کۆپیکراوەکانی دیکە لە وڵاتانی دەوروبەر [هەروەك لە (سلێمانی)شدا (بەردەرکی سەرا) کرا بە مزگەوت] و ئەو مۆدێلە کۆنەپەرست و ناسیونالیستانەیە بە کۆمەکی میدیای دەوڵەتان جیهانگیرکرا و وەك دەبینین، لە وڵاتانی ئەوروپی و ئەمەریکای باکووریش وەها کۆنەپەرستییەك [بەرزکردنەوەی ئاڵای دەوڵەت-نەتەوە] کەوتە پەلوپۆهاویشتن. پێش ڕاپەڕینی وڵاتانی عەرەبی، لە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکاندا ئاڵاکانی دەوڵەت دەسووتێندران، بەڵام لە کۆتایی ۲۰۱۰ بەدواوە بەرزکردنەوەی ئاڵای سەرکوت و سەروەریی بۆرجوازیی ئەم پەیامەی بە گوێی بزووتنەوە کۆنەپەرست و زلهێزە جیهانخۆرەکاندا دەدا، کە ئامانجی زۆرینەی ڕاپەڕیوان لەنێوبردنی سەروەریی و هەڵوەشاندنەوەی سیستەمەکە نییە، بەڵکو گۆڕینی جەنەڕاڵێك بە تەکنۆکراتێك و گۆڕینی (حوسنی) بە (مورسی) و گۆڕینەوەی (مورسی) بە (حوسنی)یە بە کودەتا ! ئەمە بەرەنجامی خۆشباوەڕیی جەماوەری ناڕازی و ڕاپەڕیو و نەبوونی خودهوشیاریی شۆڕشگێڕانەیە، لەم بارەوە دەتوانین ئەو خۆشباوەڕیی و ڕەدووکەوتنی ڕامیاریی لە خۆپیشاندانەکانی پاش ۱۷ی شوباتی هەرێمی کوردستان)یشدا بە ڕۆشنی ببینین !

بەبۆچوونی من، تاکو تاکی ژێردەست و ستەملێکراو، بە دەوڵەت و فەرمانداریی باش، بە پارتیی باش و سەرۆکی چاوەڕوانکراو، بە هاتنەدی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە سایەی سەروەریی چینایەتییدا خۆشباوەڕبێت، بەدڵنیاییەوە هەم بواری کایەی دەستەبژێریی کەسانی دەسەڵاتخواز و پایەخواز لەئارادادەبێت، هەم بواری خۆسەپاندن و قۆرخکردنی دەسەڵات لەلایەن پارتە ڕامیارییەکانەوە هەیە و هەم بواری دەستتێوەردان و سەرکەوتنی پلانەکانی زلهێزەکان مسۆگەردەبێت، هەم لەجیاتی سووتاندنی ئاڵای ستەمکاران، ئاڵای سەروەریی بۆرجوازیی بەدەستی خۆنیشاندەرانی ناهوشیار و خۆشباوەڕەوە دەشەکێتەوە.

## تۆ زۆر سووکایەتی بە سیاسیەکان دەکەیت و دەتەوێت سیاسەت ناشیرین بکەیت ئایا سەبەبی ئەوە شکست و رابوردووی خۆت نیە ؟

خاتوونی بەڕێز، هەرچەندە لێرە و لەوێ هەوڵمداوە بەدرێژدادڕییەوە زۆر لەسەر ئەم بابەتە بوەستم و بڕۆم، بەڵام لەوە دەچێت، کە لە دەربڕینمدا ناوڕۆشنییەك هەبێت، کە بەڕێزتی بەو سەرەنجامە گەیاندبێت، کە من شکستخواردووی ئەو مەیدانەم و ڕابوردووم گرفتی تێدایە، یا لەوانەیە چاویلکە پارتییەکەت ڕوانگەی من ئاوا ناڕۆشن و لنگاوقوچ نیشانبدات. سەرباری ئەوەش لێرەدا هەوڵدەدەم وەڵام بە پرسیارەکەت بدەمەوە، هەرچەندە خوێنەری وریا و سەرنجدەر بەئاسانی دەتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارەی تۆ لە بابەتەکانمدا بەدەستبهێنێت.

ڕامکردن - ڕامیاریی – ڕامیار، ئەمە هاوواتای کوردییەکەی واژەی "سیاسەت، سیاسي"ن وەك چاوگی فرمان و چەمك و وەك بکەر، کە ڕیشەیەکی فرەکۆنیان لە ژیانی مرۆڤایەتیدا بەگشتی هەیە و تەنانەت پێش زمانیش دەکەون. چونکە مرۆڤ پێش هەبوونی زمانێکی تەواو هەم ئاژەڵی ڕامکردووە و هەم بیرۆکەی ڕامکردنی پەرەپێداوە و هەم ڕامکار بووە.

بە بۆچوونی من، ئەگەر بە وردی و لە دەرەوەی شێواندنی چاویلکەی ڕامیارییەوە دیاردەکان بخوێنینەوە، ئەوا ڕامکردنی تاکەکان لە پەیوەندییە پارتییەکاندا درێژەی هەمان پرۆسێسی ڕامکردنە، کە مرۆڤ مانگا و مەڕ و بزن و گوێدرێژ و مریشك و ..تد تێدا ڕامکردووە. بەواتایەکی دیکە ڕامیاریی-ڕامکردن بریتییە لە دەرهاویشتنی بوونەوەرێك لە شێوەی پەیوەندییە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکانی و بارهێنانەوەی لەسەر شێوازێکی دیکە. مانگا پێش ڕامکردن بوونێکی ئازادی هەبووە و ژیانێکی سروشتییانەی هەبووە، شیرەکەی تەنیا بۆ بەچکەکانی بووە، لەتەك هاوجۆرەکانیدا لە پەیوەندییەکی ئازاد و هارمۆنیدا ژیاوە، هەروەك مرۆڤی دەرەوەی شارستانی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا ئازادبووە و چاوەڕوانیی و کار و فەرمانی لە چوارچێوەی ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتییدا لەتەك هاوجۆرەکانی ڕێکخراوە. بەڵام کاتێك کە مرۆڤ ئاژەڵەکان ڕامدەکات، ئیدی کاتی خواردن و چوونەدەر و گەڕانەوە و شوێنی خەوتنی مانگا، خاوەنەکەی دیاریدەکات، هەروەك چۆن ئەندامی پارتێك، پارتەکەی و لێپرسراوە زنجیرەییە پلە بە پلەکانی بۆی دیاریدەکەن، چی بڵێت و چی بکات و چی نەکات و سنوورەکانی چالاکی و ئازادییەکانی چەندە فراوانن، هەروەك چۆن دەوڵەت و ڕامیاران ماوەی کار و بڕی خواردن و جۆری خواردن و سنووری چالاکی و هاتووچۆ و پانتایی ژیانی کەسی و خێزانی ژێردەستانی کۆمەڵگە

[پڕۆلیتێرەکان] دیاردەکەن. ئایا هیچ جیاوازی لەنێوان ڕامکراوی ئەندامی پارتێك و هاووڵاتییەکی دەوڵەتی هاوچەرخ لە سنوورەکانی ڕامیارییدا و ئاژەڵێکی ڕامکراو هەیە ؟
ئایا لە کەتواری ژیانماندا ڕامیاریی واتایەك و بوونێکی دیکەی هەیە ؟ هەڵبەتە مەبەستم لە ڕامیاریی سەراپای کردارەکە و چەمکەکەیە، نەك تەنیا پارتێك و ئاراستەیەك و شێوازێکی دیاریکراو لە ڕامیاریی/ڕامکردن. من دەزانم هەم لە شێواز و هەم لە ڕەفتار و هەم لە ڕادەی بەهرەبردن لە ڕامکردنی ئاژەلاندا لە ڕامکارێکەوە بۆ ڕامکارێکی دیکە جیاوازی هەیە، بەڵام ئایا ئەو جیاوازییە ڕواڵەتییانە هیچ لە کرۆکی ئاراستە و ئامانجی ڕامیاریی دەگۆڕن؛ بەواتایەکی دیکە هیچ لە دەستەمۆکردن و سنووردارکردنی ژیان و حەزی ئاژەڵان دەگۆڕێت ؟

گرفتی من لێرەوەیە، کە ڕامیاریی تەنیا بە لەنێوبردنی پەیوەندییە سروشتیی و کۆمەڵایەتییەکان دەتوانێت لە کایەی کولتووریدا جگەی خۆی بکاتەوە. بەواتایەکی دیکە تەنیا بە گۆڕینی مرۆڤ لە بوونەوەرێکی خودهوشیاری کۆمەڵایەتیی هاودەرد و هەرەوەزەوە، بۆ بوونەوەرێکی ناهوشیاری، چاوچنۆکی و ناکۆك و دەستەمۆ و ملکەچی سەروەران [پارت، دەوڵەت و پێکهاتە قووچکەییەکانی دیکە]، ڕامکردنەکە مەیسەردەبێت. ئایا بێجگە لەمە، ڕامیاریی هیچ شتێکی دیکەی ئەنجامداوە ؟

باشە با ئاوای دابنێین، کە من شکستخواردووی مەیدانی ڕامیارییم و لە ڕابوردوومدا گرفتم هەیە. ئایا شکشت بۆ خۆی مامانی هەموو داهێنان و هانابردن بۆ شێوازانێکی نوێ نەبووە؟ ئایا هیچ سەرکەوتنێکی مرۆڤ بەبێ کۆمەڵێك شکست سەریهەڵداوە یا هیچ تیئۆرییەك بەبێ خوێندنەوە و تێگەیشتن لە هۆکاری شکستەکان و هەڵسەنگاندنی ئەزموونگیرییەکان سەریهەڵداوە؟ لەسەر ئەم بنەمایە کەواتە ئەگەر ئەو گومانەی تۆش دروستبێت، ئەوا ناتوانێت سەلمێنەری دروستیی و ئاوەزگیریی و ڕەوایەتی ڕامکردنی ئاژەڵان و مرۆڤەکانی دیکەبێت ! بەڵام وێڕای نادروستی گومانەکەی تۆ لە هاندەرەوەکانی من بۆ دژایەتی ڕامیارییکردن و ڕامیاریی، بە پێویستی دەزانم ئەوە بدرکێنم، کە من لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا دوو گرفتم هەن [گرفت لە ڕوانگەی کەسانی وەك تۆوە]، کە بۆم هەرگیز چارەسەرناکردرێن؛ یەکەم نە دەتوانم کەس ڕامبکەم و نە دەشتوانم مل بە ڕامیاریی کەسانی دیکە بدەم. دووەم نە بەئاسانی دەتوانم مل بە کرێگرتەیی بۆ کەسانی دیکە بدەم، نە دەشتوانم بۆ مسۆگەرکردنی مشەخۆریی خۆم، کەسانی دیکە بەکرێبگرم، بە واتایەکی دیکە نە دەتوانم بەئاسانی کرێکاری

کەسانی دیکە بم، نەدەشتوانم خاوەنکاری کەسی دیکە بم [بەو جۆرەی کە ئەندامانی نێوەندی پارتە کۆمونیستەکان لە پیتزەری و ڕێستورانتەکانیاندا کرێکاران و لەنێو ئەوانیشدا هاوپارتییە پاشڕەوەکانی خۆیان بەکرێدەگرن]. هەڵبەتە نەتوانینەکانم لەوەوە نین، کە دەسەپاچەبم، بەڵکو لەو بارەوە تواناییەکی لە ڕادەبەدەری لێهاتوویی و شارەزایی و هۆشیم هەیە، بەڵام تەنیا شتێك کە ڕێگریم لێدەکات دەرك و ویژدانمە، ئازادبوونمە لە کایە ڕامیارییەکان، دیتنی ژیان و کۆمەڵگەیە لە دەرەوەی چاویلکە ڕامیارییەکان، کە هەردەم ژیان و پەیوەندییەکان ئاوا نیشاندەدەن، کە ئاراستەکەرانیان دەخوازن. ڕێك تەواو بەپێچەوانەی گرفتی هەرە سەرەکی تاکی دەستەمۆی پارتیی و دەوڵەتەوە، تاکی گیرۆدەی دەمارگیریی مەزهەبیی و نەتەوەیی و ئایدیۆلۆجی و خودسێنتەرەوە [خودسێنتەریی بەواتای تاکایەتی (سەربەخۆیی ئیندیڤیدوالیستی) نا، بەڵکو بەواتای خێزان-سێنتریست، ئێتنۆ-سێنتریست، پارت-سێنتریست، دەوڵەت-سێنتریست .. تد]، کە هاوجۆری خۆی دەکوژێت، دەچەوسێنێتەوە، برسیدەکات، زیندانیدەکات، فریودەدات، دەکڕێت، دەفرۆشێت، دەخوات، ..تد

لە تێڕوانینی ناڕامیارانەی مندا، ڕامیاریی واتە هونەری لەخشتەبردن، هونەری دەسەڵاتداریی، هونەری پاوانگەریی و هونەری مشەخۆریی، وەها هونەرێك تەنیا لە بوونێکی ناکۆمەڵایەتییدا توانای تەشەکردن و سەرتاپاگیربوونی هەیە، تەنیا بە هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، تەنیا بە هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان، ڕامیاریی تەنیا بە دروستکردنی جەنگی فرەڕەهەندی کۆمەڵایەتیی نەبڕاوەی دەروونی لە تاکی دەستەمۆدا، توانای جێکەوتەبوون و بەکولتووربیوونی هەیە؛ کە ڕامیاران بەناوی خواستی هێزی ئاسمانییەوە، بەناوی نەتەوە و پێکهاتەی ناسروشتی دیکەوە بەگژی یەکدیماندا دەدەن، تاوەکو سەروەریی خۆیان مسۆگەر بکەن. ئەمە ڕامیارییە، ئەمە ئەو شانازییەیە کە دەسەڵاتخوازە بەناو سۆشیالیستەکان هەردەم لەسەر بەدەستهێنانی پاشقول لە هاوسەنگەرانیان دەگرن و ملیاندەشکێنن !

لەم بارەوە دەتوانین لەخۆمان بپرسین؛ ئایا پێش سەرهەڵدانی پارتایەتی و ئایدیۆلۆجیای ڕامیاریی، ئاسوودەیی و ئارامی و تەبایی و هاریکاریی و هاوسۆزی و هاودەردی و هاوخەمی و هاوپشتیی نێوان مرۆڤەکان و کۆمەڵگەکان و یەکگرتوویی خەباتی ژێردەستان [ترۆلیتێرەکان] هەبووە و بەهێز بووە یا پاش سەرهەڵدانی پارتایەتی و یاسا و سیستەمە ڕامیارییەکان؟

هەڵبەتە نەگوتراو نەمێنێتەوە، منیش وەك هەر کەسێکی دیکە، ڕۆژگارێك لە خۆشباوەڕیی و ناهوشیارییمدا [نەبوون و ئامادەنەبوونی خودهوشیاریی] لە داوی ڕامیارییدا دەستەمۆبووم و خۆشترین و بەنرخترین و کاراترین ساتەکانی ژیانم لەو پێناوە پووچەدا بەفیڕۆداون و کەسانی دەسەڵاتخواز و مشەخۆڕ و هەلپەرستم لە سەرووی خۆمەوە سەروەرکردوون. وەها ڕەوتێك، وەها سەردەمێك لەبەردەم زۆرێکماندا ئەگەری هەبووە و هەیە، بەڵام بە ئەزموونگیریی لە ڕووداوەکان و بەرەنجامەکان، بەئاسانی دەتوانین لە داو و تەلیسمی خۆشباوەڕیی بە ڕامیاریی و دەبەنگیی شانازیکردن بە ڕامیارییبوونەوە، خۆمان ڕاپسێنین و ببینەوە بە خودە ئازادەکەی ناخی خۆمان. وەها ڕوودانێك لێبڕاویی و بڕوابەخۆبوون و سەربەخۆیی بیرکردنەوەی گەرەکە و کاتێك کە بەو ئاستە یا بەو پلەیە لە خودهوشیاریی بگەین، ئیدی ئەستەمە بچینە ژێر باری سەروەریی کەسانی دیکە و هەروەها لەوەش ئەستەمتر ئەوەیە، کە ببینە سەروەری کەسانی دیکە !

## تۆ سەر بە کام باڵی ئەنارشیسمی و بۆچی ئەوەیانت هەڵبژاردووە ؟

وابزانم کەم تا زۆر لێرە و لەوێ ڕۆشناییم خستووەتە سەر ئەم بابەتە، سەرباری ئەوەش وەك ڕێزگرتنێك لە داخوازیی و چاوەڕوانیی بەڕێزت، هەوڵدەدەم بەکورتی جارێکی دیکە، وەڵام بەم پرسە ئاڵۆزە بدەمەوە. هەڵبەتە ئاڵۆز لەبەرئەوە نا، کە وەڵامدانەوەی سەختبێت، نەخێر بەڵکو لەبەرئەوەی کە یەکەم ئەنارکیزم لە هەرێمەکەی ئێمەدا [خۆرهەڵات بەگشتی و خۆرهەڵاتی ناوین و کوردستان بەتایبەتی] وەك هزر ناسراو نییە [هەڵبەتە تەنیا وەك هزر، نەك وەك شێوەی ژیان، چونکە لە ژیانی هەر کۆمەڵگەیەکی خۆرهەڵاتییدا بەجۆرێك لە جۆرەکان پێکەوەژیان و هەرەوەزیی کۆمەڵایەتیی / ئەنارکیزم بوونی هەبووە و هێشتاکەش ئامادەیە، لەو بارەوە خوێندنەوەی پەرتووکی ( لە جاکارتا تا یۆهانسبورگ: ئەنارکیزم لە سەرتاسەری جیهاندا / نووسینی (Sebastian Kalicha, Gabriel Kuhn دەتوانێت ڕۆشنگەربێت]. دووەم، لەبەرئەوەی کە لە ناوچەکەی ئێمەدا هزری سۆشیالیستی تەنیا لە چوارجێوەی ئایدیۆلۆجیای مارکسیستیدا ناسێنراوە، بواری ناسینی ئەنارکیزم وەك (سەنتێز) نەبووە و بەداخەوە هەر ڕەخنەگرێك کە لەبارەیەوە دوابێت، بەبێ پێشداوەرییە ئایدیۆلۆجییەکان نەیتوانیووە دەستبەکاربێت. هەروەها یەکانگیریی دژایەتی دەسەڵات و ئایین و ئایدیۆلۆجیا بەرانبەر بە بیرۆکەکانی ئازادیخوازیی / ئەنارکیزم و لەو نێوەشدا شێواندن و ئاوەژووکارییەکانی چەپ بە

هەموو باڵەکانییەوە، توانیویانە بەربەستێك، ئەگەرچی کاتییش بێت، لەنێوان بڵاوبوونەوەی ئەنارکیزم وەك هزر و سەنتێزێك و نارازییانی ئازادیخوازدا دروستبکەن. هەڵبەتە بەپێچەوانەی ئەوەی کاتێك ئەو سۆشیالیستخوازانەی، کە ئەنارکیزم وەك ئاژاوەچییەتی و بێسەرەوبەرەیی و دوژمنی کرێکاران دەناسێنن، لە کاتی پێناسەکردن و لێدوان لەبارەی سۆشیالیزم و بیرۆکەکانیان لەبارەی کۆمەڵگەی سۆشیالیستییەوە، هەمان وێنای ئەنارکیستی بۆ کۆمەڵگەی خوازراو دەکەن و ئەگەر دەربڕینەکانیان لە پیرۆزکردنە ئایدیۆلۆجییەکان ڕووتبکەینەوە، ئەوا هەمان خەونی ئەنارکسیتییان هەیە. ئەمە ئەو دژوارییەیە، کە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی تۆ، لەبەردەم مندا قوتدەبێتەوە.

بەبۆچوونی من، ئەنارکیزم وەك بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی ئازادیخواز، کە ئامانج و ئاراستەی لە کۆمەڵگەی هەرەوەزییە و تێیدا سەروەریی بە هەموو جۆرەکانییەوە [سەروەریی پیاو بەسەر ژن، سەروەریی دایك و باوك بەسەر منداڵ، سەروەریی فێرکار بەسەر فێریاردا، سەروەریی چین و پارت و سەرۆك و فەرمانداریی و دەوڵەت بەسەر کۆمەڵگە و تاکەکانیدا ]، دەبنە ئەفسانە یا ڕابوردوویەکی تاڵ و نەخوازراو. هەر کات ئەم بزووتنەوە هەوڵی بەڕامیارییکردن و گونجاندنی لەتەك سیستەمی ڕامیارییدا درا، ئەوا دەچێتە خانەی دژەشۆڕشەوە. چونکە ڕامیاریی و سیستەمی ڕامیاریی [پێکهاتەی قووچکەیی و ئایدیۆلۆجیی سەروەری ڕەگەزیی، ئایینی، ئێتنیی، نەژادیی و چینایەتی] تەنیا لە بەلەنێوبردنی هەرەوەزیی و هاوپشتی کۆمەڵایەتی و هاودەردیی و خەمخۆریی و ئاشتی کۆمەڵایەتییدا دەتوانن جێگیربن و ببنە ڕاگر و مسۆگەرکەری سەروەریی هەندێك بەسەر هەندێکی دیکەدا. هەر لەبەرئەوەیە، کە تەنیا بە سڕینەوە و وازهێنان لە پەیوەندییە ڕامیارییەکان و چۆڵکردنی ڕیزی ڕێکخراو و پێکهاتە ڕامیارییەکان و هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی ڕامیاریی و پارتایەتی و سیستەمی ڕامیاریی، توانانی گەیشتنەوە بە بنەما کۆمەڵایەتییەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵگە دەگەینەوە. ئەوەش تەنیا بە هەڵوەشاندنەوەی بنەما ڕامیاریی و ئابوورییەکانی کاریکرێگرتە و دارایی تایبەتیی - دەوڵەتیی و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە و پێکهاتەکانی لەسەر بنەمای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەرەوەزیی و هاوپشتی و پێکەوەژیان و تەبایی و ئاشتی کۆمەڵایەتی یا بەواتایەکی دیکە کۆمەڵایەتییکردنەوەی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و بەڕێوەبردن و بڕیاردان و بەهرەمەندیی تاك لە بەرهەم و داهات و سامانی هاوبەشانەی کۆمەڵگە و کۆمەڵگە لە وزەی داهێنەرانەی تاك.

لەبەرئەوە ئەنارکیزم/ سۆشیالیزمی ئازادیخواز، تەنیا دەتوانێت بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی بێ و ڕێکخستن و شێوە و شێوازەکانی خەباتی لەسەر بنەمای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی شوێنی ژیان بەرهەمهێنان و خوێندن و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە هەبن و شۆڕشەکەشی هەر کۆمەڵایەتییە و لێرەوە ئامانجیشی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی ڕامیاریی و ڕەتکردنەوەی پارتایەتی و هەموو دەسەڵات و پەیوەندییەکی ڕامیارییەکان دەبێت؛ ئیدی ئەو پەیوەندییە پەیوەندی نێوان سالاریی پیاوان و ژێرچەپۆکیی ژنان، زاڵیی دایکان و باوکان و ملکەچیی منداڵان، ڕەنجدەریی کرێکاران-جوتیاران و مشەخۆریی سەرمایەدار، پەیوەندی خوابوونی مامۆستا و کۆیلەتی فێریار/ خوێندکار، پەیوەندی بڕیاردەریی و فەرماندەریی سەرۆکی پارتیی و فەرمانبەریی ئەندامان بێت، یا پەیوەندی سەرکوتگەریی ڕامیاران و دەوڵەتمەند/دەوڵەتدار و سەرکوتکراویی تاکی ژێردەستەبێت !

کاتێك کە بزووتنەوەیەك پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی هەبێت و ئامانجیشی هەڵوەشاندنەوەی هەموو پەیوەندییە ڕامیارکردەکان و لەنێوبردنی سەروەریی و مشەخۆریی هەندێك بەسەر هەندێکی دیکەوە بێت و لە ڕێزەکانی خۆی و لە شێوازی ڕێکخستن و خەبات و چالاکیی خۆیدا سەر و خوار ڕەتبکاتەوە، ئیدی قسەکردن لەسەر باڵ و ئاراستەی جیاواز و ناکۆك، کەتوارییبوونی خۆی لەدەستدەدات و هەر هەوڵێك بە ئاراستەی دەستەگەریی و بەشبەشبوون و قوتکردنەوەی ئایدیۆلۆجیا، تەنیا یەك سەرەنجامی دەبێت، ئەویش ئەوەیە کە سەری لە بەرەی دژەکەیەوە دەردەچێت و لە باشترین باردا لە ئەنتی تێزێکی ڕواڵەتیی سیستەمەکە بەولاوەتر نابێت.

لەبەرئەوە بەبۆچوون و تێگەییشتنی من، ئەنارکیزم هزرێکی کۆمەڵایەتییە، کە لە ئەنجامی ڕەتکردنەوەی هەر هەوڵ و پێکهاتەیەکی سەروەرییخوازانە و ئاراستەکەرانەی ئایدیۆلۆجی و ڕامیارییدا، تەنیا دەتوانێت وەك سەنتێزێك یا میتۆدێکی تێڕوانین و بیرکردنەوە دەربکەوێت. ئەوانەی کە بە ئاراستە و باڵی جیاواز لەنێو (ئەنارکیزم)دا ناسراون، بریتین لە تێڕوانینی چالاکان و بیریارانی ئەنارکیستی لەبارەی پرسە کۆمەڵایەتییەکانەوە، لەوانە: ستەمی ڕەگەزیی [ئەنارکۆفێمینیزم]، ڕێکخستنی ئازادیخوازانەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان [ئەنارکۆسەندیکالیزم]، پاراستنی ژینگە و ڕزگاریی ئاژەڵان [ئیکۆ-ئەنارکیستەکان/ Green anarchist]، ئاشتی کۆمەڵایەتی و دژەمیلیتاریزم [ ئەنارکۆ-ئاشتیخوازەکان Anarcho-pacifist /

ئەناركۆ تاكگەراكان [Individual ئازادی تاك/ تاكگەرایی [Non-violent anarchist ، anarchist] و چەند تێڕوانینی دیكە و هەروەها چەندین هەوڵی دیكە بۆ گونجاندنی ئەم هزرە لەتەك چەپ و ناسیونالیزم و ئایین و تەنانەت سەرمایەداریی، هۆكاری ئەو هەوڵانەش بۆ ناكۆكی یا پارادۆكسبوونی بنەماكانی خودی هزرەكە ناگەڕێتەوە، بەڵكو بۆ كارایی هزرەكە بۆ سەر چەپ و ئاراستەكانی دیكە دەگەڕێتەوە، كە زۆر جار لە بەرانبەردا بۆ بەرگرتن بە هەژموون و كارایی هزر و بزووتنەوەی ئەناركیستی كەوتوونە دژەهەوڵ بۆ بەرگرتن لێی. هەروەها بێجگە لەمەش، لە سەردەمەكانی سەركوتكردن و پاشەكشێی ڕێكخراوەیی بزووتنەوەكە بەتایبەت پێش و پاشی جەنگی دووەمی جیهانی كارایی كەسانی ئەكادیمیستی نائومێد و ڕوونانی تاك و گروپە ماركسیستییەكان پاش ڕووخانی دیواری بەرلین لە هزری ئەناركیستی، بێكارایی نەبووە و زبڵ و زاڵی ڕامیاریی خۆیان هاوردەكردەووە و هەوڵی گونجاندن و جێكردنەوەیان داوە. هەڵبەتە كارێكی ئاوا، زۆر ئەستەم نییە، چونكە ئەناركیزم ئایدیۆلۆجیا نییە، تاوەكو دیوار و سنوورەكانی ڕێگەنەدەن، بەتایبەت لەو وڵاتانەی كە ئەناركیزم چ وەك هزر و چ وەك بزووتنەوەی كۆمەڵایەتیی پێشینەی ئامادەیی مەیدانی و ڕێكخراوەیی نییە.

لەم بارەوە ئەگەر سەرنجی ئەو تاكانەی كە لە وڵاتانی عەرەبی پاش ڕاپەڕینەكانی ساڵی ٢٠١٠-٢٠١١ و ئێرانی پاش ساڵی ٢٠٠٩ و كوردستانی [بەتایبەت بەشی توركیە] پاش وەرچەرخانی بۆچوونەكانی ئۆچەلان لە ماركیسیزمەوە بەرەو بیرۆكەكانی پرۆدۆن [فێدرالیزم و كۆنفیدرالیزم] و موری بوكچین [هەرەوەزییە ئابوورییەكان] بدەین، ئەوا بە ئاشكرا لە چالاكی و لە تێڕوانینی كەسەكاندا پاشماوەیی دەسەڵاتخوازیی و دەستەبژێریی و پاوانگەریی و تاكڕەویی پێشینەی ئایدیالیستی و ناسیونالیستی و ماركسیستی دەبینین. ئەمە شتێكی ئاساییە، لەبەرئەوەی كەسێك كە پاش چەندین ساڵ پەروەردەبوون و ڕاهاتن لەسەر سەر و خواری پێكهاتەی ڕێكخستنی ڕامیاریی، كتوپڕ یا لە ماوەیەكی كورتدا ناتوانێت دەستبەرداری ڕاهاتن و گۆشبوون بە ڕێسا ناكۆمەڵایەتییەكان وەلابنێت، بەڵام ئاسایی نییە، ئەگەر ئەوانەی دەركی ڕۆشنتر و ئەزموونی فرەتریان هەیە، لە ئاست ئەو هەوڵە نائەناركییانەدا بێدەنگە و بێهەڵویستی هەڵبێرن، چونكە كارنەدانەوە بەرانبەر هەر هەوڵێكی ئاوا، ڕێگە بۆ لەباربردنی هەلی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی كۆمەڵایەتیی ناقووچكەیی ئازادیخواز لە وڵاتانی خۆرهەڵات و باشووردا لەباردەكات.

من دەزانم و کاردانەوەیەکی ئاساییشە، کە ئەگەر هاوڕێیانێکی ئەنارکیست یا چەپەکان لە دژی ئەم پێناسە یا ئەم وێناکردنەی من لەبارەی ئەنارکیزمەوە وەك هزر و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی، بوەستنەوە. بەڵام مەرج نییە هەموو کاردانەوەیەکی کەسانی دیکە، نیشانەی هەڵەبوونی ئێمە بێت. دەکرێت من لەم بارەوە هەڵەبم و خەریکی ورێنەکردن و خەونبینین بە دونیایەکی خەیاڵییەوە بم، بەڵام من وەك کەسێك کە وەك بەرەنجامی ئەزموونەکانی چەپایەتی خۆم بە بیرۆکە و بنەما هزرییەکانی ئەنارکیزم گەیشتووم، ناتوانم شتێکی دیکە وێنابکەم و هەم ئاستی بیرکردنەوە و خودهوشیارییم و هەم سەلماندنە ئەزموونییەکانم لە بواری خەباتی جەماوەرییدا بەم سەرەنجامەم دەگەیێنن؛ ئەگەر ئەنارکیستەکان وەك هزر و فیلۆسۆفی و چالاکی خەباتی کۆمەڵایەتیی و لە هەموو ڕوویەکەوە خۆیان لە کارایی بزووتنەوە و پێکهاتە ڕامیارییەکان دانەبرن، ئەوا سەرەنجام لە دوو ئەگەر زیاتر نابێت : یەکەم، لە هەمان خولگەی ڕامیاریی هزر و بزووتنەوە بەناو سۆشیالیستییەکانی دیکەدا دەسووڕێنەوە؛ دووەم، وەك تا ئێستا هەرچی هەوڵ و کۆششی بزووتنەوەکەیە دەبێتە سەرمایەی ڕامیاریی کەسان و گروپ و ڕەوتە دەسەڵاتخوازە بەناو سۆشیالیستەکان و سەرەنجام سەریان لە چاکسازیی سەروەریی چینایەتییەوە دەردەچێت، هەروەك چۆن لە ڕاپەڕینی ١٩١٧ی ڕوسیەدا ڕوویدا هەوڵی ئەنارکیستییانەی کۆمیتە و سۆڤیەتەکانی کرێکاران و سەربازانی یاخی، بوو بە سەرمایەگوزاریی ڕامیاریی بۆ بۆلشەڤیکەکان، یا ئەوەی کە (کۆمونەی پاریس) وەك یەکەمین ئەزموونی خەباتی ئەنارکی ئاوەژووکرایەوە و کرا بە شانازی ئەوانەی کە تا دوای تێکشکانی کۆمونەش لێی تێنەگەییشتن !

**پەراوێز:**

*سەدە ڕەشەکان، هێزی تایبەتی ئیمپراتۆری تزاریی ڕوسیە بوون، کە لە بەرانبەرڕاپەڕینی ساڵی ١٩٠٥ و ڕاپەڕینی فێبریوەری و ئۆکتۆبەری ١٩١٧دا بەکاریهێنان .

** کراسڕەشەکان، لایەنگرانی موسۆلینی بوون، کە کار و چالاکییان هێرشکردنە سەر مانگرتنی کرێکاران و چالاکی یەکێتی و سەندیکا و کۆڕ و کۆمەڵە سۆشیالیستەکان [کۆمونیستەکان و ئەنارکیستەکان] بوو .

*************************************************************************

کۆتایی زنجیرەی یەکەم: خوێنەری هێژا، ئەگەر توانیم ئەو بەشانەی کە بە سڕانەوەی ئەرشیفی بابەتەکانم لە فەوتانی وێب بلاگەکانم [هەژێن (کوردپلانێت) ، خەمی نان و خەونی ئازادی (کورد بلۆگەر)] دا، بەدەستبهێنمەوە، ئەوا لە ئایەندەدا وەك زنجیرەی دووەم یا تەواوکاری ئەم زنجیرەیە دەیانخەمە بەرچاوی ئێوەی ئازیز.

*************************************************************************

ئەرشیفی نووسەرانی ئەنارکیست www.theanarchistlibrary.org/authors

شێوازی خەباتی ئەنارکیستی www.shawnewald.info/aia

پرسیارە بەردەوامکراوەکان لەمەڕ ئەنارکیزم

www.anarchism.pageabode.com/afaq/index.html

**بۆ خوێندنەوە و چاپکردنی پەرتووکی زیاتر دەربارەی ئەنارکیزم بە زمانی عەرەبی، فارسی و کوردی، کرتە لەسەر ئەم لینکە بکەن:**
http://issuu.com/anarkistan

برای خواندن و چاپکردن کتاب بیشتر دربارەای آنارشیسم به زبانی عربی، فارسی و کردی، روی این لینک انترنتی کلیک نماید:
http://issuu.com/anarkistan

للقراءة و الطبع المزيد من الكتب الأخرى حول الأناركية باللغة العربية، الفارسية و الكردية، زوروا هذا الرابط الكتروني:
http://issuu.com/anarkistan

# REEDIT THE ANSWERS



BY HEJÊN

First Edition, May 2014

# REEDIT THE ANSWERS



BY HEJÊN

First Edition, May 2014